Klawrojna

# خەمەكانی رۆشنگەری

## چەند وتارێكی هاشم ساڵح

وەرگێڕانی

ئاوات ئەحمەد

سلێمانی 2006



پرۆژەی كتێبی یانەی قەڵەم

سەرپەرشتیاری پرۆژە: جەبار سابیر

خەمەكانی رۆشنگەری

ناوی نووسەر : هاشم ساڵح

وەرگێڕانی: ئاوات ئەحمەد

بابەت: لێكۆڵینەوە

تیراژ: 1000 دانە

نەخشەسازیو بەرگ(ناوەندی دیزاینی یانەی قەڵەم)

چاپ: چاپی یەكەم (2006)

سەرپەرشتیاری هونەری: ئارام سدیق

سەرپەرشتیاری چاپ: ئاسۆ ئەحمەد

چاپخانەی: كارۆ

ژمارەی سپاردنی (427)ی ساڵی 2006

هەموو مافەكان پارێزراون بۆ وەرگێڕ.

لە چاپكراوەكانی پرۆژەی كتێبی یانەی قەڵەم

زنجیرە (14)

**بۆ:**

شۆڕش ئیسماعیل

**ئەو پیاوەی توانی ڕێز لە وشەی پێشمەرگە بگرێت**





## هێشتا دادگاکانی پشکنین لەبەردەمماندان

ئەوەی وابزانیٚ دادگاکانی پشکنین تایبەتن بە پاپاکانی جارانی رۆماو ڤاتیکانو سەدە تاریکستانەکانی ناوەڕاست، بە هەڵەدا دەچێت. لەو سەردەمەدا ئەوان راوەدوی بیرمەندانیان دەنا لەسەر بیرکردنەوەکانیان، بە تایبەتی ئەگەر پەیوەندییان بە ئایینەوە هەبوایە، کتێبەکانی ئەوانیان لە لیستی کتێبە قەدەغەکراوەکاندا دادەنا، واتە ئەو کتێبانەی ڤاتیکان قەدەغەی کردوون لەوەی بخوێنرێنەوەو دەستاو دەست بکەن. بەو شێوەیە کتێبەکانی گالیلۆو دیکارتو سپینۆزاو هەموو فەیلەسوفەکانی رۆشنگەرییان قەدەغەکرد، ئەوانەی شکۆداریی شارستانێتی نوێیان دروستکرد.

بەڵام خۆشبەختانە، بە نیسبەتی ئەوروپای رۆشن بە رۆشناییەکانی زانستو ئەقڵ، ئەو سەردەمە تێپەڕیو تەواو بوو. بەڵام بە نیسبەتی جیهانی ئیسلامییەوە (بە داخێکی زۆرەوە) دادگاکانی پشکنین هەزار ساڵە درێژەی هەیە. بەڵیٚ لەو رۆژەوەی تێزی " قورئان خولقێنراوە"ی موعتەزیلەکان بە ماوەیەکی کەم دوای سەرکەوتنی متەوەکیل بۆ سەر کورسی دەسەڵاتدا شکستی هێناوە، هەتا دەرچوونی مێژووی قورئانی تیۆدۆر نۆدیلکیٚ، کە جۆرج تامر وەریگێڕاوەو پێشەکی بۆ نوسیوە، لە

جیهانی عەرەبی یان هەموو جیهانی ئیسلامیدا چاودێریکردنی هزرو گەماڕۆدانی ڕانەوەستاوە. ئەگەر تێزی موعتەزیلەکان دەربارەی تێکستی قورئانی بەسەر تێزی حەنبەلییەکاندا سەربکەوتایە، ئەوە حاڵمان بەم ڕۆژە نەدەگەیشت و تووشی ئەم چەقبەستنە هزرییەو بەبەردوونی باوەڕە نەدەبووین. کتێبەکەی نۆلدیکێ لە بێروت قەدەغە کرا کە چەند دەهەیەکە پایتەختی ڕۆشنگەریی عەرەبییە، ئەگەر چەند سەدەیەکیش نەبێت.

ئەمە قسەی مالیك شیبلە لە کتێبێکی قەشەنگدا کە لە پاریس بڵاوکراوەتەوە دەربارەی کارەساتی ئەقڵ لە ئیسلامدا. کەواتە خەڵەلەکە کۆنەو تازە نیە. بۆیە بەرەو ڕووبوونەوەی زۆر سەختە، بگرە حاڵی حازر نیمچە مەحاڵیشە. بە تەواویی لە ئەقڵییەتی دەستەجەمی ئیسلامیدا بەشێوەیەك جێگیر بووە کە بووە بە هەقیقەتێکی رەها کە قابیلی گفتوگۆکردن نیە: قورئان نەخوڵقێنراوە، هیچ پەیوەندییەکی بە مێژووی مرۆڤەوە نیە، نە لە نزیك و نە لە دوورەوە — ئیتر بەسە.

بۆچی؟

بۆچی کتێبەکەی تیۆدۆر نۆدیلکێ کە جۆرج تامر لە کتێبێکی گەورەو دڵگیردا وەری گێڕاوە؟ چونکە ئەوە یەکەم کتێبە میتۆدی مێژوویی رەخنەیی بەسەر تێکستی قورئانیدا پیادە دەکات. ئەوە "شۆڕشێکی کۆپەرنیکۆسی"یە بە نیسبەتی لێکۆڵینەوە قورئانییەکانەوەو هەموو کتێبە خۆرەڵاتناسییەکانی دواتریش پشتیان پێبەستووەو کردوویانە بە خاڵی دەسپێکردن، تەنانەت ئەو کاتانەش کە دژایەتییان کردووەو لێشی تێپەڕیون، یاخود گەیشتونەتە چەند دۆزینەوەیەکی دیکەی نوێ جگە لەوەی ئەو لە کاتی خۆیدا پێی گەیشتووە.

زانراویشە کە ریجیس بلاشیری گەورەی خۆرەڵاتناسانی فەڕەنسا لە ساڵی 1949 دا لەکتێبێکدا کورتیکردۆتەوەو چەند زیادەکارییەکیشی بۆ کردووە. بەڵام خوێنەری عەرەب زیاتر لە نیو سەدە دوای ئەویش چاوەڕوانیکرد تا بواری بۆ بڕەخسێت تێزەکانی ناو ئەو کتێبە مێژووییە





پێشەنگە ببینێت. پاشان دوای هەموو ئەو مێژووە شەرمەزارکەرە، رێگە لە خوێنەر دەگرن، لەوەی تەنانەت چاویشی پێدا بخشێنێت.

ئایا کاتێك نۆدێلکە ئەو کتێبەی نوسی، دەیویست ئیسلام وێران بکات؟ دەیویست "هەستی تایفەگەری ببزوێنێت" لە لوبنان یان غەیری لوبنان؟ بە تەنها بەرزکردنەوەی ئەم پرسیارە ئابڕوچوون یان گاڵتەجاڕییە! بەڵام بۆچی کاتێك خۆرەڵاتناسی کلاسیك (خۆرەڵاتناسی دڵگیرو زانا) هەمان پێڕەوی میتۆدی مێژووییان بەسەر مەسیحییەتدا پیادە کرد، نەمانووت دەیانەوێت مەسیحییەت خاپوور بکەن؟

پێویستە دان بەوەدا بنێین کاتێك ئەو رەخنەییە مێژووییانە بۆ یەکەمینجار سەریانهەڵدا، مەسیحییە پارێزکارەکان (بۆ ئەوەی نەڵێین پڕتۆکاوەکان) کاردانەوەیەکی توندیان بەرامبەریان هەبوو. کاردانەوەی موسوڵمانانی هاوچەرخیش جیاواز نیە لە کاردانەوەی مەسیحییەکان: چونکە ئەوانیش پێیان خۆش نەبوو ئەو پێڕەوە زمانەوانییە مێژووییە (یان فیلۆلۆجییە) بەسەر هەردوو پەیمانی دێرین و نوێدا پیادە بکرێت. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە ریشار سیمۆن (1638–1712) یەکەمین کەس بوو کە ئەو پێڕەوەی بەسەر تێکستە پیرۆزەکانی مەسیحییەتدا پیادە کرد: دوو کتێبی نێوداری دەربارەی بابەتەکە بڵاوکردەوە، یەکەمیان بە ناونیشانی (مێژووی رەخنەیی پەیمانی دێرین – 1780) لەوێدا چەند شتێکی دەربارەی تەورات خستەڕوو کە لە دۆزینەوەکانی نۆدێلکێ و قوتابییەکانی دەربارەی ئیسلام کەمتر مەترسیدار نین، کتێبی دووهەمیشیان بە ناونیشانی (مێژووی رەحنەیی دەقی پەیمانی نوێ، واتە ئینجیل – 1689). لێرەشدا چەند شتێکی گرنگ و ناکۆکی دۆزییەوە دەربارەی باوەڕی باو و چەسپاو. ئوسوڵییەتی مەسیحی یەکسەر هەردوو کتێبەکەی سەرکوتکرد، دەستاودەستکردنیان قەدەغەکرد، خاوەنەکەیانی لەکارخست، بگرە هەڕەشەشی لێکرد، تا ئەو رادەیەی زۆر ترسا لەوەی "لەناکاو بدەن بەسەریدا" بۆیە شەوێکیان رووی کردە دەشت و هەردی

ناوچەی نۆرماندی، لەوێ دەستنوسەکانی سوتاندو بە ترسۆ لەرزەوە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە. پێشتریش سپینۆزا کارێکی وای کردبوو، لە کتێبەکەیدا (چەند وتارێك دەربارەی تیۆلۆجیاو سیاسەت) بەڵام بێ ئەوەی ناوی نوسەری بەسەرەوە بێت.

ماوەی سێ سەدە لە مەرگی ریشار سیمۆنەوە کەنیسە دانی نەنا بە مەشروعییەتی رەخنەی مێژوویی و پیادەکردنی لەسەر کتێبی پیرۆز. دانپیانانەکە لە کۆڕی نێوداری کەنیسەی ناسراو بە ناوی "ڤاتیکانی دووهەم" بوو لە ساڵی 1962–1965 دا ئاشکرا کرا.

ئەی ئێمە چەند چاوەڕێ بکەین تا کەهەنوتی ئیسلامی رێگەمان بدات هەمان میتۆد بەسەر کتێبی پیرۆزی ئیسلامدا پیادە بکەین؟ دووسەد ساڵ؟ سێسەد؟ بڕوا ناکەم. ئەوەتا مۆدێرنیزمی جیهانی زیاترو زیاتر گەمارۆمان دەدات و داوای کەشفی حیسابمان لێدەکات. هەرجارێك زەرقاوی بە پێشچاوی تەلەفیزیۆنەکانەوە بە دەستی خۆی و لە کاتی خوێندنەوەی ئایەتێکی قورئاندا قوربانییەك سەرببڕێت، ئەوە کردەوەی کەشفی حیسابی ئێمە خێراتر دەکرێت. لەمڕۆ بەدواوە، پارێزکاران یان ئوسوڵییە ئیسلامییەکان دەوری تێکستەکانی خۆیان بە تەلی دڕکاوی بتەنن و بە تۆژەرانی جیهان بڵێن: وریا بن! لەمە نزیك مەکەونەوە، ئەمە هێڵێکی سووری قەدەغەیە.

پێش تەقینەوەکانی نیویۆرك و واشینگتۆن و مەدریدو لەندەن و شەرەم شێخ و عەممان شیاو بوو.. بەڵام ئێستا، زەحمەتە بتوانین هەتا هەتایە بەرەنگاری جووڵەی مێژوو ببینەوە. ئێستا شتەکان خۆیان دەخنە روو، هەقیقەتەکانیان دەردەکەوێت. مەبەستیشم لەمە ئەوەیە رۆژێك لە رۆژان مێژوویەتی دەقی قورئانی پەردەی لەسەر لادەچێت، بەڵام وردەوردەو بە هێواشی، چونکە ئەگەر بە یەکجار بێتە روو "زەوی لەرزینەوەکەی خۆی دەکات"، واتە جیهانی ئیسلامی لەمپەڕەوە بۆ ئەوپەڕی دەلەرزێت.





بۆیە محەمەد ئەرگۆن ئامۆژگارییمان دەکات بە هێمنی و وریایی بچینە پێش، لە زمینێکی مەترسیداری پڕ لە میندا. رەنگە ئەو راستییانەی هەزار ساڵی رەشمانکردوونەتەوەو خۆمان لێ خافڵاندوون، وەك بۆمبی میقاتکراو بە رووماندا بتەقنەوەو تەڕو وشك پێکەوە بسوتێنن. شتێکی زانراویشە، کە ئەگەر شتێك بۆ ماوەیەکی درێژ بچەپێنرێت، تەقینەوەکەی زۆر وێرانکەرو خاپوورکەر دەبێت.

کەواتە مەسەلەکە لەپێشمانەوەیەو لەدوامانەوە نیە. بەڵام ئەرگۆن، خۆشی نارەزاییدەردەبڕێت لە هەڵوێستی کرژو دواکەوتووی زانایانی هاوچەرخی ئایین، دەڵێت:

" تا ئێستا لە جیهانی عەرەبیدا، لە گۆشەنیگای زانایانی ئاینی ئیسلامەوە، تەنانەت رەخنەی مێژوویی زمانەوانی (یان فیلۆلۆجی) دێرین لەسەر شێوازەکەی نۆدیلکێ، قەدەغەیەو دەچێتە ناو بازنەی بیرلێنەکراوەوە یان ئەوەی مەحاڵەی بیری لێبکرێتەوە".

ئەرگۆن ئەم کتێبەی لە کتێبی (چەند خوێندنەوەیەك بۆ قورئان) دا تۆمار کردووە، واتە لانیکەم پازدە ساڵ پێش ئەوەی وەرگێڕانەکەی جۆرج تامر بۆ کتێبەکەی نۆدیلکێ بڵاو ببێتەوە، بەمەش ئەرگۆن پێش رووداوەکە کەوتووەو بە داخیشەوە مێژوو پێشبینییەکانی ئەوی بەدرۆ نەخستەوە، بەڵکو بە تەواوی سەلماندنی.

لە راستیدا موسوڵمانانی پارێزکار، یان ئەوانەی ئەقڵیان بەبەرد بووە، هەموو میتۆدە نوێیەکانی لێکۆڵینەوە رەتدەکەنەوە، بە تایبەتی پێڕەوی مێژوویی. ئەوان پیادەکردنی بەسەر کەلەپوری ئاینیدا رەتدەکەنەوە، بە بیانووی ئەوەی شتێکی کورتگەرا یان دەسکردە، رەهەندی رۆحانی یان ئاینی ئەو کەلەپورە لەپێشچاو ناگرێت. وەلێ ئەم پێڕەوە رەهەندی باڵای قورئانی پیرۆز یان سروشی یەزدانی رەتناکاتەوە، بەڵام بە شێوازێکی دیکە لە رێگای پێوەستکردنی سروش بە مێژووەوە لێکی دەداتەوە .

بەڵام ئەوەی ئەوان لەگەل كەلەپوری مەسیحیدا كردیان، نەبووە هۆی بنەبڕبوونی مەسیحییەت لە خۆراوا! بە پێچەوانەوە، وایلێكرد نوی ببێتەوە، بژێێتەوەو تیۆلۆجیایەكی نویێ پێكبهێنێت كە بتوانێت لەگەڵ ئەقڵو زانستو مۆدێرنیزمدا ئاشتببێتەوە. ئەگەر میتۆدی مێژوویی بەسەر ئیسلامیشدا پیادە بكرێت، هەروا دەبێت. ئەو میتۆدە قازانجێكی زۆری هەیە بۆ جیهانی عەرەبیو ئیسلامی. جۆرج تامر خزمەتێكی زۆری پێشكەشی لێكۆڵینەوە قورئانییەكان كرد، چونكە ئەو كتێبە پێشەنگەی وەرگێڕا بۆ زمانی عەرەبی. بەڵام وەك قورئان راستی بۆ چووە، زۆربەی خەڵكی نازانن.

خاڵێكی دیكەش ماوە پێش ئەوەی بەم پەلە پڕوزێیە كۆتایی پێبهێنین. ئایا كە جۆرج تامر (خۆیو تیمی كارەكەی) هەموو توانی خۆیان سەرفكرد بۆ وەرگێڕانەوەی ئەو كتێبە گەورەیە بۆ زمانی عەرەبی، دەیویست "هەستی تایفەگەری بوروژێنێت"؟ من زۆر بە وردی پێشەكییەكەیم خوێندەوە، هیچ شتێكی وام تێدا نەبینی. بە پێچەوانەوە، ستایشێكی زۆرم بینی بۆ قورئانی پیرۆزو ئیسلامو پەیامبەری عەرەب. ئەو لە چەندین جێگادا، ستایشی رەوانبێژی قورئانیو ئەو مانایانەی تێیدا هەن، دەكات. پاشان گۆتەی گەورە ئەدیبی ئەڵمان بە نمونە دەهێنێتەوە كە:

"خۆشەویستیو رێزی بۆ خۆرەڵاتو ئیسلامو پەیامبەرەكەی هەبوو، كە دوای چەند ساڵێك لە سەرنجو لێكۆڵینەوەكانی خۆیدا كە بۆ دیوانی خۆراوایی خۆرەڵاتی نوسی، ئەو كاریگەرییە زۆرەی قورئان لەسەر دەرون هەیەتی دەگەڕێتەوە بۆ شێوازە تۆكمەو دڵگیرەكەی (لاپەڕە 15 ی پێشەكییەكە)".

پاشان لە هەمان لاپەڕەدا باسی زانایەكی دیكەی ئەڵمان دەكات كە قورئانی وەرگێڕاوە:





"تێیدا ئەفسونی زمانی قورئانو مۆركە یەزدانییەكەی پێكەوە بەستووە، پێیوابووە كە یەزدانێتی لە مەزنێتی زمانی قورئاندا پەرچدەبێتەوە، ئەو زمانە هۆی سەركەوتنی بانگەوازەكەی محەمەد بووە، نەك هێزی شمشێر، بەڵكو هێزی وتە، كە بەو دڵگیرییەوە هەر دەبێت قسەی خودا بێت".

ئەوەی لە پێشەكی كتێبە وەرگێڕدراوەكەیدا ئەم قسەیە دەكات، ناشێت رقی لە كەلەپورو قورئانی ئیسلام بێت، بە پێچەوانەوە، خۆشیدەوێن، شانازییان پێوە دەكان، چونكە كەلەپووری خودی خۆشیەتی، چونكە بە زمانی ئەو و باوباپیرانی نوسراوە. ئەو، وەكو مەسیحییەكی عەرەب، بە دڵو بە گیان سەر بەم كەلەپورەیە، لەم رووەوە كەس مافی ئەوەی نیە موزایەدەی بەسەرەوە بكات.

ئەوەشی لەسەر بێت كە ئەوەی بۆ هەتا هەتایە تایفەگەری دەچەسپێنێت لە لوبنانو غەیری لوبنان، بریتی نیە لە لێكۆڵینەوەی بەشەوكەتی مێژوویی كە ئەقڵەكان ئازاد دەكات، بەڵكو بریتیە لە بەردەوامبوونی ئەم رەوشەی ئێستا وەك خۆی: بەردەوامبوونی خوێندنەوەی سەدە ناوەڕاستییانەو تایفییانەی دواكەوتوو بۆ كەلەپوری ئیسلامی. بەردەوامبوونی لێكدانەوەی نامێژوویی، یان سوننەتی بۆ قورئانو كەلەپوری ئیسلامی مانای ئەوەیە لە سەدەكانی ناوەڕاستەوە تا ئەمڕۆ، هزری زانستی یەك هەنگاو بەرەو پێشەوە نەچووە، وەك خاوەنی رەخنەگرتن لە ئەقڵی ئیسلامی لە خوێندنەوەیدا بۆ قورئان دەڵێت. ئەوە مانای رەتكردنەوەی هەموو سەركەوتنە زانستیو فەلسەفییەكانی مرۆڤایەتییە كە بە درێژایی چوار سەدەی رابردوو بەدەستیهێناون.

بەڵام موسوڵمانی سوننەتی، كە مێشكی پڕكراوە بە یەقینە دۆگمایییە بەبەردبووەكان، كە ئەقڵ ناتوانێت لێی نزیك ببێتەوە یان رۆشنایی بخاتە سەر، ئەو میتۆدە نوێیە رەتدەكاتەوە، بەو حسێبەی دوژمنایەتیكردنی ئیسلامو كەلەپورەكەی بێت، ئەو كە ئەم كارە دەكات، ئەم هەقیقەتەی

خوارەوە نازانێت (یان خۆی گێل دەکات): ئەویش ئەوەیە یەقینە رەهاکانی کە سیفەتی مەعسومییەتیان هەیە، بوون بە بارێکی قورس بەسەر جیهانی عەرەبییەوە، بگرە قۆرتێکیشن لە رێگای پێشکەوتن و پەرەسەندن و دەربازبوون لەو تەڵەزگە تۆقێنەرەی کە خاڵی حازر پەلی تێدا دەکوتێ، هەروەها دوژمنایەتیکردنی هەموو ئەقڵێك یان زانستێك یاخود لۆجیکێکە.

لێرەوە پێویستە بەرنامەکانی پەروەردەی ئاینی لە هەموو قوتابخانەو زانکۆ عەرەبی و ئیسلامییەکاندا بگۆڕدرێت. ئەمە بانگەشەیەك نیە بۆ "ئیسلامێکی ئەمەریکی" وەك پارێزکارە عەرەبە پڕتۆکاوەکان وا دەڵێن، بەڵکو بانگەشەیە بۆ ئیسلامێکی رۆشنگەرا، کە بتوانێت بێتە ناو سەردەمەوەو لەگەڵ مۆدێرنیزمدا ئاشت ببێتەوە.





## بەرەو رزگارکردنی رۆحی عەرەبی ـ ئیسلامی لە پێوەندەکەی

(1)

تێڕوانینێك دەربارەی بووە بە باو، رەنگە تێڕوانینێکی وەهمی بێت، دەڵێت گوایە هزر لە هەموو شوێنێکدا هەیە، یان لە هەموو وڵاتەکاندا دەست دەکەوێت. لە هەر شوێنێك مرۆڤ هەبێت یان گەل هەبێت یان زمان هەبێت، بە زەرورەت هزریش هەیە. لە هەر شوێنێك زانکۆو خوێندنی باڵاو بڕوانامەی دکتۆرا هەبێت، هزریش هەیە. بەڵام لە راستیدا هزر زۆر لەوە دەگمەنترە کە بۆی دەچین. بگرە حاڵەتی سروشتی ئەوەیە کە هزر بوونی نەبێت، شتێکی سروشتییە خەڵکی ئاگاداری هزر نەبن و بیریان بچێتەوە، لە غەفڵەت و ساویلکەییدا بژین و دوور بن لە سەرئێشەی هزر. بێشك ئەگەر مەبەستمان لە نزمترین ئاستی بیرکردنەوەو بەڕێوەبردنی کاروباری گوزەران و ژیانی رۆژانە بێت ـ یاخود تەنانەت نوسینی دکتۆرا بێت، ئەوا لە هەموو بوارەکاندا بوونی هەیە، لە هەموو شوێنێك هەیە. مرۆڤەکان هەموویان خەریکی ئیشی خۆیانن و هەرچۆنێك بتوانن بەڕێوەی دەبەن. بەڵام ئەگەر مەبەست لە هزر سەرهەڵدانی بۆچونێکی نوێ بێت بۆ شتەکان، یان هەرەسهێنانی بۆچوونێکی پێشووتر بێت، یان رمانی قۆناغێك و

سەرهەڵدانی قۆناغێکی نوێتر بێت، ئەوا هزر زۆر دەگمەنە. بۆ ئەوەی هزر دەربکەوێت، پێویستە چەند مەرجێك فەراهەم بن، یەکەمیان کارەساتە. واتە: پێویستە کارەساتێکی راستەقینە رووبدات تا هزر لە دایك ببێت، تا هزر لە خاکێکی بەیاردا شین ببێت.

هزر رۆشناییەکە لە مندالْدانی تاریکییەوە دێتە دەرەوە. بەڵام تاریکی بە سانایی لەناو ناچێت، تا دوا هەناسەی خۆی نەدات، ناڕەوێتەوە.

ئەمەش مانای ئەوەیە هزر سەختە، تاڵە، بە ئاسانی خۆی نادات بە دەستەوە، بە مانایەکی تر: هەرکەس بەئارەزووی خۆی ناچێتە ناو گۆڕەپانی هزرەوە. رەنگە یەکێك بە هەموو شێوەیەك هەوڵ بدات ببێت بە هزرمەندێکی وەها کە بە پەنجە ئاماژەی بۆ بکرێت، لەو پێناوەشدا هەموو شتێك بەخت بکات‌و شەونخونی بکێشێت، لە کۆتایشدا لەوە زیاتری دەست نەکەوێت کە ببێت بە تۆژیارێکی باش یان ئەکادیمییەکی بەسود. رەنگە یەکێکیش هەوڵ بدات بە هەموو شێوەیەك لە هزر رابکات، ژیانی خۆی تەرخان بکات بۆ شتێکی دی غەیری هزر: بۆ خۆشەویستی یان بۆ رابواردن، یان بۆ ژیان‌و سەرکەوتن لە ژیاندا... کەچی خۆی دەبینێتەوە هەموو ئەوانەشی لەدەستچووە. دەبینێت بێ ویستی خۆی، دەچێتە ناو گۆڕەپانی هزرەوەو دەبێت بە هزرمەند. هزر لە پێشەوە ئەنجامەکانی زامن نیە، یان هەر لەسەرەتاوە مەترسییەکی گەورەیە، کەس ناوێرێت توخنی بکەوێت ئەوانە نەبێت نزیکەی هەموو شتێکیان لە کیس چووە . ئەوانەی گەیشتونەتە سەر لێواری هەڵدێر.

کەس ناوێرێت، ئەوانە نەبێت کە برینێکی قووڵیان تێکراوە، یان لە ناخەوە بریندارکراون، تەنها ئەوان دەتوانن بچنە ناو گۆڕەپان یان گێژاوی هزرەوە. بۆچی؟ لەبەرئەوەی هەموو شتێکیان لەدەستداوە، لەبەرئەوەی پێشوەخت باجەکەیان داوە، باجێکی گەورەشیان داوە. هەتا برینەکە گەورەتر بێت، هزرەکەش گەورەتر دەبێت. هەتا زیاتر بە قووڵاییدا رۆبچێت‌و خۆی بگەیەنێتە شوێنە دوورەدەستەکان، هزر زیاتر





دەگەشێتەوەو بەهێزتر دەبێت‌و باشتر دەبێت. رەنگە ئەگەر نیچە نەخۆش نەبوایە، بیریارێکی لێ دەرنەچوایە. ئەو لە شتێکی کەم بوو بۆ ئەوەی ببێت بەبیریار: دەبوو ئازاری نەخۆشی بچێژێت، دەبوو زانکۆ جێبهێڵێت‌و سەری خۆی هەڵبگرێت، تەنیاو پەراوێزکراو، وێڵ. پێویست بوو نرخەکەی گران بدات، لە خودی خۆی بیدات. دەبوو تووشی شۆك یان نائومێدی وەها ببێت کە کێوان لەبن دێنن . دەبوو بە نائومێدی‌و خۆشەویستیشەوە، بگاتە دوایین خاڵی مۆلەق، خاڵێکی یەکلاییکەرەوەی وەها کە دوو ئیختیاری بەسەردا بسەپێنێت کە سێهەمیان بۆ نیە: یان بیر بکاتەوە، یان خۆی بکوژێت.

(2)

ئەگەر ئەمە بۆ تاکەکان‌و کەسەکان ببێت، بۆچی بەسەر گەل‌و میللەتاندا پیادە نەبێت؟ گەلانیش پێویستە باجێکی قورس بدەن پێش ئەوەی ئەو سەرەداوە بگرن کە بەرەو رۆشنایی دەیانبات. هەندێ جار گەلانیش هەست دەکەن بوون‌و یەکێتی‌و کەینونەیان لەژێر هەڕەشەدان. دەبێت کارەساتێکی راستەقینەیان بەسەربێت تا بیرۆکەیەکی بەهادار لەناویاندا چەکەرە بکات. بۆ ئەوەی بتوانین واقیع بخەینە ژێر پرسیارەوە، دەبێت هەرەسێك رووبدات، بوومەلەرزەیەك بەڕووماندا بتەقێتەوە. پرسیار لە قولایی واقیعدا حەشاردراوەو لە درزو کەلەبەرەکانی هەناویدا کپکراوە. ئەو کەسەی دەوێرێت زیاد لە پێویست خۆی لەقەرەی پرسیار بدات، دەستی دەسوتێت‌و رەنگە چاوەکانیشی کوێراییان دابێت. پرسیار بە تەلی دڕکاوی پاێزراوەو پاسەوانی لێدەکرێت، پرسیار بە کێلون قفڵ دراوە. نزیکبوونەوە، وۆردبوونەوە لە پرسیار قەدەغەیە. پرسیار دەمێکە کوێرکراوەتەوەو چیتر لە پرسیار ناچێت‌و گۆڕاوە بۆ وەڵامێکی کۆتایی یەکلایی‌و راوەستێنەر. بووە بە بەڵگە نەویستێکی باوەڕپێکراوی وەها کە

پێویستی بە گفتوگۆ نیە، مێژوویەتی خۆی لە دەستداوەو بە قووڵایی زەمانەدا رۆچووە، زەمانەی دوورو درێژ حاڵەتی پیرۆزیی بە باڵادا بڕیوە.

وێڕای ئەوەش پرسیار پاسەوانی هەیە. هێزگەلێکی تەواو بە تڕوتفاقییانەوە لە هەموو ساتێکدا ئامادەن بۆ هەڵکوتانە سەر ئەو کەسەی لە پرسیار نزیک دەبێتەوە. چەندین سوپای چاودێران‌و سیخوڕان‌و پاسەوانان‌و فەرمانبەرانی هەیە. گەلێك هەیە مەشروعییەتی خۆی‌و قەواری‌و شوناسی خۆی لەسەر کوێرکردنەوەی پرسیارو کۆتکردنی پرسیار دامەزراندووە، پرسیاری گۆڕیوە بە وەڵام. کەواتە کێ دەتوانێت پرسیار لەژێر دارو پەردوودا قوتار بکات، تەپوتۆزی لێ بتەکێنێت، مینەکانی دەورو پشتی هەڵبگرێتەوە؟ کێ دەتوانێت لە ژێر پرسیاردا چنگەکڕێ بکات، وای لەو کەسەی لە جوغزی پرسیار نزیك دەبێتەوە [1].

تەنها کارەسات یان بوومەلەرزە دەتوانێت پرسیار لە جێی خۆی بلەقێنێت. تەنها کارەسات دەتوانێت ئابڕووی بەدیهییەتی پرسیار ببات، پەردە لە رووی پرسیار دابماڵێت. بۆیە هزر (لە سەرەتایدا) وەکو ئابڕووچوون وایە، هەر فیکرێك ئابڕوو نەبات، هەڵنەکۆڵێت، رووت نەکاتەوە، فیکر نیە، بۆیە ئەو فیکرەی لە گۆڕەپانی عەرەبی – ئیسلامیدا دەبینرێت، زۆری پێناچێت ئابڕوومان دەبات. لەوانەیە لەژێر ئەم

[1] گەورە بیریاران نەبێت، کەس ناوێرێت لەناوچەی هەقیقەتە گەورەکان نزیك ببێتەوە. ئەمانیش لەو بارودۆخە یەکلاییکەرەوانەدا ئەمە دەکەن کەقەیران دەگاتە ئەوپەڕی. ئەوکاتە سەرەڕۆیی بەخۆیانەوە دەکەن و باش دەزانن کەمەسەلەی بیر مەسەلەیەکی بەڕاستی مەترسیدارە. بۆنمونە کۆپەرنیکۆس یان گالیلۆ دەهێنینەوە سەبارەت بەزانستی فەلەك و تەسەوری گەردونییانە بۆ جیهان، یاخود جان جاك رۆسۆو ریسواکردنی سیستمی نایەکسانی لەسەردەمی دێریینداو تێوەگلانی بونەوەر لەنێوانی ئاینی رەسمیی و مەشروعییەتی سیاسیی کۆنینەدا. دەشێت بڵێین تەها حوسەینیش لەساتێك لەساتەکاندا لەناوچەی هەقیقەتە مەزنەکان نزیك بۆتەوە، بەڵام هەرزوو پاشگەز بۆتەوە لەترسی ئەوەی نەوەك پەنجەکانی بەئاگرەکەی بسوتێن...





ناونیشانە پان‌و پۆڕەی خوارەوەدا کاربکات: هەڵکۆڵینی ئارکیۆلۆجییانە لەقووڵاییدا.

ئەم وڕێنەکردنە بە کۆڵینکارییەوە بۆ؟ بە ئابڕووبردنەوە؟ چونکە خاکی عەرەبی – ئیسلامی تینووی هەقیقەتە.

(3)

بۆ ئەوەی وتەکانم روونبکەمەوە، هەندێك نمونە لە مێژووی نزیکی ئەوروپا دەهێنمەوە. زۆربەی مێژوونوسان کۆکن لەسەر ئەوەی ئەگەر لە سەدەکانی ناوەڕاستدا مەسیحییەت تا ئەوپەڕی گەندەڵ نەبوایە، ئەگەر دەرونی وشکی نەکردایەو نەگۆڕایە بۆ چەند قاڵبێکی رەق و تەقی بێگیان، ئەوا تەقینەوەکەی لۆسەر رووی نەدەداو ریفۆرمی ئاینی لە سەدەی شازدەدا لەدایك نەدەبوو، لە راستیدا لەوکاتەدا باوەڕی مەسیحی گەیشتبووە پلەیەکی وای رەقهەڵاتن، هیچ پینەو پەڕۆیەك یان ریاییەك بەکەڵکی نەدەهات. زیندەگییەکەی سەرەتای‌و پاکیزەییە رەسەنەکەی خۆی لەدەستدابوو، گۆڕابوو بۆ نەریتێکی کاوێژکەری وشکوبرینگ. ببوو بە هۆکارێك بۆ کاسپی‌و پێکەنین بە ئەقڵی رەشەخەڵك‌و کۆکردنەوەی سامانی زۆر لەگەڵ خۆدەرخستن وەك باوەڕدارو ملکەچی درۆزنانە. کاردیناڵەکانی رۆما ئاوریشم‌و ئەنگۆرەیان دەپۆشی‌و کۆشکی بۆشناخیان بینا دەکردو زەکاتی ناچارییان دەسەپاند (واتە باج بەزمانی ئەمڕۆ) بەسەر ئەو گەلە باش‌و هەژارەدا، کە لە ژێر قورسایی ئاتاجی‌و داواکارییە بێکۆتاییەکانیاندا پشتی شکابوو، بە ناوی ئینجیل‌و ئاینی راستەقینەوە لێیان دەسەندن، بە سیاسەتکردنی ئایین گەیشتبووە ئاستێکی رووهەڵماڵراویی کە پێشتر نمونەی نەبووە. کاتێك کار گەیشتە ئەم رادەیە لە داڕمان‌و گەندەڵبوون، لۆسەرو شۆڕشە بەجۆشەکەی سەریانهەڵدا. ئەگەر بۆگەنکردن نەبوایە، ریفۆرمیش نەدەبوو، ئەگەر ساختەو بازرگانیکردن بە ئاینەوە نەبوایە، هەقیقەتیش نەدەبوو. خەڵك تینووی هەقیقەت

نەدەبوون. لۆسەریش لە سەردەمی خۆیدا گەورەترین پەردە لەرووهەڵماڵین بوو.[2]

نمونەی دووهەمیش کە دەمەوێت بیهێنمەوە، هەر لە مێژووی ئەوروپاوەیە. ئەمیش دەلالەتێکی زۆری هەیە، بە شێوەیەك لە شێوەکان

---

[2] لێرەدا لەناو هەموو سەرچاوەکاندا خوێنەر رەوانەی لای کتێبەکەی لوسییان ڤیڤەر دەکەم، کە لەم بوارەدا بووە بە کتێبێکی کلاسیکی، لەو کتێبەدا اوسییان ڤیڤەر میتۆدی سایکۆلۆجیای مێژوویی دەگرێتەبەر لە پێناوی کەشفکردنی ئەو ئازارە دەرونییە زۆرەی لۆسەر هەستی پێکردووە، ئەو ئازارەی لەدەریشەوەو لە ناویشەوە ئاوقای سەردەمەکەی ببوو. لە توێی ئەو کتێبەوە بۆمان روونەبێتەوە کەسێتی نائاسایی دەزانێت چۆن نەخۆشی دەرەکیو ناوەکی پێکەوە گرێدەدات، یاخود خودیو بابەتی دیاری دەکات، یاخود لە ساتێك لە ساتەکانی مێژوودا تایبەتیو گشتی دەردەخات، بەڵام پێشئەوەی بتوانێت بگاتە ئەم پێکەوە بەستنە . واتە دۆزینەوەی ئەڵقە بزرەکە . ئازاری کوشندەی پێدەگاتو دەگاتە شەرای مەرگ. بەم مانایە دەتوانرێت سرووش وەکو کرانەوەی گرێ رەگداکوتاوەکەی ناوەوە لەقەڵەم بدرێت. چونکە سرووش بە مانا فراوانەکەی وشەکە لە ناوەو دێت نەك لە دەرەوە، لە ژێرەوە نەك لەسەرەوە، لە ئێستاوە نەك لە ئایندەوە، سرووش لەو تەقینەوە ئەتۆمییە ناوەکییە یان لەو گڕە دەچێت کە لە ناوەوە بڵێسە دەدات پێشئەوەی رۆشناییەکەی بگرێتە دەرەوە. کەسێتی نائاسایی هەرئەوەندەی توانی بەسەر ناوەوەی خۆیدا زاڵ ببێت، ئیتر دەتوانێت بەسەر جیهانیشدا زاڵ ببێت. کەواتە دوو رزگارکردن هەیە نەك یەك دانە: رزگارکردنێکی ناوەکی و رزگارکردنێکی دەرەکی. رزگارکردنی ناوەکی مەرجی رزگارکردنی دەرەکییە یان بەشێوەیەکی سروشتیی دەکاتە ئەو.

Lucien Febvre: Un destin: Martin Luther، P. U. F. 1968.

E.H. Erikson: Young man Luther. A study in psychoanalysis and History. New York 1958

وەرگێڕانێکی فەرەنسیی ئەم کتێبە لەساڵی 1968دا ئامادە کراوە لە ناو زنجیرەیەکدا کە مێژوونووسی گەورەی فەرەنسا فیردینان برۆیل سەرپەرشتی دەکات. بەڵام بەناونیشانێکی جیاواز:

E.H ERILSON: Luther. Psychanalyse et histoire. Flammarion. 1968





بریتیە لە بەردەوامبوونی یەکەم، چونکە گوزارشت لە برسێتی بەرامبەری هەقیقەتو رووتکردنەوە دەکات. زانراوە ئەوروپا ماوەیەکی زۆر بەدەستی شەڕی ئاینەکانەوە ناڵاندوویەتی.

لە بنەڕەتدا ئەوە شەڕی پیڕەوە مەسیحییەکان بوو، واتە شەڕی نێوانی کاسۆلیكو پرۆتستانت. ئەمە بەجۆرێك رویداوە وەکو پەند دەهێنرێتەوە. کاتێك سیاسەتمەدارانی ئەمڕۆی فەرەنسا لە نێوانی خۆیاندا لەسەر مەسەلەیەك ناکۆك دەبن، گوێمان لێیان دەبێت دەڵێن: نامانەوێت بیکەین بە شەڕی ئایینەکان، واتە گرفتێك چارەسەری بۆ نەبێت، یان شەڕێکی ناوخۆ. ئەمەش مانای وایە ئەو شەڕە خۆی لە قووڵایی ئاکایی _ یان نائاگایی ئەوروپادا هەڵکۆڵیوە، بووە بە یادەوەرییەکی نەسڕاوە. سەردەمی رۆشنگەریی کاردانەوەیەك بوو بۆ ئەو تاوانانەی بە ناوی مەسیحییەتو ئاینی راستەقینەوە ئەنجامدران. مەسیحییەت باجەکەی بە سەختی دا. هەموو بیریارە ئازادەکانی ئەوروپا دژی وەستانەوەو جۆرەها تۆمەتو ناتۆرەیان دایە پاڵیو خۆیان لێی بێبەریی کرد. پیاوانی ئایین بوونە مایەی گاڵتەجاڕیو تەشقەڵە، بەهۆی سەرکردایەتیکردن یان پاساودانی ئەو جەنگو قەلاچۆکردنە تۆقێنەرانەوە هەیبەتو پایەی خۆیان لەدەست دا.

ئیتر بەجارێك یان پارچە پارچەی ئاسمانی تیۆلۆجیای سەدەکانی ناوەڕاست داڕما، ئاسمانێکی تەماویی پڕ لە هەوری رەش لە رووی ئەوروپادا رەوییەوە، سیمای دانەچڕەکردووی یەزدان لەسەر رووی مەسیحییەتی ئەوروپایی رەوییەوە. کابوسێکی قورس لەسەر سنگی لاچوو، کابوسێك تواناکانی ئیفلیج کردبوو، چەندان سەدە بریسکەی چاوەکانی کوژاندبووەوە. جان دیلمۆ گەورە مێژوونوسێکی فەرەنسای هاوچەرخەو مەسیحییەکی بەدینیشە، پێیوایە وێنەی یەزدانی تۆڵەکەرەوەی سزای سەختدەر فاکتەرێکی گرنگی پاشەکشەکردنی مەسیحییەت بوو لە کۆمەڵگا ئەوروپییەکان. یەکێکە لە هۆیە

سەرەکییەکانی شۆڕشەکەی لۆسەر، ئەگەر گرنگترینیان نەبێت (دۆزینەوە تیۆلۆجییە گەورەکەی لۆسەر لێرەدایە) چونکە ئەویش لەو سیما دانەچێرەکردووەی یەزدان دەترساو پێیوابوو هەرچییەك بکات لە سزای ئەو یەزدانە رزگاری نابێت. هەتا ئەو وێنە تۆقێنەرە سەدەناوەڕاستییەی یەزدان لە رۆحی جیانەبۆوەو نەگەیشتە وێنەیەکی زیاتر لێبوردەو خۆشەویست و دڵفراوان و بەخشەر، ئارامی نەگرت و رۆحی هێور نەبۆوە[3].

بەڵام چ باجێکی داو تا گەیشتە ئەو وێنەیە؟ چەند شەوان لە پێناویا شەونخونی کێشاوە، بێئۆقرە لەسەر جێگا ئەمدیوو ئەودیوی کردووەو بۆی سوتاوە؟ چەند لەسەر پشکۆ هاتووەو چووەو تالاوی چەشتووەو هەڵقرچاوە بەرلەوەی بگاتە دەرچەیەك بەرەو چارەسەر ببیبات؟ چەند جار خەریك بووە گیانی دەربچێت و خۆزگەی خواستووە هەر نەبووایە، دەڵێت: خۆزگە من "لەبیرکراوێکی بیرچوو دەبووم..." ئەمەش چونکە رزگاربوونی رۆح لە کۆت و پێوەند و کونجە تاریکەکانی رابردوو پرۆسێسێکی هەتا بڵێی سەخت و ناڕەحەتە. هەرئەوەندەی رۆح خزایە ناو قووڵایی تاریکییەوەو بە زنجیر بەسترایەوەو بە سورگی لەسەری داخرا، ئیتر پرۆسێسی رزگارکردنی شتێکی زۆر زوحمەت دەبێت. رۆحیش، رۆحی تاك یان رۆحی گەل ناوبەناو تووشی ئەم نەخۆشییە دەبێت. گەلان

---

[3] دەربارەی ئەم خاڵە کەلەلایەنی تیۆلۆجییەوە زۆر گرنگە بڕوانە ئەم دووکتێبەی جان دولیمۆ، کەمێژوونوسێکی کاسۆلیکی باوەڕدارە، بەلاّم باوەڕی پاش مۆدێرنیزم، نەك پێش مۆدێرنیزم. باوەڕی فراوانی بەرین، نەك تەسك و تروسك و نەزان دەمارگیر.

Jean DELUMEAU: Maissance et affirmation de la Reforme P.U.F. 1968.

ولادة الاصلاح الدینی و ترسخه في الارض، المنشورات الجامعية الفرنسية، 1968.

Le cas LURHER (Desclee de Brower، 1983)

حالة لوثيو منشورات دوكلي دو بروير 1983.





هەموویان تووشی ئەم نەخۆشییە بوون و گەلی عەرەبیش لەم یاسایە بەدەر نیەو بەدەریش نابێت. هەربۆیە پەیامبەران یان بیریاران یان ریفۆرمکارانی گەورە دەردەکەون بۆ رزگارکردنی، بۆ سەرفرازکردنی، هەربۆیەشە جوڵانەوە مێژووییە مەزنەکان سەرهەڵدەدەن وەك ریفۆرمی ئاینی، یان رۆشنگەری یان شۆڕشەکان، تا گەل لەنەهامەتییەکەی دەربهێنن و لە حاڵێکەوە بیگوازنەوە بۆ حاڵێکی تر؟ بیرمەند کەسێکە پێش ئەوانیدی بێداردەبێتەوەو ئەوەی ئەوان نایبینن، بەچاوی خۆی دەیبینێت. کە چەشنی ئەرکەکەو قەبارەکەی و رەهەندەکانی دەدۆزێتەوە، یەکسەر ترسی لێدەنیشێت و لەرزی لێدێت. بەلاّم بیرمەند کەسێکە دەتوانێت هەموو نەخۆشی و گرێ و گۆڵ و ئازارەکانی گەل لە خودی خۆیدا کورت بکاتەوە. عەودالی چارەسەرێك دەبێت بۆ گرفتە تایبەتییەکانی خۆی و لەناو ئەو گرێ و ئازارو ژانانەدا پەل دەکوتێت، دەبینێت ئەگەر گرفتەکانی هەموان چارەسەر نەکات، ئەوا مەحاڵە بتوانێت گرفتە تایبەتییەکانی خۆشی چارەسەر بکات. ئیتر تایبەتە و گشتی لە ناو کەسی ئەودا بەناویەکدا دەتوێنەوەو سەرەنجام ئەڵقە ونەکە دەدۆزێتەوە، ئەو ئەڵقە بزرەی هەموان بەدوایدا وێڵن. لە کاتێکدا تاڵ تاڵ خەریکی چارەسەرکردنی گرفتەکانی خۆیەتی، بۆی دەردەکەوێت گرفتی هەموانیشی چارەسەرکردووە.

دواجار کەسایەتی نائاسایی چیە؟ کەسێتییەکی زۆر لاوازە، لە ژێر قورسایی ئەرکی ئازارەکانی خۆیدا دەناڵێنێت، لەبەر سەختی خەم و ناسۆرەکانیدا هەرەسدەهێنێت، بەلاّم لە ساتێك لە ساتەکاندا، بە قودرەتی قادر، دەتوانێت لاوازییەکەی بگۆڕێت بۆ هێز، هەرەسەکەی بۆ خۆڕاگری و تۆکمەیی، نەرێ بۆ ئەرێ. ئەوە کەسێتییەکە نەخۆشی سەردەمەکەی گرتووە، ئەرکەکەی گرتۆتە ئەستۆی خۆی. بۆیە پێویستە وێنەی گەورەکراوی زێدەڕۆییتێداکراوی کاریکاتۆرییەی بیریارو ریفۆرمکارە مەزنەکان لە مێشکمان دەربکەین. ئەو وێنە ئیدیالەی دواتر بۆیان

کێشراوە، دوای ئەوەی کەوت، کەوت، ئەوەی دەرچوو دەرچوو. ئەو وێنە شکۆدارکراوو ئیدیاڵەی نەوەکانی دواتر، باوەڕدارە شوێنکەوتووەکان دروستی دەکەن بۆ ئەوەی پێی بژین یان لەسەری بنوون، خۆ ئەگەر وێنە راستەقینەکە شیبکەینەوە . واتە وێنە مێژووییەکە، شتی زۆر سەیرو سەمەرە دەبینین[4]. بۆشایی نێوانی ئیدیاڵو واقیعیش چەند گەورەیە، دوای نامۆبوونێکی دورو درێژ، رابوون چەند سەختو گرانە.

ئایا ئۆمەتی عەرەب گەیشتۆتە قۆناغی هەڵدانەوەی وێنە راستەقینەکە، ئایا دەشێت ئەو کارەساتانەی بەم دواییانە روویاندا _ بۆ نمونە جەنگی کەنداو _ بەئینزارێك یان نیشانەی مەترسی لەقەڵەمبدەین، بەوەی لە ناوچەی پرسیارە گەورەکە نزیك بوینەتەوە؟ بە واتایەکی دی ئایا پێویست بوو کارەساتێکی وەکو ئەوەی کەنداو رووبدات تا چاومان بکاتەوەو ئەوە ببینین کە نەماندەبینی؟ ئایا دەتوانین بڵێین:"وعسى ان تكرهوا شيئا وهو خير لكم".

ئێمە مافی ئەوەمان هەیە ئەم پرسیارە بکەینو کەسیش ناتوانێت رێگەمان لێبگرێت. ئەو گوتارە سەرچڵو گەمژانەی هاوکاتی ئەو جەنگە

---

[4] بێشك ئەمە مانای ئەوە نیە کەسایەتییە نائاساییەکان مەزن نین، یان پڕن لە ناتەواویی و نەنگی، بەڵکو بەپێچەوانەوە: هەرئەوەندەی لە خاڵی تەقاندنەوەوە دەگوازنەوە بۆ خاڵی بەهێزیی، یان ئەوەندەی لاوازیی خۆیان بەرەو هێز وەرچەرخاندن، ئەوە مانای ئەوەیە ئەوانە لە مەزن زیاترن. چونکە ئەم پرۆسێسە بە شێوەیەکی گشتی زۆری تێدەچێت: بازدانە بۆ ناو نەزانراو، مەزنەکان نەبێت کەس بڕستی ئەوەی تیا نیە ئەنجامی بدات. بەڵام ئەو وێنە شکۆدارکەرە یان ئەفسانەییەی دواتر دەربارەی کەسایەتی نائاسایی دروست دەکرێت، وێنەی راستەقینەیمان لێدەشارێتەوە: واتە ئازارو ئەشکەنجەکانی، ژانگرتنەکانی، خاڵەکانی لاوازیی پێش ئەوەی بەسەر خۆیدا سەربکەوێتو رەوتی مێژوو یەکلایی بکاتەوە. بەمەش لایەنە مرۆییەکەی یان رەهەندە مرۆییەکەیمان لێ دەشارێتەوە،و وای لێدەکات تەنانەت بەرپرسیار نەبێت لە سەرکەوتنەکانیشی (بە سەرکەوتنی بەسەر خودی خۆشییدا).





هاتن، هەموویان داڕمانو کەوتنو راستییەکانیان کەوتە روو. هاوکات گەورەترین گوتاری سیاسی هاوچەرخیش هەرەسی هێنا: گوتاری کۆمۆنیزمی سۆڤێتی. کەواتە رووداوەکان بەقەدر مێژوو روویاندا، ئەو رووداوانەی ئاماژەن خێراتربوونی رەوتی مێژوو، هیچ بیریارێکیش ناتوانێت خۆی گێلبکات لێیان. راستە بیری قووڵ سەربەخۆیە لە رووداوە تێپەڕو ناسەقامگیرەکانو ناتوانێت پەرچدانەوەی ئەوان بێت یاخود بە شێوەیەکی سەرانسەریانە دیارییانبکات، بەڵام ناشتوانێت خۆی لە رووداوە گەورەکان لابدات، ئەوانەی زۆر بەدەگمەن لە مێژوودا روودەدەنو دەلالەتی قووڵیان تێدایە. ئەگەر هێگڵ لە جێگای ئێمە بووایە زۆر شادمان دەبوو _بە مانا فەلسەفییەکەی وشەی شادمانی_ مەبەستم ئەوەیە ئەو حاڵەتەی وەها دادونا کە دەرفەتێکی دەگمەنە بۆ فەلسەفاندن یان مادەیەکی بەنرخە بۆ تێڕامانو هەڵهێنجانی پەندو ئامۆژگاری. ئێمە ئاگادارین هێگڵ بایەخێکی چەند زۆریداوە بە شۆڕشی فەرەنسە، ئەو رووداوە مەزنەی کە نیشانەیەکی بەرچاوی جووڵەی مێژوو یان گەردەولولی مێژوو. گەرچی تا ئاستێکی زۆریش نەریو کارەساتاوی بوو. بەڵام ئەری لە هەناوی نەرێوە دێتە دەرەوە، لە منداڵدانی کەوتنەوە، هەستانەوە لەدایك دەبێت[5].

---

[5] بێشك ئەمە مانای ئەوە نیە جووتکردنێك ئەنجام بدەین لە نێوان شۆڕشی فەرەنسی وەك رووداوێکی رزگارکەری گەورە کە بووەتە هۆی بەرپاکردنی سەردەمە نوێیەکان، لەگەڵ هەرەسهێنانی ئایدیۆلۆجیاکاندا کە بەم دواییانە روویدا، بەڵام لە یەك خاڵدا لێك دەچن، هەردوکیان رووداوی گەورەنو هەریەکەیان جیهانێکی باوی رماندووەو بواری رەخساندووە بۆ لە دایکبوونی جیهانێکی دی. لە ئەنجامی هەرەسهێنانی جیهانی قورسی ئایدیۆلۆجیادا، هەریەکەیان بارگەیەکی گەورەی ئازادیی بەرهەڵداکرد. راستە لە حاڵەتی ئێمەدا هێشتا بینای نوێ دەستی پێنەکراوە، بەڵام ناتوانین نکولی لە پێکهاتنی پانتاییەکی گەورەی ئازادی بکەین کە دوابەدوای رمانی پاشماوەی پێشوو هاتۆتە کایەوە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەهایەکی پۆزەتیفەو لە نرخاندن نایەت. یەکەمجارە بیری

بەهەرحاڵ، نەتەوەی عەرەب ئەوەندی بەسە لە ماوەی کەمتر لە چارەکە سەدەیەکدا تووشی دوو بەزینی سەخت بووە (1967_1991)، گەورەترین هاوپەیمانی مێژوویشی هەرەسی هێناوە، تا ترس لە ئایندەی خۆی دایبگرێت. ئەمە یەکەمین جارە هەست دەکات لە گۆڕەپاندا بە تەنیا جێماوەو بووە بە نێچیری دوژمنەکانی. یەکەمجارە وەکو پەڕێك بەدەم باوە دەلەرێتەوە. یەکەمجارە بەمشێوەیە هەست بە لاوازیو لێکهەڵوەشانو لەدەستدانی ئیرادە دەکات. یەکەمجارە بە تەواوی جڵەوی دەسپێشخەریی مێژوویی لە دەستی دەچووە، یاخود بە رووکەش وەها دیارە.

ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە هەموو شتێك کۆتایی هاتووەو بوار نەماوە هیچ شتێکی دی بکرێت؟ پاشان _ ئەمەش لە هەمووی گرنگترە_ ئایا ئەمە مانای ئەوەیە ئێمە گەیشتوینەتە بنی بیرەکە، یاخود هێشتا راچەنینی دیشمان لە پێشدا ماوە تا بە یەکجاریی بحەوێینەوە؟ چونکە ئەوەی هەموو شتێکی لە دەست دەچێت دواجار هەر هیچ نەبێت هەست ئارامی دەکات، ئارامی نائومێدبوونی تەواوەتی، بەڵام ئەوەی بە هەڵواسراوی لە نێوانی ئومێدو نائومێدییدا دەمێنێتەوە، لەنێوانی مەرگو ژیندا، بە ئازارو ئەشکەنجەوە دەمێنێتەوە، ئەو کەسە زۆر نیگەرانو پڕ دڵەڕاوکە دەبێت. پێموایە ئەم دۆڕاندنەی دوایی کە بناغەکەی دۆڕاندنەکەی ساڵی 1967 بوو، بەسە بۆ ئەوەی لەمتبوونە فیکرییە قووڵەکەمان بێدارمان بکاتەوە. پێموایە رمانی گوتارەکانی پێشوو کە باڵیان بەسەرماندا کێشابوو _ گوتاری نەتەوەگەراییو مارکسیزمگەرایو تەنانەت نوێگەرایی فشەڵ_

سەربەست شوێنپێیەك بۆ خۆی دەدۆزێتەوە لە گۆڕەپانی رۆشنبیریی عەرەبییدا. ئەمەش مانای ئەوە نیە کە هزری کۆن (تیۆلۆجیو ئایدیۆلۆجی) بە تەواویی تەسلیم بووە، نا، بەڵام لەژێر زەبری تێسرەواندنەکەدا چەماوەتەوەو لە ناخەوە لەق بووە، ئەمەیە ئەو هەلەی ئێستا رەخساوە بۆ ئەوەی جەنگ دژی بەرپا بکرێت، دیارە جەنگێکی هەتا بڵێی سەختو هار دەبێت. ئەمە کەمترین شتە بتوانین بیڵێین.





گۆڕەپانەکە لە ئەرکێکی گران رزگار دەکاتو بوارمان دەدت بۆ یەکەمینجار هەناسە بدەین[6]. بۆشایی جوانە، پانتاییە بەرینە چۆڵەکان جوانن، سەربەستی سوکناییبەخشە. کەواتە با هەلەکە بقۆزینەوەو هەندێك لەو پرسیارانە بکەین کە تا چەند ساڵێك پێش ئێستا قەدەغە بوون. ماڵوێرانییەکەمان گشتیو سەرانسەرییە، بۆچی هەتا هەتایە دەممان کلیل بدەین؟ واقیع لە پێشەوە باجی پرسیارکردنی داوە، ئیتر بۆچی نەوێرین پرسیار بکەین؟

زانراوە دوای بەزینەکەی ساڵی 1967 دوو گوتاری بنەڕەتی سەریان هەڵدا، یەکەمیان دەڵێت ئێمە "دەسبەرداری یەزدان بووین بۆیە یەزدانیش دەسبەرداری ئێمە بوو" دووەمیشیان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەڵێت (نەیوێراوە بە راشکاویی بیڵێت) بە پێچەوانەوە ئەوەندەی پێویستە،

[6] کەوتنە خوارەوەی ئایدیۆلۆجیای پێشووی هەڵەو جێگیرانەوەی بە گوتاری سەلەفییانەی دێرین، پاڵمان پێوە دەنێت چەند سەرنجێك تۆمار بکەین. یەکەمیان ئەوەیە ئەو گوتارانە نەیانزانیوە کە چۆن رووپەڕووی کۆنی بە میرات جێماو دەبنەوەو وەکو پێویست شییان نەکردۆتەوە، بۆیە هەرئەوەندەی ساتی گونجاوی خۆی هاتە پێشەوە یەکسەر لە ئارامگەکەی خۆیەوە راپەڕی. دووەمیشیان ئەم کۆنە بە میراتماوەیە بە شێوەیەك لە شێوەکان نائاگایی مێژووی عەرەب – موسوڵمانەکانی پڕ کردووە، زانراویشە کە رووبەڕووبوونەوەی نائاگایی لەسەر هەردوو ئاستی تاكو کۆمەڵیش کارێکی یەکجار گرانە، کێ دەتوانێت بەرەوڕووی نائاگایی خۆی ببێتەوە، واتە ئەو کیشوەرە تاریکەی لە ناخماندایە؟ بەڵام ئێستاکە دڵنیابووین لەوەی ئەم بەرەوڕووبوونەوەیە بووە بە زەرورەتێکی حەتمیو لێڕاکردنی بۆ نیە، ئەگەر بمانەوێت خۆمان رزگار بکەین، واتە خۆمان لە هەموو کەڵەکەبوونە ناوەکییەکانمان دابڕین، ئەوانەی ناهێڵن رزگاریمان بێتو ئازاد ببین، لەبەر ئەم هۆیە دەڵێین پرۆسەی رزگارکردنی بیری عەرەبی ئیسلامی ئەرکێکە لەبەردەمماندا دەوەستێت نەك لە پشتمانەوە، بە پێچەوانەی ئەوەی مۆدێرنیستەکان بۆی چوون، لە لیبرالییەکان یان مارکسییەکان یان نەتەوەییەکان ... هتد ئەمەش مانای ئەوەیە ئەرکێکی زۆر گرانەو لەوانەیە چەند نەوەیەك بخایەنێت.

ئەوەندە دەسبەرداری خودا نەبووین و بەپێی پێویست نەچووینەتە ناو مۆدێرنیزم و تەکنەلۆجیاوە بۆیە دۆڕاین. ئەمانە دوو گوتارن بە رووکەش تەواو دژی یەکن. بەڵام ئایا ئەوەندە دژن؟ ئایا لە تاقە خەسڵەتێکدا بەشدار نین ئەویش: بزری رەهەندی مێژوویی یان هەستی مێژوویی لە هەردوکیاندا؟ ئەگەر دوای بەزینەکەی ساڵی 1967 وە، گوتاری مارکسچێتی بۆ بەشێکی زۆری لاوان مایەی سەبوریی بووبێت، ئەگەر لاوانی تووشی وەهمی ئەوە کردبێت کە چارەسەرو کلیلی هەموو شتێکە، ئەوا گوتارەکەی دی کە ململانێی ئەوی کردووەو لەسەر گۆڕەپانەکە جێی گرتۆتەوە (واتە گوتاری ئیسلامچێتی) ئەویش دیسان هەمان رۆڵی بینیوەو دەیبینێت. ئەم گوتارەشیان لە دوای جەنگی کەنداوەوە، بگرە تەنانەت پێش جەنگەکەش ببوو مایەی سەبوری ژمارەیەکی زۆری لاوانی وێڵ. تاکە جیاوازیی لە نێوانیاندا ئەوەیە یەکەمیان بە حازریی لە بیانییەوە هێنراوە، بەڵام دووەمیان لەسەر تاری قوڵایی مێژوویی عەرەب دەژەنێت. ئەمەش جیاوازییەکی کەم نیەو گاڵتەی پێناکرێت، بگرە تۆڵە ستاندنەوەی گوتاری ئیسلامی _ ئەگەر نەڵێین ئیسلامچێتی_ پڕە لە گرمەو هاوارو قیژەی لەمجۆرە. لە راستیدا گوتارێکی مەشروعیش بوو، چونکە بزرکردنی لە واقیع بە هۆی گوتارەکانی دیکەوە (نەتەوەچێتی و مارکسچێتی و مۆدێرننیزمچێنی فشەڵ) و تاوانبارکردنی بە کۆنەپەرستی و تاریکخوازیی و تابوری پێنجەم بەس نەبوو بۆ لەناوبردنی. تائێستا کەس نەیوێراوە لەسەر زەمینە تایبەتییەکەی خۆی بەرەوڕووی ببێتەوە، مەبەستم لە زمینەی بیری ئیسلامییە. ئەگەر لێکدانەوەیەکی دیکە بۆ ئیسلام بکرایە، مەبەستم لێکدانەوەیەکی مێژوویی رەخنەییە، بەرەوڕووی لێکدانەوە کۆنینەکە ببوایەتەوە کە ئەمیان گۆڕەپانەکەی لەمسەرەوە بۆ ئەوسەر داگیر کردووە، ئەوا مەسەلەکان بە شیکردنەوە دەستیان پێدەکرد. چونکە رووبەڕووبوونەوە بە تیغی شمشێر بەس نیە. بە پێچەوانەوە، هەتا ئەم گوتارە بچەپێنرێت و سەرکوتبکرێت، هەتا بەچەکی هێز شەڕی لەگەڵدا





بکرێت، گەورەتر دەبێت و زیاتر دەتەنێتەوە. تاکە هەوڵێك لەم بوارەدا کە بیبینم هەوڵەکەی محەمەد ئەرگۆنە. بەڵام بە ئەو زمانی فەڕەنسی دەنوسێت، گەرچی دەشزانین پرۆسەی رزگارکردنی ئیسلام کە بە زمانی عەرەبی"هاتۆتە خوارێ" ئەگەر دیسان بە زمانی عەرەبی ئەنجامنەدرێت، پرۆسەیەکی یەکلاییکەرەوە نابێت. (پێویستی وەرگێڕانی ئەم بیریارەو گواستنەوەی بە تەواویی بۆ زمانەکەمان لێرەدایە).

کێشەی ئێمەی عەرەب ئەوەیە کە پێمانوایە چەپاندن و خنکاندنی گرفتەکە یان دواخستنی مانای چارەسەرکردن یان تێپەڕاندنێتی!..بەڵام هەموو مێتۆدە زانستییەکان و ئەزمونە مێژووییە نوێیەکان پێچەوانەی ئەوە پیشاندەدەن. کەچی ئێمە هەر سورین لەسەر پیادەکردنی میتۆدە دێرینەکە: میتۆدی چەپاندن و سەرکوتکردن و لالێبڕینەوە. ئایا لەناو ئێمەدا باوکێك هەیە لە گرفتێکدا کە تایبەتە بە بوونیان راوێژ بە کوڕەکانی بکات ؟ ئەگەر ئەوەی کرد، ئیتر بەلایەوە مانای ئەوەیە لەسەر تەختەکەی هاتۆتە خوارەوەو دەسبەرداری فیزی خۆی بووەو شتێك لە هەیبەت و پیاوەتی خۆی لە دەستداوە. ئایا فەرمانڕەوایەکمان هەیە لە گرفتێکی گرنگدا کەمانەوەی یان ماڵوێرانی لەسەری راوەستاوە، راویژ بە گەلەکەی بکات ؟ تەنانەت مەسەلەکانی شەڕو ئاشتییش راوێژی گەلیان تێدا وەرناگیرێت! بەمجۆرە تاکە حاکمێکی ستەمکار دەنوانێت سەرەڕۆیی بە هەموو گەلەکەیەوە بکات بێ ئەوەی چاوی بفرێت! .. پاشانیش بیریارە عەرەبە مەزنەکان چەپڵەی بۆ لێدەدەن و دەڵێن: ئەوەتا مێژوو فراوانترین دەرگای خۆی بۆ ئاوەڵا کردووین، ئەمەیە رێگاکە، ئەمەیە چارەسەرەکە!.. کارەساتە، ئەو حاڵەتەی هزری عەرەبی هاوچەرخ تێیدا دەژی، کارەساتە، بەڕاستی موسیبەتێکی گەورەیە. چونکە ئەگەر گەورە بیریارەکان تا ئەم رادەیە چاویان کوێر بووبێت، ئەی دەبێ رۆژنامەنووسە ئاساییەکان چۆن بن یاخود رەشەخەڵك چۆن بن؟! جێی خۆیەتی پێشبینی هەموو شتێکی خراپ لەم رەوشە بکەین.

لێرەدا هەلەکە ناقۆزمەوەو وانەیەك لە دیموکراسیدا نادەم بە فەرمانڕەواکان وەك زۆرێك لە رۆشنبیران بە ئاسانیو بە خۆڕاییو هەندێجاریش زۆر هەرزان، وادەکەن. بەڵکو من ترسم هەیە ئەوەی پێشتر بەسەر "یەکێتیو سەربەستیو سوسیالیزم"• دا هات، بەسەر دیموکراسیشدا بێت. چونکە خراپ بەکارهێنان یان زۆربەکارهێنان بە بۆنەو بە بێ بۆنە وا لە وشە دەکات بسوێتو مانای نەمێنێت، بگرە پیلان دژی ماناکەی یەکەمیشی بگێڕێت. ئەو کاتە پێویستە بە گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بیشۆینەوە پێش ئەوەی بەکاری بهێنین. لە فەرهەنگی سیاسیی عەرەبیدا یەك تاکە وشەی تێدا نەماوە قابیلی بەکارهێنان بێت. هەموو وشەکان متمانەی خۆیان لەدەستداوە. بۆیە دەزانم مەسەلەی دیموکراسی یان شورا یاخود راوێژ، چی ناو دەنێیت بینێ، مەسەلەیەکی دوورو درێژە[7]. پێویستە چەند مەرجێك هەبن بۆ ئەوەی شیاو بێت. لەو

• ئەمە دروشمی پارتی بەعسی عێراقی بوو بەسەر یەکەوەو دروشمی هەموو ئەو سیستمە عەرەبییانەشە کە بە ئاگرو ئاسن گەلەکانیان ئیدارە دەکەن (و).

[7] جیاوازییەکی دیارو گەورە لە نێوانی شوراو دیموکراسییدا هەیە، شورا ژمارەیەکی کەمی موسوڵمانانی دەگرتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو شەپۆلە شکۆدارکەرەی ئێستا باوە، سوورە لەسەر چووتکردنی شوراو دیموکراسی بە یەکتریی، بگرە هەندێك شانازی بەوەوە دەکەن کە ئێمە پێش خۆراوا گەیشتوینەتە دیموکراسی. ئەگەر بیانووتایە شوورا ناوکێکی بچووککراوەی دیموکراسییە مەسەلەکە ئەهەوەنتر دەبوو. وەلێ ئەوانە دەیانەوێت ئەزمونێکی مێژوویی بدەنە پاڵ ئیسلام کە تەنیا دوو سەدەیە پێیزانیوە. وەك ئەوەی شوورەیی بێت مێژووی کۆنمان شتێك نەزانێت، کە نەدەشیا بزانرێت هەتا سەدە نوێیەکان، ئەم چەشنە تەعجیزەی کە لەبەر هۆیەکی سادە شایستەی دەمەتەقێکردن نیە، ئەویش ئەوەیە بیرۆکەی مێژوویەتیو پەرەسەندنو پێشکەوتن رەت دەکاتەوە. دیموکراسییەت مانای راوێژکردنە بە هەموو گەل بەژنو پیاوەوە، نەك تەنیا هەڵبژاردەی موسوڵمانان یان خانەدانانیان. ئایا ئێمە دەزانین کە هەموو پیاوێك یان ژنێك هەر ئەوەندەی تەمەنی گەیشتە هەژدە ساڵان ، ئیتر بۆی هەیە رای خۆی بخاتە روو یان دەنگ بدات؟ ئایا ئەوە دەزانین کە





مەرجانە: رۆشنبیرییەکی نوێی تەشەنەکردوو لە نێوەندە فراوانەکانی گەلدا، بارێکی ئابوریی تاڕادەیەك لەبار، کەمبوونەوەی فشارە دەرەکییەکان. ئەم مەرجانەش هەتا ئێستا بوونیان نیە، بەڵکو ئەوەی هەیە رێك پێچەوانەی ئەوانەیە. مەترسی لێکهەڵوەشانو لەتوپەتبوونیشی لەسەربێت کە بەردەوام روو لە زیادبوونە. تارمایی دەوڵەتە مەزهەبییەکان یاخود تایفیەکان یان رەچەڵەکییەکان دەستی کردووە بەدەرکەوتن لە ئاسۆی بینراوو نەبینراودا. بەمشێوەیە لەبری بەدیهێنانی یەکێتی عەرەبی سەرانسەریی، وامان لێهاتووە لە لەتوپەتبوونی هەرێمەکانیش دەترسین، ئیتر بەردەوامیی بوونی ئەو هەرێمانە بەلامانەوە گەورەترین سەرکەوتنە. باشە چۆن گەیشتینە ئەم ئاستە؟ ئایا نابێت گوتاری نەتەوەیی . یان راستر نەتەوەچێتی . باجی ئەمە بدات؟ ئایا نابێت بەڕەقی پێیدا بچینەوەو لێی بپرسینەوە؟ ئەمە دەڵێینو باوەڕیشمان بەوەیە کە ئاسۆی عەرەبی فراوان وەك پڕۆژەی ئایندەییمان دەمێنێتەوە. ئامانجەکە خۆی لە خۆیدا باشەو ماقووڵییەتو مەشروعییەتی مێژوویی خۆی هەیە•، بەڵام ئەو رێگایەی بۆ

بەهۆی تایەفەکەی یان رەچەڵەکەکەی یان ئایینەکەیەوە، کەس لەو پرۆسەیە وەدەر نانرێت: بەمجۆرە دەبینین چەمکی دیموکراسی زۆر جیاوازە لە چەمکی شورا، چونکە یەکەمیان لە رووی ئەپستمۆلۆجییەوە سەر بە فەزای ئەقڵی نوێیە، بەڵام دووهەم سەربە فەزای ئەقڵی سەدەکانی ناوەڕاستە. بێشك دەتوانین شتێکی ئەرێ لەسەر چەمکی شوورا بینا بکەین بەڵام بەو مەرجەی فراوانی بکەینەوەبۆ ئەوەی هەموو هاونیشتمانان بگرێتەوە نەك تەنها دەستەیەکی هەڵبژاردە. ئەو کاتە بەلامانەوە گرنگ نابێت بە سیستمە نوێیەکە بڵێین شورا یان دیموکراسی.

• لێرەدا هاشم هەمان دیدی ناسیونالیستانەی عەرەبی پەرچدەکاتەوە دروستبوونی نیشتمانێکی گەورەی عەرەبی کە هەموو ئەو هەرێمانە بگرێتەوە کە عەرەب فەرمانڕەواییان دەکات بە مەشروعو خاوەن رەگوڕیشەی مێژوویی لەقەڵەمدەدات. هەر بۆیەشە نیگەرانە لە ئەگەری هەرێمە (عەرەبییەکان) کە چەندین گەلو کەلتوری غەیرە عەرەبیان تێدایەو زۆر دەمێکە عەرەبەکان فەرمانڕەواییەکی نادادپەروەرانەیان دەکەن(و).

گەیشتن پێی گیراوەتە بەر، سەرکەوتوو نیە، ئەو گوتارەی بە هەموو دروشمو رەوانبێژییە کرچەکەیەوە بانگەشەی بۆ کردووە، ئێستا خۆی کەوتووەتە دەرەوەی کەوانەکەوە. لەبەرئەوەی ئێمە ویستمان بە یەك جارو بەخێرایی هەموو شتێك بەدەستبێنین، وەلێ هەموویمان دۆڕاند! من باوەڕم بە ئاسۆی عەرەبیی فراوان هەیە، بگرە دوای ئەوەی هەژدە ساڵ لە ئەورووپا مامەوە، ئینجا باوەڕم پێی زیاتری کردووە، لە راستیشدا من هەتا دوور نەکەوتمەوەو لە دەرەوە سەیرم نەکرد بە باشی لێی تێنەگەیشتم. باوەڕم وایە ئەو ئامانجە وردە وردە دێتە دی، لە ژێرەوە دێتە دی نەك لە سەرەوە، لە توێی پرۆژەی هەندەکی کورتکراوەوە کە هەموو کەرتەکان دەگرێتەوە، بەدەست دەهێنرێت. لەبەرئەوەی من لەناو کەرتی رۆشنبیرییدا کاردەکەمو لە کەرتەکانی دی باشتر لێی شارەزام، بۆیە ئاخاوتنی خۆم لەوێدا دەهێڵمەوە (لێدەگەڕێم ئەوانیدی باسی کەرتی ئابوری یان سیاسی یاخود کۆمەڵایەتی بکەن). من پێموایە یەکێتی رۆشنبیریی عەرەبی شتێکی شیاوەو دڵگیریشە، رەنگیشە ئەو یەکێتییە رێگە خۆش بکات بۆ یەکێتی سیاسی، بەڵام یەکێتی رۆشنبیریی مانای ئەوە نیە تایبەتمەندێتییە رۆشنبیرییەکانی هەرێمە جیاجیا گەورەکانی عەرەبی لەناو ببرێت (مەغریبی گەورە، کەنداوو نیمچە دورگەی عەرەبی، دۆڵی نیلو وڵاتی شامو عێراق). یەکێتی رۆشنبیریی عەرەبی مانای تاکرەهەندیی نیە، مانای رەشکردنەوەی تایبەتمەندێتییە لۆکاڵەکان یان ترسان لێیان یان گەورەکردنەوەی مەترسییەکانیان نیە. رەگەزە هەمەچەشنو جیاوازەکان بۆ گەل بەسودن، پاراستنیان دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی رۆشنبیریی عەرەبی. یەك خاڵ هەیە پێویستە سازشی لەسەر نەکەین: زمانی ئەم رۆشنبیرییە زمانی عەرەبییە، غەیری ئەوە هەموو شتێك شیاوەو هەموو شتێك قابیلی دانوساندنە. بەڵام ئێمە چیمان کردووە بۆ یەکێتی رۆشنبیریی عەرەبی؟ سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوەو وەرگێڕانی زانستی لە کوێن؟ کامەتا دەوڵەمەندکردنی زمانی عەرەبی بە میتۆدو زاراوە نوێیەکان؟





کوا رێکەوتنی نێوان زانکۆ عەرەبییەکان، یان کۆڕی زمانی عەرەبی لە پێناوی یەکخستنی زاراوە زانستیو پزیشکیو ئەندازەییو فەلسەفیو زانستە مرۆییەکاندا؟.. ئایا زمانی عەرەبی بەم حاڵەی ئێستایەوە دەتوانێت دژی هێرشی زمانە بیانییە نوێیەکان بە تایبەتی ئینگلیزیو فەرەنسی بەرگریی لەخۆی بکات؟ ئایا دەتوانێت بەرەنگاری هێرشی تەلەفزیۆنە بیانییەکان ببێتەوە بە تایبەتی هێرشەکانی سەر خۆراوای عەرەبی؟

لە شوێنێکی دیکەدا دەربارەی گرنگێتی پرۆژەی وەرگێڕان دوواومو وەك پرۆژەیەکی شارستانی عەرەبی نێوزەدم کردووە. من باوەڕم وابوو ئێستاش هەروام، ئەو پرۆژەیە ئێجگار پێویستە بۆ رێنیسانسی عەرەب وەك چۆن لەسەردەمی کلاسیکی عەرەبیدا کارێکی پێویستو گرنگ بوو _سەردەمی رەشیدو مەئمون_ بەڵام کوا ئەو لایەنە عەرەبییانەی ئەوە بەجدی وەردەگرێت؟ کەس نیە. ئەو بوارە چۆڵکراوە بۆ دەسپێشخەریی تاکەکەسی بە هەموو ناتەواوییەکانیو بێسەرەو بەرەییەکەیەوە. هەموومان دەزانین ئەگەر ئەو پرۆژەیە نەکەوێتە سەرپێ، ئەوا زمانی عەرەبی دەکەوێت مەترسییەوە. خوێندکارانی خوێندنی باڵاو لێکۆڵەرەکان وایان لێهاتووە بە تەواویی یان بە شێوەیەکی هەندەکی دەسبەرداری زمانی عەرەبی بوون لە پێناوی زمانە بیانییەکاندا. هۆیەکەشی کەمی سەرچاوەیە بە زمانی عەرەبی (ئەم قسەیە بەسەر زانستە مرۆییەکانیشدا پیادە دەبێت وەك چۆن بۆ زانستە وردەکانیش راستە). ئەگەر کار بەمشێوەیە بڕوات ئەوا زمانی عەرەبی دەبێت بە زمانی شیعرو ئەدەبو رۆژنامەگەریو هیچی دی، ئیتر بۆ زانستەکانو فیکر زمانەکانی تر بەکار دەهێنین. ئایا ئەمەیە کە ئێمە بۆ خۆمانمان دەوێت؟ کاتی ئەوە نەهاتووە زەنگی مەترسی لێبدەین؟ ئێمە زۆر پێویستیمان بە وەرگێڕانی پێنج هەزار کتێبە هەیە لە بوارە زانستییە جیاجیاکانداو بەخێراییش؟ ئایا چاوەڕێی دەرکەوتنی

مەئمونێکی نوێ بێن بۆ ئەوەی پشتگیریی سیاسی ئەم پڕۆژە گەورەیە پێشکەش بکات؟

(4)

دوای هەموو ئەوەی پێشتر وتمان، دەبێ ئەم دروشمەی خوارەوە لە شێوەی پرسیارێکدا بخەینە روو: ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە لە قۆناغی ئایدیۆلۆجییەوە بگوێزینەوە بۆ قۆناغی ئەبستمۆلۆجی؟ ئەو کارەسات و نەهامەتییانەی لەم دواییەدا روویاندا، پاساوی بەرزکردنەوەی ئەم دروشمە دەدەنەوە لەگەڵ تەبەنیکردنیشیدا بۆ قۆناغی ئایندە. چیتر ناتوانین بڕوا بەو گوتارە ئایدیۆلۆجییانە بکەین کە بە درێژایی قۆناغی رابردوو باڵیان بەسەرماندا کێشابوو: نەتەوەچێتی (نەك نەتەوەیی) یان مارکسچێتی (نەك مارکسیزم) یان مۆدێرنیزمێکی فشەڵ (نەك مۆدێرنیزمی راستەقینە)، یاخود تەنانەت ئیسلامچێتیش (نەك ئیسلامێتییەکی پۆشتەو جێڕ). پێویستە بە هەموویاندا بچینەوەو سەرلەنوێ لێیان ورد ببینەوە. هەمووشیان سەر بە هەمان کۆمەڵەی فیکریی یان هەمان فەزای ئەقڵی و میکانیزمی دیالەکتیکیینـ سەرباری هەموو ئەو کێشەکێشە رووکەشانەی لە نێوانیاندا هەیە[8]. ئەگەر بەشێوەیەکی ئارکیۆلۆجییانە لەمەسەلەکە ورد

[8] رەنگە یەکێك ناڕەزایی دەربڕێت و بڵێت: چۆن دەشێت هەموو ئەو گوتارانەی لە گۆڕەپانی عەرەبییدا باون، یەکسانیان بکەیت. منیش دان بەوەدا دەنێم کە تاڕادەیەك هەق بەوە. لە راستیدا ناتوانین بە شێوەیەکی تەواوەتی مارکسچێتی و نەتەوەچێتی و لیبرالیست لە لایەکەوە، لەگەڵ ئیسلامچێتی لە لایەکی دیکەوە بە یەکتریی یەکسان بکەین. بەڵام ئەگەر لە نزیکەوە لە مەسەلەکان ورد ببینەوە دەبینین زەمینەی کەلتوری (بە هەموو حوکمە پێشینەکانی و هەموو نیشتەنییەکانیەوە) هەموو ئەوانە دەسمێت گەرچی بە پلەی جیاواز. منیش بەوەی مارکسییم یان لیبرالیستێکی مۆدێرنیستم، ئیتر ئەوە مانای ئەوە نیە کە من لەو نیشتەنییانە خاڵیم. هۆیەکەشی سادەیە: مادام پروسەی رەخنەگرتن لە کەلتور تا ئێستا بە شێوەیەکی دروست لە زمانی عەرەبییدا بە ئەنجام





ببینەوە واتە ئەپستمۆلۆجی و لە قووڵاییدا. دەبینین هەموومان لە دوو سیفەتی بنەڕەتیدا هاوبەشین: پووکانەوەی هەستی مێژوویی، هەروەها بێزراندنی تەواوەتی چەمکی هەقیقەت. ئەو گوتارە فیکرییەی دەمانەوێت لە گۆڕەپانی عەرەبی_ ئیسلامیدا سەرهەڵبدات، دەبێ ئەم دوو سیفەتەی تێدا بێت: پلەیەکی بەرز لە هەستی مێژوویی یان هۆشیاریی مێژوویی و پاشان ئالودەبوونی هەقیقەت هەتا پلەی وڕێنەکردن. بەڵام پێش ئەوە پێویستە ئەم مەسەلەیەی خوارەوە بخەینە روو، کە هەموو مەسەلەکان لەسەر ئەو راوەستاوون: چۆن دەتوانین گیانی عەرەبی ئیسلامی لە کۆتەکەی رزگار بکەین؟ ئەم گیانە پێوەندکراوە زیندانیکراوە. کێ لە دیلی رزگاری دەکات؟ کێ ژاناویترین گرێی گرێیەکان دەکاتەوە؟ بەم مانایە رزگارکردنی ناوەکی گیان پێش رزگارکردنی دەرەکی دەکەوێت، مەرجی یەکەم و دوا مەرجی هەموو رزگارکردنێك دەبێت. هەموو چەشنەکانی تری رزگارکردن وەك رزگارکردنی کۆمەڵایەتی یان ئابوری یان سیاسی، بەستراون بەرزگارکردنی رۆحییانەی گیانەوە، ئەوەی لێرەدا ترسناك و تۆقێنەرە ئەوەیە کۆتکراوو دەسبەستراو هەرگیز هەست بەوە ناکات کە کۆت و پێوەند کراوە. بە پێچەوانەوە واهەست دەکات کە سەربەستە، بگرە سەریشی سوڕ دەمێنێت چۆن گرفتێکی وەهای بۆ دەوروژێنین کە بوونی

نەگەیەنراوە، ئەوا هەمووان ملکەچن بۆ حوکمە پێشگریمانەکانی، بە شێوەیکی هوشیارانە بێت یان ناهوشیارانە. کەلتور لەگەڵ شیردا دەنۆشرێت و لە قوتابخانەو شەقام و ماڵەوە پێماندەگات..هتد. کەواتە زەمینەی قووڵ واتە ئەپستمۆلۆجی بۆ هەمووان یەکێکە. هێندە بەسە لەگەڵ مارکسیەکدا یان نەتەوەییەکدا یان لیبرالیستێکی زۆر ئازادیخوادا دەربارەی هەندێك لە بابەتە هەستیارەکان بدوێین تا لەمە دڵنیا ببین. بگرە هەندێك لە مارکسییەکان لە بارودۆخی دیاریکراودا کۆڕان و بوون بە ئیسلامچی، بە پێچەوانەشەوە... بۆیە دەڵێین هێشتا کاتی رزگارکردنی راستەقینە لە گۆڕەپانی رۆشنبیری عەرەبییدا نەهاتۆتە پێشەوە. رەنگە ئێستا لەبەر دەرگاکەیدا بین. بەڵام کێ دەوێرێت ئەم قۆرتە بڕێت؟ کێ دەوێرێت ئیقتیحامی خود بکات؟

نیە: هۆیەکەشی ئەوەیە بزریی سەربەستی لە گۆڕەپانی رۆشنبیری عەرەبی _ ئیسلامی زیاد لە پێویست درێژەی کێشاوە (چەندان سەدەی بەردەوامی خایاندووە). بە رادەیەك درێژەی کێشاوە کە عەرەب یان موسوڵمان وای لێهاتووە نکۆڵی لە بوونی یان تامی دەکات، بەڵکو لەوانەیە دژی ئەوانە رابپەڕێت کە دەیانەوێت بۆی بگێڕنەوە، بە جۆرەها تۆمەت و ناتۆرە تاوانباریان بکات، لەوانەیە تاوانباریان بکات بەوەی پیلان لە دژی ئەو دەگێڕن، دژی کەلتورەکەی و دابونەریتەکەی، دژی کۆت و پێوەندەکانی. ئەمەش بەرزترین پلەی گومڕایی و نامۆبوونە. گەورەترین گرفت ئەوەیە هەست بەبوونی گرفتەکە نەکەیت، بەرزترین پلەی کۆیلایەتی ئەوەیە بە کۆت و زنجیر بەسترابیتەوەو هەست بکەیت سەربەستیت. کەی بۆ یەکەمینجار گیانی عەرەبی ـ ئیسلامی کۆتکرا؟ کەی چووەوە ناو قۆزاخە خودییەکەی و بەسەرخۆیدا داخرا. کێ کۆتی کرد؟ کەی نائومێدکراو وردە وردە پلەی گەرمایی دابەزیی؟ دوای ئەوەی بەرزببۆوەو لەخۆی دڵنیا ببوو، چۆن تێك شکا؟ ئەو فاکتەرانە چین کە هاتنە پێشەوەو نوشوستییان پێهێناو گیانی جوڵان و دەسپێشخەریی و سەرەڕۆییان تێیدا کوشت؟ چۆن بەو کابوسە قورسە راهات کە چەندین سەدەیە لەسەر سنگی شانی داداوە؟ (واتە لە هەرەسهێنانی شارستانێتی عەباسییەوە) ئەمانە هەندێکن لەو پرسیارانەی حەزدەکەین پەردەیان لەسەر لابدەین، چیتر ناتوانین خۆمان لە خستنەڕوویان لابدەین. ئەو پرسیارانەی بەوپەڕی ئارامییەوە چاوەڕێی کەسێکن لە دەوریان دەست بکات بە هەڵکۆڵین، پەلیانبگرێت و بیانهێنێتە گۆڕەپانی رۆشناییەوە. کاتێك باسی رزگارکردنی ناوەکییانەی رۆح دەکەم مەبەستم لە شتێکی میسالی یان ئەبستراکت، یان میتافیزیایی نیە، وەك هەندێك بە وەهمی ئەوەدا دەچن... بەڵکو مەبەستم لە شتێکی واقیعی بەرهەستە. مەبەستم ئەوەیە کە رۆح "رۆحی تاك یان کۆمەڵ" تووشی نەخۆشی دەبێت، وەك چۆن جەستە نەخۆشدەکەوێت. رۆحی نەخۆشیش تەسلیم دەبێت و خاو دەبێتەوەو خۆی پێ رزگار ناکرێت،





ناتوانێت لەخواری خوارەوە بەرەو سەرەوە هەڵبکشێت. چونکە هەرچەند هەوڵ بدات بێتە سەرەوە، هێزێك لە سەرەوە کەپسی دەکات و دایدەنیشێنێتەوە. ئەوکاتەش رۆح پێویستیی بە ئیمپریالیزمێکی دەرەکی نابێت بۆ ئەوەی بیچەوسێنێتەوە. چونکە تووشی ئیمپریالیزمێکی تر بووە کە فێڵبازترو بەتواناترە: ئیمپریالیزمێکی ناوەکییەو وەکو ئەختەبوتی کوشندە خۆی تێوە دەئاڵێنێت. بەمەش گیان لەناو بزرگە بێ کۆتاییەکاندا پەل دەکوتێت. وەکو گێژاو بە دەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە بێ هیچ چارەسەرێك یان دەرچەیەکی دەربازبوون. بەمجۆرە رۆح دەپوکێتەوەو هێواش هێواش کزر دەبێتەوەو زیاترو زیاتر بەرەو بنەوە دەچێت و خەریکە بە تەواویی دەگاتە بنەوە، بەڵام بە تەواویی بەری ناکەوێت. چونکە پێویستە هەتا ئەوپەڕی ئازارچەشتن بتلێتەوە، تا ئاستێك کە ئیتر ئازار مانایەکی نامێنێت. بەمەش گەل ناتوانێت لە هیچ یەکێك لە جەنگەکانیدا سەربکەوێت: جەنگی گەشەپێدان، یان جەنگی سیاسەت، یاخود تەنانەت جەنگی سەربازییش. چونکە رۆحی خۆی لەدەستداوە، شیلەی تیانەماوە، جەوهەری خۆی ونکردووە. ئەوەی رۆحی لەدەستدابێت چۆن سەردەکەوێت؟

جەنگە فیکرییەکانی ئایندە، لە دەوری ئەم مەسەلە بالآیە ـ مەسەلەی رزگارکردنی رۆحی عەرەبی ئیسلامیی لە پێوەندەکەی، دەبن. بەڵام پێویستە بە وەهمدا نەچین، جەنگەکە درێژخایەن ئاڵۆزە، ئەگەر سەرەتا لە پرۆسێسی دەستنیشانکردندا بە تەواویی سەرنەکەوین، لە جەنگەکەدا وەك چاوەڕوان دەکرێت سەرکەوتوو نابین: دەبێ بە دوای رەگوڕیشەکانی گرفتەکەدا بگەڕێین، ئەسڵی نەخۆشییەکە. پێویستە کۆڵینی ئارکیۆلۆجی لە قوڵاییدا ئەنجام بدەین تا دەگەینە دوورترین چین، قووڵترین خاڵ، کە لەوێدا گرێی گرێیەکان دروست بووە. پێویستە دانە دانە داوەکانی بکەینەوە بۆ ئەوەی گرێیەکە بکرێتەوەو هەقیقەت بتەقێتەوە. چونکە هەقیقەت وەکو گەوهەر وایەو لە قولآیی مێژوودا شاراوەتەوە، لەژێر خۆڵ و لمدا شاراوەتەوە، کێ یەکەمین ئاشقی دەبێت؟ کێ بۆی دەچێتە ناو قولآییەوە؟ کێ لە پێناویدا قوربانی بە تەمەنی خۆی دەدات؟..

# لە نێوان بلیمەتی‌و شێتییدا

**تاڵە موویەكی  زۆر باریك بلیمەتی و شێتیی لێك جیا دەكاتەوە**

**نەزانراوێك**

**وەك چۆن نەخۆشی لە هەموو لایەكەوە دەوری تەندروستی داوە، شێتییش ئاوا دەوری ئەقڵی داوە**

**لۆدڤیك ڤیتگنشتاین**

**هەر لەدێرزەمانەوە خەڵكی پێیانوابووە پەیوەندییەك لە نێوانی بلیمەتی‌و شێتیدا هەیە، هەمیشە بە جۆرێك ترس‌و سڵەمینەوەوە دەربارەی بلیمەت دواون، چونكە ئەو كەسێكی ئاكار سەیرە، كەسێتییەكی ئاڵۆزی هەیەو لە هەموو مرۆڤەكان جیاوازە، لە راستیشدا ئەگەر ناوی گەورە نوسەران بخەینە روو، دەبینین زۆربەیان ـ ئەگەر هەمووشیان نەبێت ـ پێكهاتەیەكی دەرونی تایبەت‌و ناسروشتییان هەبووە، بگرە هەندێكیان چوونەتە قۆناغی شێتبوونی تەواوەتیشەوە، بۆ نمونە: هۆڵدرین‌و نیچەو جیرار دۆنیرڤاڵ‌و ئەنتۆنین ئارتۆو ڤان كوخ‌و گەی دێ ماوپاسان‌و ڤێرجینیا وولف‌و شۆمان‌و ئاڵتۆسێر[1] و هتد.**





**یەكێك ئەم پرسیارەی لە نوسەری فەڕەنسی ئەندرێ مۆروا كرد: ئایا هەموو رۆماننوسەكان شێتن یان نیرۆسیین؟ نوسەرە گەورەكەش وەڵامی دایەوە: راستر وایە بڵێین ئەگەر نەبوونایە بە رۆماننوس، هەموویان دەبوونە نیرۆسی، چونكە نیرۆس هونەرمەند دروست دەكات، بەڵام هونەر چاكی دەكاتەوە[2]، ئەوەش وەڵامێكی قایلكەرو دڵگیر بوو، لە راستیدا، ئەگەر نیرۆس نەبوایە، ئەوا كەسانی وەكو بەلزاك یان دۆستۆیڤسكی یان فلۆبێر خۆیان تەرخان نەدەكرد بۆ هونەری نوسین، ئەگەر سەركەوتوو نەبوونایەو چەندان رۆمانی نەمریان پێشكەشی ئێمە نەكردایە، ئەوا خودی خۆیان لە دەستی نەخۆشیی نیرۆس قوتار نەدەبوون، ئەمەیە بازنەی داخراوی ئەفراندن‌و نەخۆشی یان بلیمەتی‌و شێتیی پێكەوە كۆدەكاتەوە، بەڵام پرسیارەكە ئەمەیە: بۆچی تەنانەت ئەوانەشی كە ئەفراندنی گەورەیان كردووە، ئەوانیش كەوتونەتە ناو تاریكستانی شێتیەوە؟ بۆچی ئەفراندن ـ یان بەرهەمی ئەفرێنەرانە ـ لە شێتی نەیپاراستوون؟ كەس گومانی لەوە نیە كە نیچە یەكێكە لە گەورە فەیلەسوفەكان، كەچی لە دواڕۆژەكانی تەمەنیدا بە تەواویی شێت بوو، پاشان یازدە ساڵی رەبەق بە شێتی مایەوە، هەتا لە ساڵی 1900 دا مرد، كەس گومانی لەوە نیە كە هۆڵدرین یەكێكە لە مەزنترین شاعیرەكانی جیهان، كەچی نزیكەی نیوەی تەمەنی خۆی لە دەریای شێتییدا بەسەر برد، لە راستیدا وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە زەحمەتە، بەڵام رەنگە لە قۆناغێكی دواتردا پێی بگەین، هەرچۆنێك بێت ئێمە لەگەڵ ئەندرێ مۆرادا كۆكین لەسەر ئەوەی هونەر بە شێوەیەكی گشتی نیرۆس چاكدەكاتەوە، ئەگەر هونەر نەبوایە زۆربەی ئەو مەزنانەی ناوەكانیان لەسەر لاپەڕەكانی مێژوو تۆمار كراوە، شێت دەبوون، بۆ ئەوەی دڵنیا ببین، هێندە بەسە بە سەربوردەی ژیانیاندا بچینەوە، كە دوای مردنیان بۆیان نوسراوە، مەزنی ئەوان لەوەدایە كە لە رێگەی ئەفراندنەوە، نیرۆسەكانیان یان گرێ**

دەرونییە ڕەگداکوتاوەکانی خۆیانیان بەزاندووە، چونکە گومان لەوەدا نیە کە ئەفراندن مرۆڤ لە گرێ ئازاد دەکاتو بڕواو متمانە دەدات بە کەسێتی.

من بۆچی باسی ئەم بابەتە دەکەم؟ بۆچی هەڵمبژاردووە بۆ ئەوەی ئەم لێکۆڵینەوە درێژەی لەسەر بنوسم؟ ئەمە چەند هۆیەکی هەبوو: یەکەمیان دەمێکە بیری لێدەکەمەوە، دووەمیشیان لە ڕۆشنبیریی عەرەبییدا، ئەم بابەتە وەکو چەشنە تابۆیەك یان حەرامکراوێك وەهایە، هیچکام لە نوسەرە عەرەبەکان زاتی ئەوەی نەکردووە دان بەوەدا بنێت کە گرێیەکی دەرونی یان چەشنە نیرۆسێکی دیاریکراوی هەبووە، وەلێ لای نوسەرە خۆراوایییەکان، ئەم مەسەلەیە بووە بە شتێکی باو هیچ سڵەمینەوەیەکی تیا نەماوە، بۆیە من لێرەدا بە مێژووی ڕۆشنبیرویی خۆراواییەوە دەڵێم بۆ ئەوەی کەس ئیحراج نەکەم، هۆی سێهەمیشیان کە لەوانەیە گرنگترینیان بێت، تا ئەو وەهمە تۆقێنەرە بڕەوێنمەوە کە لە دەوری وشەی نیرۆس، یان گرێی دەرونی یان شێتی هەیە، هەتا نەوێرین ئەم فایلە بکەینەوەو لێی بدوێین، هەروا بە گەمارۆدراویی دەمێنێتەوەو تەژمیو نهێنیو ترسو لەرز دەورەی دەدەن، لە ڕاستیدا ئەو شێتیەی ئێمە مەبەستمانە، واتە شێتی ئەفرێنەرانە، تا ئەو ڕادەیە تۆقێنەر نیە، بەڵکو لەوانەیە خۆشەویست بێتو لە دەرونەوە نزیك بێت، چونکە جگە لە خاوەنەکەی کەسی تر ئازار نادات، دەشیا لە جێگەی ئەو وشەی کرژیی دەرونی یان موعانات یان پەشۆکانی دەرونی بەکار بهێنم، کە ئەفراندن تاو دەداتو لە ڕێگەی ئەفراندنیشەوە چارەسەر دەکرێت، ئەو کەسەی بە تەواویی هاوسەنگ بێت، واتە ناچیزەو گەمژە بێت، بە هیچ جۆرێك هەست ناکات پێویستیی بە ئەفراندن هەبێت.

بۆ زیاتر ڕامکردنی بابەتەکە، باشتر وایە بگەڕێینەوە بۆ ڕابردوو بۆ ئەوەی پێشەکییە مێژووییەکەی بنوسین، وادیارە ئەفلاتون یەکەمین کەس بووە کە درکی بەم خاڵە کردووە، ئەویش کاتێك وتویەتی بلیمەتەکان بەسانایی تووڕەو کەللەیی دەبن، ئەوانە وەك بڵێیت لە دەرەوی زەمانو بووندا دەژین، بە پێچەوانەی خەڵکی ئاساییەوە، بەڵام ئەرەستۆی قوتابی





ئەفلاتون، بە شێوەیەکی فەلسەفییانەی تۆکمە ئەم پەیوەندییەی تیوریزە کردووە، پرسیویەتی: بۆچی هەموو پیاوە ئاوارتەکان لە فەیلەسوفو زاناو شاعیرو هونەرمەندان، کەسانی ڕەشبین دیارن؟ سەرنج دەدەین ئەرەستۆ لەبری بلیمەت وشەی ئاوارتە بەکاردەهێنێت، هەروەها ڕەشبینیش لەجیاتی شێت بەکاردەهێنێت، لەراستیدا ئەو لە بۆچوونی هاوچەرخی ئێمەوە نزیکە، ئێمەش چیتر بە ئاسانی وشەی بلیمەت یان بلیمەتیمان قبووڵ نیە، بەڵکو دەربڕینێکی کەمتر زلەو ئەفسانەییمان پێ باشترە، چیتر وشەی تۆقێنەری شێتی بەکار ناهێنین، بەڵکو وشەی نوێتر بەکار دەهێنین کە پزیشکی دەرونی دایهێناون، وەك ئەو پشێوییەی تووشی میزاج دەبێتو وایلێدەکات زۆر سڵو هەستیار بێت، ئەرەستۆ دەڵێت ڕەشبینیی بە ئارەزووی مرۆڤ بۆ گۆشەگیریو تەنهاییو تێڕامان دەستپێدەکاتو هەندێجاریش بە فیو پەرکەم یان شێتیو تەنانەت خۆکوژییش کۆتایی دێت، بەڵام لای ئەفرێنەرە گەورەکان بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستێکی دیاریکراودا دەوەستێت، چونکە ئەفراندن لغاوی دەکات یان لە سنوری خۆیدا ڕایدەوەستێنێت، پاشان کەلتوری ڕۆمانی ـ لاتینی دوای ئەرەستۆو یۆنان هات و بیرۆکەکەی لەوەوە خواستەوە، بۆیە ئەو پەندە بڵاوبۆوە: هیچ کەسێکی مەزن بێ کەمێك شێتی بوونی نیە! ئەگەر بگوازینەوە بۆ سەدەی هەژدەهەم، واتە بۆ سەدەی ڕۆشنگەری، دەبینین دیدرۆ ئەو بیرۆکە باوەی کریستاڵە کردووە کە بلیمەتیو شێتی بە یەکەوە بەستووە، ئەو فەیلەسوفە فەڕەنسییە دەڵێت:"ئای، پەیوەندیی نێوانی بلیمەتو شێت چەند بەتینە، هەریەکەیان توانای ژوور ئاسایی هەیە یان بە ئاڕاستەی چاکە یان خود بە ئاڕاستەی خراپە، شێت لە شێتخانەدا بەند دەکرێتو بلیمەتیش پەیکەری بۆ دروست دەکرێت...[3]

پاشان سەدەی نۆزدەیەم هاتو بۆ یەکەمینجار زانستی پزیشکیی دەرونی لەسەر بنەمای نوێ دامەزرا، جەختی لەسەر ئەو پەیوەندییە پتەوەی نێوانی بلیمەتیو شێتی کرد، ناشێت مرۆڤی بلیمەت وەکو خەڵکی ئاسایی

سروشتی بێت، پاشان زانای مەزنی پزیشکیی دەرونیی ئیسکیۆرۆل دەڵێت کەسایەتییە مەزنەکانی مێژوو کەسایەتی نەخۆشن، نمونەی ئەوەش لۆسیو پاسکاڵو جان جاك رۆسۆو هتد دەهێنێتەوە، دواتر پزیشکێکی دەرونی کەمتر ناسراو کە ناوی لۆلۆت بوو، هەمان بیرۆکە وەردەگرێتەوە، لۆلۆت سەربوردەی دوو کەسایەتیی گەورەی نوسیوەتەوە، کە سۆکراتو پاسکاڵن، ناونیشانی یەکەمیان جنۆکەکەی سۆکراتو ئەوەی دووەمیشیان جادووەکەی پاسکاڵ بوو، بە رای ئەو بلیمەت کەسێکە دەستی لێوەشێنراوە یاخود شەیتانی بلیمەتی چۆتە جەستەیەوە، عەرەبەکانیش لە رابردوودا ئەم بیرۆکەیەیان زانیوە، باسی دۆلی عەبقەرو سروشو شەیتانی شیعریان کردووە... ئەم دکتۆرە دەرونییە ویستوویەتی حاڵەتی سۆکراتو پاسکاڵ لە پێناوی نوسینەوەی مێژووی وڕێنەکاندا بەکار بهێنێت، چونکە کەسێتییە ئاوارتەکان وڕێنە بەشتێکەوە دەکەن کە خۆشیان بە تەواویی نازانن چیە، ئەمەش نهێنیی بلیمەتییەکەیانە، لەساڵی 1859دا مۆرۆ دۆتۆر کە پزیشکێکی دەرونییە، لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی دەربارەی جیرارد دۆنێرڤال کردووە، لەو نزیکانەدا خۆی کوشتبوو، لە لێکۆڵینەوەکەدا سەلماندی دۆنێرڤال تووشی هەژانێکی فانتاسییانەی ماوە ماوە بووە، هەر ئەویش هۆی ئەفراندنەکەی بوو، حاڵەتی ئەفراندن حاڵەتێکی فێیە کە وروژانەکەی دەگاتە لوتکە، ئەگەر شاعیرو نوسەرەکانی عەرەب باسی حاڵەتی دەرونیی خۆیانیان لە کاتی پرۆسەی داهێناندا، بۆ بکردینایە، چەند رۆشناییەکی گرنگیان پێشکەش دەکردین دەربارەی پەیوەندیی نێوان کرژییو ئەفراندن، بەڵام ناوێرن وا بکەن لە ترسی ئەوەی ناتۆرەی شێتیان لێنەنرێت! گەرچی هەندێکیشیان بە هۆی ئەو موعاناتە زۆر سەختەوە خۆیان کوشتووە، وەکو شاعیری گەورە خەلیل حاوی، بەڵام دوای ئەوەی دەرونشیکاری ئەو خەرمانە تۆقێنەرەی رەواندەوە کە لە دەوری شێتیو نەخۆشیو گرێ دەرونییەکان هەبوو، شاعیرانو بیریارانی ئەوروپا چیتر ترسیان لەمە نەما،





بگرە هەندێکیشیان شانازیی پێوە دەکەن وەکو نیشانەی بلیمەتیو داهێنان نێوزەدی دەکەن، پاشان لە پێناوی جیاییو تایبەتمەندێتییدا، لە راستیدا بیریارانو شاعیرانی ئەوروپا باجێکی گرانیان داوە لە پێناوی مۆدێرنیزمدا، لە نیچەوە بۆ بۆدلێر بۆ رامبۆ بۆ هۆڵدرین بۆ ئەنتۆنین ئارتۆ بۆ میشێل فۆکۆ بۆ لویس ئاڵتۆسێر بۆ ئێدگار ئالان پۆ بۆ ڤێرجینیا وولف بۆ کافکا بۆ لۆتریامۆن، دەبینین لیستەکە درێژە، لەوانەی شێت بوون یان ئازاریان چەشتووە یان خۆیان کوشتووە. بەڵی پەیوەندییەك لە نێوانی کرژیی دەرونیو ئەفراندندا هەیە، بەڵام هەموو بلیمەتێك شێت نیە، هەموو شێتێکیش بلیمەت نیە، پەیوەندیی نێوانیان زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە بۆی دەچین، لەخوارەوە بە درێژیی دەربارەی ئەمە دەدوێین:

هەندێك دەڵێن دوو چەشنە بلیمەتی هەیە، بلیمەتییەك هەیە هەڵتەکێنەرە، واتە ئەوەی بەشێوەیەکی عەفەوییانە وەکو تاڤگەو کانییەکان دەتەقێتەوە، بگرە تەنانەت وەکو بومەلەرزەو گڕکانیش (ئەمەش حاڵەتی رامبۆ یان هۆڵدرینو تەنانەت نیچەشە، بگرە بە تایبەتی نیچە)، هەروەها بلیمەتی هێمنیش هەیە کە لە رێگای ئارامگرتنو خۆڕاگریو کاری بێپسانەوەوە خۆی دروست دەکات (ئەمەش حاڵەتی فلۆبیرە، بۆ نمونە)، بەڵام بلیمەت لە هەموو حاڵەتەکانیدا بونەوەرێکی ناکۆمەڵایەتییە، مەیلی لە گۆشەگیریی و تەنیاییو پەراوێزییە، با نمونەی شاعیری فەڕەنسیی گەورە، رامبۆ، بۆ ئەمە بهێنینەوە، پۆڵ کلۆدیۆل دەربارەی دەڵێت: رامبۆ سۆفییەك بوو لە حاڵەتە کێوییەکەیدا، واتە لەو پەڕیدا، ئەو کانییەکی وێڵ بوو لە زەمینێکی رازاوەدا هەڵدەقوڵا، جان کۆکتۆش دەربارەی ئەم وشانە دەڵێت کە هەموویان دەیپێکن: رامبۆ گەوهەرەکانی خۆی لە شوێنێك دزیوە، بەڵام لە کوێ؟ کەس نازانێت، ئەمەش نهێنییەکەیەتی، رامبۆ بوو بە ئەفسانەیەك کە راڤەکردنی زەحمەتە، مێژوو بلیمەتییەکی ناکاوی وەك ئەوەی ئەوی بە خۆیەوە نەبینیوە، ئەو وەکو نەیزەکێك هەتا سوتا گڕێ دایەوە! هەموو شیعرەکانی ئەو لە ماوەی چوار

ساڵدا نوسراون: واتە لە تەمەنی شازدەساڵییەوە بۆ تەمەنی نۆزدە ساڵی!. ئایا دەچێتە ئەقڵەوە بلیمەتێك لەم تەمەنە زووەدا لەدایك ببێت؟ بۆیە هەندێك پێیانوابوو توانای یەزدانی سروشی پێبەخشیوەو لەدەرونیدا ئەو بلیمەتییە شیعرییەی تەقاندۆتەوە کە لە هەموو بلیمەتێکی زمانی فەڕەنسی تێدەپەڕێت، ئەگەر بۆدلێری لێ ئاوەرتە بکەین، لە مێژووی شیعری فەرەنسییدا رامبۆ نوێنەری پاکیزەیی دەست بۆ نەبراوە ، یاخود ئەو بەرائەتە رەسەنەیە کە هیچ خڵتەو پڵتەیەکی تێدا نیە، رامبۆ وەکو نەیزەکی تیژ رەو، واتە بەخێرایی بروسکە، ئاسمانی شیعری ئەوروپایی سمی.

پاشانماڵەکەی‌و گوندەکەی‌و شیعریشی جێهێشت، بگرە تەنانەت خۆی لە شیعرەکانیشی بێبەریی کردو لەوڵاتی عەرەبەکاندا، لە عەدەن و یەمەن، دەستیدایە ژیانی سەرچڵی‌و سەرە رۆیی، لەناو ئەمەیە بلیمەتیی کێویی یان تەقێنەرەوە: سەرەتایەکی زووی داهێنانێکی لەپڕ، کۆتاییەکی پێشوەخت، مارسیل پرۆستی رۆماننوسی خاوەنی گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوودا، پێی وابوو بلیمەتی بەشێوەیەکی کتوپڕ دێت، واتە لەو ساتەدا کە پێشبینیی ناکەین، وەك رۆشنبوونەوەی لەپڕ دەتەقێتەوە، یان وەك سروشی شۆکاویی، ئەو کاتێك وا دەڵێت، دەزانێت باسی چی دەکات، چونکە ئەویش وەك باقی ئەفرێنەرە مەزنەکان ئەو ساتەی بینیوەو تێیدا ژیاوە، سان جۆن پیرسی شاعیریش وەسفی ئەو ساتە دەکات بەوەی" شۆکی مریەمی پاکیزەیە بۆ بلیمەتی"، گەورە نوسەران دان بەوەدا دەنێن کە ئەوە خۆیان نین بیرەکانیان دەنوسنەوە، بەڵکو بیرەکانیان خۆیان لە خۆیانەوە خۆیان دەنوسنەوە، یاخود لە تویێی ئەوانەوە خۆیان دەنوسنەوە، بەم بۆنەیەوە ئەم چیرۆکەی خوارەوەم بیر دێتەوە کە لە زانکۆی دیمەشق روویداوە، ئێمە لە ساڵی 1974 ـ 1975 دا خوێندکار بووین لە بەشی باڵای لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان، ئیحسان عەباسی رەخنەگر مانگی جارێك یان دووجار لە بێروتەوە دەهات بۆ ئەوەی چەند وانەیەکی





رەخنەییمان پێ بڵێتەوە دەربارەی شیعری نوێ، بەڵام پێشئەوەی بگاتە سەر ئەو باسە، کەوتە ئاخاوتن دەربارەی شیعری کلاسیکی پێشووتر، شیعری بەدەوی چیاو نەوەکەی، پێی وتین جارێکیان گوێی لێبووە بەدەوی دەڵێت ئەو شیعرەکانی خۆی نانوسێت، بەڵکو شیعرەکان خۆیان خۆیان دەنوسن، لە کاتی پیاسەکردن یان نوستن یان بێدارییدا بۆی دێن‌و وەکو سروش بۆی دادەبەزن، ئیتر خۆی دەبینێت دەیانڵێتەوە وەك ئەوەی خەبەردارایان نەبێت، ئیتر ئەوەندەی لەسەرە بەخێرایی لەسەر کاغەز تۆماریان بکات پێش ئەوەی ببن بە هەڵم و لەناو بچن. بیرمە ئیحسان عەباس دەربارەی ئەم خاڵە تۆزێك گومانی دەربڕی‌و بە زێدەڕۆیی شاعیرەکان لەقەڵەمیدا، بەڵام من، ئێستاو دوای تێپەڕینی بیست ساڵ بەسەر ئەم چیرۆکەدا، زیاتر مەیلم لەوەیە لەجاران زیاتر بڕوا بە بەدەوی بکەم، بێ ئەوەی ئەمە مانای نکوڵیکردن بێت لە رۆڵی پیشەو رەنجکێشان لە بەرهەمهێنانی چامەدا، ئەفرێنەرە گەورەکان بە تەقینەوە دەتەقنەوە، لەوانەیە ماوەیەکی درێژ لەناخیاندا قوڵپ بدات‌و بڕسکێت، پاشان لەپڕێکدا ساتی یەکلاییکردنەوە بێت، ئەو ساتەی خۆیان هەڵی نابژێرن، بەڵکو ئەو خۆی بەبێ ویستی ئەوان هەڵی دەبژێرێت، هەرچۆنێك بێت، لەوانەیە تەقینەوەی ساتی ئەفراندن دوای تێپەڕینی نوسەر بە قەیرانێکدا، بگاتە جێ، یاخود راستەوخۆ دوای بێداربوونەوەو هاتنە دەرەوە لە خەون: واتە تا رادەیەك لە حاڵەتەکانی خەواندنی موگناتیسی، وڕێنە، یان زیندە خەوندا.

بەڵام ئەم حاڵەتە ئەفرێنەرانانە دەگمەنن، بۆیە هەندێك لە نوسەران هەوڵ دەدەن لە رێگەی بەکارهێنانی مادە سڕکەرەکان یان مەی خواردنەوەوە، لە دەرونی خۆیاندا بیوروژێنن. بۆ نمونە نیچە یان بۆدلێرو یاخود سارتەر لە سەردەمی هاوچەرخماندا، زانراوە ئەوان مادەی وریاکەرەیان خواردۆتەوە بۆ ئەوەی هۆشی ئەفرێنەرانەیان بێدار بکەنەوەو بیخەنە گەڕ، بەڵام ئەم کردەوەیە مەترسیدارەو لەوانەیە ئەنجامی خراپی

لێبکەوێتەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین باشترین ساتە ئەفرێنەرەکان ئەوانەن کە خۆیان بە شێوەیەکی سروشتی دێن نەك بەشێوەیەکی دەسکرد، هەروەها ساتی کورتو تیژڕۆشن، بەڵام کاریگەرییان دەهرەکان دەبەزێنێت، هێندە بەسە لێرەدا بیر لە هەندێك لەو ساتە ئاوارتانە بکەینەوە کە سیمای مێژوویان گۆڕیوە: شەوی 10 ی نۆڤەمبەری ساڵی 1619 سروش بەسەر دیکارتدا هاتە خوارەوەو گەیشتە راستی، پاشان رۆژی 13 ی مایۆی ساڵی 1797، واتە پێش زیاتر لە 200 ساڵ، سروش بەسەر نۆڤالیسی شاعیری گەورەی ئەڵمانیادا داباری، پاشان هاوینی 1831 کە گۆتە ماوەیەکی چڕوپڕی سرووش بە خۆیەوە دەبینێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ساتە بلیمەتەکان بە ئاشتی بە هۆشی خاوەنەکانیاندا تێناپەڕن، بەڵکو زۆر گران لەسەریان دەکەوێت، راستە ئەو ساتە کەسێتییەکە لە گرێیەکانی‌و ژانەکانی ئازاد دەکات، راستە دەیبات بەرەو قووڵایی ئاسمان، یاخود ئەوپەڕی بەرزایی، بەڵام دواتر دەکەوێتە خوارەوە بۆ بنی بنەوە، پاشان بەردەوام لە ژێر کاریگەرییەکەیدا دەمێنێتەوەو لە ژێر قورساییدا دەناڵێنێت، هەموو کەسێك ناتوانێت بەرگەی سروش بگرێت، بە تایبەتی ئەگەر وەکو سێڵاوی ئاگرینی دەمی گڕکانەکان تەقێنەرەوە بێت، بە تایبەتی ئەگەر وەکو چەخماخە بێتە خوارەوە، بەڵام لە مێژوودا ژمارەی ئەو کەسانەی ئەم ساتە ئاوارتانە بەخۆیانەوە دەبینن، کەمە، با تۆزێك لای ساتەکەی دیکارت رابوەستین، بۆ ئەوەی شیبکەینەوەو هەوڵی تێگەیشتنی رەهەندەکانی بدەین، ئاشکرایە ئەو فەیلەسوفە فەڕەنسییە لە سەرەتای لاوییدا کەسێکی وێڵ بوو، نەیدەزانی ژیانی خۆی چی لێبکات، کابرایەکی سەرەڕۆ بوو، لە وڵاتێکی ئەوروپییەوە دەچوو بۆ وڵاتێکی تر، بۆ ئەوەی کتێبی جیهان ببینێت، یان وەکو خۆی دەیووت: بۆ ئەوەی جیهان بخوێنێتەوەو تێی بڕوانێت، وەکو چۆن لاپەڕەکانی کتێبێك هەڵدەداتەوە، لە هۆڵەندە چووە ناو سوپای یەکێك لە میرەکانەوە، کاتێك لە ناو سەربازگەکەدا، لە ژوورەکەی خۆیدا بە تەنیا بوو، سێ خەونە





تۆقێنەرەکەی بینی، ئەو خەونانەی بەتەواویی رایانچڵەکاندو خەریك بوو لەناوی ببەن[4]، بەڵام بایەخدانی یەزدانی وەهابوو ئەوە رێنماییکەری بێت بەرەو ئەو هەقیقەتەی بیّ ئەوەی خۆشی بزانێت، بە دوایدا دەگەڕا، ئەگەر خەونەکەی یەزدان‌و پێبەخشینەکەی ئەو نەبوایە، ئەو شەوی لە دایکبوونەی کە دیکارتی پێدا تێپەڕی، لە دەی نۆڤەمبەردا، دەیفەوتان، بەمجۆرە دوای ژانێکی سەخت فەلسەفەکەی دیکارت لەدایکبوو، ئەو شەوە پێڕەوگەرێتی ئەقڵانییەتی لێکەوتەوە، کە بۆ ماوەی سیّ سەدە فەرمانڕەوایی ئەوروپای کرد (واتە بە شێوەیەك لە شێوەکان هەتا ئەمڕۆش)، بەڵام نۆڤالیس چیرۆکێکی جیاوازی هەیە، لە 13ی مایۆی ساڵی 1797 دا سروشە شیعرییەکەی بە خۆیەوە بینی، ئیتر بۆ ماوەی چەند چرکەیەك هەستی بە شادی‌و کامەرانی‌و پەرۆشییەکی لە وەسف نەهاتوو کرد، بەڵام بە شێوەیەکی بێوێنە لە ناخەوە رۆشنی کردەوە، ئەو کاتەش دەستی کرد بە نوسینەوەی شیعرە نەمرەکانی، بەمجۆرە دەبینین کە سروشەکە دوای ساتێکی ناسروشتی هاتووە، ساتێك لەسەرووی هەموو ساتەکانەوە، ئەوەی تێیدا بژی‌و تامی بکات، چیتر لەبیری ناچێتەوە، لە راستیدا ئەو ساتە دوای لێقەومانێکی راستەقینە هات، سۆفی دەستگیران‌و خۆشەویستی تەمەنی بە نەخۆشی سیل مرد، بیّ ئەوەی تەمەنی لە پازدە بەهار تێپەڕی کردبێت، پاشان راستەوخۆ بەدوایدا براکەشی مرد، ئیتر لە ناخیدا شتەکان کەوتنە کارلێکردن‌و شڵەقان‌و هەڵچوون‌و لە کۆتاییدا لە ساتێکی بە گرمەو ناڵەی ئەفراندندا تەقییەوە، بەمجۆرە نرخی بلیمەتی گران لەسەری دەکەوێت، نۆڤالیس لە شیوەنیدا بۆ خۆشەویستەکەی کە لە تەمەنی گوڵدا مرد، دەڵێت"چەمامەوەو دەرونم خاك‌و خۆڵی سەر گۆڕەکەی لادا، سەدەکان بوون بە چرکەو هەستم بە ئامادەیی ئەو کرد، خەریك بوو دەستی لێبدەم، هەستم کرد گۆڕەکە شەق دەبات‌و ئەویش بەزیندوویی‌و تەندروستی دێتە دەرەوە، وەکو ئەوسا، وەکو من دەمناسی"[5]، هەموو کارە شیعرییەکانی خۆی لە سیّ ساڵی دوای

ساتی تەقینەوەی سروش‌و بلیمەتی لە دەرونیدا، نوسیوە، پاشان هێندەی پێنە چوو کە خۆشی لە ساڵی 1801 دا بە نەخۆشی سیل مرد بێ ئەوەی تەمەنی لە سی ساڵ تێپەڕ بکات.

خۆ دەربارەی گۆتە، ئەوە هەر بڵێ‌و مەترسە، ئەم پیاوە جێگای شانازیی هەموو ئەڵمانیایە، لە ژیانیدا نەحەساوەتەوە، بە پێچەوانەی ئەوەی ئێمە بۆی دەچین، هەرگیز شانی لە قەیران‌و راچەنینی دەرونی ئازاراویی سووك نەبووە، ئەویش باجی ئەفراندنەکەی خۆی زۆر گران داوە، لە چەند ساتێکدا غیرەت گرتوویەتی‌و دانی بەوەدا ناوە کە نەخۆشی دەرونی هەیەو بە دەستی ئەشکەنجەیەکی زۆرەوە دەناڵێنێت کە خۆشی نازانێت چیەو هۆی چیە، بۆیە گەیشتە دەرەنجامی ئەوەی پەیوەندییەك هەیە لە نێوانی بلیمەتی‌و نەخۆشی دەرونی، یان ئەو گرێ دەرونییانەدا کە تووشی کەسێتی دەبن، رەنگە ئەم گرێیانەو هەوڵی زاڵ بوون بەسەریاندا نەبوایە، ئەفراندنیش نەبووایە، کەسێتی نەخۆش لە توێی ئەفراندنەوە نەبێت ناتوانێت هاوسەنگ ببێت، چونکە ناکۆکی لە نێوان ئەفرێنەرو جیهاندا هێندە تیژەو دەگاتە پلەیەك کە ژیانی هونەرمەند تاڵ دەکات‌و ناهێڵێت جگە لە چەند ساتێکی کەم‌و کورت، هیچ چێژێك لە ژیان وەربگرێت، بۆیە دەتوانین لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بڵێین پێویستە ئێرەیی بە نێوداریی بلیمەتەکان نەبەین، چونکە ئەوانە لە هەندێك ساتدا خۆزگەیان خواستووە هەر لەدایکیش نەبوونایە،

باسی ئەو بلیمەتییە خێرایانەمان کرد کە لەپڕێکدا دەدرەوشێنەوەو پاشان دەکوژێنەوە، وەکو بلیمەتییەکەی رامبۆ، بەڵام چەشنێکی دیکەی بلیمەتی هەیە پێویستی بە کات‌و ئارامگرتنە پێش ئەوەی پێبگات‌و بگەشێتەوە، لە راستیدا زۆربەی بلیمەتەکان ئەم خاسییەتەیان هەیە: ئارەزووی زۆر بۆ بەردەوامی‌و خۆڕاگریی لەسەر هەمان هێڵ‌و بۆ ماویەکی دوورو درێژ، ئەوانە بە ئاسانی نائومێد نابن‌و کۆڵ نادەن لەو ئامانجەی بۆ خۆیانیان دیاریکردووە، ئەلفرێد دۆمۆسێ لەمبارەیەوە دەڵێت: هیچ





بلیمەتییەکی راستەقینە بێ ئارامگرتن نابێت، بلیمەتی لە نێوانی شەوو رۆژێکدا دروست نابێت، بەڵکو کۆتایی رەوتێکی درێژو پان‌و پۆڕە، بۆدلێر پێی وایە سروش لە پڕێکداو لە ئاسمانەوە بەسەرماندا داناباریێت، بەڵکو ئەنجامی مەشقکردنی رۆژانەی بەردەوام‌و نەپساوەو شێلگیرانەیە، ئێمە وا دەڵێین‌و دەشزانین مەودای ئەو نیگەرانییە چەندە کە نوسەر لەبەردەمی لاپەڕەی سپیدا هەستیپێدەکات، چونکە بە نارەحەتی نەبێت ناتوانێت پڕی بکاتەوە، هەندێجار ناتوانێت تاقە رستەیەك بنوسێت، نوسەرێکی ئینگلیز پێناسەی بلیمەتی کردووە بەوەی 99٪ ی ئەنجامی ماندوو بوون‌و رەنجکێشانەو، تەنها 1٪ یشی بەهرەیە! ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی تێکۆشان بنەڕەتە، ئەوەشی دەمێنێتەوە دوای رەنجدان دێت نەك لە پێشەوەی، هەرچۆنێك بێت، وادیارە کەللە رەقی یەکێکە لە سیفەتە بنەڕەتییەکانی بلیمەتان، خەڵکی ئاسایی، ئەگەر نەگەنە ئەنجامێك، هەر زوو دوای ماوەیەك بێزار دەبن، بەڵام بلیمەتان، سەرباری هەموو نائومێدی‌و قۆرت و تەگەرەکان، لەسەر هەمان هێڵ سوور دەبن، تا لە کۆتاییدا دەگەنە ئەنجام، خەڵکی بەردەوام باسی ئەفسانەکەی بەلزاك‌و توانا زۆرەکەی ئەویان بۆ کارکردن، کردووە، بە تایبەتی لە شەودا، هەر لە سەعات دەی شەوەوە پەنجەرەکانی لەسەر خۆی دادەخست‌و یەك جزووی گەورە قاوەی دەهێناو هەتا بەیانی بێ راوەستان خەریکی نوسین دەبوو.

بەمجۆرە رۆژی پازدە سەعات ئیشی دەکرد، ئەویش دوای ئەوەی دەیان کوپ فنجانی هەڵدەقوڕاند، ئەگەر قاوە نەبوایە نەیدەتوانی ئەم بەرهەمە گەورەیە بنوسێت کە کۆمیدیای مرۆیی وێنا دەکات، چونکە ئەو لە پەنجا ساڵ زیاتر نەژیاوە! بەڵێ بلیمەتی پێویستی بە رەنجی زۆر هەیەو وەکو دیاریی لە ئاسمانەوە بەسەرماندا دانابەزێت، بەلزاك لە یەکێك لە نامەکانیدا بۆ مەدام ڤاسکای خۆشەویستی تەمەنی دەڵێت: ژیانی من بە پازدە سەعات کارکردن‌و نەهامەتی‌و ئەشکەنجەو خەمەکانی دانەرو مشتوماڵکردنی دەستەواژەکان و راستکردنەوەیان، کورت دەکرێتەوە[6].

بەڵام بە تەنها ئەم مەشقكردنە رۆژانەیە بەردەوامو مكوومە هۆی بلیمەتیمان بۆ راڤە ناكات، لێكۆڵەرانی ئەكادیمی وا هەن رۆژانە سەعاتەها كار دەكەن بێ ئەوەی بگەنە پلەیەكی بەرزتر لە پلەی لێكۆڵەرێكی باش یان كۆكەرەوەیەكی بەكەڵكی زانیارییەكان، كەواتە جگە لە ئەركو ماندووبوون، هۆیەكی تریش هەیە بۆ بلیمەتی: بەهرە یان جزیشكی ئەفراندن، نوسەرانێك ئەوەیان هەیە، نوسەرانێكی دی نییانە، بۆیە دەبیستین دەڵێن: ئەو نوسەرە بەهرەی هەیە، ئەو نوسەرەی تر شتێكی هەیە، هتد. كەواتە بلیمەتی بەرهەمی رەنجو بەهرەیە پێكەوە، لەوانەشە قسەی نوسەرە ئینگلیزییەكە نەبێت كە دەڵێت بەهرە 1٪ ی بەردەكەوێت، بەڵكو 50٪ بێت.

لە بواری ئەدەبدا، فلۆبێر نمونەی باڵای تێكۆشانو پشوودرێژییو ماندوونەناسییە، رۆژانە دە تا دوازدە سەعات لە پشتی مێزەكەیەوە دادەنیشت بۆ ئەوەی بتوانێت هەر چوار پێنج ساڵ جارێك رۆمانێك بنوسێت، بۆیە زۆری نەنوسیوە: بە درێژایی ژیانی خۆی جگە لە مەدام بۆڤاری نەمر، پێنج یان شەش رۆمانی دیكەی نوسیوە، فلۆبێر وەكو كەمدووەكانی شیعری عەرەبی وەهایە، ئەوانەی بەیەك چامە یان چەند چامەیەك ناسراون، ئەو لە كۆیلەكانی شیعر دەچێت، ئەوانەی رۆژانو مانگانو بگرە ساڵانیش خەریكی بژاركردنو چاكردنو پێداچوونەوەین، فلۆبێر زۆرجار باسی ئەشكەنجەی نوسینی كردووە، كە چۆن سەعاتەهای درێژو هەندێكجاریش چەندان رۆژ دانیشتووە، بۆ ئەوەی رستەی گونجاو یان تەنانەت وشەی گونجاویش بدۆزێتەوە، لە گەرمەی ئەمەشدا نەفرەتی لەخۆیو نوسینو هەموو شتێكیش كردووە... بیرمە چەند ساڵێك لەمەوبەر سەردانی ماڵەكەیم كرد كە دەكەوێتە كەناری شارۆچكەی رووان لەسەر رۆخەكانی روباری سین، سەرم سوڕما لەو هەموو كوژاندنەوەو رەشكردنەوانەی لەسەر هەر لاپەڕەیەكی نوسراو كردوویەتی، خەریكە لەبەر زۆری رەشكردنەوەو لابردنو لێزیادكردنو راستكردنەوەو





مشتومالكردنو هتد، هیچت بۆ ناخوێندرێتەوە. ماڵەكەی فلۆبێر بووە بە مۆزەخانەو میوانو گەڕیدە رووی تێدەكەن بۆ ئەوی چێژ لە كەشوهەوایە وەربگرن كە خاوەنی مەدام بۆڤاری لە سەدەی نۆزدەیەمدا تێیدا ژیاوە، لەوێ دەتوانیت چاوی خۆت بە دیمەنی دارستانەكەی چواردەوری زاخاو بدەیت، یاخود لەپەنجەرەكەوە چاوت لە تێپەڕینی بەلەم و پاپۆڕەكان بێت، وەكو چۆن فلۆبێر بەر لە سەدەیەك لە پشتی مێزەكەیەوە دانیشتبوو بۆ نوسینی مەدام بۆڤاری، دەیڕوانییە ئەو پاپۆڕانە.

راستە فلۆبێر شەش یان حەوت رۆمان زیاتری نەنوسیوە، لە كاتێكدا كە نوسەرە بلیمەتەكانی ئێمەمانان هەموو ساڵێك یان تەنانەت هەموو مانگێكیش رۆمانێك یان دیوانێكی شیعریی یان كتێبێكی فیكریی. هتد... مان پێشكەش دەكەن، برایان ئەم پەلە پەلەی بۆ چییە؟ بۆچی لێناگەڕێن چێشتەكە پێبكاتو دەیسوتێنن؟ فلۆبێر زۆر بەتەنگی ئەوەوە بوو هیچ شتێك بڵاو نەكاتەوە، پێش ئەوەی هەموو هێزو توانای خۆی تێدا سەرف بكات، لە نامەیەكیدا بۆ لویز كۆلێی خۆشەویستی دەڵێت:"ئەوەندە بەدوای رستەیەكی گونجاودا گەڕام سەرم گێژ بوو، تەڕایی لە قوڕگمدا نەما، بە هەموو شێوەیەك رستەكانم ئەمدیوو ئەو دیو كردووەو هێناومنو بردوومنو چەكوشكارییم تێدا كردوون، جنێوم داوەو تووڕە بووم و لالاومەتەوە، تا سەرەنجام پێی گەیشتووم... رستەیەكی قەشەنگە، دان بەوەدا دەنێم، بەڵام بێ ژانو ئەشكەنجە لە دایك نەدەبوو".

بلیمەتەكان خەسڵەتێكی تریشیان هەیە: حەزكردن لە تەنیاییو گۆشەگیرییو سەربەخۆیی شەخسی، یەكێكیان نوسیویەتی: دەڵێن بلیمەت لە شێت دەچێت، بە مانای ئەوەی بە تەنیایی لەدایك دەبێتو بە تەنیایی دەمرێت، كەسێكی ساردوسڕە، بێ هەستیارییو پەیوەندیی بە هەستو سۆزە خێزانییەكانو دابونەریتە كۆمەڵایەتییەكانەوە نیە، بەڵام بێشك ئەمە زێدەڕۆیی تێدایە، لە راستیدا بلیمەتەكان حەزیان لە گۆشەگیرییە بۆ ئەوەی دەسبەتاڵ بن بۆ ئەفراندنو بەرهەمی خۆیان،

چونکە ناتوانین لە گەرمەی قەرەباڵغی شەقام یان لە ناوەڕاستی خەڵکیدا ئەفراندن بکەین، زانراویشە بەستنی پەیوەندییە گشتییەکانو پێشوازییکردنەکانو ئاهەنگەکان کاتێکی زۆریان دەوێتو ڕێگە نادەن بیریار بۆ خۆیو بیرەکانی خۆیو تێڕامانەکانی دەسبەتاڵ بێت، بۆیە بیریاران بەوە ناسراون کە حەزیان لە تەنیاییەو پەرۆشی تەنیایین، لەم بارەیەوە، نمونەی نێوداری دیکارت دەهێنینەوە، کە لەدەستی خۆتێهەڵقورتێنەرانو چەنەبازان کە هەمیشە بەدوایەو بوون، فەڕەنسای جێهێشت، هەستی بە کامەرانییەکی زۆر دەکرد کە لە گەڕەکێکدا نیشتەجێبوو، کەس نەیدەناسی، شۆرەت شتێکی بێزارکەریشەو پێویستە مرۆڤ خۆی لێ بپارێزێت، بلیمەت بە پەراوێزبوونو یاخیبوونو ملکەچنەکردن بۆ دابونەریتە باوەکان، لەمەشدا وەکو شێت وەهایە، بەڵام تاقە جیاوازیی لە نێوان ئەوو شێتدا ئەوەیە بەخۆڕایی یان ناهوشیارانە ئەو دابونەریتانە نابەزێنێت. بلیمەتان خووی تایبەتییان هەیەو پێیانەوە پێوەست دەبن، ئەو خووانە دەبن بە بەشێکی جیانەکراوە لە ژیانیان، پێشتر وتمان بەلزاك شەوان بێداربوو، ڕۆژانیش دەنوست، ئیتر زۆربەی نوسینەکانی ئاوا نوسیوە، ئەم شێوازەی گوزەران کردن بەلای مرۆڤی ئاساییەوە شێتییە، مرۆڤی ئاسایی پێچەوانەکەی دەکات، واتە شەو دەنوێتو ڕۆژ کار دەکات، بەڵام بلیمەت مرۆڤێکی ئاسایی نیە، ئەو هەتا ڕادەی نەخۆشی ئالودەی پڕۆژەکەی دەبێتو ئامادەیە لە پێناویدا قوربانی بە هەموو شتێك بدات، لە توێی خوێندنەوەی سەربوردەی بلیمەتەکانەوە، تێبینییمان کردووە کە زۆربەیان منداڵ بەرهەم ناهێننو کاتی خۆیان بۆ پەروەردەکردنی خێزان تەرخان ناکەن، نوسینەکانیان وەچەیانە، وەك چۆن پیاوی ئاسایی بەتەنگی وەچەی خۆیەوە دێت، ئەوانیش ئاوا بە تەنگی نوسینەکانیانەوە دێن، دیکارت ژنی نەهێناوە، کانتو سپینۆزاو نیچەو سارڤۆو میشێل فۆکۆو ـ هتدیش هەر وایان کردوە، بێشك هەندێك ئاوارتەش هەیە، بۆ نمونە هێگڵ، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی بلیمەت ژیانی





خۆی بۆ تاقە شتێك تەرخان دەکات: بەرهەمەکەیو ئەفراندنەکەی، زیاد لەمەش خووی بلیمەتەکان سەیرو سەمەرەنو لە خووەکانی مرۆڤ جیان، بۆ نمونە هەندێجار لە ماوەی ئەفراندنەکانیاندا، بیریان دەچێت بخۆنو بخۆنەوە، بە تەواویی لە ژیانی ڕۆژانە دەکشێنەوە بۆ ئەوەی بەرهەمەکەیان ببێت، وەك چۆن ژنی ئاوس دەکشێتە پەناوە بۆ ئەوەی منداڵی ببێت، مارسیل پرۆست لە ساڵی 1922 دا، لە ڕەوشێکی نەهامەتبارداو لە ژورێکی وێراندا دەژیا کە جگە لە سیسەمێكو مێزێكو سێ کورسی هیچی تری تێدا نەبوو! فرانز کافکا لەوەش نەسرۆترو ئاکار سەمەرە تر بوو، لە ترسی نەخۆشی چەندان نەریتی تەندروستی سەیری بەسەر خۆیدا دەسەپاند، وڕێنەی ڕۆژانەی هاوتای وڕێنەی داهێنانی بوو، بۆ نمونە بە ئاوی زۆر ساردو تەزیو خۆی دەشتو جۆرەها خۆراکی خۆشی لە خۆی قەدەغە کردبوو، بە توندی سزای جەستەی خۆی دەدا، ئەمەش هەمووی بە هۆی نیرۆسێکی وڕێنەییەوە کە تووشی ببوو، کە سەرباری هەموو شتێکیش، بووە هۆی گەشانەوەی بلیمەتییەکەی؟ لێرەدا زۆر نزیکین لە خاڵی پێکگەیشتنی نیرۆسی دەرونیو بلیمەتی، ئەوەشی لەگەڵدا بێت کە بلیمەتەکان بە پێچەوانەی خەڵکی ئاسایی یان خەڵکە هاوسەنگەکانەوە، زێدەڕۆن لە خوو نەریتەکانیاندا، بۆ نمونە ڤۆڵتێر ڕۆژی پێنج فنجان قاوەی دەخواردەوە، هەمان شتیش دەربارەی فلۆبێرو بەلزاك بڵێ، چونکە قاوە مێشك وریا دەکاتەوەو وای لێدەکات ئامادە بێت بۆ داهێنان، بۆدلێر لەوەشی تێپەڕاند بەرەو شتێکی مەترسیدارتر: بەدمەستییو بەکارهێنانی مادە سڕکەرەکان، نرخی ئەوەش زۆر گران بوو، تەندروستی بە تەواویی پەکی کەوت... بەڵام هەموو شتێك لە پێناوی ئەفراندندا هەرزانە.

ئەی بۆ نیگەرانی چۆن؟ لە ڕاستیدا بلیمەتەکان هەتا پلەی نەخۆشیو ئەوپەڕی زێدڕۆیی، کەسێتی نیگەرانو هەستیارن، ئەگەر گوێمان لە هەموو حیکایەتو چیرۆکە سەیر و سەمەرەکانیان ببێت، سوپاسی خودا دەکەین لەوەی ئێمە بلیمەت نین! با شۆپینهاوەر بە نمونە بهێنینەوە، ئەو لە یەك

کاتدا، تووشی شێتی مەزنی و گرێی چەوسانەوە ببوو، پێیوابوو بەردەوام دوای کەوتوون، بێ ئەوەی کەسیشی بە دواوە بێت... کەس نەیدەتوانی ئەو بیرۆکەیە لە کەللەی دەربکێشێت کە گوایە پیلانێك لە دژی داڕێژراوە بۆ ئەوەی بلیمەتییەکەی بتاسێنن یاخود ئەفراندنە فەلسەفییەکەی لەناو ببەن، ئایا ئەمە لە شێتیی نزیك نابێتەوە؟ سنورە جیاکەرەوەکانی نێوانی ئەقڵ شێتی لە کوێدایە؟ لەساڵی 1814 وە، واتە کاتێك لە تەمەنی بیستوشەش ساڵیدا بوو، خۆی بە حەزرەتی مەسیح بەراورد دەکردو پێی وابوو راسپێردراوە بۆ ئەوەی رێگای هەقیقەت پیشانی مرۆڤ بدات، دەڵێت:" ئەوەی بەسەر حەزرەتی مەسیحدا هاتبوو، کاتێك قوتابیی یان شوێنکەوتووە نوستووەکانی بێدارکردەوە، لە منیش روویداوە، من تاکە پیاوی هەقیقەتم لەم جیهانەدا"، بەڵام دواتر شێتیی مەزنیی وەرچەرخا بۆ پێچەوانەکەی، بۆ گرێی چەوساندنەوە، پاشان ترس و تیگەرانییەکی زۆر دایان گرت، بەجۆرێك نەیدەوێرا لە نهۆمی دووەم یان سێهەمی خانوویەکدا بژی، لە ترسی ئەوەی نەوەك ئاگری تێبەر ببێت و ئەمیش نەتوانێت پێش ئەوەی کار لەکار بترازێت باز بدات و رابکات! بەردەوام دەمانچەیەکی لە گیرفاندا بوو، بە ئامادەیی دەستی لەسەری بوو، هەر ئەوەندەی گوێی لە خشپەیەك بوایە یان لەدەرەوە گڤەی با بهاتایە، وای دەزانی هاتوون بۆ تیرۆر کردنی. جگە لەوەش یەکەمجار بیرەکانی خۆی بە زمانەکانی یۆنانی و لاتینی و بگرە تەنانەت سانسکریتییش دەنوسییەوەو لە نێو لاپەڕەی کتێبەکانیدا دەیشاردنەوە بۆئەوەی بەردەستی کەسێك نەکەون و بیان دزێت! پێی وابوو دەیاندزن و بەناوی خۆیانەوە بلاویان دەکەنەوە، رقێکی زۆری لە هیگڵی هاوچەرخی خۆی هەڵگرتبوو، چونکە دەرکەوتبوو و گەشابۆوە، لەکاتێکدا ئەو نزیکەی هەموو ژیانی خۆی بە نەزانراویی مابۆوە، بەڵام هەموو ئەمانە رێیان لەوە نەگرت ببێت بەیەکێك لە فەیلەسوفە مەزنەکانی سەردەمە نوێیەکان، بۆیە پێویستە ئەو وێنە ئەفسانەییە دەربارەی بلیمەت لە مێشکی خۆمان دەربکەین، ئەو پیاوێکی





ئاساییە، بگرە لە هەندێك هەڵس و کەوتیدا، لە ئاساییش کەمترەو بگرە هەندێجار زۆر هیچ و پووچیشە، لوانەیە ئامانجی هەمیشەیی بلیمەت ئەوە بێت ببێت بە مرۆڤێکی ئاسایی وەکو باقی مرۆڤەکانی تر، بەڵام لەبەرئەوەی ئەوەی دەست ناکەوێت، لەپێناوی پاراستنی هاوسەنگییەکەیدا، پەنا دەباتە بەر داهێنان و ئەفراندن، ئەگەر لەوەدا سەرکەوت، خەڵك لەبارەیەوە دەڵێن، بلیمەتە، خۆ ئەگەر نوشوستیشی هێنا، ئەوا پێی دەڵێن شێتە، جیاوازیی نێوانی بلیمەتی و شێتیی لێرەدایە، ئێستا با دەربارەی جان جاك رۆسۆ بدوێین، کە لە خۆراوادا بە پەیامبەری سەردەمە نوێیەکان لەقەڵەم دەدرێت، ئەی خۆی نەیووتووە: ئەگەر بمەوێت ببم بە پەیامبەر، کێ رێگەم لێدەگرێت؟! هەروەها گرێی چەوسانەوەشی هەبوو، پێی وابوو لە هەموو شوێنێکدا، پیلانێکی دۆزەخی لەدژی ئەو داڕێژراوە، بە تایبەتی لە ماوەی دووەمی ژیانیدا، گومانی تەنانەت لە هاوڕێکانیشی هەبوو لە نمونەی دیدرۆو هیۆم و ڤۆڵتێر. بگرە دەڵێن لە ترسی راوەدوونرانێکی وەهمی، چەندان جار شوێنی نیشتەجێی خۆی گۆڕیوە، جارێکیان یەکێك لە دراوسێکانی زانی کە رۆسۆ لە ژورەکەی تەنیشتیدا دەژی، باوەڕی نەکردو وتی: ئێستاکە دەچم مەزنترین کەس لە جیهاندا دەناسم، بەڵام رۆسۆ دەستی نا بەڕوویەوەو وای زانی کە سیخوڕە، دراوسێکەش دڵی بە خۆیدا شکایەوەو خەمێکی زۆری خوارد، ئەو تەنیا هەر ئەوەندەی دەویست سلاوێکی لێبکات. بێشك رۆسۆ هەمیشە هەر ئاوا نەبووە، بەڵکو مرۆڤێکی بەسۆزو بەزەییش بووەو پڕبووە لە خۆشەویستی و نەرمیی و نیانی بەرامبەری چەشنی مرۆڤ، بەڵام لەبەر چەند هۆیەکی تایبەت بە ژیانی خۆی و ئەو ناڕەحەتییانەی تووشیان هاتبوو، لەگەڵ ئەو ئیرەییە زۆرەی بەهۆی بلیمەتییەکەی و شۆرەتە ئەفسانەییەکەیەوە، پێی برابوو، دەرونێکی ئاڵۆزی هەبوو، ئیتر، شۆرەت هەموو هەر خێر نیە، بەڵکو نەهامەتی گەورەشی لەگەڵدایە، بگرە مەترسی زۆریشی بۆ خاوەنەکانی هەیە، وای

لەو کەسەی بەبێ مۆڵەتی خەڵکی شۆرەت پەیدا دەکات! وەك بڵێی شتێکی لێ دزیون یان دەستدرێژییان دەکاتە سەر... وەلێ هەندێجار لەوانەیە نیگەرانیی بلیمەتان بگاتە ئاستی رمانی تەواوەتی: واتە شێتیی راستەقینە، رۆبێرت شۆمانی مۆسیقاژەن وای بەسەر هات، لەساڵی 1854 دا، بە هاوڕێکانی ووت: دەمەوێت بچم بۆ شێتخانە، من تەواو بووم، چیتر بەرپرسیار نیم لە هەڵسوکەوتەکانم، تکاتان لێدەکەم بەندم بکەن."،

بەڵام جیرار دۆنیرڤالی شاعیر، وتی:"دەترسم بمبەن بۆ ماڵی ژیران (واتە شێتخانە) خەڵکی لە دەرەوە هەموویان شێتن" ئەندرێ برێتۆنیش کە بە شێوەیەکی سورياليیانە شێت بوو، وتی:"ئەم هەموو زیندانە ستەمکارانەیە، من تێناگەم چۆن کەسێك لە ئازادی بێبەش دەکەن، ئەوانە (ساد) یان زیندانیکرد، نیچەیان زیندانییکرد، بۆدلێریان زیندانیکرد" دەیتوانی ناوی دیکەشی بۆ زیاد بکات: کۆنراد، مۆباسان، هۆڵدرین‌و هێمنگوای، ڤان کوخ، ئاڵتۆسێر، لیستەکەش درێژە. زۆربەی نوسەران بەدەست ئەم نیگەرانییە دەرونییە تۆقێنەرەوە نالاندوویانە، ئەلبێر کامۆش دیسان دێتە ریزەوە، ئەو زیاتر لە جارێك بە هاوڕێیەکی نزیکی خۆی وتووە، هەست دەکات بەوەی چۆڵەوانییەکی ناوەکی بەتەواویی دایگرتۆتەوە، پڕبووە لە نائومێدییەکی کوشندەو دوور نیە بۆ چارەسەری گرفتەکەی پەنا بباتە بەر خۆکوشتن. راستییەکەشی بە کارەساتی ئوتومبیل لەسەر رێگای لیۆن ـ پاریس کۆچی دوایی کرد، ئایا ئەوە خۆکوشتنێکی هوشیارانە بووە یان نا؟ هەرچۆنێك بێت رووداوەکە لە خۆکوشتن رزگاری کرد، سەرنجیش دەدەین بەخۆداشکانەوەو نائومێدیی تەواو لە کتێبی ئەفسانەی سیزیفدا دەردەکەون، کە کتێبێکی جوانەو شایستەی ئەوەیە بخوێنرێتەوە بۆ ئەوەی بەتاڵی مۆدێرنیزم‌و قرچۆکی بوونمان بۆ دەربکەوێت، ئێستا باباسی بۆدلێر بکەین، بۆدلێر منداڵ بووە کە باوکی مردووە، هەتا پلەی نەخۆشی هۆگری دایکی بووە، بەڵام کارەساتەکە روویداو دوای تێپەڕینی ماوەیەکی کەم بەسەر مردنی





باوکیدا، دایکی شووی کرد بە جەنەراڵ ئۆپیك، ئەمەش بوو بە خەمێکی سەخت‌و بە درێژایی ژیانی لەکۆڵی نەبۆوە، پێیوابوو دایکیان لێ دزیوەو دایکیشی خیانەتی لەم کردووە، نەیدەتوانی ئەندێشەی دایکی لەگەڵ پیاوێکی تردا بکات. ئای لەو خیانەتە! ئای لەو غەدرە! لە راستیدا بۆدلێر تووشی ئۆدیپۆسە گرێ ببوو، ئەو گرێیەی فرۆید دۆزیبوویەوەو کریستاڵەی کردبوو، زیاتر لە جارێك بیری لە خۆکوشتن کردۆتەوە، بگرە جارێکیان شمشێرێکی دا لە سنگی خۆی بەڵام نەمرد، دەردی دڵی خۆی بۆ هاوەڵێکی کردو وتی: خۆم دەکوژم‌و گوێ نادەمە ژیان، خۆم دەکوژم چونکە چیتر ناتوانم بژیم، بێزاربووم لەوەی هەموو رۆژێك بنوم‌و لەخەو هەستم، چەند خوویەکی بێزارکەرە، دەمەوێت یەك جارو بۆ هەتا هەتایە بخەوم، خۆم دەکوژم چونکە بووم بە بار بەسەر دوو براکەمەوە، بوومەتە مایەی مەترسی بۆ خودی خۆم، من خۆم دەکوژم چونکە پێموایە نەمرم و پڕم لە ئومێد"[9] لە راستیدا خەمۆکی دەرونی لە لای گەورە ئەفرێنەران زۆر باوە، بۆ نمونە بێتهۆڤن دەهێنینەوە، یەکێکە لە مۆزیکزانە مەزنەکانی هەموو سەردەمەکان، بەڵام ژیانێکی ئارام‌و خۆشی بەسەر نەبردوو، هەمووومان دەزانین کەڕ بووەو هیچی نەدەبیست، ئەمەش گرێیەکی دەرونی راستەقینەی بۆ دروست کردبوو، لەوانەشە هەر ئەوە پاڵنەری تەقاندنەوەی بلیمەتییەکەی بووبێت، چونکە وەکو دەرونشیکاریی دەڵێت، بلیمەتیی وەکو قەرەبووی ناتەواوییەك یان کەموکوڕییەك دێت، بێتهۆڤنیش وەکو هاوچەرخەکەی بۆمان دەگێڕێتەوە، پڕبوو لە رەشبینی‌و خەفەتی قووڵی بێچارەسەر، تەنانەت کاتێکیش کە پێدەکەنی، پێکەنینەکەی درێو بوو، توندو ناسازو نائاسایی بوو، پێکەنینی پیاوێك بوو لە ژیانی خۆیدا بە هیچ جۆرێك لەسەر شادمانی رانەهاتووە، کاتێکیش ئیلهام لە دەرونیدا قوڵپی دەدا، لە کەوڵی خۆی دەچووە دەرەوەو وەکو شێتی لێدەهات، خەیاڵ دەیبردەوەو ئاگای لە خەڵکانی دەوروپشتی نەدەماو گوێی نەدەدانێ، بەدەنگی بەرز هاواری دەکردو ورتەورتی دەهات‌و بە ژورەکەیدا

دەهات‌و دەچوو، لەوپەڕی كرژییدا دەبوو، تا ئەو كاتەی لەدایكبوونە كامەرانەكە رووی دەدا، یاخود پارچە مۆزیكە دڵخوازەكەی دەهاتە دیی، پەیوەندییەكی ئاشكرا هەیە لە نێوانی كرژیی دەرونی ـ ئەگەر نەڵێین نەخۆشیی دەرونی ـــ و ئەفراندندا، دوا نمونەشمان نیگاركێشی فەڕەنسایی نێودار كلۆد مۆنێیە، كە یەكێكە لە دامەزرێنەرانی قوتابخانەی ئیمپرێشینیزم، گەیشتبووە سەر كەناری هەرەسهێنانی نیرۆسی، تووشی ئەو حاڵەتی نائومێدییە ببوو كە پێش هەموو پرۆسەیەكی داهێنان دەكەوێت: واتە هەركاتێك تابلۆیەكی هونەریی بكێشایە دەبووە كەسێكی مازۆكییانەی زاهید لە دەرونی خۆیدا، تواناكانی خۆی بە كەم دەهاتە پێشچاوو بەردەوام دەیووت: هەموو شتێك تیاچوو، من هەرگیز لە ژیانی خۆمدا سەركەوتوو نابم، هەموو كارەكانیشم زەرەر دەكەن‌و ناچاردەبم ماڵ‌و حاڵ‌و قاڵی‌و شتەكانم بفرۆشم.. هتد، كەچی مێژوو وەك یەكێك لە گەورە هونەرمەندانی سەردەمی نوێ تۆماریكرد.

وتمان بلیمەت لەگەڵ شێت (یان ئەوەی ئەقڵی نەخۆشە) لە سیفەتێكی سەرەكیدا هاوبەشن: قەیرانی دەرونی، بەڵام جیاوازی نێوانیان ئەوەیە قەیرانی بلیمەت لە رێگای ئەفراندنەوە چارەسەر دەبێت، بەڵام قەیرانی شێت شتێكی خۆڕاییەوە لە وڕێنەی بەتاڵ زیاتری لێناكەوێتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر بلیمەت خاوەنی ئەفراندنەكەی نەبوایە، ئەویش شێت دەبوو.

داهێنان كەسێتی لە قەیرانە ناوەكییەكەی یان ناكۆكییە توندەكەی رزگاردەكات، كە لە حاڵەتە ئاساییەكاندا دەربازبوون لێی زەحمەتە، ئەوە زایینە دوای ژانێكی سەخت‌و مەترسیدار، بەمجۆرە ئەفرێنەر بۆ ماوەیەك هاوسەنگی خۆی بەدەستدەهێنێتەوە، ئەفراندن كەسێتی لە قەیرانە ناوەكییەكەی یان ناكۆكییە توندەكەی قوتار دەكات، ئەو قەیرانەی لە حاڵەتە ئاساییەكاندا لێدەربازبوونی زەحمەتە، بەم مانایە ئەفراندن بریتیە لە تەقینەوەیەك لە ناخەوە دێتە دەرەوە، زایینێكە دوای ژانێكی سەخت‌و





مەترسیدار روودەدات، تا بۆ ماوەیەك هاوسەنگ ببێتەوە، ئەوەش پێشئەوەی بچێتە ناو خولێكی نوێی قەیرانەوەو ئەویش لە رێگای ئەفراندنێكی دیكەوە چارەسەردەبێت، ئیتر ئاواهی بەردەوامدەبێت. بەتایبەتی ئەگەر ئەفراندنەكەی پێشوازی‌و پێسەرسامبوونی خەڵكی بەنسیب ببێت. بلیمەت بەم پێزانینەی خەڵك هاوسەنگی خۆی بەدەست دەهێنێتەوە، ئەگەر دانپێدانان نەبوایە لەوانەبوو هاوسەنگی خۆی بدۆڕێنێت‌و لەناو دەریای شێتیدا نغرۆ ببێت، پێزانینی خەڵكی وات لێدەكات متمانەت بە خۆت هەبێت‌و پێیەكانت جێگیر دەبن‌و كابوسە دەرونییەكە لەسەر سنگت لادەچێت، لە راستیدا پێناسەی بلیمەتی ئەمەیە: داننانی زۆرترین ژمارەی خەڵك بە ئەفرێنەردا لەگەڵ بەردەوامبوونی ئەو دانپێدانانەدا بە درێژایی زەمانەو سەدەكان، ئەمەیە ئەو شتەی بەهایەكی بێسنور دەدات بە تابلۆكانی مایكل ئەنجیلۆ، یان ڤان كوخ یا شانۆنامەكانی شەیكسپیر، یاخود رۆمانەكانی بەلزاك‌و دەستەیڤسكی، یانیش كتێبەكانی دیكارت‌و كانت‌و هێگڵ لە بواری فەلسەفەدا.هتد، بەڵام گرفتەكە ئەوەیە هەندێك لە بلیمەتەكان تەنانەت دوا ئەفراندنیش لە رووی دەرونییەوە هاوسەنگ نەدەبوون، وەك ئەوەی لەگەڵ ڤان كوخ‌و شۆمان‌و ڤیرجینیا وولف‌و نیچەدا روویدا، رەنگە هۆی سەرەكی بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەوانە لە ژیانی خۆیاندا دانپێدانرانێكی شایستەیان پێنەبڕاوە، بەڵكو دوای مردنیان پێیانزانراوە، دانپێدانانێكی درەنگ، دوای ئەوەی كار لەكار ترازا، ئەمە بۆ ڤان كوخ زۆر دروستە كە ئێستا تابلۆكانی بە دەیان ملیۆن دۆلار دەفرۆشرێن، خۆشی برسی‌و نەدار بوو، چارەنوسی بواری نەدا لە سایەی شۆرەت‌و بلیمەتییەكەیدا بحەسێتەوە، نیچەش هەمان شت، لە ژیانی خۆیدا تەنها چەند كەسێك باوەڕیان پێهێنا، كەچی كە شێت بوو یان بە ماوەیەكی كەم دوای مردنی، وەكو بۆمبی میقاتكراو تەقییەوە، خۆشی پێشبینی ئەوەی كردبوو، رستە نێودارەكەی وتبوو "هەندێك دوای مردنیان لەدایك دەبن! رۆژی منیش دێت، بەڵام لێرە نابم"،

ئەلیزابێتی خۆشکی کەوتە نازو نیعمەتی شۆرەتو سامانەوە، لە ئەنجامی فرۆشرانی ملیۆنەها کۆپی کارەکانی براکەیەوە سامان بەسەریدا رژا، کەچی کاتێك خۆی مابوو سەد کۆپی لە کتێبەکانی نەدەفرۆشرا. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین هەندێك دەرون هەیە کە تەنانەت دوای پاراوبوونیش هێور نابێتەوە، ئەوانە رۆحی پەرێشانن‌و نازانرێت چین‌و چۆنن، گەورەترین نمونەش دەربارەی ئەمە خاتوو ڤێرجینیا وولفی نوسەری ئینگلیزە کە دوای ئەوەی لە ژیانی خۆیدا سەرکەوتوو بوو، تامی شۆرەت کەوتە بەر ددانی، ئینجا خۆی کوشت.

رۆژی دووشەممە 27 ی شوباتی 1854 رۆبێرت شۆمانی مۆزیکزانی ئەڵمانی نێودار لە ماڵی خۆیان لەگەڵ هاوڕێکانیدا خەریکی کەیف‌و سەفا بوو، لەپڕ میوانەکانی جێهێشت‌و بە جلی ماڵەوە دەچێتە دەرەوە، هاوڕێکانی وایانزانی ئیشێکی هەیەو زۆری پێناچێت دەگەڕێتەوە، وەلێ ئەو رووی کردە روباری راین‌و لەوێ قەیرانە دەرونییەکەی گەیشتە لوتکەو خۆی فڕێدایە ناو ئاوەکەوە، بۆ بەدبەختی ئەو (یان بۆ نەگبەتی ئەو) کۆمەڵێك راوچی لەو نزیکانە بوون، دەریانهێنایەوەو لە خنکان رزگاریان کرد. لە ساڵی 1880 دا تەمەنی نیچە 36 ساڵان بوو، وازی لە زانکۆو وانەوتنەوە هێناو دەستی لە کار کێشایەوەو رۆیشت بۆ ئەوەی ببێت بە شێت‌و شووری کۆڵانان، لەوێشەوە دەستیکرد بەوەی ببێت بە فەیلەسوفێکی راستەقینە، وەلێ میزاجی هەمیشە مۆلەق بوو، بیرۆکەی خۆکۆشتن مێشکی داگیرکردبوو، دواتریش کە خۆشەویستییەکەی بۆ ئەندریا سالومی جوان سەرینەگرت، قەیرانەکەی بە تەواویی خەست بۆوە، لە رێگای خواردنەوەی بڕی زۆری شلەی کلۆراڵەوە سێ جار هەوڵیدا خۆی بکوژێت‌و سەرنەکەوت، ئەوەی سەیرە، هەر رێك دوای ئەو ماوەیە کتێبە نایابەکەی دەنوسێت "زەردەشت وایگووت" ئەمەش بۆ ماوەیەك لە شێتی دووری خستەوە، بەڵام چیرۆکی ڤێرجینیا وولف جیاوازە، ئەو بە درێژایی ژیانی لە ژێر هەڕەشەی خۆکوشتندا بووە، لە خەم‌و پەژارەیەکی قووڵی بێ





بندا نقووم ببوو، نانی نەدەخواردو رازیش نەبوو بڵێت نەخۆشم، دەیووت ئەو خاڵەتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەست بە گوناهباریی دەکات، بەڵام کام گوناه؟ کەس نازانێت، لە ساڵی 1895 دا قەیرانە دەرونییەکەی گەیشتە لوتکەو لە پەنجەرەوە خۆی فڕێدایە خوارەوە، پاشان لە ساڵی 1913 دا خۆی دەرمانخوارد کردو دیسان سەرنەکەوت، تا دواجار لە ساڵی 1941 دا خۆی خستە ناو ئاوەوەو خنکا.

مۆباسانی گەورە نوسەری فەرەنساش لە ساڵی 1892 دا دوای ئەوەی بیرە رەشەکان مێشکیان تەنی‌و قەیرانەکەی گەیشتە ترۆپك، هەوڵیدا خۆی بکوژێت، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، بردیان بۆ شێتخانەو دوای ساڵێك لەوێ گیانی دەرچوو، باجی شۆرەت‌و ئەفراندنەکەی زۆر گەورە بوو، شۆرەتیش باجی خۆی هەیەو پێویستە بەشێوەیەك لە شێوەکان بدرێت.

کێ باوەڕدەکات کە ئۆگیست کۆمتی فەیلەسوفی گەورەی فەڕەنسا، دامەزرێنەری فەلسەفەی پۆستیڤیزم، زیاتر لە جارێك گەیشتۆتە سەر لێواری شێتبوون، جارێکیان بە مەبەستی خۆ کوشتن خۆی خستە ناو روباری سینەوە! لەبەرئەوەی پۆستیڤیزم لوتکەی ئەقڵانییەتی خۆراوایە، بۆیە کەس چاوەڕوانی ئەوە نیە دامەزرێنەرەکەی لە هەندێك قۆناغی ژیانیدا شێت بووبێت، یان دەرونی داڕوخابێت، ئەمەش بەڵگەیەکە لەسەر ئەوەی دەشێت بلیمەتی لە منداڵدانی شێتییەوە بێتە دەرەوە، بەڵکو بەسەریشیدا سەردەکەوێت، ئەگەر ئۆگست کۆمت نەیتوانیایە فەلسەفەکەی خۆی کریستاڵە بکات‌و نەبوایەتە مایەی سەرسامی‌و نرخاندنی هاوچەرخەکانی، ئەوە هەرەسی دەهێناو لە شەوی شێتبووندا رۆدەچوو. کەواتە پێویستە ئەو وێنەیەی لە زەینماندا بۆ بلیمەت دروستمانکردووە، بیگۆڕین، جاران وامان دەزانی ئەوانە لەسەروو مرۆڤەوەن‌و هەرگیز تووشی لاوازیی نایەن. ئەوە وێنەیەکی ئیدیاڵ یان ئەفسانەییە کە پەیوەندی بە واقیعەوە نیە، ئەوە وێنەیەکە بەگشتی دوای مردنی بلیمەتەکان دەربارەیان دروستدەبێت، وێنەیەکی شکۆدارکردنە کە

شوێنكەوتوو و لایەنگرو پێسەرسامەكانی بەشدارییدەكەن لە دروستكرنیدا، بێشك ئەمە مانای ئەوە نیە كە بلیمەت مەزن نیە، ئەوەندە مەزنی بەسە كە توانیویەتی بەسەر هەرەسە ناوەكییەكەیدا زاڵ ببێت و بیگۆڕێت بە شتێكی باش، بە كارێكی بلیمەتانە، رێك ئالێرەدایە مەزنی بلیمەتان، ئەوانە رەنجێكی زۆر دەدەن بۆ زاڵبوون بەسەر خۆیاندا، بۆ بەزاندنی ئەو گرێ دەرونییانەی رەگیان لە دەرونیاندا داكوتاوە، بەوەش خراپ دەگۆڕن بە باش، خواروو دەگۆڕن بە سەروو، شێتی بە بلیمەتی، یان با بڵێین لای ئەوان شێتی و بلیمەتی هاوشانی یەكترین و بەتەنیشتی یەكترییەوەن، ئەو ئۆگێست كۆمتەی قسەی دەبڕسكاندو هەوڵیدا خۆی بكوژێت، هەر ئەو ئۆگێست كۆمتەیە كە فەلسەفەی زانستی دامەزراند كە هاوڕێ بوو لەگەڵ بەرەوژوور هەڵكشانی سەردەمی پیشەسازیی لە خۆراوا، بەوەش وێنای لوتكەی ئەقڵانییەت و لوتكەی شێتی دەكات لە یەك كاتدا! بۆیە بلیمەتی و شێتی یەك سەرچاوەیان هەیە: واتە لە نائاگایی قووڵی تاكەوە دێنە دەرەوە، ئەو نائاگاییەی كیشوەرێكی تاریك و نەزانراوە، وەك ئەو گڕكانە قووڵە وایە كە لە ژێر چینە جیۆلۆجییەكانی زەوییەوە قوڵپ دەدات و دەجمێت، هەندێكجار بلیمەتی دەهاوێژێتە دەرەوەو هەندێجاری دیكەش شێتی فڕێدەداتە دەرەوە.

بەڵام گۆتە وێڕای ئەو شێتییە قورسە ناوبەناوەی جارجار تووشی دەبوو، خۆی نەكوشت، بەڵكو پاڵەوانی رۆمانەكەی یەكەمی خۆی "ئازارەكانی واڵتەری لاو"ی وا لێكرد خۆی بكوژێت، بەمەش ئەو كارەی لە كۆڵی خۆی كردەوە، دەڵێن ئەو نوسەرانەی لە نوسینەكانیاندا ممارەسەی خۆكوشتن دەكەن، یان زۆر باسی دەكەن، بە راستی خۆیان ناكوژن، ئەوانەش كە بە تەواویی بێدەنگی لێدەكەن، ئەوانە خۆیان دەكوژن، بەوەش خەڵك تووشی حەپەسان دەكەن بەوەی بێ هیچ پێشەكییەك و بێ ئەوەی باسی بكەن، ئەوكارە دەكەن، لە فەڕەنسا ئامارێك كراوە دەربارەی رێژەی خۆكوشتنی ئەفرێنەران، دەركەوت رێژەكە لە نێوەندی ئەدیب و





شاعیرەكاندا بەرزە، بەڵام لە نێوەندی نیگاركێش و مۆزیكزانەكاندا نزمە، لەگەڵ ئەوەشدا ڤان كوخ و گۆگان و شۆمان و چایكۆفسكیش خۆیانكوشتووە، بەڵام ژمارەی ئەوان لەچاو ژمارەی ئەو شاعیرو رۆماننوسانەدا كە خۆیان كوشتووە، هیچ نیە، لە نمونەی: جیرار دونیرڤال، مایاكۆفسكی، بۆدلێر، هێمنگوای، مۆنترلان، گی مۆباسان، ڤیرجینیا وولف، نیچە، ئێدگار ئالان پۆ، لیستەكە زۆر درێژە.

دواجار ئەوە گەمژەیی و گێلییە ئێمە لاف ئەوە لێبدەین كە دەتوانین نهێنی بلیمەتی بدۆزینەوە، بلیمەتی نهێنی نهێنییەكانە، لە هەموو لێكدانەوەیەك یاخییە، بەڵام دەتوانین لە چەند لایەنێكی تێبگەین، ئەویش لە توێی دەركەوتەكانییەوە لەناو چەند كەسێكی دیاریكراودا، كە پێیاندەڵێین بلیمەتەكان، یان خەڵكە ئاوارتەكان یان ئەفرێنەرە مەزنەكان، وەك لە زمانی هاوچەرخماندا بەكاریدەهێنین، چونكە ئێستا وشەی بلیمەت یان بلیمەتی بووە بە شتێكی كۆن یان پڕتۆكاو، بەڵام ماناكە هەروەك خۆی ماوە، كەس نهێنی شانۆنامە دڵگیرەكانی شەیكسپیر، یان هۆی سەركەوتوویی تابلۆكانی ڤان كوخ، یان هۆنراوەكانی رامبۆ . هتد نازانێت. راستە پێڕەوەكانی رەخنەی ئەدەبی و هونەری دەتوانن راڤەی زۆر لایەنی ئەو كارە ئەفرێنەرانەمان بۆ بكەن، بەڵكو هەندێجار بە قووڵاییشدا رۆدەچن، بەڵام هێشتا نهێنییەك دەمێنێتەوە كە گەیشتن پێی سەختەو شیكردنەوەی ئەستەمە، ئەو نهێنییەش پێیدەوترێت بلیمەتی.

رامبۆ وەكو باقی شاعیرانی نەوەكەی خۆی زمانی فەڕەنسی بەكاردەهێنا، بەڵام ئەو تاكەكەس بوو كە توانی ئەو هۆنراوانە بنوسێت كە هاوتایان نیەو هەتا ئێستاش ئەفسونمان لێدەكەن، دەتوانین لە زمانی عەرەبیدا هەمان شتیش دەربارەی موتەنەبی یان چەند شاعیرێكی مەزنی دیكە بڵێین، كەواتە كیمیایەك ئەفسوناویی نهێنی بۆ داهێنان هەیە كە ئێمە نازانین چیە، تەنها ئەفرێنەری گەورە (یان بلیمەت) پەی پێدەبات، ئەو بەشێوەیەك وشەكان ریزدەكات و رۆح دەكات بە بەریانداو پاشان لەسەر

لاپەڕەکانی مێژوو وەك بە چامەی نەمر ریزیان دەکات، ئیتر تەنانەت دوای تێپەڕینی سەدان ساڵیش هەر ئەفسونمان لێدەکەن‌و دڵمان دەبەن، ئالێرەدا نهێنی بلیمەتی یان لوغزە سەرسوڕهێنەرەکەی خۆی شاردۆتەوە، زانستی پزیشکی دەرونی‌و دەرونشیکاری هەوڵیانداوە نهێنی بلیمەتی بزانن‌و بە چەند ئەنجامێکی وەهاش گەیشتوون کە گاڵتەیان پێناکرێت، بەڵام هێشتا بلیمەتی شتێکی تێدا دەمێنێتەوە کە وەکو گاستۆن باشلار دەڵێت، کە یەکێکە لە گەورە زاناکان‌و رەخنەگرە ئەدەبییەکان هیچ لێکدانەوەیك دەستی پێڕاناگات: "گیایەکی سەمەرە لە قوڵایی سروشتدا دەڕوێت، لە تاریکی مادەدا چەند گوڵێکی رەش دەگەشێنەوە، ئەوانە زۆر جوانن‌و بۆنیشیان خۆشە".

بەمجۆرە بلیمەتی لەدایکدەبێت: وەکو ئەو نورە وەهایە کە لە منداڵدانی تاریکییەوە دێتە دەرەوە، یان ئەو ئاوەزەی لە داروپەردووی شێتییەوە راستدەبێتەوە، بلیمەتی نیشانەیەکی هەیە کە قابیلی ئەوە نیە هەڵەی تێدا بکەین، ئەویش ئەوەیە بەتەواویی‌و بەشێوەیەکی گەردونییانە دانی پێدا بنێین، کەس گومانی لە بلیمەتی شەیکسپیر یان موتەنەبی یاخود بۆدلێر یا نیچە یانیش هێگڵ نیە. چەندە کات بەسەر بەرهەمەکانیاندا تێبپەڕێت، وەکو شەرابی چەند ساڵە زیاتر بەقیمەت دەبن‌و پێدەگەن‌و بایەخیان زیاتر دەبێت‌و پڕتردەبن لە مانا و ئاماژە، پزیشکی دەرونیی نوێ دوای ئەوەی چەندین لێکۆڵینەوەی تاقیکاریی ئەنجامدا، سەلماندی کە بلیمەت خاوەنی پێکهاتەیەکی دەرونی تایبەت نیە، بەقەدەر ئەوەی توانای هەیە ئەو پێکهاتە دەرونییە بخاتە گەڕ، ئەویش وەکو باقی مرۆڤەکانی دی ئادەمیزادە، بەڵام ئامادەیی دەرونییانەی جیاوازە، لەچاو مرۆڤی ئاساییدا وزەیەکی بێشوماری هەیە بۆ جوڵەو ئەفراندن، هەروەها لەوەشدا جیادەکرێتەوە کە حەزی لە دەربازبوون لە شتی باو، مرۆڤە راو و ملکەچ بۆ دابونەریتە باوەکانی کۆمەڵگا ناتوانێت بلیمەت بێت، چونکە یەکەمین سیفەتی بلیمەتی





دەرچوونە لە شتی باو، بۆیە بلیمەتەکان لە سەرەتادا خەڵك شۆك دەکەن‌و لە نێوەندو دەوروبەری باوەوە رووبەڕووی ناڕەحەتی زۆر دەبنەوە، ماوەیەکی زۆر دەگوزەرێت پێشئەوەی خەڵکی دانیان پێدابنێت، هەندێجاریش هەتا دوای مردنیان کەس دانیان پێدا نانێت، تەنها بلیمەتە کە هەر لە سەرەتاوە بەهای خۆی دەزانێت، بەڵام ناتوانێت یەکسەر ئەوانیدی قایلبکات بە خێزانەکەی خۆشیەوە، بۆیە زۆرجار ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر دەچێژێت‌و تووشی نائومێدی دەبێت، هەوڵ دەدات پاشەکشە بکات یان تەسلیم ببێت، بەڵام هێزێکی ناوەکی واتە هێزێکی نهێنی پاڵی پێوەدەنێت بەردەوام ببێت، رێگای خۆی تەواوبکات، بۆیە وتمان یەکێك لە سیفەتەکانی بلیمەت ئارام‌و خۆڕاگری‌و بەردەوامی درێژخایەنە، ئەو بەڕاستی سەرسەختە، تا ئەو ئەرکە جێبەجێ نەکات کە لە پێناویدا خوڵقاوە، ناکشێتەوە، بۆیە پێویستە باوەڕبێنین بەوەی بلیمەت خۆی وا دادەنێت کە نامەیەکی پێیە یان بەرپرسە لە جێبەحێکردنی ئەرکێکی باڵا کە لە خودی خۆی تێدەپەڕێت، ئامادەیە لە پێناویدا قوربانی بە ژیانی خۆی بدات، تەنها لە پێناوی ئەودا، نهێنی هێزو تین‌و توانای بۆ بەزاندنی قۆرت‌و تەگەرەکانی سەر رێگاکەی‌و ئەوانەشی کە خەڵکی دی دەیخەنە سەر رێگای لێرەدایە، چونکە هەرئەوەندەی خەڵك نیازو خواستە راستەقینەکانی بلیمەتیان بۆ دەرکەوت یەکسەر گەلەکۆمەکێی لێدەکەن‌و هەوڵدەدەن نەهێڵن ئەرکەکەی جێبەجێبکات، بلیمەت بەردەوام لەژێر هەڕەشەدایە، بە تایبەتی لە قۆناغەکانی سەرەتایدا، بلیمەتی بۆ خاوەنەکەشی مەترسیدارە، هەندێجار ئەو مەترسییە دەگاتە قۆناغی لەناوبردنی جەستەیی، ئەم هەموو مەترسییە لەسەر بلیمەت بۆچی؟ چونکە شتێکی سروشتی نیە تۆ بلیمەت بیت، بەڵکو سروشتی ئەوەیە کەسێکی ئاسایی بیت‌و وەکو باقی مرۆڤەکانی دی وابیت، بۆیە هەرئەوەندەی خەڵك هەستیا کرد بلیمەتیت یان تۆوی بلیمەتی لە ناختایە، یەکسەر رێگات پێدەگرن‌و بە جۆرەها رێگا هەوڵدەدەن بتگلێنن، چونکە

هەندێجار ئیرەیی کوشندەیە، هەندێجاریش لە لایەنی بلیمەتانی دیکەوە ئەو کارە دەکرێت کە نایانەوێت دوای خۆیان هیچ بەهرەیەك بگەشێتەوە، دەڵێن ئوم کەلسوم دەستی هەبووە لە کوشتنی ئەسمەهاندا، چونکە گوێی لە دەنگی بووەو زانیوێتی بلیمەتە، ترساوە کێبڕکێی بکات، ئەم حیکایەتە راست بێت یان نا، شتێك دەگەیەنێت، چەندین گێڕانەوە هەن دەربارەی ئەوەی شاعیرانی مەزن هەوڵیانداوە بەهرە نوێیەکان لەناو ببەن چونکە هەستیانکردووە مەترسین بۆ سەر شکۆداریێتی ئەوان. راستە هەرئەوەندەی هەندێك هەستیان بەوەکرد کە یەکێك خەریکە دەبێت بە بلیمەت و لەوانەیە جێگەیان بگرێتەوە، ئیتر لای ئەوان دەچێتە ناو بازنەی سوری مەترسییەوە، بەڵام مەترسییەکی دیکەش لە گۆڕێیە کە هەڕەشە لە بلیمەت دەکات، وەك زیاتر لە جارێکیش ئیشارەتمان بۆ کردووە، ئەویش: شێتی یان کرژی ئەقڵی هەژاوی گڕگرتووە، دوایین لێکۆڵینەوەی ئاماریی دەربارەی ئەم بابەتە ئەنجامدراوەو دەریخستووە کە بە دەگمەن بلیمەت خاڵییە لە نیشانەکانی شێتی یان کرژیی دەرونی توند، ئەو لێکۆڵینەوە لە لایەنی فیلیکس پۆستی تۆژەرەوە لە ساڵی 1994 دا ئەنجامدراوە، واتە زۆر نوێیەو 291 کەسی گرتۆتەوە کە سەر بە جیهانی سیاسەت و فەلسەفەو زانست و هونەرو مۆزیك و شیعرو ئەدەبن. ئەوانەش کەسێتی بلیمەتن و لە هەردوو سەدەی نۆزدەو بیستەم لە ئەوروپادا دەرکەوتوون، دوای تەواوبوونی لێکۆڵینەوەکە دەرکەوت ئەو بلیمەتانە خاوەنی سیفەتی ناسروشتین، رێژەی 50٪ یان پشێویی دەرونی زۆر سەختیان هەیە، تەنانەت لە چەند ماوەیەکی تەمەنیاندا لە ئەفراندنیش پەکیاندەهات، ئەم رێژەیە لای فەیلەسوفان بەرزدەبێتەوە دەگاتە 60٪، بەڵام بەرزترین رێژە لای ئەدیبان و بە تایبەتی شاعیرانەو دەکاتە 70٪، پاشان لای نیگارکێش و مۆزیکزان و پیاوانی سیاسەت نزمدەبێتەوە بۆ نزیکەی 30٪، ئێمە ناتوانین ئەو شاعیرو رۆماننوسانە بژمێرین کە بەشێوەیەکی هەندەکی یان هەمەکی، کاتی یان هەمیشەیی، شێت بوون، بەڵام ئەمە ئەفراندنیان یان مەزنییان و





بلیمەتییان پووچەڵناکاتەوە، کەس ناتوانێت نکۆڵی لە مەزنی شیعری جیرار دۆنیرڤال بکات، تەنها لەبەرئەوەی شێت بووە یان خۆی کوشتووە، کەس گومانی لە بلیمەتی مۆپاسان نیە لەبەرئەوەی دەرونی هەرەسیهێناوەو لە شێتخانە مردووە، کەس ناتوانێت بڵێت نیچە فەیلەسوفێکی گەورە نیە لەبەرئەوەی دوایین دە ساڵی تەمەنی خۆی لە بێهۆشی شێتیدا بەسەربردووە، لە مێژوودا رۆماننوسێك نیە مەزنتر بێت لە دەستەیڤسکی، گەرچی پەرکەمیشی لەگەڵدا بووە. فرۆید دەڵێت ئەفراندن بریتییە لە قەرەبوکردنەوەی ناتەواوییەك لە کەسێتیدا، ئەگەر ئەو ناتەواوییە نەبوایە ئەفرێنەر نەدەبووە ئەفرێنەر، ئەو مرۆڤەی لەگەڵ خودی خۆی و جیهانی دەرەکیدا ئاشتە پێویست بەوە نیە بلیمەت بێت. گەورەترین بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەوەیە کە فرۆید خۆی نیرۆسی هەبوو، هەتا ئەو کیشوەرە تاریك و ئەنگوستەچاوە فراوانەی دۆزییەوە: نائاگایی، چاك نەبۆوە، کیرکگۆری فەیلەسوف کە خۆی لە رووی دەرونییەوە زۆر ئاڵۆز بوو، دەڵێت: نەخۆشی هۆی بنچینەیی هەموو هەڵپەیەکی ئەفرێنەرانەیە، من بە ئەفراندن خۆم لە ئازارو خەمەکانم چاکدەکەمەوە، بە داهێنان چاك و ساغدەبمەوە،" لە راستیدا ئەو وشانە هی هاینەی شاعیرن و گیرکگۆر بە نمونە هێناونیەتەوە، فرۆیدیش هەر وایکردووە، ریلکە دەیزانی هەتا ئازارو ژانێکی زۆری دەرونیی و نیگەرانی گینگڵیان پێنەدابێت، نەیتوانیوە هیچ یەکێك لە چامەکانی بنوسێت، زانراوە کە گرێ دەرونییە بۆ ماوەییەکان وەك ئەختەبوت شوێنی کەوتبوون و نەیدەتوانی لە چنگیان دەربازببێت، لە رێگای ئەفراندنەوە نەبوایە، پاشان دوای پرۆسەی داهێنانەکە زووبەزوو دەگەڕانەوە سەری، بەمجۆرە هەمیشە لە تویێی ئەفراندنەوە هاوسەنگ دەبۆوە، یاخود با بڵێین هەمیشە هەستیدەکرد لەسەر لێواری هەڵدێری هەرەسهێنانەو رەنگە هەر ساتێك بێت بکەوێتە خوارەوە، ناچاربوو هەمووجارێك ساتەوەختی شێتبوونی تەواوەتی دوا بخات، زانراویشە کە رامبۆ لەسەر کەناری شێتی

دەینوسیو چنگەکڕێی بوو بۆ شێتبوون، عەودالی ئەو خاڵە قووڵە دووره دەستەی ناو ناخ بوو، ئەو خاڵەی هیچ شاعیرێك پێیناگات، هەتا خۆی نەخاتە مەترسییەوەو لە ناوچەی گەورەترین مەترسی نزیك نەبێتەوە، ئەوكاتە هۆنراوە مەزنەكان دێنە دەرەوە.

سارتەریش دانی بەوەدا ناوە تەنها لە رێگای نوسینەوە خۆی لەو نیرۆسە قوتاركردووە كە بەشوێنییەوە بووە، نوسین شێتی ناو ناخ هەڵدەمژێتو یاریدەی دەربازبوون دەدات لێی یان لانیكەم سنورداری بكات، ئەمە ئەگەر سەركەوتوو ببێتو ببێتە هۆی ئەفراندنێكی راستەقینە، لە راستیدا هونەرمەندێكی راستەقینە لە ئارادا نیە كە نەخۆشییەكی نەبێت، ئەو دەرزییەی لە نوسەر هەڵدەچەقێتو پاڵی پێوەدەنێت بەرەو پرۆسەی داهێنان، بۆیە پێویست ناكات نوسەر لەوە بترسێت كە "گرێیەكی دەرونی هەیە یان زامێك لە ناخیدا هەیە، تەنانەت ئەگەر خەڵكی دیش فرسەتی لێبهێننو دژی خۆی بەكاریبهێنن، چونكە لەوانەیە ئەو زامە گەنجینە بێت" بە هەرحاڵ ئەو زامە سەرچاوەی بلیمەتیو نهێنی ئەفراندنەكەیەتی.





پەراوێزەكان

1. زانراوە میشیل فۆكۆ كۆتایی كتێبە نێودارەكەی "مێژووی شێتی لە سەردەمی كلاسیكدا"ی بە ستایشكردنێكی گەرمی شێتی هێناوە، دوای لە ئەقڵ كردووە لەبەردەمی دادگای شێتیدا رابوەستێت، نەك بە پێچەوانەوە، چونكە دەبێت شێتییەكەی هۆڵدرینو ئەنتۆنین ئارتۆو نیچە ئەوان دادگایی ئەقڵی خۆراوایی بكەن، ئەقڵ هەرگیز مافی ئەوەی نیە دادگایی شێتی ئەوان بكاتو بەرزببێتەوە بۆ ئاستی ئەو شێتییە، بڕوانە:
Michel Faucault: Histoire de la folie à p âge classique Gallimard 1972

2، لەم لێكۆڵینەوەیەدا زۆر پشتم بەستووە بەم سەرچاوەیەی خوارەوە كە بەم نزیكانە لە پایتەختی فەرەنسا چاپكراوە:
Philippe Brenot: Le et la folie، pion، Paris 1972.
قسەكانی ئەندرێ مۆروا لە پێشەكی كتێبەكەدا هاتووە، ل 9.

3، سەرچاوەی پێشوو.

4. Geneviéve Rodis_Lewis: Descartes Biographie almann_Lévy Paris 1995.

5. سەرچاوەی ژمارە (2) لاپەڕە 45.

6. Henri Troyat: Balzac Flam Marion Paris 1 995.

7. كتێبەكەی فیلیپ برنۆ، ل 52.

8. سەرچاوەی پێشوو، ل 120.

9. سەرچاوەی پێشوو، ل 121.

## فەندەمێنتاڵیزمی تاریکخوازو
## ئەو جەنگەی هەردەبێت بکرێت

لەکاتێکدا گرفتی فەندەمێنتاڵیزم‌و ئوسولی باڵی بەسەر هەموو دونیادا کێشاوە، من بە هیچ سەبورییم نایەت، ئەوە نەبێت بەناو زەمانەدا رۆبچم‌و بگەڕێمەوە بۆ دواوە، بۆ ئەوەی ببینم ئەوروپا گرفتی خۆی لەگەڵ فەندەمێنتاڵیزمەکەی خۆیدا چۆن چارەسەر کردووە، من لە زیاد لەشوێنێکدا، بەتایبەتی لەسەر لاپەڕەکانی ئەم رۆژنامەیە•، وتومە گرفتی فەندەمێنتاڵیزم گرفتی گرفتەکانە، دایکی گرفتەکانە، هەتا کاتێکی دوورو درێژ تێنەپەڕێت، رۆشنبیرانی عەرەب ناتوانن دەستنیشانی بکەن‌و چارەسەری بکەن، بەدرێژایی ئەم سەدەیە، یان لانی کەم هەتا نیوەی سەدەکە، زۆرترین رەنجی ئێمە بۆخۆی دەبات، هەندێك کێشە لەئاسۆی بینراودا چارەسەریان نیە، بەڵکو پێویستییان بە چەند نەوەیەك هەیە بۆئەوەی لەناوی ببەن یان لێی قوتار بن.

• مەبەستی نوسەر لە رۆژنامەی " الشرق الاوسط" ە، ئەم وتارەش لەژمارەی 22ی کانونی دووەمی 2002وە وەرگیراوە.





بەڵام ئەمە پاساوی نەوەکەی ئێمە ناداتەوە، تا لەبەردەمی ئەوەدا کە روودەدات، دەستەوسان بوەستێت، چونکە گرفتەکە خۆی لەخۆیەوە چارەسەر نابێت، بەڵکو پێویستە بیریاران لە هەموو پسپۆڕیی‌و تایبەتمەندێتییە جیاجیاکانەوە، خۆیانی لێبدەن، گەر بڕوانینە ئەزمونی خۆراوا لە سەردەمی رۆشنگەرییدا، دەبینین ئەزمونێکی سەخت‌و تاڵ بووە، ئەو جەنگە سێ سەدەی یەك لە دواییەکی خایاندووە، بگرە چوار سەدەش: لە لۆسەرو ئیراسمۆسەوە بۆ هێگڵ‌و نیچە، بە تێپەڕین بەسپینۆزاو جۆن لۆك‌و ڤۆڵتێرو دیدرۆو رۆسۆو کانت‌و زۆری تریشدا جگە لەمانە، هەر هەموو فەیلەسوفەکانی ئەوروپا وزەی خۆیان تەرخانکرد بۆ لەناوبردنی ئەم نەخۆشییە ترسناکەی تووشی هەموو ئاینێك دەبێت: دەمارگیری‌و تاریکخوازیی‌و فەندەمێنتاڵیزم.

### جەنگی ملیارێك موسوڵمان

لە چەند وتارێکی رابردوودا باسی ئەم جەنگانەم کردوەو زیاد لە جارێك سەرسامی خۆمم لەو ریسکە دەربڕیوە کە مێژووی بیری مرۆیی بە خۆیەوە بینیویەتی: ریسکە رۆشنگەریی‌و رزگاربوون لە دۆگماتیزمی بە بەردبوو، وتم ئەمە جەنگی ئایندەیە، جەنگی عەرەب، جەنگی موسوڵمانان، جەنگی ملیارێك کەس، بەڵام هەرگیز ئەندێشەی ئەوەم نەدەکرد کە بەم خێراییە ببێت بەگرفتێك بە لای شەش ملیار کەسەوە گرنگ بێت: واتە هەموو جیهان.

بەمجۆرە فەندەمێنتاڵیزم فراوان بۆوەو گەورە بوو هەتا بەقەدەر جیهانی لێهات، ئێمە، مشتێك رۆشنبیری عەرەب، لە سێبەرداو بە بێدەنگی چوبووینە ناو جەنگەکەوە، ئێمە جەنگمان دەگێڕاو هێشتاش هەر دەیگێڕین، بەڵام لەبارو دۆخێکی تەواو ناهاوتادا، لەسەر نوکی پێمان دەڕۆیشتین تا هەراو زەنایەکی زیاد لەپێویست بەرپا نەکەین، نەوەك کاردانەوەی خرۆشاوی ئەو داخرانە مێژووییە دورو درێژە بوروژێنین،

لەگەڵ ئەوەشدا لە تۆمەتو پڕوپاگەندەو شێوەکانی دیکەی بەربەرەکانێو فشار رزگار نەبووین، پێویست ناکات لێرەدا باسیان بکەین.

وتوومەو ئێستاش لە هەر کاتێکی دی زیاتر لەسەر قسەکەم سوورم: هەر رۆشنبیرێکی عەرەب گرفتی فەندەمێنتاڵیزم بە گرفتی بنەڕەتی سەردەمەکەمان دانەنێت، رۆشنبیر نیەو بەهیچ جۆرێك شایستەی ئەو ناوە نیە، چونکە رۆشنبیر ئەو کەسەیە کە هەستدەکات خەمی مەسەلەکانی گەلەکەیو ئۆمەتەکەی دەخوات، ئەگەر خۆی بە شتی لاوەکییەوە سەرقاڵ بکاتو شتە بنەڕەتییەکان پشتگوێ بخات، ئەوە مانای ئەوەیە ئەو لەدەرەوەی کەوانەکەیە، هەموو بیریارە مەزنەکان بەدرێژایی مێژوو، بیریارانی یەك تاقە گیرو گرفتن، شەوو رۆژ داڵغەی پێوە لێدەدەن، لەگەڵیدا دەنونو بەسەر ئەودا بێدار دەبنەوە. ئەوە کاری سەرقاڵکەریانەو مەسەلەی تەمەنیانە، رەنگە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر، چەشنی ئەو گرفتە دەگۆڕێت، بەڵام گرفتێکی بنەڕەتی دەمێنێتەوە کە جگە لە فەیلەسوفە پلە یەکەکان، کەسی تر ناتوانێت کەشفی بکاتو پێوەی سەرقاڵ ببێت، پێم سەیر بوو چۆن بەشی هەرە زۆری رۆشنبیرانی عەرەب بایەخی پێویست بەم گرفتە نادەن، بگرە هەر بە گرفتیشی دانانێن! سەرباری وەحشییەتی ئەو جەنگەی ئوسوڵییکان لە جەزائیرو سودانو ئێرانو میسرو ئەفغانستانو شوێنانی تر دژی کۆمەڵگای مەدەنیو گیانی نوێ هەڵیانگیرساند، سەرباری ئەوەی مێخێکی گەورەشیان بە جەرگی یەکێتیی نیشتمانی گەلدا چەقاندو فیتنەو ئاشوبیان نایەوە، کەچی رۆشنبیرە جوامێرەکانمان، چاویان لەم شەپۆلە دەپۆشی، بە بیانوی ئەوەی شتێکی میللیە یان گەل خۆی ئارەزووی لێیەتی! هەتا ئەم ساتەش هەستیان بە زەرورەتی بە گژداچوونەوەی ئەو ئوسوڵییە چەقبەستووانە نەکردووە، لەسەر خودی زەمینەکەی خۆیاندا: مەبەستم لە زەمینەی کەلتوری ئاینیو چۆنێتی تێگەیشتنیو راڤەکردنێتی، لەبری ئەو خوێندنەوە داخراوە، بگرە تیرۆریستانەیەی چەقبەستووەکان دەربارەی کەلتوری ئیسلامیمان





پێشکەشی دەکەن، پێویست بوو خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ هەمان کەلتور بێنینە کایەوە، هەروەك چۆن رۆشنبیرانی رۆشنگەریی لەگەڵ کەلتورە مەسیحییەکەی خۆیاندا کردیان.

ئەگەر ئەو فەیلەسوفانە لە دڵی خۆیاندا بیانووتایە: زوربەی گەلەکەمان ئوسوڵییە یان لە راڤەکردنی ئاییندا شوێنی ئوسوڵییەکان کەوتوون، بۆیە پێویستە ئێمەش دوای گەل بکەوینو خۆمان تەسلیمی چارەنووس بکەین، ئەگەر وایان بووتایە، ئەوا هیچ پێشکەوتنێك رووی نەدەدا، ئەوروپا بە نەزانیو دواکەوتوویی دەمایەوەو تا ئەم ساتەش لە شەڕە ناوخۆو مەزهەبییەکانیدا گینگڵی دەدا، کەواتە وەفاداریی بۆ گەل مانای رزگارکردنی گەل دەگەیەنێت لە بۆچوونە هەڵەکانی، لەو حوکمە پێشینە چەسپیوانەی لە سەدانساڵ لەمەوبەرەوە کوێرانە پێڕەوییان لێکراوە، جیاوازیی نێوانی رۆشنبیرو پیاوی شەقام لێرەدایە، لەگەڵ رێزمدا بۆ ئەو پیاوەی شەقام کە ناتوانێت رەوشی خۆی بگۆڕێت، فەیلەسوفەکانی رۆشنگەریی بەمشێوەیە لە ئەرکەکەی خۆیان تێگەیشتنو ختوکەی سۆزەکانی یان غەریزەکانی گەلیان نەدا، بەڵکو بەڕاشکاویی راستییەکەیان پێ ووت، بەمەش گەلەکانی خۆیانیان لە دواکەوتوویيو داوەشان رزگارکردو بەرزیانکردنەوە بۆ ئاستی شارستانێتیو مەدەنییەت و بەرزیی.

### با نیوتن ببێت... بوو

بەڵام دەبێت مانای رۆشنگەریی چی بێت؟ چۆن لە سەدەی نۆزدەیەمدا سەری هەڵدا؟ چۆن تاریکستانی ئەنگوستەچاوی فەندەمێنتاڵیزم لەبەردەمیدا رەوییەوە؟ ناتوانین لە یەك وتاردا دەست ببەین بۆ هەموو ئەم پرسیارانە، بەڵام هەوڵدەدەین لە هەندێکیان نزیك ببینەوە، با لەپێشەوە هەوڵ بدەین چەمکەکە روون بکەینەوە، مێژوونووسی سویسری ئۆلریش

ئێم هۆف[•] لەکتێبەکەیدا سەردەمی رۆشنگەریی لە ئەوروپادا، پێیوایە زاراوەی رۆشنگەریی هەتا سەدەی نۆزدەیەم لە زمانی ئینگلیزییدا دەرنەکەوتووە، گەرچی پێشتریش ناواخنەکەی هەبووە، زانراویشە هەندێك جار دیاردەیەك پێش ناوەکەی بوونی دەبێت، کاتێك ئەم زاراوەیە دەرکەوت، کەوتە کێشمەکێش لەگەڵ زاراوەیەکی تردا کە زاراوەی سەردەمی ئەقڵە، بۆنمونە بارکلی فەیلەسوف بە شێوەیەکی شاعیرانە دەربارەی دواوەو وتویەتی: ئەم سەردەمەی پێ رۆشن بۆتەوە زیاتر لەوەی سەدەکانی تر بەکاریان هێناوە، یان تەنانەت ئەندێشەشیان کردووە، بەڵام "بۆب" ی شاعیر، جوڵانەوە فەلسەفیو زانستییەکەی سەردەمی خۆی لە وتەیەکدا کورتکردۆتەوەو وتویەتی: سروشتو یاساکانی سروشت لە سێبەردا حەشاردرابوون. لەپڕێکدا خودا وتی بانیوتن ببێت، ئەویش بوو! ئیتر هەموو شتێك رووناك بووەوە. بەمجۆرە رۆشنایی بەسەر ئەوروپاو هەموو جیهاندا هەڵهات لە خۆراوایەوە، نەك لە خۆرەڵاتییەوە، بە پێچەوانەی خۆرەوە، یەکەمجار لە ئینگلتەرەی لیبراڵەوە هات پێشئەوەی بگوێزێتەوە بۆ فەڕەنساو ئینجا ئەڵمانیاو شوێنی تر.

بەڵام چەمکە فەڕەنسییەکەی رۆشنگەریی، مانای زیرەکی، زانین، روونی بیر دەگەیەنێت، پاشان بوو بە نیشانەیەك بەسەر هەموو سەردەمەکەوە، ئیتر فەیلەسوفەکان پێیان وابوو کە تەنها رۆشناییەکانی ئەقڵی سروشتی دەتوانێت بەرەو زانستو دانایی‌و شارستانێتی بڕوات، لە ساڵی 1750دا، واتە لە گەرمەی سەردەمی رۆشنگەرییدا، یەکێك لە فەیلەسوفەکان وتی: دواجار تاریکستان رەوییەوە، لە هەموو لایەکەوە

---

[•] چاپی یەکەمی ئەم کتێبە لە ساڵی 1993دا بە زمانی ئەڵمانی بڵاوکراوەتەوەو هەر لەوساڵەدا وەرگێڕدراوە بۆ سەر زمانەکانی ئیسپانی‌و فەرەنسی‌و ئیتالی. لە ساڵی 1994دا کراوە بە ئینگلیزی‌و لە ساڵی 1997دا چاپی دووەمی بڵاو کراوەتەوە (و).





تیشکمان بەسەردا باری، ئەم رۆشناییە چەند جوانە، پێشکەوتنی مرۆڤایەتی چەند دڵگیرە!

بەڵام زاراوە ئەڵمانییەکەی رۆشنگەریی بەو سیفەتەی جوڵانەوەیەك بێت هەموو سەردەم بگرێتەوە، هەتا ساڵی 1870 سەری هەڵنەدا: واتە کاتێك کانت خەریکی نوسینی کتێبە مەزنەکانی بوو، پاشان چەمکەکە لە سەدەی نۆزدەهەمدا چەسپا، ئەوکاتەش بیریارێکی ئەڵمان دەستیکرد بە قسەکردن دەربارەی ئازادیی بیرو رۆژنامەگەری‌و وتی ئەوانە بە نیسبەتی ئەقڵەوە، ئەوە دەنوێنن کە رۆشنایی بە نیسبەتی چاوەکانەوە دەینوێنێت، هێردەریش لە سەدەی هەژدەیەمدا ژیابوو، وەسفی سەردەمەکەی خۆی کردووە وتویەتی: ئەمە سەردەمە رۆشنکەی ئێمەیە، سەردەمەکەمان پرشنگدارترینی هەمووسەردەمەکانە.

چەمکی رۆشنگەریی لە ئیتالیادا نوێیە، وەکو شەپۆلێك هەتا سەدەی بیستەم نەڕسکا، لە راستیدا ئەوروپای باشور لەچاو ئەوروپای باکوردا لە رۆشنگەریی دواکەوتووە، بەمجۆرە مافی ئەوەمان نیە ئیتالیاو بە تایبەتی ئیسپانیاو پورتوگال لە هەمان ئاستی شارستانێتی وڵاتانی وەك ئینگلتەرەو فەڕەنساو ئەڵمانیاو هۆڵەندە دابنێین. ئیتالیا درەنگوەختێك پەیوەندیی بە کاروانەکەوە کرد: واتە لە ماوەی پەنجا ساڵی رابردوودا، پاشان ئیسپانیاو پورتۆگالیش تارادەیەك شوێنی کەوتن، ئەمە گەرچی فەندەمێنتاڵیزمی کاسۆلیکی لە وڵاتەکانی فرانکۆو سالازاردا بە بەهێزیی مایەوە، گەرچی لە بیست ساڵی رابردوودا رۆشنگەری‌و دیموکراسی سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە، بێگومان سویسرەم لەبیرچوو، وڵاتەکەی جان جاك رۆسۆ، ئەو وڵاتە مەزنەی رۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لە ئەقڵانییەتو رۆشنگەرییدا، هەروەها سویدو دانیمارك‌و نەرویجیشم لەبیر چوو، نەدەبوو بیرم بچن. ئەمەیە ئەو رۆشنگەرییەی پەردەی تاریکی لەسەر چاوەکان لادا، بەڵام دەمارگیرو ئوسوڵییەکان هەوڵیاندا لەڕێگەی

هێشتنەوەی تاریکییەوە، هێشتنەوەی نەزانییە کوێرانەکانەوە، قۆرت بخەنە رێگەیان، رق و قینی ئەوان بەرامبەری رۆشنگەریی زۆر بوو.

## ئەوروپاو تۆقاندنی یەزدانگەرایانە

ئێستا ئەم پرسیارە دەکەم: ئایا یەك دانە رۆشنبیری عەرەب دەتوانێت بڵێت ئەم سەردەمەی ئێمە تێیدا دەژین، سەردەمێکی رۆشنگەرایە؟ مەبەستم لە سەردەمی عەرەبی یان ئیسلامییە، نەك سەردەمە ئەوروپییەکە، چونکە ئێمە هاوچەرخی ئەوروپییەکانین، بە زەمەن نەك بە بیرو ئەقڵ، کێ دەوێرێت لافی ئەوە لێبدات؟ نا، ئەمە سەردەمی فەندەمێنتاڵیزمی براوەیە، سەردەمی هاتوهاوارو قیژەقیژە، سەردەمی تاڵیبان و سوپا هەڵکشاوەکانی دیکەیە بەسەر مێژوودا، ئەوەی دەتوانین بیڵێین ئەوەیە ئێمە خۆمان بۆ سەردەمێکی رۆشنگەریی عەرەبی–ئیسلامی ئایندە سازدەدەین، رەنگە لە ئێستادا بە چاوی خۆمان نەیبینین، بەڵام هەر دێت و گومانی تێدا نیە، پێشموانیە زۆر دوور بێت، چونکە لە پشتی چەمکەکانەوە شت هەیە، ئەم شەپۆلەی ئێستا بەم زووانە تێکدەشکێت یان دادەمرکێتەوە، بە دامرکانەوەشی نورێکی نوێ دەردەکەوێت و ئاوی چاو دەبات، نورێك زۆرمان چاوەڕێ کردووە: واتە چەند سەدەیەك! زانراویشە تاریکترین سات دوایین تاریکی دەبێت: واتە ئەوەی پێش شەبەقی بەیان دەکەوێت.

بۆ ئەوەی نمونەیەکی پراکتیکی بۆ دروستی ئەم قسەیە بهێنینەوە، هێندە بەسە بڕوانینە ئەو سەدەیەی پێش سەدەی رۆشنگەری ئەوروپا کەوتبوو: واتە سەدەی حەڤدەهەم، ئەو سەدەیە سەدەیەکی تیۆلۆجیای مەترسیدار بوو. ئەو سەردەمە بوو کە باڵادەستی شەپۆلی دژ بە ریفۆرمی ئاینی بە خۆیەوە بینی، ئەو سەردەمەی دادگایی گالیلۆی کردو دیکارتی ناچار کرد لە فەرەنسا هەڵبێت، سپینۆزای تۆقاند. ئەوە سەردەمی جەنگە مەزهەبی و ئەهلییەکان بوو ئەوروپای داگیر کردبوو، سەردەمی تۆقاندنی





تیۆلۆجییانە بوو کە جەبەروتەکەی لە تۆقاندنەکەی تاڵیبان یان باقی ئوسوڵییە ساڵحەکان، لەگەڵ ئەوەشدا، دوای بیست ساڵ، شەڕی نێوان ئوسوڵی و رۆشنگەراکان دەستیپێکردو ئەنجامەکەشی رۆشنگەری بردیەوە: واتە لە بەرژەوەندیی هێنانەکایەی راڤەکردنێکی نوێ بۆ ئاییندا بوو، راڤەکردنێکی رزگارکەرانە، نە سەرکوتکەرانەو نە تاریکستان، ئەمەیە رێگەی سەرفرازی: کریستاڵەکردنی تێگەیشتنێکی تر بۆ کەلتوری ئاینیی، نەك ئەو تێگەیشتنە باوو باڵادەستەی سەدان ساڵە ئوسوڵییەکان هەوڵ دەدەن قایلمان بکەن تەنها هەر ئەوە شیاوە. بەمجۆرە ئەوروپا بەسەر خۆیدا زاڵ بوو، گرێ مێژووییەکەی کردەوە، بەریەککەوتنێکی تۆقێنەرانە بوو لە نێوان ئەقڵی ئاینی و ئەقڵی زانستی یان فەلسەفی، ئەم بەریەککەوتنەی نێوان تیۆلۆجیای سەدەکانی ناوەڕاست و رۆشنگەری، مەترسییەکەی کەمتر نەبوو لە کێشانی فڕۆکە خۆکوژەکاندا بە سەنتەری بازرگانی جیهانییدا لە نیویۆرك[•]!

زۆرجار ئاماژەمکردووە بۆ مەترسی تیۆلۆجیاکەی سەدەکانی ناوەڕاست یان فیقهی سەدەکانی ناوەڕاست، ئەو تیۆلۆجیایەی رێگە دەدات هەر نەزانێك فەتوای تەکفیرکردن و حەرامکردن و سەربڕین بدات.

وتم لێکهەڵوەشاندن و لێکۆڵینەوەی پێویستییەکی گرنگ و بە پەلەیە بە نیسبەتی هەموو کۆمەڵگا عەرەبی و ئیسلامییەکانەوە، ئەم کۆمەڵگایانە ناتوانن پێشبکەون، ئەگەر هەڵیان نەوەشێنیت و لێیان نەتۆژیتەوە، چونکە لە هەموو هەنگاوێکیدا پەکیدەخەن و وای لێدەکەن هەست بە گوناهو هەڵە بکات، هەروەها گەیشتۆتە رادەیەك کە وامالێدەکات لەبەردەمی ئەوانیتردا هەست بە شەرمەزاری و نەنگی بکەین.

بەڵام هەڵوەشاندنی ناچارمان دەکات بچینە ناو جەنگێکی گەرمەوە، کە هەتا خاو ببێتەوە زیاتر توند دەبێتەوە.

---

[•] مەبەست لەرووداوەکەی یازدەی سێپتەمبەری ساڵی 2001 ە.

## مەرگەساتی شارستانێتی خۆراوا:
## تەڵاقی یەکجارەکی نێوان زانستو باوەڕ

هەندێك لە کەسایەتییە ڕۆحیو فیکرییەکانی خۆراوا، لە بەلاڕێدا ڕۆیشتنی شارستانێتی خۆراوا بە ئاڕاستەی پۆستیڤیی زانستگەرای پەتیدا، نیگەران بوون، کە ئاڕاستەیەکە پێکهاتەی مادیی مرۆڤ و بوون نەبێت، دان بەشتێکی دیکەدا نانێت، زێدەڕەوییش دەکات لە پیرۆزکردنی ئەو زانستە پۆستیڤییەی ئەو پێکهاتە مادییە دەدۆزێتەوەو نکۆڵی دەکات هیچ شتێکی دی لە پشتییەوە هەبێت، یاخود خۆی لێی بەرزتر دەگرێت، هەروەها نکۆڵی لە بەها ڕۆحانیو پاکیزەکانیش دەکات، بە بیانووی ئەوەی ناتوانرێت لەناو تاقیگەدا بسەلمێنرێنو بەڵگەیان بۆ بهێنرێتەوە... پێداداگرتنە لەسەر پیرۆزیی زانستی پۆستیڤ، ئەمەیە ئاڕاستەی زانستگەرا، نەك ئاڕاستەی زانستی، چونکە زانست شتێکی زۆر گرنگو بەسودە، زانست ئەم هەموو شارستانێتیە مادیو تەکنەلۆجییەی دروست کردووە، کە ئەمڕۆ بە چاوی خۆمان دەیبینین، ئێمە بەم قسەیە هێرش





ناکەینە سەر زانست، بەڵکو مەبەستمان نغرۆ بوونە لە مەیلی پۆستیفی وشكو برینگدا، لە ڕاستیدا خەسڵەتی گەورەی فەلسەفەی نوێ ئەوەیە تەرکیزی کردۆتە سەر لێکۆڵینەوەی مرۆڤو گەردوون بەوەی لە ناویدایەو ئەوانەی لە ناویدان، لە خۆراوا، زانستەکانی سروشت، لە پاڵ زانستی مرۆڤدا (ئەنترۆپۆلۆجیا) گەشەیان کرد، زانستی لۆجیكو مێژوو، سۆسیۆلۆجیاو هتد. لە ماوەی سێ یان چوار سەدەی ڕابردووی تەمەنی شارستانێتی خۆراوادا، زانیاری زۆر دەربارەی مرۆڤ و سروشت کەڵەکە بوو، وامانلێهات باشتر لەمرۆڤ و گەردوون تێبگەین، بەڵام سەرقاڵبوونی فەلسەفەی نوێ بە دۆزینەوەی هەموو ئەو شتانەوە، شتێکی دیکەی بیر بردەوە: هەقیقەتێکی دی هەیە، لە مرۆڤ تێدەپەڕێت یان بە سەریدا باڵا دەبێت، هەقیقەتێکی دی هەیە جگە لەو هەقیقەتە مادییانەو یاسا زانستییانەی کۆنترۆڵی مرۆڤ و سروشتو گەردون دەکەن، دەشێ لەم بارەیەوە بڵێین بەقەدەر ئەوەی فەلسەفەی دێرین، واتە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست، لایەنە زانستیو مادییەکانی پشتگوێ دەخست، فەلسەفەی نوێش لایەنی ڕۆحی باڵا پشتگوێ دەخات، بەمجۆرە لە هەنگامەیەکەوە گواستمانەوە بۆ هەنگامەیەکی دی، لە زێدەڕۆییەکەوە بۆ زێدەڕۆییەکی دی. ئێستا کاتی ڕاستکردنەوەی ئەم بارە هاتووە، دوای ئەوەی مۆدێرنیزمی ڕوو لە ئاڕاستەی مادی گەیشتە ئەوپەڕی مەودای خۆی، حەزە هەستییە سەرفکاریەکان، بگرە نەسرۆییەکان، گەیشتنە ئامانجو ئاکامی خۆیان، بەمەش ئاسۆی باوەڕو باڵابوون بە تەواویی لە کەلتوری خۆراوایی بزر بوو، ئیتر بەهیچ جۆرێك بە بیری فەیلەسوفەکانی مۆدێرنیزمدا گوزەر ناکات، چونکە بەڕای ئەوان شتێکی کۆنو پواوە، زەمانە بیری چۆتەوە، پێویستە بزانین زۆربەی فەیلەسوفە هاوچەرخەکانی ئەوروپاو ئەمریکا مەسەلەی باوەڕ پشتگوێ دەخەن، بەو حسێبەی شتێکە بە هیچ جۆرێك بوونی نیە، هێندە بەسە لێرەدا ناوی سارتەر یان فۆکۆ یان هابرماز یان زۆری دیکەش بهێنین، بە بیری کەسیاندا نایەت مەسەلەی

ئایین یان باوەڕ یان رۆحانییات بخەنە روو، بۆچی؟ لەبەرئەوەی پێیان وایە شتێکی دی جگە لەم گەردوونەی تێیدا دەژین بوونی نیە، کە دەمرین شیتەڵ دەبین بۆ ئەو مادە بەرایيانەی پێکیان هێناوین، کە هەمان ئەو مادانەن رووەك‌و ئاژەڵەکان‌و بێگیانەکانیش پێکدەهێنن، بۆیە جگە لە مادە شتێکی تر بوونی نیە، مادە تاقە ئاسۆی بوونمانە، ئەمەیە بۆچوونی لەمپەڕەوە بۆ ئەوپەڕو باڵی بەسەر ژیانی خۆراواییدا کێشاوە. یەکێك لە هۆیە بنەڕەتییەکانی ناکۆکی نێوان جیهانی ئیسلامی‌و خۆراوا لێرەدا خۆی حەشار داوە، نابێت بە بیانووی داکۆکیکردن لە بەها شارستانێتییەکان دژی فەندەمێنتاڵیزم‌و کەللە وشکی‌و دەمارگیری، ئەم رەهەندە پشتگوێبخەین، ئەم داکۆکیکردنە پێویستە‌و مەشروعیشە، ئەو توێژانەی خۆراوا کە تا ئێستاش مەسیحیین یان ئایندارن، ئەوانیش لەم دوورکەوتنەوەیەدا لە بێباوەڕیی زێدەڕۆی خۆراوا، هاوڕای موسوڵمانەکانن. لێرەدا نمونەیەك دەهێنینەوە. بۆ نمونە هەڵوێستەکانی پاپا جان پۆڵی دووهەم، بانگەشەی گێڕانەوەی هاوسەنگی بۆ شارستانێتی خۆراوای تاك ڕەهەند، یان نفرۆ بووی زێدەڕۆ یەك ئاڕاستە دەکەن.

لە ڕاستیدا فەلسەفەی خۆراوا هەمیشە ئاوا نەبووە، ئەوەتا لە سەردەمی قەشە تۆمای ئەکوەینەسدا، واتە لە سەدەی سیازدەیەمدا، لە میانی پێکهاتنی یەکەمین زانکۆدا، پەیوەندیی نێوان فەلسەفەو زانستی تیۆلۆجیا زۆر پتەو بووە، تاڕادەیەکیش دانیان دەنا بەسەربەخۆیی خودیی فەلسەفەو زانستدا، بەڵام دوای کۆتایی هاتنی سەدەکانی ناوەڕاست فەیلەسوفەکانی ئەوروپا وایان لێهات داوای سەربەخۆیی تەواو بکەن: واتە جیاکردنەوەی زانست لە ئایین بە شێوەیەکی تەواوەتی، پاشان لەسەر ئەم هێڵە بەردەوام بوون هەتا گەیشتینە ئەوەی ئەمڕۆ پێی گەیشتووین، ئەمە دەڵێین گەرچی یەکەمین فەیلەسوفەکانی مۆدێرنیزمیش، هێشتا پێیان دەنا لەوەی پەیوەندییەك لە نێوان زانست‌و ئاییندا هەیە، بۆ نمونە دیکارت بە





بەڵگە بوونی یەزدان‌و نەمریی رۆحی سەلماند، گەرچی هەندێك دیکارتیان تاوانبار کرد بەوەی بنەڕەتی جیابوونەوەی فەلسەفە لە ئایین، یان ئایین لە فەلسەفەیە، هۆیەکەشی ئەوەبوو زۆر تەرکیزی دەکردە تواناکانی ئەقڵی مرۆیی، هەر لەبەر ئەم هۆیە بوو پاسکاڵ هێرشی کردە سەری، ئەویش بلیمەتێکی دیکەیەو دواجار لەسەر حیسابی زانست، متمانە دەبەخشێتەوە بە ئایین، گەرچی لە زانستیشدا زۆر هەڵکەوتوو بوو، فەیلەسوفەکان هەتاکو دەگاتە سەر کانت، بگرە هەتا هێگڵیش، دەربارەی کاروبارەکانی باوەڕو ئایین دەدوان‌و، ئەوەشیان بە شتێکی کۆنەپەرستانە دانەدەنا، کە شایستەی هیچ بایەخپێدانێك نەبێت! بەڵام هێشتا هەر ئەوە بە دروستی دەمێنێتەوە کە بڵێین ئەو دووانە تێڕوانینێکی رەها یان پارێزراویان دەربارەی ئەقڵ پێشکەشکرد، بەڕادەیەك کە لە کەلتوری خۆراوادا، ئەقڵ جێگەی ئایینی گرتەوە، پاشان ئەقڵ لەسەرچڵی‌و دۆزینەوەکانی خۆی بەردەوامبوو، بەڵام بەهەمان شێوە لەسەر نوچدان‌و لادانەکانیشی بەردەوام بوو، هەتا لەم دواییانەدا، مرۆڤی خۆراوایی، سنورو سنوردارێی خۆی دۆزییەوە. ئەو فەلسەفە پۆستیڤییەی ئێستا بەسەر خۆراوا باڵادەستە، مرۆڤ بەتەنیا لە تێڕوانینی ئاینیی بۆ جیهان دوور ناخاتەوە، بەڵکو هەموو گرنگیدانێکی ئاکاریی یان میتافیزیکیشی لەبیر دەباتەوە، چونکە زانا لەناو تاقیگەدا لەبەر هەناسەبڕکێ بە دوای داهێنانە زانستییە نوێیەکاندا، ئامانجداریی زانستی بیرچۆتەوە: خزمەتکردنی مرۆڤ، بەڵکو لەم دواییانەدا، لوتبەرزییە زانستگەرا پۆستیڤییەکەی گەیشتۆتە پلەیەکی ترسێنەر، بیر لە کۆپی کردنی مرۆڤ دەکاتەوە، بگرە خولقاندنی مرۆڤ لەناو تیوبی تاقیکردنەوەدا!. کەواتە رەوشت لە کوێیە؟ ئایا زانست بە تەواویی لە ڕەوشت جیا نەبۆتەوە؟ ئایا لەڕێ لاینەداوەو ڕێی بزر نەکردووە؟ ئایا نابێت لوتکەیەکی باڵا هەبێت بە زانست بڵێت کامانەیە ئەو سنورانەی دەبێت لەسەریان رابوەستێت؟ لە راستیدا ئەگەر زانست بە تەواویی لە باوەڕ جیا نەبوایەتەوە، شارستانێتی

خۆراوا نەدەگەیشتە ئەو مەیلە نیهلیستیو ڕێژەییە ترسناکانەی ئەمڕۆ پێیان گەیشتووە، چیتر هیچ بەهایەکی ئاکاری زامنو دڵنیا نەماوە، هەموو شتێك یەکسانە بە هەموو شتێك، بۆنمونە نەسرۆیی سێکسی بووە بە مەسەلەیەکی ئاسایی ڕێك وەکو مەسەلەی سێکی مەشروع یان سروشتی، بگرە تەنانەت نەسرۆکان (شازەکانیش) داوای مافی خۆیان دەکەن لە بەخێوکردنی منداڵاندا!!. بەمجۆرە شارستانێتی لە ڕەوتی سروشتی خۆی لایداوە، گەرچی ئەو هەموو دەسکەوتە مەزنانەشی لە ئاستە جیاجیاکاندا بەدەست هێناوە.

لەمەوە دەگەینە ئەم دەرەنجامە: هەندێك لەگەورە بیریاران دەستنیشانی قەیرانی خۆراوا دەکەن بەوەی لە ئەنجامی ئەو جیابوونەوە وردەوردەیەوە هاتۆتە کایە لە نێوانی باوەڕو ئەقڵی فەلسەفیدا، لە ماوەی سێ سەدەی ڕابردوودا ڕوویداوە، چونکە ئەگەر ئەقڵ لەگرێژەنە دەرچوو، ئەگەر لە هەموو کۆتو دیسپلینێك ڕزگاری بوو، ئەگەر لە ڕۆشنایی باوەڕ بێبەش کرا، شێت دەبێتو بە هەموو ئاڕاستەیەکدا دەست دەوەشێنێتو، سەرەنجامەکەشی کارەسات دەبێت، هەر ئەمەش بوو لە سەدەی بیستەمدا ڕوویدا، کاتێك سەرچڵییەکانی ئەقڵی خۆراوا بوو بەهۆی دوو جەنگی جیهانیو، قەلاچۆکردنە ئیمپریالیستییەکانو، هیرۆشیما و ناکازاکیو، نازیزمو فاشیزم. جا ئایا سەرلەنوێ ئەقڵ بەرەو باوەڕ دەگەڕێتەوە؟ ئایا دەسبەرداری هەرچیو پەرچێتییەکەیو لەخۆباییبوونەکەی دەبێت؟ ئایا سەرەنجام دەگاتە ئەم ئەنجامەی خوارەوە: ئەگەر باوەڕ ڕۆشنگەراو فراوان بێت ، ئەوا لە هیچ شتێکدا زیان بە ئەقڵ ناگەیەنێتو لە سەربەستییەکەی کەم ناکاتەوە، بەڵکو ئاسۆکانی هیوا لەبەردەمیدا ئاوەڵا دەکاتو ڕەهەندێکی ڕۆحیو ئاکاری بە باڵای کارەکانی دەگرێت؟





## ڕۆشنگەریو خەوبینین بەجیهانێکی باشترەوە

ئۆلریچ ئێم هۆفی لێکۆڵەرەوە، مامۆستای مێژووی نوێیە لە زانکۆی بێرن لە سویسرا، پێی وایە ئامانجی ڕۆشنگەری بریتیبووە لە قەلاچۆکردنی کۆیلایەتیو خورافە ئاینییەکان، هەروەها مەبەستی بووە تارماییو تاریکستان ڕاوەدوو بنێت، بەڵام دەمارگیرە ئاینییەکان پێچەوانەی ئەوەیان دەویست: واتە هێشتنەوەی تاریکستانو کوێراییو نەزانی، ئەوان ڕقیان لەو ڕۆشناییانە دەبووەوە کە وردە وردە لە ئاسۆوە سەریان دەکێشا. بۆچی سەدەی هەژدەیەم بە سەدەی ڕۆشنگەریی نێوزەد کراوە؟ لەبەرئەوەی ئەگەر بڕوانینە سەدەکانی پێشتر، دەبینین بە ڕاستی لە ڕۆشنایی بێبەش بوون، بەڵێ ناتوانین بە دیکارت بڵێین ڕۆشنگەر نەبووە، گەرچی لە سەدەی حەڤدەیەمیشدا ژیاوە!!. هەمان شت بەنیسبەتی گالیلۆو پییر بایل و سپینۆزاو لایبنیزو مالبێرانچو دەیانی دیش، وەلێ ئەوانە لە سەردەمێکی ناڕۆشنگەردا ژیاون، ئەوانە حاڵەتی ئاوارتەی وەدیهێنانی پەرجووەکانن، بەڕاستیش، ئەو پەرجووانە لەسەر دەستی شارستانێتی ئەوروپایی نوێ هاتنە دی، کە ئێستا بە چاوی خۆمان

دەیبینین، شارستانێتییەکە سەراسیمەمان دەکات، بەڵکو جارجاریش ئێمە توشی شۆك دەکات، ئێمەی هاتوو لە کۆمەڵگا کۆنینەکانەوە، کۆمەڵگاکانی پێش مۆدێرنیزم یان پێش ئازادیو دیموکراسی، ڤۆڵتێر چەندان فەیلەسوفی مێژووی لێکەوتەوە، ئەوانەی بەدوای ئەودا هاتنو لە رووی گەشبینییان بەرامبەری ئایندەی چەشنی مرۆڤ، بە شوێنپێی ئەودا رۆیشتن، هەندێك لەوانە لە لیسینگ یان کانت یان کۆندۆرسێ، بەڵام رۆشنگەریی تەنیا بە رۆشنکردنەوەی ژیانی فیکرییەوە نەوەستا، بەڵکو مەبەستی بوو هەموو بوارەکانی ژیان رۆشنبکاتەوە، هەموو بوارە ئابوریو بازرگانیو سیاسیو سەربازییەکان، چونکە پێویستە ژیانی سیاسی رۆشنببێتەوە، واتە لەبەر رۆشنایی ئەقڵدا بکەوێتە رێ، هەمان شتیش بۆ ژیانی مەدەنی لەناو کۆمەڵگادا، بۆ سیستمی خوێندنو پەروەردە، تەنانەت کشتوکاڵو پیشەسازییو ئایینو ئاکارو، هەموو شتێك، جوڵانەوەی رۆشنگەری لە ماوەیەکی دیاریکراوی مێژووی مرۆڤایەتیی ئەوروپیدا سەری هەڵدا، هەر ئەویش شارستانێتییەکەی دروست کردو دواتر ناوچەکانی دیکەی سەر زەوی ئێرەیی پێدەبەن، کاتێك ئەو دەرکەوت، گۆڕەپانەکە بە تەواوی گۆشەنیگای ئاینیی یاخود تیۆلۆجیاوە بەرامبەری جیهان، داگیر کرابوو، ئیتر بەریەککەوتن لە نێوانی فەلسەفەی مرۆڤدۆستی نوێو ئەو جیهانبینییە کەلتورییەدا روویدا، کە رەگی بەناو ژیانی گەلە ئەوروپییەکاندا داکوتابوو، رێك وەك چۆن حاڵی حازر ئیسلام رەگی بە ناو مێژووی گەلی عەرەبی یان پاکستانی یان هی تردا داکوتاوە، هەربۆیە پێویستە ئەو رووکەشانەی ئێستای شارستانێتی ئەوروپا فریومان نەدات، کە وادەردەکەوێت لە هەموو سەرکوتکردنێکی تیۆلۆجییانە رزگاری بووبێت، وەك بڵێی لە هەموو مێژووی خۆیدا، ئاینی نەناسیوە! ئێمە کە لە دەرەوە بۆی دێین، هەندێجار تووشی وەهمی ئەوە دەبین کە هەر لە سەرەتاوە هەروابووەو هەتاهەتاشە هەروادەبێت، لە راستیدا ئەو شارستانێتییە کاتی خۆی ئوسوڵی، مەسیحییەکی





خوێنساردی بەسەرخۆدا داخراو بووە، رێك وەکو ئێمەی ئێستاو بگرە زیاتریش، بەڵام ئەوە سەردەمی رۆشنگەریی بوو لە فەندەمێنتاڵیزمەکەیو خوێنساردیەکەی رزگاری کرد، دوای ئەوەی جەنگە نێودارەکانی خۆی دژی بەستەڵەکی کەنیسە بەرپاکرد، لێرەوە گرنگی ئەم سەردەمەو پێویستی بە درێژیی راوەستان لەسەری دەردەکەوێت، بۆئەوەی تێبگەین چۆن شارستانێتی خۆراوایی ئێستا چەکەرەی کردووە.هەتالە ئەقڵییەتی نوێی خۆراوا تێنەگەین، کە دوای سەردەمی رۆشنگەری یان بەدەسپێك لەوێوە رەنگی گرتووە، ناتوانین وتووێژێکی بەسودو سەرکەوتوو لەگەڵ خۆراوادا ساز بکەین، ئەگەر ئەمە نەکەین، ئەوا وتووێژ لەگەڵیدا دەبێت بە دەمەتەقێی پیاوە کەڕەکان، واتە سودی نابێت، لەبەرئەوە دەڵێم حاڵی حازر وتووێژی نێوان جیهانی خۆراواو جیهانی ئیسلام، مەحاڵە، بۆچی؟ لەبەرئەوەی هیچ بەهایەکی هاوبەش یان پێوانەیەکی هاوبەش بۆ وتووێژ لە ئارادا نیەو بەمەش هەریەکە گۆرانی بۆ لەیلاکەی خۆی دەڵێتو، گوێ ناگرێت لەوەی ئەویتر دەیڵێت، ئەو بەهایانەی تا ئێستا ئێمە پێیانەوە نووساوین، رێك ئەوانەن کە خۆراوای دوای رۆشنگەریی تووڕی داون یان. کەواتە لە بارودۆخێکی ئاوادا لەیەك تێگەیشتنو هاوتایی چۆن دەگونجێت؟ لای خۆمان باسی دەمەتەقێی شارستانێتییەکان یان بەریەککەوتنیانت بۆ دەکەن، وەك بڵێی ئێمە خاوەنی شارستانێتییەکی گەشاوەینو دەتوانێت دەمەتەقێ لەگەڵ شارستانێتی خۆراوادا بکات یاخود تەنانەت بەریشی بکەوێت، ماوەی چوار سەدەیە، بەشداریی ئێمە لە بواری شارستانێتی مرۆڤایەتییدا چیە؟ مەبەستم لە بوارەکانی پزیشکیو دەرمانسازیو تەداویو چارەسەرکردنو تەکەنەلۆجیاو داهێنانی ئامێرە نوێیەکانو سووککردنی ئازارەکانی مرۆڤایەتییە؟ کوا بەشداریی ئێمە لە زانستە فیزیاییو کیمیاییو بایۆلۆجییەکانو پیادەکردنەکانیاندا؟ بگرە کوا بەشدارییمان لە بواری زانستە مرۆییەکانو فەلسەفەدا؟ خۆ لەوەتەی هەشت سەدە پێش ئێستا شارستانێتییە کلاسیکییەکەمان هەرەسی هێنا

(مێژووی مردنی ئیبن روشد). ئیتر ئێمە تاقە تیورییەکی فیکرییمان دانەهێناوە، تەنانەت یەك زاراوەی فەلسەفییشمان دانەهێناوە، ئینجا خەڵکێك دڵیان دێشێت لەبەرئەوەی خۆراوا بە شارستانییەت خۆیمان پێدا دەکێشێت! بۆیە تیورەی بەریەککەوتنی شارستانێتییەکان هەر لە بنەڕەتەوە رووخاوە، من ئەم قسەیە ناکەم بۆئەوەی بە یەزدانکردنی شارستانێتیی خۆراوایی رابگەیەنم، وەکو هەندێك دەڵێن، چونکە زۆر ناتەواویی و لادانی زۆریشی تێدایە، بەڵام هیچ کەسێك نکۆڵی لە بوونی شارستانێتی خۆراوایی ناکات. ئایا شارستانێتییەکەی خۆراوا شارستانێتییەکی خۆپەرستە؟ چاوبرسییە؟ ئایا زێدەڕەویی کردووە لە ئاڕاستەی سەرفکاریی مادیی فێ لێهاتوو، لەگەڵ ئەو چێژو لەزەت و رابواردنانەدا کە کۆتاییان بۆ نیە؟ ئایا سەرکەوتنە زانستی و تەکنەلۆجییەکانی لە سەرکەوتنە رەوشتی و رۆحییەکانی گەورەترن؟ بە دڵنیایی وایە، لێرەوە پێویستە رەخنە لە مۆدێرنیزم یان لە شارستانێتی خۆراوایی نوێ بگیرێت، بەڵام ئەگەر نەزانین چۆن سەریهەڵداوەو لەسەر چ بنەمایەکی فیکری یان فەلسەفی دامەزراوە، ناتوانین بەشێوەیەکی لێپرسراوانە رەخنەی لێبگرین.

لەبەر ئەم هۆیە من زۆر بەدرێژیی لەسەر سەردەمی رۆشنگەری رادەوەستم، پێویستە بزانین سەردەمی رۆشنگەری کە دووسەد ساڵ لەمەوبەر روویداوە، کە شارستانێتییەکەی پێکهێناوە، جێی شانازیو شکۆمەندیی ئەوروپایەو بە هۆیەوە لە هەموو کەلتورە مرۆییەکانی تر جیادەبێتەوە. لە سەرەتادا، رۆشنگەریی کاردانەوەیەك بوو بەرامبەری ئارسۆدۆکسیزمی ئایینیی باڵادەست (واتە فەندەمێنتاڵیزم)، ئەمە کرۆکی رۆشنگەرییەو ئەگەر ئەم خاڵە سەنتەرییە رەچاو نەکەین، ناتوانین لێیی تێبگەین، هەموو فەیلەسوفەکانی رۆشنگەری لە ساتێك لە ساتەکاندا، لەگەڵ پیاوانی ئاییندا بەریەك کەوتوون، هەرهەمووشیان لە فەندەمێنتاڵیزمی مەسیحی تۆقیبوون، بە تایبەتی لە وێنە کاسۆلیکییە





رەقوتەقەکەیدا، چونکە پێڕەوی پرۆتستانتی زیاتر بەسەر گیانی سەردەمە نوێیەکاندا ئاوەڵا ببوو، بێ ئەوەی ئەمە مانای ئەوە بێت کە ناوکێکی ئوسوڵی لە پرۆتستانتیزمدا نیە. لە راستیدا ئامانجی رۆشنگەریی گەیشتنبوو بە سەربەستی ئاخاوتن و نوسین، دروشمەکەی ئەمەی خوارەوە بوو: تەنها ئەو کەسە باش بیر دەکاتەوە، کە مافی ئەوەی هەیە بە ئازادی بیربکاتەوە، ئەم بیرکردنەوە ئازادە پێویست بوو بۆ چاککردنی بارودۆخی باوی ئەو کاتە، کە بە هیچ شێوەیەك مایەی رەزامەندیی نەبوو، فەیلەسوفەکانی رۆشنگەریی دەیانویست لە رێگای زانست و تەکنەلۆجیاوە، هەموو شتێك چاك بکەن: هەر لە سیاسەتەوە بۆ ئایین بۆ ئاکاری کۆمەڵایەتی، بۆ ئابووریی و کشتوکاڵ، بەمجۆرە دەبینین ئەوان پڕۆژەیەکی کامڵیان بۆ کۆمەڵگا پێبوو، هەرلەبەر ئەم هۆیە، دوای ئەوەی بەشێکی زۆری خەڵکیان بە دروستی و پەسەندیی پڕۆژەکەیان قایل کرد، توانییان بەسەر ئوسوڵییەکاندا زاڵ ببن، ئەوان فەلسەفەیان وەکو پڕۆژەیەکی تازەی دژ بە زانستی تیۆلۆجیای مەسیحیی، یان وەکو ئەڵتەرناتیڤێك، پێشکەشکرد، بیریارانی سەدەی هەژدە، پێیان وابوو سەردەمەکەیان سەردەمی نایابی فەلسەفەیە، حەزیان دەکرد ناوی: فەیلەسوف لە خۆیان بنێن، پیاوانی ئایینییش گاڵتەیان بە خۆیان و بە فەلسەفەکەشیان دەکردو بە چەك و تفاقی مەزنو شکۆدار ڕاگرتنی مەسیحییانە، کە لە هەیبەتی کتێبە پیرۆزەکانەوە هێنابوویان، دژایەتییان دەکردن، بەم شێوەیە، شەڕ لە نێوانی هەردوولادا هەڵگیرسا، ساتی یەکەمیش سەرکەوتن ئاسان نەبوو، هەروەها، زامنیش نەکرابوو، چونکە لە زانکۆ جیاجیاکانی ئەوروپادا، کۆلێجی زانستی تیۆلۆجیا (یاخود زانستی رەگ و ریشەکانی ئایین) دایکی هەموو کۆلێجەکان بوو، بەڵام لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەمدا، دوای ئەوەی فەلسەفە چەند جەنگێکی سەختی لە دژی ئەو گێڕا، توانی ئەو پایەیەی لە چنگ دەربهێنێت، بە نیسبەتی ئەو بیریارە نوێیانەوە، لە وێنەی دیدرۆ یان داڵامپێر، یان

ڤۆڵتێر، یاخود هی تر، مانای فەلسەفە خۆشویستنی دانایی و هەقیقەتی دونیایی و راستی بوو، کە بریتیە لە هەمان مانای رەسەنی لای گریکەکان، بەڵام لە هەمانکاتیشدا مانای بەدەستهێنانی زانینی دونیاییە، نەك ئاینیی، هەروەها مومارەسەکردنی زانستی سروشتیی، بەڵام بە شێوەیەکی تایبەتی مانای پیادەکردنی میتۆدی رەخنەیی بوو، بەسەر هەمووانداو بەسەربەستی و هەروەها بەسەر هەموو بابەتەکانیشدا: ئاکارو ئایین، یان سیاسەت و دەوڵەت، یان هونەرەکان و زانستەکان، بەڵام کاتێك لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەمدا دەربارەی گروپی فەیلەسوفەکان دەدوان، ئەوا مەبەستیان گروپێکی دیاریکراو بوو، ئەو فەیلەسوفانەی دەگرتەوە لە دەوری ئینسایکلۆپیدیاکەی دیدرۆ کۆ ببوونەوە، ئەو ئینسایکلۆپیدیایە هەموو پرۆژەی رۆشنگەریی پوختە کردو، نزیکەی هەموو فەیلەسوفەکانی ئەو سەردەمە بەشدارییان تێدا کرد، دیدرۆ لاوێکی کراوە بوو بەسەر هەر هەموو زانست و زانینەکاندا، باوك و دایکی دەیانەویست ببێت بەقەشە، بەڵام ئەو بەهۆی زیرەکی و بلیمەتییەکی زۆر زووەوە، توانی خۆی لە چنگی باوەڕە لاهوتییەکان و کەنیسە دەرباز بکات، دواتریش بوو بە دوژمنی سەرسەختی پیاوانی ئایین، لە راستیدا ئەو زۆر بەپەرۆش بوو بۆ فەلسەفەی رۆشنگەری و، لەوانەیە ئەگەر ئەو نەبوایە لە فەرەنسادا سەرنەدەکەوت، لەم رووەوە بایەخی ئەو لە بایەخی ڤۆڵتێر کەمتر نیە،

لە راستیدا، پرۆژەی ئینسایکلۆپیدیاکە خۆی لە خۆیدا ئامێرێکی جەنگی بوو دژی داخرانی ئوسوڵی پرتۆکاو، بۆیە، یەسوعییەکان (واتە سەرکردەکانی فەندەمێنتاڵیزمی مەسیحی ئەو کاتە) وەکو کتێبی شەیتان سەیریان دەکرد، زۆرجار هەوڵیان دا رایبوەستێنن، توانیشیان بۆماوەیەکی کاتی بیوەستێنن، بەڵام توانی هەتا کۆتایی بە شێوەیەکی ئاشکرا یان نهێنی بەردەوامبێت و هەموو زانین و زانستەکانی ئەو سەردەمەی گرتۆتە خۆی، لە هەموو بوارەکانیشدا، وادیارە ئەم کارە هەموو توانای دیدرۆی سەرف کرد، بە هۆی ئەو هەموو بەرەبەرەکانێ و





قۆرت و تەگەرە بۆ دانان و ئەو هەڕەشەو گوڕەشانەی رووبەڕوویان بۆوە، زۆرجار هەستی بە نائومێدی دەکردو بیری لە وازهێنان دەکردەوە، بەڵام تەنها ئەو شانازییەی بەسە، کە لە تویێی ئەوەوە یان بە هۆی ئەوەوە، جەنگە فیکرییەکەی خۆی گێڕا دژی دۆگماو تۆقاندنی ئوسوڵییانە.

## فەندەمێنتاڵیزمی خۆراوایی هاوچەرخ
## رەخنەگرتن لە جیهانگیریی و مۆدێرنیزم

رەنگە هەندێك سەریان بسوڕمێت من چۆن خۆراوا بە ئوسوڵی نێوزەد دەکەم، خۆراوایەك لانی کەم سێ سەدە پێش ئێستا بە گژ داخرانی یەزدانگەرای مەسیحیدا چۆتەوە، بەڵام رەنگە لە کۆتایی وتارەکەدا مەبەستەکەم روون ببێتەوە، لە راستیدا خۆم دەبینم ناچارم لە یەك کاتدا، لە چەند شەڕگەیەکدا جەنگە فیکرییەکە بگێڕم، کاتێك مەسەلەکە دەربارەی خۆمان بێت، بانگەشە دەکەم بۆ لێکهەڵوەشاندنی بەبەردبوونی ئەقڵو کرانەوەی بیری ئیسلامی بە ڕووی ئاسۆکانی مۆدێرنیزمو رۆشنگەرییدا، کە ئەوەش کرانەوەیەکە خێروبێری زۆری لێدەکەوێتەوە بۆ گەلی عەرەب و ئیسلام، لەبەر ئەم هۆیە، من کاتێکی زۆرم بەسەربرد لە پێشکەشکردنی ئەزمونی رۆشنگەریی ئەوروپییدا، لەسەر لاپەڕەکانی ئەم رۆژنامەیە، وتم ئەم رۆشنگەرییە لە هەندێك لایەنیدا قەرزاری فەیلەسوفەکانی عەرەب و ئیسلامە، ئەو کاتەی زانستو فەلسەفەو شارستانێتیمان هەبوو، کاتێکیش مەسەلەکە پەیوەندیی بەخۆراوای هاوچەرخ و هەژمونەکەیەوە، بەسەر توانا ئابوری و سیاسی و سەربازی و تەکنەلۆجییەکانی جیهانەوە هەبێت، ئەوا





من هیچم لە دەستنایەت ئەوە نەبێت کە ئاماژە بکەم بۆ لایەنە نەرێیەکانی ئەم هەژموونە، بە تایبەتیش چارم نیە، جگە لەوەی ئاماژە بکەم بۆ ئەو چارەنوسەی مۆدێرنیزم پێی گەیشتووە، چونکە بە ئاڕاستەی پێچەوانەدا زێدەڕۆییەکی زۆری کردووە: واتە بە ئاڕاستەی رزگاربوون لە هەموو بەهاو دیسپلینەکان، سەرەتا پرۆژەکەی رزگاریخوازو مژدەبەخش بوو، بەڵام دواجار کۆتایی هات بۆ ناو چەشنێك لە ئایدیۆلۆجیای سەرکوتکەرانە، یان فەندەمێنتاڵیزمێکی وشکوبرینگ، بە هیچ جۆرێك وتوێژ قبووڵ ناکات، بێشك ئەمە مانای ئەوە نیە من نکۆڵیدەکەم لە لایەنە ئەرێکانی مۆدێرنیزمی هاوچەرخ، یاخود بانگەشە دەکەم بۆ گەڕانەوە بەرەو دواوە. بەڵکو بانگەشەی لە بێژنگدانی مۆدێرنیزمو رەخنەلێگرتنی دەکەم، بۆئەوەی زیاتر مرۆیی بێت، لە راستیشدا گەورە بیریاران خۆراوا لە وێنەی ئالان تۆرینو یۆرگین هابرمازو زانای کۆمەڵناسی کوچکردووی فەڕەنسا پییر بۆردیۆ...هتد هەر ئاوا دەکەن، هەر ئەمەشە کە بە شێوەیەکی دیکە، زانایانی ئایین بانگەشەی بۆ دەکەن چ لە خۆرەڵات یان لە خۆراوا، لێرەدا پرسیارەکە ئەمەیە: چۆن مۆدێرنیزم گۆڕا بۆ ئایدیۆلۆجیایەکی سەرکوتکەرانە، یان تەنانەت بۆ ئایدیۆلۆجیایەکی ئوسوڵیيانەی رەها کە دەیەوێت بێ هیچ وتووێژێك، خۆی بەسەر جیهاندا بسەپێنێت؟ بە واتایەکی دی: پڕۆژەی رۆشنگەریو مۆدێرنیزم چۆن قڵپ بۆوە بۆ دژەکەی، کەی؟ ناتوانم لە توێی وتارێك یان چەند وتارێکەوە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە. بەڵام هێندە بەسە ئاماژە بکەین بۆ هێڵە درشتەکانی، زانراوە کە لیبراڵیزمی زێدەڕۆ یان نوێ، کە ئەمڕۆ لە توێی بەجیهانیکردنی راماڵەرەوە، هەژمونی بەسەر مرۆڤایەتییدا کێشاوە، لە سەردەمی ریگانو تاتشەردا گەیشتبووە ترۆپك، هەروەها سەرمایەدارییی لە بڵندترین لوتکەی لەخۆبایبوونو لوتبەرزیو بێزێنەری سۆزە مرۆییەکاندا، بەرجەستە دەکات، سەرباری ئەو بەرگرییەی پارتە سوسیال دیموکراتەکان لە رووی ئەم ئایدیۆلۆجیایەدا کە خۆراوای گرتۆتەوە، کردوویانە، بەڵام دواجار

هەموویان تەسلیم بوون، دەڵێن پییر بۆردیۆ، دە ڕۆژ پێش ئەوەی لە نەخۆشخانەدا بمرێت، گازاندەی لە گۆسپان و پارتی سۆسیالیستی فەڕەنسی دەکرد، چونکە لە پێناوی مانەوە لە دەسەڵاتدا، خیانەتی لە بیروباوەڕەکانی خۆی کرد، چونکە هەتا دەوڵەمەندی کۆمپانیاکان و پیاوانی کارگوزار زیادی بکردایە، توێژەکانی هەژاری لە کۆمەڵگای فەڕەنسییدا زیاتر تەشەنەیان دەکرد. ئێستاش لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا، تەرکیز دەکەنە سەر مەسەلەی ئاسایشی شارەکان و سەر شەقامەکان، شیراك و گۆسپان لەسەر کریستاڵەکردنی پڕۆژەکانی هەژاری کێبەرکێیانە، هەریەکەیان موزایەدە بەسەر ئەوەی ترەوە دەکات بۆ نەخشەکێشانی سیاسەتێکی تۆکمەو توندی ئاینده، ڕاستە هەندێکجار گۆسپان ئاماژە دەکات بۆ لایەنی کۆمەڵایەتی گرفتەکەو دەڵێت بێکاری تەشەنەکردوو لە نێوان کرێکارە ڕەوکردووەکان و جالییەی عەرەبی و ئەفەریقی ڕەوکردوودا، هۆی بڵاوبوونەوەی تاوان و کەتنە لە کۆمەڵگای فەڕەنسیدا، بەڵام هەتا ئێستا گۆسپان شتێکی نەکردووە بۆ گۆڕینی ڕەوشی ڕاستەقینەی ئەو جالییە هەژارانەی لە کەناری شارەکاندا دەژین، گومان لەوەدا نیە لەم مەسەلەیەدا چەپ لە ڕاست باشترە، بەڵام سەرەنجام هەردوو لایەنەکە بە جۆرێك لێك نزیككەوتوونەتەوە کە هاوڵاتی فەڕەنسی چیتر نازانێت چۆن لێکیان جیا بکاتەوە! خەڵك وایان لێهاتووە دەڵێن دەنگدان بۆ شیراك و گۆسپان یەك شتە! چی قەوماوە هەتا ئایدیۆلۆجیای لیبراڵیزمی نوێ (یان سەرمایەدارێتی نوێ) کۆنترۆڵی کۆمەڵگا بکات؟ پارتە سوسیال دیموکراتەکان بۆچی دەستیان کێشاوەتەوە، واتە پارتەکانی بلەیرو شرۆدەرو گۆسپان، بوون بە کۆپییەکی پوختەکراو لە سەرمایەدارێتی؟ لە ڕاستیدا، دوای هەرەسهێنانی کۆمۆنیزم، خۆراوا تا ڕادەی لەخۆباییبوون لە خۆی و ئایدیۆلۆجیاکەی دڵنیا بووە، تیوریستە ئایدیۆلۆجییەکانی خۆراوا، لەنمونەی فۆکۆیاما، وایاندانا مێژوو کۆتایی هاتووە یان گەیشتۆتە شوێنی سەقامگیری خۆی، ئایدیۆلۆجیای لیبراڵیی (ئەوەی





خۆی وەکو ئایدیۆلۆجیا پێشکەش ناکات) بووە بە هەقیقەتێکی ڕەهاو نزیکە پیرۆز، بەمەش دەبێت بەسەر هەموو گەلەکانی سەر زەمیندا بڵاوبکرێتەوە، چونکە دوای ئەو هیچ شتێکی تر لە گۆڕێ نیە. ئەی لەوێدا مێژوو کۆتایی نەهات یان سەرنەکەوت؟ کامانەیە پرەنسیپەکانی ئەو ئایدیۆلۆجیایەی باڵی بەسەر کۆمەڵگاکانی خۆراوادا کێشاوە؟ یەکەم پیرۆزکردنی یاساکانی بازاڕ و دەست بۆنەبردنیان هەتا ئەگەر بشبنە هۆی دەوڵەمەندیی زۆرو هەژاریی تەواویش بەیەکەوە! پاشان پەرستنی پارەو سەرمایەو بێزراندنی هەموو مرۆڤێکی هەژار چونکە نەیزانیوە چۆن و بە چ ڕێگایەك دەوڵەمەند ببێت. یەکەمجارە لەکۆمەڵگا خۆراواییەکاندا، سامان بەهایەکی ئەرێ وەردەگرێت، لەبەرئەوەی پێشتر لە لایەنی بەها ئاینییەکانەوە، کە زیاتر بە لای هەژاردا دەیشکێننەوە، ئیدانە کرابوو. تەنانەت ماکس ڤێبەری زانای کۆمەڵناسی نێوداری ئەڵمان، کە بە شکۆدارکردنی سەرمایەدارێتی تاوانبارکرابوو، بە هیچ جۆرێك لە کتێبەکانیدا ستایشی سامانی نەکردووە، هەرگیز ستایشی چاوچنۆکی بانکەکان و دەوڵەمەندی لە ڕادەبەدەری نەکردووە، ئیتر زێدەمەسرەفی و سەرفکردنی ملیۆنەها دینار بەبێ هۆ، ئەوە هەر مەپرسە، بە پێچەوانەوە، ئەو دەییووت ڕۆحی سەرمایەدارێتی لە تۆکمەیی و دەستنوقاوی و ڕەنجکێشان و کارکردن و بەجێگەیاندنی ئەرکی سەرشاندا، وێنا دەبێت! ئەو باسی سەرەتاکانی سەرمایەدارێتی دەکرد، واتە ئەو کاتەی هێشتا بەهایەك و مانایەکی هەبوو، سەرمایەداری ڕەسەن، کاتێك هەستی دەکرد ئەرکی خۆی بەجێگەیاندووە، گەورەترین شادمانی پێدەبڕا. لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمیشدا، پیشەسازو سەرمایەداری ئەمریکایی مەزن "مۆرگان" پیاوێکی بەڕێزی مامناوەندی بوو لە قازانجکردنی پارەدا، بۆنمونە، ئەو دەییووت: نابێت بەڕێوەبەری هیچ کۆمپانیایەك لە کۆمپانیاکانی بە خۆشییەوە مووچەکەی لە بیست ئەوەندەی موچەی کرێکارەکانی زیاتر بێت، بە واتای ئەگەر بۆ نمونە کرێکار لە مانگێکدا

هەزار دۆلاری دەست بکەوێت، ئەوا نابێت مووچەی خاوەنکارەکەی لە بیست هەزار دۆلار زیاتر بێت. ئەی ئێستا چی روویداوە؟ ئایا سەرمایەداری هاوچەرخ بەوە رازیی دەبێت کە پێشینە کۆنەکەی خۆی پێڕازیی بووە؟ ئەو ئامارە متمانەپێکراوانەی "دیریك بۆك" سەرەکی پێشووی زانکۆی هارڤارد پێشکەشی کردوون، دەڵێن کە لە شەستەکاندا مووچەی خاوەن کار زیاتر لە چلوسێ ئەوەندەی مووچەی کرێکار زیادی کردووە، پاشان لە نەوەدەکاندا قەڵەمبازێکی گەورەی داوەو گەیشتۆتە سەدو چلوسێ ئەوەندە! بامەسەلەکە روونتر بکەینەوە: مووچەی میستەر "پییر سیوار" بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکی گرنگی فەڕەنسا لەم دواییانەدا گەیشتە سەدوپەنجا هەزار دۆلار لە مانگێکدا! لە کاتێکدا ئەو کرێکارەی لای ئیش دەکات، هەزار دۆلار یان ئەوپەڕی هەزارو پێنجسەد دۆلار زیاتر وەرناگرێت. ئایا ئەمە شارستانێتییەکی مرۆڤدۆستە؟ قازانجی بەڕێوەبەری کۆمپانیای "واڵت دیزنی" یاری منداڵانی نێودار لە پاریس، لە ساڵی 1993دا، گەیشتە یەك ملیار فرەنکی فەڕەنسی، واتە نزیکەی دووسەد ملیۆن دۆلار. خۆ "جۆرج سۆروس"ی سەڕڕاف لە بۆرسە جیهانییەکاندا، لە هەمان ساڵدا داهاتەکەی ملیارێك دۆلار بووە!! ئەمە ژمارەیەکی پێوانەییەو یەکسانە بە داهاتی دەوڵەتێکی وەکو چاد، وادیارە کۆمەڵگا خۆراواییەکان هەتا حەفتاکان بە دڕدۆنگی سەیری دەوڵەمەندانیان دەکردو بەشێوەیەکی گشتی بە چاوێکی نەرێ بۆیان دەڕوانین، پێیان وابووە بەها ئاکارییەکان لایەنگیری هەژار یان مرۆڤی ئاسایین، بەڵام لەم سی ساڵەی دواییدا بەهاکان قڵپ بوونەوە، دەوڵەمەندیی بوو بەڕەمزیی سەرکەوتن و درەوشانەوەو شۆرەت و هەموو بەها ئەرێکان لەودا بەرجەستە بوون. چیتر کەس ناپرسێت ئەم هەموو سامانەی لە کوێ هێناوە، یان بەچ شێوازێك پەیدای کردووە، گرنگ ئەوەیە دەوڵەمەندە، پارە بووە بە خودای جەماوەر، هیچ پێوانەیەك بۆ بەهایەکی تری غەیری ئەو نەماوە، دروشمەکە بووە بەمە: پێم بڵێ ژمارەی حیسابەکەت لە بانك چەندە. پێت دەڵێم تۆ کێیت!





ئەگەر ملیۆنێك دۆلار بێت ئەوا تۆ بایی ملیۆنێك دۆلاریت، خۆ ئەگەر هەزار دۆلار بێت ئەوا تۆ بایی هەزار دۆلاریت، ئەگەر سفر بێت ئەوا خۆت یەکسانیت بە سفر! ئیتر لە کۆمەڵگاکانی جیهانگیریی شارستاندا، بەها مرۆیی و ئاکاری و تەنانەت رۆشنبیری و فیکرییەکانیش بوونەتە مایەی گاڵتەجاڕی و ڕابواردن. فەیلەسوفەکانی رۆشنگەری و مۆدێرنیزم لە پێناوی ئەم بەهایانەدا خەباتیان کرد؟ ئایا لە پێناوی ئەم کۆمەڵگایەدا بوو کە جان جاك رۆسۆ گوتارە نێودارەکەی نوسی؟ وتارەکەی دەربارەی ئەسڵی ستەم و نایەکسانی لە نێوان مرۆڤەکاندا؟ ئایا دەشێت لە سایەی جیهانگیرییەکی ئاوا تاوانباردا، سیستمێکی جیهانی نوێ پێك بێت؟

# فەندەمێنتاڵیزم و ململانێی شارستانێتییەکان

## حاڵی حازر ئێمە شارستانێتیەکمان نیە تا ململانێی شارستانێتی خۆراوای پێ بکەین.

ناتوانین لەسەردەمی ڕۆشنگەریی تێبگەین، هەتا ئەو دەمارگیرییە ئاینیو جەنگە مەزهەبییە ئاینییانە لەبەرچاو نەگرین، کە بە درێژایی دووسەد ساڵ ئەوروپایان لەتوپەت کردبوو، چەمکی لێبوردەیی لە ئەسڵدا بۆ چارەسەری ئەم گرفتە دەرکەوتووە: واتە گرفتی پێکەوەژیانی هەردوو پێڕەوە بنەڕەتییەکەی ئاینی مەسیحی: پێڕەوی کاسۆلیكو پێڕەوی پرۆتستانت، بەمەش پێویستە ڕۆشنگەریی لەناو ڕەوتە مێژووییەکەی خۆیدا دابنێین، بۆ ئەوەی لە هەقیقەتەکەی تێبگەین، ئەو چەمکە بۆ وەڵامدانەوەی پێویستییەکی گرنگ دەرکەوتووە، کە بریتیە لە: بەدەستهێنانی ئازادی باوەڕو ویژدان، پاشان بەدەستهێنانی مافی جیاوازیی لە ڕاڤەکردنی دەقە پیرۆزەکاندا، کاتێك لە نێوانی پیاوانی ئایینو فەیلەسوفەکاندا ململانێ هەڵگیرسا، لەسەر مەسەلەی لێبوردەیی بوو، چونکە زانایانی ئاینی مەسیحیی پێیانوابوو باوەڕهێنان بەچەند بۆچوونێکی ئاینیی مەرجێکی بنەڕەتیی پێویستە بۆ ئەوەی لە ئاخیرەتدا





سەرفراز ببین، ئەو کەسەی باوەڕی بەوانە نەبێت، کافرەو چارەنوسەکەی دۆزەخو ئەوپەڕی نەهامەتییە، بۆیە پێویستە بەرەبەرەکانێی بکرێتو بە هەموو شێوەیەك زۆری بۆ بهێنرێت، نابێت لەگەڵیدا لێبوردە بین، چونکە ئەو دەکەوێتە دەرەوەی باوەڕە یەزدانییەکەوە، بەمەش لە لای ئوسوڵییەکان چەمکی لێبوردن هیچ مانایەکی نەبوو، بەڵکو بریتیبوو لەوەی ئێمە ناوی دەنێین بیرلێنەکراوە، یان ئەوەی مەحاڵە بیری لێبکرێتەوە، ئەوکاتە هیچ مەسیحییەك نەیدەتوانی لەوە تێبگات کە فەیلەسوفەکان بۆچی داوای لێبوردەیی دەکەن، چۆن دەتوانین لەگەڵ کەسێکدا لێبوردە بین کە هەقیقەتە یەزدانییەکە ڕەتدەکاتەوە؟ ئایا ئەوکەسە مافی ئەوەی هەیە لەسەر زەوی بوونی هەبێت یاخود بەردەوام ببێت لەبووندا؟. مەبەستی ئوسوڵییەکان تەنها فەیلەسوفو بێباوەڕەکان نەبوو، بەڵکو بە هەمانشێوە مەبەستیان لە شوێنکەوتوانی پێڕەوی دژ بەخۆیان، یاخود شوێنکەوتووانی ئایینەکانی تری غەیرە مەسیحیش بوو، بۆنمونە شوێنکەوتووانی پێڕەوی کاسۆلیکی لە فەڕەنسا پێیانوابوو کەمینەی پرۆتستانت کافرن یان هەرتەقەبازنو بۆیە نابێت سنگیان فراوانبێت لەگەڵیاندا، گەرچی پرۆتستانتەکانیش وەکو کاسۆلیکەکان باوەڕیان بە مەسیح هەبوو، جگە لە ئینجیل کتێبێکی تریان نەبوو. بەڵام بێجگە لەو دووانە، ئیتر بە تەواوی لە کاسۆلیکەکان جیاواز بوون، واتە لە لقو پۆپەکانی ئاییندا جیاوازبوون، نەك لە ڕەگوڕیشەکەیدا (ڕێك وەك ئەوەی لە نێوانی سوننەو شیعەدا هەیە، ئەوانیش لەسەر کتێبو پێغەمبەرایەتی کۆکن، واتە لەسەر قورئانو محەمەد، بەڵام ئەوەی لێدەرچێت لە هەموو شتێکدا جیاوازن). ئەمە مانای ئەوەیە، ئوسوڵی کەسێکە ناتوانێت لە مەسەلەی ئایینو باوەڕدا هیچ جیاوازییەك قبووڵ بکات.

لێرەدا، بۆ ئەوەی لە کەسێتی مرۆڤی ئوسوڵی کەللەو شك تێبگەین، پێویستە شیکردنەوەیەکی دەرونی بۆ بکەین، کەسی ئوسوڵی کەسێکی

زۆر كامەرانــە، زۆر زۆر دڵنیایــە، بەپێــچەوانەی ئــەو وەهمــەوە كــە ئێمــە دەربارەی ئەو هەمانە، ئەو كامەرانترین ئافەریدەی خودایە لەسەر زەوی، بۆچـی؟ لەبەرئـەوەی پێیوایـە ئـەو خـاوەنی هەقیقـەتی رەهایـە، هەقیقـەتی پیرۆز، ئەو هەقیقەتـەی دوای ئـەو هـیچ هەقیقـەتێكی تـر نیـە، بۆیـە بەلایـەوە سەیرە چۆن خەڵكێكی دی هەن باوەڕیان بەو هەقیقەتە نیە یاخود بە پەلە باوەشـی پێـدا ناكـەن، ئـەو ئەمـە بـە ئابڕووچـوونێك دادەنێـت كـە بەرگـەی ناگیرێتو لە رووی شەرعەوە پێیوایە سڕینەوە یان لەناوبردنی هەركەسێك بــاوەڕی بــەو بــاوەڕە "یەزدانییــە" نــەبێت، كــارێكی شــەرعییە، هــەر لێرەیــشەوەیە ئوســوڵییەكان بــۆ ســەربڕینو كوشــتن زۆر چاونەترســن، بۆنمونە كاتێك سواری فڕۆكە دەبن، ئافرەتە جوانە میواندارێكـەرەكانی نـاو تەیارەكـە دەگـرنو بـێ ئـەوەی چـاویان بتروكێـنن، گۆشـاوگۆش سـەریان دەبــڕن، جارجــارە لــە جــەزائیر ئوســتادو رۆشــنبیرەكان لەبــەردەمی خێزانەكانیاندا وەكو مەڕ سەردەبڕن، بگرە ژنو منداڵو خێزانەكان سەراپا سەردەبڕن، بێ ئەوەی ئەو كارە تۆزقاڵێك ویژدانیان ئازار بدات، بۆچی؟ چـونكە ئـەوان فەتواكـە جێبـەجێ دەكـەنو فـەرمانی یـەزدان لەسـەر زەوی بەجێ دەگەیەنن، یـاخود ئـاوای بۆدەچـن. گـەر لـەم ئاستەی قووڵبوونـەوەدا مەسـەلەكە شـەنو كـەو نەكـەین، ئـەوا هـەرگیز لـەوە تێناگـەین كـە ئێـستا روودەدات، تێناگـەین هـۆی چاونەترسـی ئوسـوڵییەكان لـە قەلاچـۆكردنو سەربڕینی بە كۆمەڵو سوكایەتیكردنیان بە ژیانی مرۆییدا، چیە،

## زامنێكی شەرعی

ئـەوەی خـاوەنی هەقیقـەتی یـەزدانی بێـت، مـافی هـەموو شـتێكی هەیـە، پێویستە داكۆكیكردنی لـەو هەقیقەتـە بگاتـە ئاستی قوربانیـدان بەخودی خــۆی، یــاخود بگاتــە ئاســتی كوشــتنی خــەڵكانی دی، لــە هــەردوو حاڵەتەكەشدا ئەو كەسە خاوەن هەقیقەتە یەزدانییە لای خودا شەهیدە... فـەتوا ئاینییـەكان زامنێكـی شـەرعی پێـشكەش مرۆڤـی ئوسـوڵی دەكـەن، دڵنیاییـەكی دەروونـی وەهـای پێدەبەخـشن، كـە نـرخو بـەهای لـە پێوانـە





نایـەت، ئەگـەر ئـەوە نەبوایـە، بـوێریی نـەدەكرد كـەس بكوژێت، ئەگـەر ئـەو فەتوایـە نەبوایـە، بـەهۆی ئـەو هـەموو تاوانكارییانـەوە، ئـەقڵی تێك دەچوو یــان شــێت دەبــوو، بۆیــە دەڵــێین لێكهەڵوەشــاندنو شــیكردنەوەی تیۆلۆجیاكەی سەدەكانی ناوەڕاست (یاخود فیقهی سەدەكانی ناوەڕاست) حاڵی حازرو ئایندەش شتێكی زۆر پێویستە، چونكە مادام ئەو تیۆلۆجیا تاریكستانە بەسەر ئەقڵییەتی ملیۆنان كەسدا، باڵادەستو باوە، ئەگەر ئەو كــارە نەكــەین، چارەســەرو رزگاربوونمــان نیــە. كوشــتنو بــڕین بــەناوی یەزدانـەوە، بەبەرەكـەتی خـواو هـەتا خـوا پێـی خـۆش بێـت، هـەر بـەردەوام دەبێت. گرفتەكە زۆر تۆقێنەرو ترسناكە، ئەگەر مەسیحییە ئەوروپیەكان بە درێــژایی ســێ ســەدە لــە پێنــاوی رزگــاربوون لــە فەندەمێنتاڵیزمەكــەیان تێكۆشــابن، ئایــا ئێمــە چــەندمان پێویــستە؟ پێویــستە ئــەوە بــزانین كــە پێكداهەڵپــژان لەگـەڵ تیۆلۆجیای ئوسوڵییدا هـەر لـە ساتی سـپینۆزاوە لـە كۆتاییـەكانی سـەدەی حەڤدەیەمـدا روویـداوەو، هـەتا دوای بەسـتنی كـۆڕە نێودارەكەی كەنیسە كە بە ناوی ڤاتیكانی دووەمەوە ناسراوە، بە تـەواویی سەركەوتنی بەدەست نـەهێنا، ئەمـەش مانـای ئەوەیە فەندەمێنتاڵیزم سێ سـەدە ئەوروپییـەكانی سـەرقاڵ كـرد، پێشئەوەی بتـوانن چارەسـەرێكی بـۆ بدۆزنەوە، جا ئایا ئێمە دەتوانین سێ سەدەی درێژ چاوەڕێ بكـەین؟ بێشك نا، بـەڵام ئـەو كەسـەی وابزانێـت كێشەی فەندەمێنتاڵیزمی ئێمـە، سبەینێ یان دووسبەی چارەسەر دەكرێت، بەهەڵەدا چووە. مەسـەلەكە زۆر گرنگـەو پەیوەندیی بەهۆشی ملیارێك كـەس یـان زیـاترەوە هەیـە، لەوانەیـە سـەدەی بیــستویەك یــان بەلایــەنی كەمــەوە تــا ناوەڕاســتی ســەدەی بیــستویەك بخایــەنێت، بــەڵام بــۆ راســتكردنەوەی كەســانی وەك بــن لادن و محەمــەد عومـەرو هاوشـێوەكانیان، ئـەوا بـە لایـەنی كەمـەوە پێویستیمان بـە هـەزار ساڵە. رەنگـە یـەكێك بڵێت، بـەڵام دەستێوەردانی دەرەكیو كاریگـەری ئـەو جیهانگیرییــــەی لەهــــەموو لایەكــــەوە دەوری گرتــــووین دەبنــــە هــــۆی خێراتركردنی پرۆسەكە، لەوانەیە وابێت، بەڵام چارەسـەر لـە ڕەگوڕیشەوە.

لەناوەوە نەبێت ناکرێت، واتە لە موسوڵمانەکان خۆیانەوە. دواجار گرفتەکە گرفتی خۆیانە، ئەگەر لەم دواییانەدا غەیری خۆشیانی گرتبێتەوەو پارچەو پزیسکیان بەرکەوتبێت (یان زیاتر لە پڕیشك‌و پزیسك، چونکە شورەییە وێرانکارییەکانی نیویۆرك‌و واشینتۆن بە پڕیشك بەرکەوتن دابنێین!.) بۆچی دەڵێم گرفتەکە خەتەرناکە، تۆقێنەرە، ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت؟ تەنها لەبەر ئەوە نا کە ئەوەی لە ئەوروپا روویدا، لەگەڵ ئەوەی لە ئایندەدا لای ئێمە روو دەدات، بەراورد دەکەم‌و درك بەمەودای ئەو ئەرکانە دەکەم کە فەیلەسوفانی ئەوروپا ماوەی چەندان نەوە کێشاویانە بۆ لەناوبردنی ئەختەبوتی فەندەمێنتاڵیزم، بەڵکو لەبەرئەوەیە من درك بەمەودای خەتەرناکی رووبەڕووبوونەوەی شوناسی کەلتوریی قووڵ دەکەم، ئەمە قورسترین کارو زەحمەت ترینیان لەسەر ئەستۆی خود.

## قورسترین خزمەتگوزاریی

لەم بارەیەوە وتەکەی نیچەم بیردێتەوە، کە دەڵێت: خزمەتکردنی هەقیقەت قورسترین چەشنی خزمەتکردنە، کێ دەوێرێت رووبەڕووی خودی خۆی‌و هەقیقەتە قووڵەکەی ببێتەوە؟ لەگەڵ ئەوەشدا، بە نیسبەتی موسوڵمانەکانەوە، ساتەوەختی هەقیقەت نزیك بۆتەوە یاخود خەریکە نزیك دەبێتەوە، هەموو نیشانەکان ئاماژە دەکەن بۆ ئەوەی ئێمە لە ناوچەی هەقیقەتە گەورەکان نزیك بووینەتەوە. پێویستە بزانین لە چەند دەهەیەکی داهاتوودا، مێژوویەتی دەقە پیرۆزەکان وردە وردە کەشف دەبن، بە کەشف بوونیشیان بوومەلەرزەیەکی فیکریی وەها دەقەومێت کە سەدان ساڵە مێژووی ئێمە بەخۆیەوە نەیبینیوە، خۆشی لەو کەسەی بە چاوی خۆی ئەو رۆژە چاوەڕوانکراوە دەبینێت، دەتوانین وەها لەو جوڵانەوە ئوسوڵییە بوژاوەیە تێبگەین کە ئێستا لەسەر مەداری ملیار کەس گەشەی کردووە، ئەوە دوایین هەوڵی نائومێدانەیە بۆ رێگرتن لە





روداوە فیکرییە مەزنەکە، ئەو روداوەی لە مردن زیاتر لێیدەترسێت، ئەو روداوە روداوێکی راچڵەکێنەرە، بۆیە تا ئێستاش کەسێتی دەستەجەمی رەتیدەکاتەوە یان سڵی لێدەکاتەوە یاخود چاوی خۆی لێدەنوقێنێت، یان لە ترسی ئاکامەکانی دوای دەخات، ئەمە بە لایەنی کەمەوە یەکێکە لەو راڤەکردنانەی ئێمە بۆ دیاردەی فەندەمێنتاڵیزم پێشکەشی دەکەین. بۆیە وتم وردە وردە روودەدات، چونکە ئەگەر لە پڕێکدا یان بەسەر یەکەوە هەقیقەتت بۆ کەشف ببێت، ئەوا هەر لە جێدا دەتکوژێت! چەندان هەقیقەتی گەورە هەن، تەنها کەمینەیەکی کەمی فەیلەسوفەکان بەرگەی فشارەکەی دەگرن، بەڵام سەبارەت بە زۆرینەی خەڵك، ئەوا پێویستە دڵۆپ دڵۆپ پێشکەشیان بکرێت، وەك چۆن دەرمان دەدرێت بە نەخۆش.

ئەوەی بە درێژایی سەدە درێژەکان لەسەر بنەمای یەقینە رەهاکان ژیانی بەسەر بردبێت، ناتوانێت لە نێوان شەوو ڕۆژێکدا بیگۆڕێت، بەڵکو ئەوە راتەکاندنێکی توند بۆ کەسێتی دەستەجەمی دروستدەکات، چەندەها کاردانەوەی هەڕاو دەورو ژێنێت کە حاڵی حازر کەس ناتوانێت بەرگەی لێپرسراوێتییەکەی بگرێت. پێویستە خۆراوا لەمە تێبگات‌و حوکمی سەختی زیاد لە پێویست بەسەر موسوڵمانەکاندا نەدات، چونکە ئەمان خۆشیان دوای ئەوەی کاروانەکە زۆر جێیهێشتوون، دەستەوسان بوون، لە هەموو ڕوویەکەوە لە بارودۆخێکی سەخت‌و کارەساتاوییدا دەژین، هەر بۆیە بە رۆشنبیرو سیاسەتکارانی خۆراواش دەڵێم زۆر سەریان لەوە سوڕ نەمێنێت کە لای ئێمە روو دەدات، گاڵتەمان پێ نەکەن‌و تانەی ئەوەمان لێنەدەن لەناو گرفتی فەندەمێنتاڵیزمدا دەتلێینەوە، ئەوانیش خۆیان ماوەیەکی زۆر لە ناو فەندەمێنتاڵیزمی خۆیاندا تلاونەتەوەو، دوای وێڵبوونێکی دوورو درێژ، ئینجا یەکەمین داوە تیشکی بەرەو رۆشناییان بۆ کەشفبووە، هێندە بەسە کەم تا زۆرێك بگەڕێنەوە بۆ دواوە، تا قەبارەی ئەو جەنگە سەختانە ببینن کە فەیلەسوفەکانیان لە سەدەی هەژدەو نۆزدەدا گێڕاویانە، سەرەتاکانی ئەو جەنگە بە هۆی قەیرانی مۆدێنیزمەوە

هەڵگیرساوە، بگرە سەدەی بیستەمیشی گرتۆتەوە بڕوانە پیادەکردنی میتۆدی مێژوویی بەسەر ئینجیلدا، چۆن مەسیحییەکانی کرد بە دوو بەشەوە: بەشێکی ئوسوڵی کەللەوشك، لەگەڵ بەشێکی لیبراڵی ئازادیخوا). بەڵێ بیریارە ئازادیخواکانی ئەوروپا لە پێناو رزگارکردنی گیان لە قاوغەکەی خۆی، لە پێوەندەکانی، گەورەترین جەنگیان لە مێژووی مرۆڤایەتییدا گێڕاوە، بەڵێ ئەوە نمونەی گەورەترین سەرچڵییە لە مێژووی بیری مرۆییدا، سەرچڵی سەرکەوتن بەسەر فەندەمێنتاڵیزمدا، وەلێ ئەو رزگاریە لە نێوانی شەوو رۆژێکدا رووی نەدا، بۆیە پێیان دەڵێین: تۆزێك کاتمان بدەنێ بۆئەوەی گرفتەکانمان لەگەڵ خودی خۆماندا، لەگەڵ مێژووی خۆماندا، لەگەڵ کەلتوری خۆماندا، لەگەڵ فەندەمێنتاڵیزمی خۆماندا، چارەسەر بکەین، زەوییمان لێ تەنگ بووەتەوە، گیروگرفتمان لەسەر کەڵەکە بووە، نازانین لە کوێوە دەست پێبکەین. ئێمە نوێنەری گەلانێکین چاویان بڕیوەتە ئازادیو روناکی، بەڵام گەلانێکی برسین، تێکشکاون، کەرامەتیان سوکایەتی پێکراوە، خۆشەویسترین شتیان سوکایەتی پێکراوە، هێندە بەسە سەیری گەلی ئەفغانی ئاوارەی سەر رێگاوبانەکان بکەن، تا هەست بە رادەی مەرگەساتو ئەشکەنجەکانمان بکەن. وەلێ ئەوان تاقە گەل نین، گەلە ئیسلامییەکان هەموویان، عەرەب بن یان عەرەب نەبن، هەموویان برسی یان نیمچە برسین، بەڵام هەموویان ئوسوڵیو دەمارگیر نین، تا رقیان لە شارستانێتیو رۆشنگەریی بێت، وەك ئەو وەهمەی هەندێك جار میدیاکانی خۆراوا تێی دەکەون، وزەی زۆرو زەوەندو قەشەنگیان هەیە، چاویان بڕیوەتە ئایندەو پەرۆشن بۆی، هەزاران هەزار لاوی نێرو مێی نائوسوڵیو نا توندڕەو هەن. ئەوانە هیوای ئایندەو سیمای گەشاوەو پڕ لە خەندەی ئایندەن. بۆیە دەڵێم ناتوانین لە گرفتی ئوسوڵی یان دەمارگیریی یان کەللەوشکی یان ناچارکردن لە ئاییندا. تێبگەین، هەتا نەیخەینە ناو دیدگایەکی بەراوردکارەوە، لەمبارەیەوە ئەم نوکتەیەی خوارەوەم بە بیرا دێت: لە سەدەی هەژدەیەمدا یەسوعییەکی





فەڕەنسی بواری بۆ رەخسا سەردانی چین بکات، لەوێ گەلێکی رێکوپێكو بەئەدەبو تا رادەیەك بڵندی بینی لە رەفتار کردنیاندا لەگەڵ ئەوانیتردا، ئەوەش بەلای پیاوە یەسوعییەکەوە شتێکی سەیر بوو، چونکە گەلێك ئینجیلی نەخوێندۆتەوەو، بگرە تەنانەت ناوی یەسوعی مەسیحیشی نەبیستووە، چۆن دەتوانێت مرۆڤ بێت!. لێرەدا گرفتی ئوسوڵی بەڕاستی دەردەکەوێت، بۆیە دەڵێم خوێندنی زانستی بەراوردکاری ئایینەکان لەهەموو قوتابخانە سانەوییەکانو هەموو زانکۆ عەرەبیو ئیسلامیەکاندا، هەنگاوێکی یەکەمینە بەرەو قەلاچۆکردنی فەندەمێنتاڵیزم، چونکە ئەم چەشنە خوێندنە رێژەیەتی هەموو ئەو کەلتورانە دەهاتە روو کە خۆیان وەها پێشکەش دەکەن رەها بن، پیرۆز بن، بالا بن، دەیسەلمێنێت چەندان رێگا هەیە بۆ گەیشتن بە یەزدان نەك تاقە رێگایەك، لەمەشەوە پاڵ بە هەموانەوە دەنێت بیرۆکەی پێکەوەژیانی کەلتورە ئاینییە جیاجیاکان قبووڵ بکەن، بەو حسێبەی بریتین لە هەوڵی جیدیی بۆ گەیشتن بە پیرۆز، بەڵام هیچ کامێکیان ناتوانێت ئەو پیرۆزە بۆخۆی قۆرخ بکات، یان خۆی بە تاکە کەلتوری راست لە قەڵەم بداتو، سەرباقی کەلتورەکانی تریش بەدەسکاریی کراو یان تەزویرکراو، یان بە هەرتەقە کردن. هتد، لەقەڵەم بدات، هەتا خوێندنی نوێی ئایین جێی خوێندنی دێرینی ئوسوڵی بە میرات ماوەی سەدان ساڵە نەگرێتەوە، چەمکی لێبوردەیی لە خاکی عەرەبی – ئیسلامییدا سەرهەڵ نادات یان ناڕوێت، بۆیە وتم جەنگەکە قورسو درێژخایەنە، فڕۆکەو گەلەکەشەتییەکانی ئەمریکا چارەسەری ناکەن، گومان لەوەدا نیە سەرکەوتنی سەربازی یان سیاسی بەسەر سوپا گەورەکانی ئوسوڵییەکانداو شکاندنی سامو هەیبەتیان، رەنگدانەوەی ئاینیی وەهای دەبێت کە ناتوانین هەر لە ئێستاوە قەبارەکەی یان رەهەندەکانی بخەملێنین، هەموو ئەوەی دەتوانین بیڵێین ئەوەیە گرفتی فەندەمێنتاڵیزم بۆیەکەمینجار بە جیهانیکراوە، چیتر تایبەت نیە بەجیهانی ئیسلامییو بەس، بەڵکو دەرەوەی خۆراواییشی گرتۆتەوە، ئەمەش خۆی

لە خۆیدا ڕوداوێکی گەورەیە لە مێژووی مرۆڤایەتییدا، بگرە چیتر بەتەنیا تایبەت نیە بە دەرەوەی خۆراواییەوە، بەڵکو دەرەوەی خۆرەڵاتییش دەگرێتەوە. ئەوە پیاوانی بزوتنەوەی تاڵیبان بوون کە پەیکەرەکانی بودایان شکاند "ئەو پەیکەرانەی زۆر جوان و قەشەنگ بوون و لە دڵی گەلانی ئەوپەڕی خۆرهەڵاتدا زۆر خۆشەویست بوون، هێندی و چینی و یابانی و. هتد، بەمجۆرە فەندەمێنتاڵیزمەکەمان کەوتە بەردەمی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەرانسەرییەوە لەگەڵ سەراپای گۆی زەمیندا، دیارە ئەم کارەش لاوازکردن و لەبەریەك هەڵوەشانەکەی و دواتریش دامرکانەوەی خێراتر دەکات، بەڵام هێشتا مەسەلەکە یەکلایی نەکراوەتەوەو، پێش سەرکەوتنی خوێندنەوەی ڕۆشنگەرا بۆ کەلتوری ئیسلامی بەسەر خوێندنەوەی ئوسوڵیدا کە بە ناو دەمارو خوێنبەرەکانماندا هاتوچۆ دەکات، یەکلایی ناکرێتەوە، لێرەشدا دەبینین جەنگە فیکرییەکە لە جەنگە سەربازی یان سیاسییەکان کەمتر سەخت و ئاڵۆز نابێت، بۆ ئەوەی چەمکی فەندەمێنتاڵیزم ڕوون بکەمەوەو مەودای ستەمکاریی و ڕۆچوونی بە قووڵایی دەرونی دەستەجەمعییدا دەربخەم، نمونەیەکی تر لە مێژووی فەڕەنساوە دەهێنمەوە، ئایا پەرەسەندنی باوەڕ، بێباوەڕییە؟ بۆسۆی گەورەترین بیریاری ئوسوڵی کاسۆلیك بوو لە سەدەی حەڤدەیەمدا، ئەو مەشروعییەتی تیۆلۆجیا بەسەر سیاسەتەکەی لویسی چواردەیەمدا بڕی بۆ ڕیشەکێشکردنی پێڕەوی پرۆتستانتی لە فەڕەنسا، بیانووەکەی چی بوو؟ شتێکی وت کە ماناکەی ئەمەی دەگەیاند: باوەڕی مەسیحی لەسەر شێوازی کاسۆلیك، بە تێپەڕینی سەردەمەکان هیچ ناگۆڕێت، بە کەڵکی هەموو کات و شوێنێك دێت، ئەمەش بە پێچەوانەی باوەڕی پرۆتستانتییەوە کە زیاتر لە جارێك گۆڕاوە یان پەرەی سەندووەو وەرچەرخاوە. پەرەسەندنەکەی یان گۆڕانەکەی بەڵگەیە بۆ بێباوەڕییەکەی و هەرتەقەکەی و دەریدەخات دەسکردی مرۆڤە، لە کاتێکدا سەقامگیریی پێڕەوی کاسۆلیکی بە درێژایی سەردەمەکان بەڵگەیە لەسەر





ئەوەی بەتەواوەتی لە یەزدانەوەیە، لەمەشەوە چۆن دەتوانین کەلتورێکی مرۆیی و کەلتورێکی یەزدانی بە یەکتریی یەکسان بکەین؟ چۆن دەشێت پرۆتستانتە زەندیقەکان بە یەکسانیی لەگەڵ باوەڕدارە ڕاستەقینەکاندا دابنێین، واتە کاسۆلیکەکان؟ پەنا بەخوا! بەمجۆرە فەتوای دا بە پلیشاندنەوەو کوشتن و دەرکردنی بە کۆمەڵی ئەوانە لە فەڕەنسا، لە ڕاستیشدا ئەوە ڕوویدا، ئەوەی نەکوژرا، یان ئەوەی پێش ئەوەی کار لەکار بترازێت، لە پێڕەوەکەی خۆی پاشگەز نەبۆوە، بەنهێنی هەڵات بۆ وڵاتە بیانییەکانی وەکو ئەڵمانیا یان هۆڵەندە یان ئینگلتەرە، یاخود تەنانەت کەنەداش. ئیتر ڕەوکردنی سەدان هەزار کەس دەستی پێکردو هەتا ئێستاش فەڕەنسیەکان ئەوە بە پەڵەیەکی ڕەش لە مێژووەکەیاندا، دادەنێن و شەرمی لێدەکەن، یان داوای لێبوردن دەکەن، زانراویشە ڤۆڵتێری سەرکردەی مەزنی ڕۆشنگەریی، لە داخی ئەم دەمارگیرییە کوێرانەیە، هەموو جەنگەکانی خۆی دژی ئوسوڵییەکان گێڕاوە، ئێستاش، ئوسوڵییە ئیسلامییەکان لە وێنەی تاڵیبان و غەیری ئەوان چی دەڵێن؟ ئەوانە هەمان ئەو شتە دەڵێن کە بۆسۆی وتویەتی، لەگەڵ تاقە یەك حیاوازییدا: تاکە باوەڕی یەزدانی باوەڕەکەی ئەمانە نەك باوەڕەکەی بۆسۆی! هەربۆیە من لەگەڵ ئە وتارەی بیریاری ئیتالی "ئەمبرتۆ ئیکۆ"دا، کۆکم کە لەم دواییانەدا، لە لۆمۆندا بڵاو کراوەتەوە، ئەو موسوڵمانەکانی بانگهێشت کرد تا بڕواننە ئەزمونی ئوسوڵی مەسیحییەکانی ئەوروپا، چونکە گەر وابکەن، بۆیان دەردەکەوێت جگە لەوان، خەڵکی تریش بە هەمان تین وتاو باوەڕیان وایە خاوەنی هەقیقەتی ڕەهای یەزدانیین. بەمجۆرە دەبینین دیدگای بەراوردکار زۆر پێویستە بۆ دەرخستنی ڕێژەیەتی هەموو کەلتورە ئاینییە مرۆییەکان سەرباری مەزنی و بایەخەکانیشیان، بەڵام باوەڕبوون بەخاوەندارێتی هەقیقەتی ڕەها، جیا لە هەموو مرۆڤەکانی دی، ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی ستەمکاری و دەمارگیری کوێرانەو سڕینەوەی هەموو بیرێکی دیکە. سەرەنجامەکەشی

بەریەککەوتنی تۆقێنەرانەو رشتنی خوێن دەبێت. نەهامەتی تۆقێنەرانەی تاڵیبانو بزوتنەوە ئوسوڵییە هاوچەرخەکان لێرەدایە، بەڵێ هۆشیاری ئیسلامی خۆی چۆتە ناو قەیرانێکی گەورەوە، مەترسییەکەی کەمتر نیە لە قەیرانەکەی هوشیاریی مەسیحی لە ئەورووپای پێش دووسەد یان سێسەد ساڵ. ئەم قەیرانەش بەم زووانە چارەسەر نابێت، بەڵام هەروەکو پەندە میللیەکە دەڵێت: ئەگەر گەورە بوویت بچووک نابیتەوە،

سەرچاوە
رۆژنامەی " الشرق الاوسگ"
2001/12/12





## لیسینگو رۆشنگەری

ئەو قەیرانەی کاتی خۆی لیسینگ تێیدا ژیاوە، هەمان ئەو قەیرانەیە کە لەمڕۆدا هۆشیاریی ئیسلامی هاوچەرخ لە بەرامبەری بەهاکانی مۆدێرنیزمدا تێیدا دەژی. کەلتوری مەزنی ئیسلامی، دەتوانێت چەندین ریفۆرمکاری مەزنی وەکو لیسینگ بخاتەوە، ئاینەدەی ئیسلام لەبەردەمیدایە نەك لە پشتەوەی. لیسینگ بە یەکەمین رەخنەگری ئەدەبی ئەڵمانیو یەکەمین دامەزرێنەری رەخنەی شانۆیی دەژمێردرێت، بەڵام گرنگی ئەو تەنیا لەوانەدا نیە، چونکە ئەو لە سەردەمی دیدرۆو ڤۆڵتێردا سەلماندوویەتی گەورەترین نوسەری سەردەمەکەی خۆیەتیو قەڵەمەکەی خستە خزمەتی فەلسەفەی رۆشنگەریەوە. بەوپەڕی پەرۆشییەوە ماوەی سی ساڵ لەگەڵ چەند کەسێکی تیۆلیجیستی مەسیحیدا، سەرقاڵی لێکۆڵینەوەی ئاینەکان بوو، گەلێك جەنگی گەرمی بەرپا کرد، پیشەی قەشەیەتی مەسیحی رەت کردەوە، ئەو پیشەیەی خێزانەکەی پشتاو پشت پێوەی ناسرابوون، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەرزوو باوەڕی بە یەقینە کۆنینەکە نەما، واتە بە ئارسۆدۆکسیزمی مەسیحی یان لۆسەریزم، لێرەدا مەبەستمان لە ئارسۆدۆکسیزم بریتیە لەو کۆمەڵە باوەڕو سروتانەیە کە پێویستە هەڵیانبگریتەوەو مومارەسەیان بکەیت، ئەگینا بە لە دین

لادەر لەقەڵەمدەدرێیت، بەم مانایەش ئارسۆدۆكسییزمی مەسیحی هەیە وەك چۆن ئارسۆدۆكسییزمی ئیسلامی یان جولەكەش هەیە، بگرە لەناو مەسیحییەتدا ئارسۆدۆكسیزمی لۆسەریی پرۆتستانتیو ئارسۆدۆكسیزمی كاسۆلیكی هەیە، لە ناو ئیسلامیشدا ئارسۆدۆكسیزمی سوننەو ئارۆسۆدۆكسیزمی شیعە هەیە... هتد، هەر لێكدانەوەیەكی ئازاد یان شەخسییانە بۆ ئایین بە سەرپێچیكردن لە ئارسۆدۆكسیزم دادەنرێتو لە لایەنی دەزگا ئاینییە باڵاكانەوە تاوانبار دەكرێت.

بێشك، هەموو فەیلەسوفەكانی رۆشنگەریی لەو ئارسۆدۆكسیزمە كۆنینەو خنكێنەرە چوونەتە دەرەوە، نهێنی جەنگەگانیشیان لەگەڵ پیاوانی ئایین لێرەدایە، هەرچۆنێك بێت، لیسنگ لە حاڵەتی گەڕاندابوو بە دوای باوەڕێكی نوێ كە لەسەر بنەمای ئەقڵ دامەزرابێت نەك نەقڵ، ئەو داوای مافی خۆی دەكرد لە پیادەكردنی پێڕەوی مێژوویی رەخنەیی بەسەر دەقە پیرۆزەكاندا، لەناو نوسینەكانی سەرەتایدا: مەسیحییەتی ئەقڵ، واتە ئەو مەسیحییەتەی لەسەر ئەقڵ دامەزراوە، بێشك جیاوازە لە مەسیحیەتی باڵادەستی پیاوانی ئایین كە لەسەر نەقڵو نەریتو هەیبەتی پێشینان دامەزراوە، لەم كتێبەدا دوان لە بیرۆكەكانی لیسینگ روونەدبنەوە، یەكەمیان: دەڵێت یەزدان دەكەوێتە دەرەوەی هەموو سیستمە تیۆلۆجییەكانەوە، هەرچییەك بن، ناكرێت یەزدان لە ناو سیستمێكی لاهوتی باوەڕیدا زیندانی بكرێت، مەسیحی بێت یان غەیری مەسیحی، چونكە یەزدان لە هەر باوەڕێكی تایبەتی مەزنترە، بیرۆكەی دووهەمیش دەڵێت كاروكردەوەكانی مرۆڤ بنەڕەتین نەك باوەڕەكانیو تەنانەت نوێژو پەرستشەكانیشی نا، ئەگەر چاكە بكاتو ئەوانیتری خۆش بوێتو سود بە بەرژەوەندی گشتی بگەیەنێت، ئەوە باوەڕدارێكی باشە، هەتا ئەگەر بە درێژایی ژیانی یەك ركات نوێژیشی نەكردبێت، بەڵام ئەگەر خۆپەرست بێت، ساختەچی بێتو بە دوای بەرژەوەندی تایبەتیو تەسكدا رابكات، ئەوا هیچ شتێك بە كەڵكی نایەت، تەنانەت ئەگەر رۆژی هەزار





ركات نوێژیش بكات! بەم پێیەش ئایین مومارەسەو رەفتاری راستەقینەیە، نەك قسەو ورتە ورتو سرتەسرت، لە راستیدا فەلسەفەكەی لیسینگ زۆر قەرزداری سپینۆزایە، هەروەك لە كتێبی "دەربارەی هەقیقەتەكانی دەرەوەی یەزدان" دا دەردەكەوێت، خۆشی بەر لە مردنی بە ماوەیەكی كەم ئەم راستییانەی بە جەیكۆبی راگەیاندووە، ئەم هەڵوێستە یەكجار ئازادە لە تیۆلۆجیای دێرین پاڵی پێوەناوە چەندان جەنگی فیكریی لەگەڵ پیاوانی ئاییندا بەرپا بكات، بە تایبەتی باوە گۆبز. لیسینگ لە دوا كتێبی خۆیدا بە باشی راڤەی باوەڕەكەی دەكات، واتە كتێبی "پەروەردەكردنی چەشنی مرۆیی" كورتەی تێزەكەی لەم كتێبەدا ئەوەیە كە مرۆڤایەتی، لە تویێی مێژووی دوورو درێژییەوە، لە سروشێكەوە دەچێت بۆ سروشێكی تر، بە مانایەكی تر، لە قۆناغی شەریك دانان بۆ یەزدانو فرە یەزدانییەوە، بۆ قۆناغی سروشی موسایی، بۆ قۆناغی سروشی مەسیحی، چونكە مەسیح دووهەمین قۆناغی ئاكاری لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بەرپاكرد، لەوانەشە سەردەمێكی سێهەمی مرۆڤایەتی سەرهەڵبدات، كاتێك مرۆڤەكان بە تەواویی هەست بە تواناكانی خۆیان دەكەنو لە پێناوی چاكەدا چاكەدەكەن نەك لە پێناوی پاداشتدرانەوەی ئەو دونیاداو نەك لە پێناوی سزای یەزدانیشدا، لە راستیدا لیسینگ پێشبینی سەردەمی داهاتووی كردووە پێشئەوەی رووبدات، ئەوەتا مرۆڤایەتی ئەوروپایی بیر ڕۆشن، لە مامەڵەكردندا شوێنی پرەنسیپە ئاكارییەكان دەكەوێت، تەنانەت دوای ئەوەی لە تیۆلۆجیای دێرینیش هاتە دەرەوە، بەڵكو رەنگە هۆكەی ئەوەبێت كە لێی هاتونەتە دەرەوە، بەم مانایە، لیسینگ مامۆستای نەوەكانی ئایندە بوو، لە پاڵتۆكەی ئەوەوە فەلسەفەی ئیدیاڵی ئەڵمانی هاتە دەرەوە: واتە فەلسەفەی هێگڵو شلینگو فێختەو... لە سەدەی هەژدەهەمدا، كاری سەرەكی فەیلەسوفەكانی رۆشنگەریی، پەروەردەبوو، هێندە بەسە لەم بارەیەوە باسی جان جاك رۆسۆو كتێبەكەی ئیمیلی یان دەربارەی پەروەردە بكەین، ئەو فەیلەسوفانە دەیانویست مرۆڤی

ئەوروپایی لە تاریکستانی نەزانی رزگاربکەن بیگەیەنن بە نوری هەقیقەت و کامەرانی و پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی، هەموو پڕۆژەی رۆشنگەرییمان لەم وشە ساکارانەدا کورت کردەوە، بەڵام فەیلەسوفانی رۆشنگەری خۆیان تامی پڕۆژیەکەیان نەکرد، کات ماوەی نەدان ببینن لەسەر زەوی بەدیهاتووەو چێژی لێوەربگرن، ئەوانە چاندیان تا ئەوانیتر بدورنەوە، ئەوانە بەدەستی نەزانی و دەمارگیریی ئاینی و هەژارییەوە زۆر نالاندوویانە، بەڵام ویستویانە رێگای رزگاریی بۆ مرۆڤی ئەوروپایی لێبدەن، ئەو رێگایەی لە هەموو ئەو ئافەتانە رزگاریاندەکات کە ژیانی لێ تاڵ کردبوون و کردبوویان بە دۆزەخێکی بەرگەنەگیراو، ئەو فەیلەسوفانە بڕوایان وابوو مرۆڤ لە کرۆکیدا باشە، دەیەوێت فێر ببێت و لە رێگای چاکەشدا بەرەوپێش بڕوات، بەڵام بارودۆخە ئەقڵییە هەڵەکان و نەزانی بواری نادەن ئەوە بەدیبهێنێت.

لیسینگ بە نوسینی ئەم کتێبە لە پێش مردنیدا، مەسەلەیەکی بنەڕەتی هێنایەوە پێشەوە کە هەموو ژیانی پێوەی خەریك بووە، لەم پرسیارانەی خوارەوەدا کورت دەکرێتەوە: ئەو نرخە چییە کە دەشێت بۆ کتێبە پیرۆزەکان دایبنێین، واتە بۆ ئینجیل؟ ئایا ئەو کتێبانەی لە سەردەمی لۆسەرەوە پێمانگەیشتوون، دووسەد ساڵ و زیاتریش، هیچ شتێکی راستیان تێدا ماوە؟ ئاشکرایە ئەو کتێبە لاهوتییانە لە چەقی باوەڕی مەسیحییدان، چۆن دەتوانین لە نێوان ناوەڕۆکی کتێبی پیرۆزو داواکارییەکانی هۆشیاری ئاکاری و شیکردنەوەی زانستییدا، وردکاری و لێکۆڵینەوە بکەین؟ چونکە سەرنج دەدەین کتێبە مەسیحییەکان هەندێك شتیان تێدایە دژی گیانی زانستی نوێ و ویژدانی مرۆڤن، ئەمە چۆن بەئەقڵدا دەچێت، چۆن دەشێت قبوولی بکەین؟ بە بۆچوونی لیسینگ، مرۆڤ نمونەیەکی باڵایەو ئەندێشەی بیرۆکەی هەق و چاکە دەکات، بە شێوەیەکی سروشتی بە تەمایە پێیان بگات، بەدییانبهێنێت، ئەو بەردەوام دەیەوێت رەوشی خۆی باش بکات، تا لەوەی پێش خۆی باشتر بێت،





دەشیەوێت بگاتە بڵندترین ئاستی ئاکاری شیاو، دەیەوێت بەردەوام و بێ راوەستان بە دوای هەقیقەت و کامڵبووندا بگەڕێت، ئەم گەڕانەش مانای بوون و هەقیقەتی ئەوە. پاشان لەسەری دەڕوات و دەڵێت: ئاینی مەسیحی یەکێکە لە مەزنترین ئاینەکان، ئەو ئاکارێتییە بڵندەی لەو ئاینەدایە بەرەو ئەو ئاڕاستەیە دەیبات، بەم مانایەش، مومارەسەکردنی مەسیحییەتی راستەقینە، جووت دەبێت لەگەڵ گەڕان بە دوای هەقیقەتی ئاکارییدا، بەڵام بۆچی سەرنج دەدەین، ناکۆکییەکی گەورە هەیە لە نێوان پرەنسیپەکانی ئەم ئایینەداو رەفتاری زۆرینەی باوەڕدارەکانیدا؟ بۆچی دەبینین کتێبە تیۆلۆجییە مەسیحییەکان بە توندی و دڵڕەقی و وشکی ئاکارێتییەکەیان، بە یەقینە تەواو ناکۆکەکانیان لەگەڵ کتێبەکانی سروشت و زانستی نوێدا، تووشی شۆکمان دەکەن؟ چۆن دەتوانین ناوەڕۆکی ئەم سروشەی مەسیحییەت بە سەرماندا دەیسەپێنێت لەگەڵ پرەنسیپەکانی ویژدانی ئاکارییدا بسازێنین، ئەگەر قوربانی نەدەین بە یەکێك لەلایەنەکانی ململانێکە، ناتوانین لەو تەڵەزگەیە رزگارمان ببێت، یان ئەوەتا دەبێت نەهێڵین ئەقڵ خۆی لە کاروبارە ئاینییەکان و باوەڕە لاهوتییەکان هەڵبقورتێنێت، لێی قەدەغەبکەین رەخنە لەدەقە پیرۆزەکان بگرێت، یان بە شێوەیەکی ئەقڵانی و زانستیی لێیبکۆڵێتەوە، هەرئەمەشە پیاوە ئاینییە ئوسوڵییە نەیارەکانی لیسینگ دەیکەن. یان بە هەموو تواناو دەسەڵاتێکمانەوە دەسبەرداری ئەو کتێبە لاپەڕە زەردانە ببین کە تۆزیان لێنیشتووەو مەسیحییەت لەسەریاندەژی. ئینجا بە ڤۆڵتێرو بۆچوونە سروشتییەکەی دەربارەی ئایین و ئاکار دەگەینەوە، چونکە ئاینی راستەقینە ئاینی سروشتییە، واتە ئەو ئەقڵانیەتەی بەسەر هەموو مرۆڤەکاندا پیادە دەبێت، نەك تیۆلۆجیای مەسیحی بۆماوە لە بابوباپیرانەوە، ئەوەی بە حوکمی بەتاڵی و حەتاڵی و کەڵەکەبوونی سەدەکان، کۆنترۆڵیکردووین، خاڵە بنەڕەتییەکەی قەیرانی هوشیاری ئەوروپایی ئەو سەردەمە ئەمەیەو، دواتریش مۆدێرنیزمی لێکەوتەوە،

چونكە ئەگەر قەیران بە شێوەیەكی ئەرێ دەربكەوێت خێرو بێری بۆ هەمووان دەبێت، بەڵام ئەگەر هیچ دەرچەیەك نەدۆزێتەوە بۆ هەناسەدان، لەوانەیە مرۆڤ خاپوور بكات، چونكە دەتەقێتەوەو تەڕو وشك پێكەوە دەسوتێنێت، بەمجۆرە دوو چەشن قەیرانمان هەیە: ئەرێو نەرێ، یەكەمیان رزگاردەكاتو دوومیان خاپووردەكات، ئێمەش دەڵێین ئەو قەیرانەی لیسینگ تێیدا ژیاوە، هەمان ئەو قەیرانەیە كە هۆشیاری ئیسلامی هاوچەرخی بەردەمی مۆدێرنیزم تێیدا دەژی، هەموو ئەوەی ئومێدی دەكەین ئەوەیە ئەو هۆشیارییە بتوانێت لە ڕێگەی شتێكی ترەوە چارەسەری بكات نەك توندو تیژیو تۆقاندنو خاپووركردن، بگرە تەنانەت خود لەناوبردنیش نا، لێوان لێوین لە ئومێد بەوەی كەلتوری ئیسلامی بتوانێت ژمارەیەك ریفۆرمكاری مەزن لە نمونەی لیسینگو هاوەڵانی بخاتەوە، ئەو ریفۆرمكارانەی لە دارمان رزگاری دەكەن. ئەم نەتەوەیە لە رابردوودا بیریاری مەزنی خستۆتەوە، دەتوانێت لە ئایندەشدا بیانخاتەوە، رەنگە لە شوێنێكی جیهانی ئیسلامیدا، لەم ساتەدا كە من ئەم دێڕانە دەنوسم، ئەو منداڵە لە ژیاندا بێت كە دواتر دەبێت بە گەورەترین ریفۆرمیستی ئیسلام، بگرە لەوانەیە ئەو ریفۆرمیستە ئێستا لە نێوانماندابێت، من لەو بڕوایەدام هەیەو خۆم چەندین جار لەگەڵیدا دوواوم، بەڵام خۆمان ئاگاداری نینو بە شێوەیەكی شایستە گوێ بۆ قسەكانی شلناكەین، چونكە هیچ پەیامبەرێك لەناو قەومەكەی خۆیدا ناژی، بەڵام دواتر رۆژی هەر دێت، ئایندەی ئیسلام لەبەردەمیدایە نەك لە دواوەی، ریفۆرم لەسەر دەستی ئەو كۆنەپارێزە بە بەردبووانە رووناداتە كە سەدان ساڵە هەمان قسە دەجوونەوە، بەڵكو لەسەر دەستی داهێنەرەكانو تازەكەرەوەكان دێت، ئەو ریفۆرمیستەی دەربارەی دەدوێم بە ئەسڵ جەزائیرییە، واتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گەلە مەزنە بەخشندەیە، ئەو گەلە تێكۆشەرەی لە پێناوی سەربەستیو سەربەخۆییدا، قوربانیدا بە هەموو شتێك. ئیتر ئایا ئەوە رێكەوتە لەو گەلەوە بێت كە حاڵی حازر سەرقاڵی





جەنگی دووەمی رزگارییە، مەبەستم لە جەنگی سەختی لە نێوانی رۆشنگەراو ئوسوڵییەكانە؟

سەرچاوە:
رۆژنامەی الشرق الاوسگ
مارتی 2001

## ئایا وتوێژی شارستانێتییەکان شیاوە، چۆن!

دوای تەقینەوەکانی 11ی سێپتەمبەر، پەیوەندیی لەگەڵ جیهانی عەرەبییدا بووە بەمایەی سەرقاڵیی رۆشنبیرانی فەڕەنساو خۆراوا بەشێوەیەکی گشتی، جان دانییل سەرنوسەری گۆڤاری "نۆفێل ئۆبزێرڤاتۆر" دەگێڕێتەوە کە رۆشنبیران هەڵوێستی جیاجیایان لەم مەسەلەیە هەبووە، نەك هەر لەم دواییەدا، بەڵکو بەدرێژایی دوو سەدەی رابردووش، بۆنمونە ڤیکتۆر هۆگۆ، دوای داگیرکردنی جەزائیر قیژاندیو وتی: ئەوە شارستانێتییە بەسەر بەربەرییەتدا زاڵ دەبێت، ئێمە گریکی جیهانینو لەسەرمانە رۆشنی بکەینەوە! بێشك پێویستە ئەم گوزارشتە لە شوێنی خۆیدا دابنێین بۆ ئەوەی زیاد لە پێویست زوڵم لە ڤیکتۆر هۆگۆ نەکەین، بەڵام لەهەمانکاتیشدا زانای ئەنترۆپۆلۆجیا لیڤی برێل زاراوەی ئەقڵییەتی بەرایی دادەڕشت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پاساوی داگیرکردن بداتەوە، بەڕای ئەو تەنها خۆراوا گەیشتۆتە بیری ئەقڵانی یان لۆجیکی، باقی گەلەکانی دی هێشتا لە قۆناغی ئەقڵیەتی پێش لۆجیکدا دەژین، بۆیە دەبێت بەهەمان ئەو قۆناغانەدا تێبپەڕن تا بەخۆراوا بگەنەوە. بەڵام ناتوانن خۆیان بەتەنیا ئەمە بکەن، بۆیە پێویستە خۆراوا یاریدەیان بدات واتە داگیریان بکات! بەڵام دوای پەنجاکان، دوای ئەوەی گەلان





دەستیان کرد بە ئازادبوون لە داگیرکەر، زانایەکی ئەنترۆپۆلۆجی دی پێچەوانەی ئەمەی ووت، بە بڕوای کلۆد لیڤی شترۆس بەهیچ جۆرێك کەلتورێکی باڵاو کەلتورێکی نزم لە ئارادا نیە، بەڵکو هەموو کەلتورەکان یەکسانو پێویستە رێزی تایبەتمەندێتیو جیاوازییان بگرین، هەموویان شایستەی نازناوی شارستانێتین، وەلێ وادیارە لیڤی شترۆس لەم دواییانەدا رای گۆڕیوە، دوای ئەوەی دانی بەوەدا نا کە هەموان قەرزداری بیری رەخنەگەرای ئەوروپایین، وتیشی باشتر وایە هەموو گەلان بگەنە قۆناغی بیری رەخنەیی یان رۆشنگەرا، بەڵام ئایا ئەمە مانای ئەوەیە ئەمریکا یان خۆراوا مافی ئەوەی هەیە لاف لێبدات خاوەنی هەقیقەتی رەهایەو بە ئارەزووی خۆی دەست وەربداتە کاروباری گەلانی دیکەوە؟ جان دانیاڵ وەڵامی ئەم پرسیارە بە نەخێر دەداتەوە، بەڵام فیلیپ رینۆ، مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی پاریس پێیوایە: پێویستە دیموکراسییە نوێکان ئەوە قبووڵ بکەن کە ململانێیەیکی درێژخایەن دژی هێزە رابردوو پەرستەکان لەگۆڕێیە، ئەوانەی بە شێوەیەکی رەها بەهاکانی خۆراوا رەتدەکەنەوە. هاوکات پێویستە پەیوەندیی ئەرێ لەگەڵ ئەو هێزانەی تری کۆمەڵگادا دابمەزرێنین کە بیرو بۆچوونە نوێیەکان قبووڵ دەکەن. سۆفی بتیسی رۆژنامەگەرو مێژوونوسی فەڕەنسی تێزەکەی سامویێل هانتینگتۆن دەربارەی ململانێی شارستانێتییەکان، رەتدەکاتەوەو ئەم پرسیارەی خوارەوە دەخاتە روو: بۆچی تێزەکەی ئەو بەمجۆرە بڵاوبۆوەو سەرکەوتنی بەدەستهێنا؟ رۆشنبیرێك نەماوە گفتوگۆی نەکات یان دەربارەی نەدوێت، لە راستیدا تێزێکی کۆنەپەرستو مەترسیدارە لەبەرئەوەی گرفتە راستەقینەکان دەشارێتەوە، ئەو تەرکیز دەکاتە سەر ناکۆکی کەلتوری یان شارستانی نێوان خۆراواو جیهانی ئیسلامی، بەڵام هۆیە راستەقینەکانی ململانێکە پشتگوێ دەخات، گرنگترینی ئەو هۆیانەش ناتەبایی زۆری نێوان خۆراواو سامانی گەلەکانیو هەژاری کۆمەڵگا ئیسلامییەکانو نەهامەتییەکانیانە کە چەندان توێژی بەرینی

گەلە عەرەبییەکان تێیدا دەتلێنەوە. خۆراوا دەڵێت موسوڵمانەکان لە کرۆکدا دژی بەهاکانی شارستانێتیو مۆدێرنیزمن، تا خۆی لە لێپرسراوێتی بدزێتەوە! دەڵێت ململانێ لەگەڵ ئەو گەلانەدا مەسەلەیەکی ناچارییە، نەك لەبەرئەوەی زۆربەیان بە دەستی گێروگرفتەکانی هەژارییو چەپاندنو بەزاندنەوە دەناڵێنن، بەڵکو لەبەرئەو مەیلە سروشتییەی بۆ توندو تیژیی هەیانە. ئەمەش دەری دەخات خۆراوا نایەوێت لێپرسراوێتی ئەو سیستمە جیهانییە زۆردارو ستەمکارە بخاتە ئەستۆی خۆی کە بۆشاییەکی گەورە لە نێوانی باکورو باشوردا دەکاتەوە، ئەوەشی لەگەڵدا بێت کە خۆراوا نایەوێت دان بە مافی ئەوانیتردا بنێت تا بەها شارستانێتیو گەردونییەکان کریستاڵە بکەن، بەڵکو ئەو مافە بۆخۆی قۆرخدەکات، فرانسوا فۆرکێ مامۆستای ئابوری لە زانکۆی سۆربۆن رایەکی پێچەوانەی هەیە، ئەو پێیوایە سامویڵ هانتینگتۆن لەسەر هەقە باسی ململانێی شارستانێتییەکان بکات، چونکە تەقینەوەکانی واشینگتۆنو نیویۆرك، دژی شارستانێتی خۆراوا بوون، دەیانەوێت لە پشتی لێدانی ئەمریکاوە هەژمونی خۆراوای بەسەر جیهاندا نەهێڵێت، بەڵام ئایا ململانێکە شتێکی ئەبەدییە یان حەتمییە لە نێوانی ئیسلامو جیهانی خۆراوادا؟ لێکۆڵەرەکەمان وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوەو دەڵێت دەشێت خۆمان لەمە لابدەین، بەوەی چەند بەهایەکی گەردونیانەی قبووڵکراو لەلایەنی هەموو گەلانی سەر زەوییەوە بڕسکێن، نەك بەتەنیا لە لای خۆراوا، ئەوەتا فەلسەفەی خۆراوا کە نوێنەری دیموکراسییەتو مافی مرۆڤە، چیتر ناتوانێت وەکو فەلسەفەیەکی گەردوونی بەسەر هەموو ناوچەکانی جیهاندا پیادە ببێت، بەڵکو پێویستە مرۆڤایەتی فەلسەفەیەکی فراوانترو بەرینتر کریستاڵە بکات، ئەم لێکۆڵەرە پێی وایە دەشێت فەلسەفە نوێیەکە پرەنسیپەکانی خۆی لە هەموو کەلتورە رۆشنبیرییەکانەوە وەربگرێت نەك تەنها کەلتوری خۆراوا، بۆ نمونە ئیسلامیش کەلتورێکی رۆحی گەردونی هەیەو ئێمە پێی ئاشنا نین، بۆچی؟ لەبەرئەوەی ئێمەی





خۆراوایی تەنها شەپۆلە توندڕەوەکەی دەناسینو دەربارەی دەدوێین، ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە خۆراوا بەرامبەر کەلتورەکانی دی دەیکات، بە تایبەتی ئیسلام، بەڵام خاتوو میشیل گیۆم هۆفۆنگی تۆژەر، ئوستادی یاسای گشتی لە زانکۆی سۆربۆن، ئەم پرسیارەی خوارەوە دەخاتە روو: ئایا مافی مرۆڤ شتێکی جیهانییە؟ واتە ئایا مافی مرۆڤ بەو شێوەیەی کە خۆراوا دوو سەدە لەمەوبەر رسکاندویەتی، بەسەر هەموو گەلەکاندا پیادە دەبێت، یان تایبەتە بە مێژووەکەی خۆی؟ پێشتر ئەم پرسیارە نیمچە قەدەغە بووە، چونکە خۆراوا مۆدێرنیزمەکەیو بەهاکانی خۆی وەك مۆرکێکی جیهانی دەخستە روو، با سەرنجی ئەوە بدەین کە تۆژەرەکە بە ئەرێ وەڵام دەداتەوە، بە پێچەوانەی ئەوەی لە لێکۆڵەری پێشووەوە تێیگەیشتین، مافەکانی مرۆڤ نەبەستراوە بە رەچەڵەکی سێنتەریی ئەوروپاوە، وەك هەندێك دەڵێن، بۆچی؟ لەبەرئەوەی هەموو پرەنسیپەکانی خۆی لە خۆراواوە وەرنەگرتووە، بەڵکو سودی لە ئیسلامیش وەرگرتووە، جاڕنامەی ئیسلامی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ کە لەساڵی 1981دا لە یۆنسکۆ دەرچووە، ئەمە دەسەلمێنێت، سەرەڕای ئەمە، فەلسەفەی مافی مرۆڤ لەگەڵ ئایینەکاندا ناکۆك نیە، بەڵکو بەتەنیا راڤەکردنە دەمارگیرەکەی ناکۆکە، تۆژەرەکەمان پێی وایە پرەنسیپەکانی ئاینە گەورەکانی وەك ئیسلامو مەسیحیەت باسی کەرامەتی مرۆڤ و بەرزیی مرۆڤ دەکەن، چونکە جێنشینی خودایە لەسەر زەوی، بۆیە ئەگەر بەشێوەیەکی دروستی ئەقڵانی لە ئایین تێبگەین، دەبینین هیچ ناتەباییەك لە نێوان مافەکانی خوداو مافەکانی مرۆڤدا نیە، لە قسەی ئەو رۆشنبیرانەوە کە هێنامانەوە، چی هەڵدەهێنجین؟ دەبینین بۆشایی نێوان ئیسلامو خۆراوا ئەوەندە گەورە نیە وەك ئێمە بۆی دەچووین، بەو شەرتەی دوو مەرج لە ئارادا بن: یەکەم خۆراوا پاشەکشە بکات لە رقی زۆرو رەگداکوتاوی بەرامبەر ئیسلامو، دان بنێت بە میراتی شارستانێتی عەرەبی – ئیسلامیو مەودای خزمەتکردنی بۆ شارستانێی خۆراوایی، ئەمە شتێکە، لەسەر دەستی هەندێك بیریاری

ئازاد لە حوکمی پێش گریمانەو دوژمنکار بەرامبەرمان، خەریکە بەدی دێت، پێشتریش ناوی هەندێکیانمان هێناو دەتوانین بۆ نمونە ناوی هەندێکی دیکەش زیاد بکەین وەك ئالان دۆلیبێرای پسپۆڕ لە فەلسەفەی عەرەبی ئیسلامییدا، ئەم لێکۆڵەرە لاپەڕە پرشنگدارەکانی فەیلەسوفەکانی ئیسلامی کەشفکردووەو دەری خستووە چۆن بۆ ماوەی چەندان سەدە ئوستادی ئەوروپا بوون‌و، ناتوانین لە رێنیسانسی ئەوروپایی تێبگەین هەتا لەتوێی ئەم رەوتە مێژووییە قووڵەدا دای نەنێین، مەرجی دووهەمیش ئەوەیە شەپۆلی ئەقلانی لە جیهانی عەرەبیدا بەسەر شەپۆلی توندڕەوی بەهەڵەداچوودا زاڵ ببێت، کە بە هەڵە لە نامەی پاکیزەی ئیسلام تێگەیشتووە، ئەمەش ئەو کارەیە کە دەکەوێتە سەر شانی ئایندە،

سەرچاوە:
رۆژنامەی " الشرق الاوسگ"
ژمارەی رۆژی 22/3/2002





## شارستانێتی خۆراوایی‌و میراتی لەبیرکراوی عەرەب

بیرۆکەیەکی باو لەنزیکەی هەموو نێوەندەکاندا هەیە، بەنێوەندی رۆشنبیرانی عەرەبیشەوە، دەڵێت ئەقلانییەتی خۆراوایی بە تەنها هی ئەوروپایە، شارستانێتیەکانی دی نەیانناسیوە. لە سەدەی نۆزدەهەمدا، ئەوروپا لە ئاستە جیاجیاکانی زانستی‌و پیشەسازیی‌و تەکنەلۆجیدا، سەرکەوتنی سەرسوڕهێنەری بەدەستهێنا، ئینجا ئەم بیرۆکەیە چەسپا. ئیتر چەند ساڵێکی روناکی جیهانی عەرەبی‌و ئیسلامی لەدوای خۆیەوە جێهێشت، لەچاو سەردەمەکانی رابردوودا، ئەو شارستانێتیە وەکو پەرجوویەك وەها بوو، بە تایبەتی لەچاو چاخەکانی ناوەڕاستدا، کە هەزار ساڵ درێژەی هەبووە: واتە لەسەدەی پێنجەمەوە هەتا سەدەی پازدەهەم، ئیتر چاخەکانی ناوەڕاست تاوانبارکران بەوەی بیابانێکی بە یاری فیکرن، تاریکستانەو شوێنەواری ئەقڵ‌و زانستی تیا نیە، شارستانێتی عەرەبی – ئیسلامییش لە رووی کاتەوە لەناو سەدەکانی ناوەڕاستدا جێگەی گرتووە، ئەویش دیسان فڕێ درایە ناو گۆڕەپانی بەربەرییەت‌و کێوێتی، بەمجۆرە ئێمە تاکە ماوەی رۆشنمان لە مێژووەکەماندا لەدەستچوو، ئەگەر ماوەی رێنیسانسی لێدەربکەین لەسەدەی نۆزدەیەم‌و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، وامان لێهات وەك ئەوەی نە رابردوومان هەبێت‌و نە ئێستا، نە

دونیاو نە قیامەت...لە مێژووی بیرو شارستانێتی سڕاینەوە، بەڵام خۆشبەختانە لەم ساڵانەی دواییدا گەورە مێژوونوسانی فەرەنسا کەوتنە گێڕانەوەی شکۆ بۆ ماوەی سەدەکانی ناوەڕاست و دەڵێن ماوەیەکی تەواو تاریك و نوتەك نیە، گومان لەوەدا نیە کە ئەو ماوەیە تیۆلۆجیا سەروەر بووەو فەلسەفە خزمەتکاری ئەو بووە، بەڵام فەلسەفەیەك و پرسیارکردنێکی فەلسەفی ئەقڵانی هەبوون، گاڵتەیان پێناکرێت، لە راستیدا ئەوان لە پێناوی ئێمەدا شکۆیان بۆ ئەو سەردەمانە نەگێڕاوەتەوە، بەڵکو لەپێناوی خودی خۆیاندا! ئەوەیان کرد بۆ ئەوەی ئاهەنگ بگێڕن بۆ گەورە بیریارەکانیان لەو سەردەمەدا، لە نمونەی ئەبیلارو تۆمای ئەکوەینەس و رۆجێ بیکۆن و زۆری تریش، هەموو ئەوانە پێش دەرکەوتنی دیکارت ژیاون و کاریان کردووەو مردوون، واتە پێش دەرکەوتنی فەلسەفە بە مانا نوێیەکەی، ئەم کارەشیان بە گەڕاندنەوەی شکۆداری بۆ بیریارەکانی سەدەی ناوەڕاستیان ئەنجامدا. وەلێ بیریارەکانی ئەو سەردەمەیان قوتابی بیریارانی ئێمە بوون، بەمجۆرە لێکۆڵەرە فەرەنسییەکان لەم دواییەدا دانیان بە بوونی فیکرێکی فەلسەفییدا نا، کە لە خاکی ئیسلامدا سەری هەڵداوە، پێشتر رینان نکوڵی لێکردبوو، عەرەب و موسوڵمانەکانی بە گوێزەرەوە یان وەرگێڕی فەلسەفەی یۆنانی دادەنا.

تا ئەم نزیکانەش رینان باڵی بەسەر رۆژهەڵاتناسیدا کێشابوو، بگرە تەنانەت باڵی بەسەر رۆشنبیرە عەرەبە نوێخوازەکانیشدا کێشابوو، چونکە دۆڕاو بە براوە، یان دواکەوتوو بە پێشکەوتوو سەرسام دەبێت، لێرەدا لە نێوان لێکۆڵەرە هاوچەرخەکاندا، ئەوانەی میراتی لەبیرکراوی عەرەبیان هەڵدایەوە، ناوی دۆلیبیرا دەهێنین، ئوستادی هەردوو زانکۆی پاریس و جنێڤ، ئەم لێکۆڵەرە پسپۆڕە لە مێژووی فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستدا، شەرم ناکات لەوەی بڵێت موسوڵمانەکان لە بیری فەلسەفیدا بۆماوەی چەند سەدەیەك، مامۆستای ئەوروپا بوون، بەمەش ئەقڵانییەتی





فەلسەفی تەنها لەسەر ئەوروپای نوێ تاپۆ نیە، واتە ئەوروپای دوای دیکارت یان دوای سەردەمی رینیسانس، بەڵکو پێش ئەو مێژووە هاتۆتە کایەوە، لە راستیدا رەوتی فەلسەفە هێڵێکی درێژی پێچاوپێچە کە خۆراوا دەگەیەنێت بە خۆرەڵات و پاشان خۆرەڵات دەگەیەنێتەوە بەخۆراوا، فەلسەفە لە ئەسیناوە گواستویەتیەوە بۆ حەڕان، لە حەڕانەوە بۆ بەغداد، دوای هەرەسهێنانی شارستانێتی عەباسی و ئاوابوونی سەردەمی زێڕین، مرد یان سیس بوو، بۆیە گوێزایەوە بۆ خۆرەڵاتی ئیسلامی واتە مەغریبی گەورەو ئیسپانیا، بۆ قورتوباو تەلیتەڵە، دوای لە دەستدانی ئەندەلوس و مردنی ئیبن روشد لە ساڵی 1198دا، فەلسەفە بۆ جاری دووەم لای ئێمە مرد، لە قورتوباو تەلیتەڵەوە گواستیەوە بۆ پاریس و کۆلۆنیاو پراگ و ئۆکسفۆرد و ئیتالیاو...هتد. ئەوانیش بەوپەڕی پەرۆشی و هەڵپەوە دەستیانکرد بە وەرگێڕانی کتێبی فەیلەسوفەکانمان. ئیتر لای ئێمەوە گواستیەوە بۆ لای ئەوان، ئیبن سیناو فارابی و غەزالی و ئیبن روشدو هی تریان وەرگێڕا.

ئێمە لە مێژوودا خەومان لێکەوت، ئەوان بێداربوونەوە، هەستانەوەو سەرکەوتن و ئەم شارستانێتیە نوێیەیان دامەزراند، کە باڵی بەسەر جیهانی ئەمڕۆدا کێشاوە، ئێمەش لە مامۆستاییەوە بووینەوە بە قوتابی، بیری فەلسەفی یان زانستی لە زانکۆکانی ئەوانەوە دەخوازین، لە سەردەمی محەمەد عەلییەوە تا ئەمڕۆ، گەورە رۆشنبیرانمان ئەوانەن لە زانکۆکانی سۆربۆن یان کامبریج یان ئۆکسفۆرد یان بەرلین و دواتر هارڤارد یان برینستۆن...هتد خوێندوویانە، ئەمە خولی فەلسەفەیە، خولێکە زیاتر لە دووهەزارو پێنجسەد ساڵە نەپچڕاوەو تا ئەمڕۆش بەردەوامە، خولێکە پێوەستە بە خۆرەڵات و خۆراواوە هەر لە ئەفلاتون و ئەرەستۆوە، تا ئیبن سیناو ئیبن روشدو فارابی و ئینجا تۆمای ئەکوەینەس و دوای ئەو دیکارت و ئینجا هێگڵ و مارکس و. هتد، بۆیە پاساوێك نیە بۆ ئەو دابڕانە رەهایەی ئەوروپا لە نێوانی ئێمەو خۆیاندا دروستیان کردووە، پاساوێك

نیە بۆ ئەو بێزراندنە مێژووییەو ئەو رەگەزچێتییە سەنتەرییە ئەوروپییەی رینان و هی تر لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا لە میانەی سەدەی نۆزدەدا چەسپاندوویانە، ئەمڕۆ هەموو ئەمە تووشی پێداچوونەوەو چاوپێداگێڕانەوە هاتووە، ئێمەش لە مێژووی شارستانێتی مرۆڤایەتیدا بەشدارییمان هەبووە، خۆگێلکردن لەم بەشدارییە یاریدەی دەسپێکردنی وتووێژی عەرەبی– ئەوروپی نادات، ئەگەر ئەوروپییەکان و ئەمریکییەکانیش دانیان نا بە قەرزارییاندا بۆ فەلسەفەی عەرەبی – ئیسلامی، ئەوە یاریدەی پڕکردنەوەی ئەو هەڵدێرە فیکرییە قوڵە دەدەن کە ئێمەو ئەوانی لێك دابڕیوە.

دوای تەقینەوەکانی نیویۆرك و واشینگتۆن، ئەو هەڵدێرە قووڵتر بووە، مەترسی زیاتر بووەو هەڕەشە لە تەواوی ئەو پەیوەندییانە دەکات کە لە نێوان جیهانی ئیسلام و جیهانی خۆراوادا هەیە، ئێمە بە درێژایی مێژوو سودمان لە یەکتریی وەرگرتووە، لەگەڵ یەکترییدا کارلێکمان کردووە، وەك چۆن شەڕو شۆڕیشمان کردووە، بۆیە هیچ تایبەتمەندێتییەکی رەها لەگۆڕێ نیە ئەم لایەنە لەوەی تر جیا بکاتەوە، مەگەر لە بیری هەندێك توندڕەوی هەردوولادا.

توندڕەویش کەسێکە بەسەر خۆی و یەقینەکانیدا داخراوەو ناتوانێت بە هیچ جۆرێك لەگەڵ ئەویتردا کارلێك بکات، ئالان دۆلبێرا پێی وایە هەموو ئەو رابوونانەی لە خۆراوا یان خۆرهەڵات روویانداوە، فەزڵەکەی بۆ وەرگێڕان دەگەڕێتەوە، چونکە وەرگێڕان هۆکاری بنەڕەتییە بۆ کارلێکی شارستانی، بەڵگەی ئەمەش ئەوەیە ژاپۆن خۆی لە ساڵی 1868 بە دواوە، لە سەردەمی بنەماڵەی (میجی)نێودارادا، بە وەرگێڕانی بیری ئەوروپایی دەستی پێکردووە، دەستیانکرد بە ئاخاوتن دەربارەی رۆشنگەری و رێنیسانس، دەربارەی جان جاك رۆسۆو جۆن ستیوارت میل و هیربەرت سپنسەرو هیگڵ و کانت، وەك چۆن ئێستا ئێمەی عەرەب باسیان دەکەین و زیاتریش، تاکە جیاوازی ئەوەیە ئەوان لە رێنیسانسەکەی خۆیاندا یان





دەسپێکردنەکەیاندا سەرکەوتوو بوون و ئێمە هێشتا پەلدەکوتین. ئەوەی سەیرو سەمەرەیە، کاتی خۆی توندڕەوە مەسیحییەکانی ئەوروپاش نەیاندەویست لێمانەوە وەربگرن یان فەیلەسوفەکانمان وەربگێڕن، بە بیانووی ئەوەی ئەوانە کافرن یان دوژمنی ئاینەکەی ئەوانن.

توندەڕەوە مەسیحییەکان هەوڵیاندا نەهێڵن ئیبن روشد یان ئیبن سینا یان هی دی وەربگێڕدرێن، بەڵام خۆشبەختی ئەوروپا لەوەدا بوو، کە شەپۆلی کراوەو زرنگ لەناو مەسیحییەتدا بەسەر شەپۆلی ئوسوڵی داخراودا زاڵ بوو، ئەو شەپۆلە کراوەیە وەرگێڕانەکەی ئەنجامداو هەتا کۆتایی بەردەوام بوو، ئەگەر ئەوە نەبوایە رێنیسانسی ئەوروپا چەند سەدەیەك دوادەکەوت و لەوانەشە مەحاڵ بوایەو روونەدایە. لەمەوە دەگەینە ئەوەی پێویستە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی بەشێوەیەکی گشتی، دەستبداتە گەورەترین پرۆسەی وەرگێڕان و پیتاندنی شارستانی لە مێژووی خۆیدا، ئەمەش دەبێتە قۆناغێکی گرنگتر لە قۆناغی وەرگێڕانە مەزنەکان، ئەوەی لە سەردەمی عەباسییەکاندا روویدا، هەروەها فراوانتریش دەبێت، چونکە شارستانێتی نوێ چوار سەدەیەو هەتا ئەمڕۆ بەردەوام دۆزینەوە زانستی و فەلسەفییەکان کەڵەکە دەکات، ئاسان نیە فریای ئەوە بکەوین کە لە کیسمان چووەو لە ماوەیەکی کەمدا هەموو ئەو شۆڕشە مەعریفییانە هەرس بکەین، بەڵام ئیختیارێکی ترمان لەبەردەمدا نیە، نوێکردنەوەی فیکر بووە بە زەرورەتێکی زۆر پێویست و قابیلی دواخستن نیە، وەك چۆن نوێکردنەوەی کشتوکاڵ یان پیشەسازیی دواخستن قبووڵ ناکەن، بگرە نوێکردنەوەی فیکری لە پێشتریشە، چونکە دواجار هەر ئەوە دەگات بەهەموو ئەو شتانە.

## چۆنیەتی سازاندنی فەلسەفەو زانست بەیەکەوە

کارل یاسپەرز یەکێکە لە فەیلەسوفە بەرچاوەکانی ئەڵمانیا لە سەدەی بیستەمدا، ئەگەرچی ناوی هایدگەری هاوڕێی تاڕادەیەك ناوی ئەمی داپۆشیوە، بەڵام پسپۆڕانی مێژووی فەلسەفە پایەو گرنگیی ئەمیش دەنرخێنن، بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین سەر بەشەپۆلی باوەڕداری فەلسەفەی بونگەراییە، ئەمە لە کاتێکدا کە هایدگەر وەکو سارتەر سەر بە شەپۆلی بێباوەڕی هەمان فەلسەفەیە، هایدگەر لە سەرەتای ژیانیدا باوەڕدار بوو، بگرە پیاوی ئاینیش بوو، هەرچۆنێك بێت، ئەو مشتومڕە بە پیتەی لە سەرەتای سەردەمە نوێیەکاندا لە فیکری ئەوروپیدا بەرپا بوو، مشتومڕی نێوان پەیوەندیی نێوان زانستو باوەڕ بوو، یان فەلسەفەو باوەڕ، هەندێك هەوڵیان دەدا ئەو مشتومڕە لەناو دوو ئیختیاردا کورتبکەنەوە کە سێهەمیان بۆ نیە: یان ئەوەتا باوەڕدارێکی سوننەتی بیتو زانستو فەلسەفە رەتبکەیتەوە، یان ئەوەتا بێباوەڕبیتو هەموو باوەڕێك یان بالأبوونێکی یەزدانییانە رەت بکەیتەوە!. بەڵام یاسپەرز پێڕەویی لە هێڵی سێهەم کرد: واتە هێڵی نێوەند کە ئەقڵو باوەڕ پێکەوە کۆدەکاتەوە.

ئەم فەیلەسوفە گەورەیە کە دەبوو رۆشنبیرانی عەرەب هەر وەکو سارتەرو هایدگەر بایەخیان پێبدایە، بگرە زیاتریش، پێیوایە مرۆڤی نوێ





بەرەو ڕووی سێ شەپۆلی بنەڕەتی دەبێتەوە کە بریتین لە: شەپۆلی زانستو شەپۆلی فەلسەفەو شەپۆلی تیۆلۆجیا، بە رای یاسپەرز، زانست تەرخانە بۆ زانینی واقیعە مادییەکان یان ئەو زانینەی لەسەر بناغەی تاقیکردنەوە بیناکراوە، بەڵام پرسیارە بونگەراییە گەورەکان، ئەوانەی تایبەتن بە ژیانو مردنو دوای مردن، بە لای ئەوەوە گرنگ نیە، زانست پرسیاری لە وێنەی: ئێمە کێین؟ لە کوێوە هاتووین؟ بۆ کوێ دەچین؟ ناکات، بە رای زانست ئەوانە پرسیاری میتافیزیایین، واتە پرسیاری پشتەوەی بوونن یان غەیبینو زەمەن فەرامۆشی کردوون. تەنها فەلسەفەو ئایین ئەم پرسیارانە دەکەن، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کە دوو تێگەیشتن بۆ ئایین هەیە: تێگەیشتنێکی کۆنینە کە لە بنەڕەتدا لەسەر باوەڕهێنان دامەزراوە، لەگەڵ تێگەیشتنی نوێدا کە لەسەر ئەقڵو دیدەڕۆشنی فەلسەفی دامەزراوە.

ئەم بیریارە مەزنە لە وتارێکیدا بە ناونیشانی "باوەڕو رۆشنگەری" شتێك دەڵێت بە مانای: هەندێك پێیان وایە باوەڕنەهێنان بە زەرورەت لە رۆشنگەرییەوە بەرهەم هاتووە، بەڵام رۆشنگەریی چیە؟ رۆشنگەری دژی دەمارگیریی کوێرانەیە، ئەو دەمارگیرییەی باوەڕی بە چەند بیرۆکەیەکی دیاریکراوە بەبێ ئەوەی ملکەچی بکات بۆ پشکنینی رەخنەیی، رۆشنگەری پێچەوانەی کاروباری سیحرو جادوگەرییە، دیلکردنی ئازادیی بیرکردنەوە رەت دەکاتەوەو جەنگی حوکمە پێشینەکان دەکات، کە سەلمێنراوە ناڕاستنو زیانیان هەیە، رۆشنگەری داوامان لێدەکات بەردەوام لە پێناوی گەڕان بە دوای هەقیقەتدا تێبکۆشین، باوەڕ بە هیچ شتێك نەکەین هەتا لە بێژنگی نەدەینو لەبەر رۆشنایی پێوانەکانی ئەقڵو لۆجیکدا مشتومالّی نەکەین. مرۆڤ دەیەوێت شتەکان بەڕوونی ببینێت بۆ ئەوەی بزانێت چۆن رەفتار دەکاتو بە وریایی کاردەکات، بە کورتی دەیەوێت خۆی بە شێوەیەکی سەربەخۆو لێپرسراو بیر بکاتەوە، نەك ئەوانیتر بیری بۆ بکەنەوە، لەبەر ئەم هۆیە کانتی گەورە فەیلەسوفی رۆشنگەری وتویەتی رۆشنگەری بریتیە لەوەی مرۆڤ لە قۆناغی ناتوانایی

ئەقڵییەوە بگوازێتەوە بۆ قۆناغی نەرزەبوون و تەمەنی پێگەیشتوویی، چونکە مرۆڤ لە سەردەمەکانی رابردووی مەسیحییەتی ئەوروپاییدا، کوێرانە گوێڕایەڵی کاهین دەبوو، بڕوای بە هەموو قسەکانی دەکردو بێ هیچ گفتوگۆیەك ملی بۆ کەچدەکرد، ئەمەش مانای ئەوەیە مامەڵەی منداڵی لە گەڵدا دەکرا، واتە وەك ئەو ناتوانایەی خاوەنی ئەقڵ نیە. لە سەردەمی رۆشنگەرییەوە، واتە سەردەمی ئەقڵ و زانست، مرۆڤ داوای لێکرا بە شێوەیەکی شەخسی بیر بکاتەوەو لێپرسراوێتی بیرو کردەوەی خۆی بخاتە ئەستۆی خۆی.

بەڵام زۆرجار خەڵك بە هەڵە لە رۆشنگەری تێدەگەن، چونکە لە راستیدا ماناکەی لێڵ و تەژمە، رۆشنگەرییەك هەیە دروستەو رۆشنگەرییەك هەیە هەڵەیە، جیاکردنەوەشیان سانا نیە، بۆیە دژایەتی هەندێك کەس بۆ رۆشنگەری (بەتایبەتی کاهینەکان) شتێکی ناڕوونە، هەندێجار هێرش دەکەنە سەر رۆشنگەرییە هەڵەکە یان روکەش یاخود ساختەکە، لەمەشدا هەق بەوانە. هەندێجاری تریش هێرش دەکەنە سەر رۆشنگەرییە دروستەکەو بەمەش لەیەك کاتدا هەڵەیەکی گەورە دەرهەق زانست و ئایین دەکەن. زۆرجاریش هەردووکیانیان لێ تێکەڵاو دەبێت، هەندێك لە کاهینە مەسیحییەکان دەڵێن: لە ئەوروپادا، سەردەمی رۆشنگەری باوەڕی لەناوبرد، بۆیە نەفرەتی خوا لەویش و لە هەموو رۆشنگەرانیش! رۆشنگەری بووەتە هۆی سڕینەوەی کەلتوری مەسیحی کە ماوەی چەندان نەوە ژیانی ئێمە لە سەری راوەستابوو. ئەو باوەڕەی لێك هەڵوەشاند کە سەدان ساڵ بوو لە بابو باپیرمانەوە بۆمان مابۆوە، بە هەتیوی و جێماوی جێبهێشتین و گەیاندینە بۆشایی و هیچگەرایی. رۆشنگەری ماف دەدات بە هەموو مرۆڤێك تەسلیمی ئارەزووەکانی یان راو بۆچوونەکانی خۆی ببێت، بەمەش پشێویی و ناڕێکی دەتەنێتەوە، دوای ئەوەی دڵی لە باوەڕ خاڵی کردەوەو بەڕەی لە ژێر پێیدا راکێشا، رۆشنگەری مرۆڤ تووشی نەگبەتی دەکات.





بە ڕای یاسپەرز ئەم بۆچوونانە تەنها بۆ رۆشنگەریی هەڵە یان تێگەیشتنی هەڵە لە رۆشنگەری دروستن، بۆیە با خەڵك هێمن ببنەوەو ترس لە دڵیان دەربکەن، چونکە تێگەیشتنی هەڵە لە رۆشنگەری (یان با بڵێین تێگەیشتنی لەخۆبایی و بەخۆنان) پێیوایە دەشێت هەموو زانینێك و هەموو ئیرادەیەك و هەموو کارێك پشت بەئەقڵ ببەستێت و هیچی دی، ئەمە لە کاتێکدا کە پێویستە ئەقڵ وەکو ئامرازێکی پێویست بەکار بهێنرێت بۆ رۆشنکردنەوەی ئەوەی لە شوێنێکی بالاترەوە بەسەریدا، پێشکەشی دەکرێت، پاشان، تێگەیشتنی هەڵە لە رۆشنگەری ئەو زانینە پەرتییانەی مرۆڤ لەرێگەی ئەقڵییەوە بەدەستیان دەهێنێت، دەیانگۆڕێت بۆ جێگیری رەها یاخود هەقیقەتی یەقینی و کۆتایی، ئەوەش شتێکی کاتی و تێپەڕە، هەموو مێژووی زانستیش ئەمەمان بۆ دەسەلمێنێت، چونکە تیۆرییە زانستییەکان یەك بەدوای یەکدا دێن و یەك یەکتریی راست دەکەنەوە، ئەوەشی لەگەڵدابێت کە تێگەیشتنی هەڵە لە رۆشنگەری مرۆڤ فریو دەدات و وای لێدەکات وابزانێت خۆی خاوەنی زانینێکی تەواوە، ئەمە وەك ئەوەی مرۆڤ خۆی هەمووشت بێت و سەر بەگروپێك نەبێت کە لەو تێدەپەڕێت. مانای بونەوەری بالا، واتە خودی یەزدانی مەزن، بە شێوەیەکی روکەشی یان خێرا لە رۆشنگەراکان دیار نامێنێت، بە هەمانشێوەش مانای هەیبەتی بالا یان ژووروو نامێنێت. وەلێ پێویستە هەموو ژیانێکی مرۆیی لەبەر رۆشنایی باوەڕ بەخوداو هەیبەتی ژووروودا یان لوتکەی ئاکاریی کە لە سەرووی هەموو شتێکەوەیەو هیچ لە سەرووی ئەوەوە نیە، رێگای خۆی بگرێتە بەر، بە کورتی، تێگەیشتنی هەڵە لە رۆشنگەری پێیوایە مرۆڤ خۆی بە خۆی کیفایەت دەکات و پێویستی بە هیچ یارمەتییەك یان رێنماییەك نیە لە دەرەوەی خۆی، رۆشنگەری هانی دەدات بۆ زانین نەك بۆ باوەڕ.

کەواتە مانای دروستی رۆشنگەری چیە؟ یاسپەرز وەڵام دەداتەوە: ئەو تێگەیشتنەیە کە لە پێشەوە سنورەکانی دەرەوەی ئەقڵ دیاری ناکات،

ئەوەیە کە پێشوەخت بە هۆی هەندێك گریمانەی دۆگماییانەوە ئەقڵ سنوردار ناکات، ئەقڵ دەبێت بەسەربەستی بمێنێتەوە، ئازاد بێت، کۆت‌و پێوەند یان سنورو کەوشەنی ستەمکارانەی نەبێت، تێگەیشتنی راستەقینەی رۆشنگەری بە لێکهەڵوەشاندنی بیرە دەمارگیرەکان‌و خورافەو ئەفسانەکانەوە ناوەستێت، بەڵکو خۆشی دەخاتە سەر مەحەکی گومان‌و رەخنە، ئەقڵی رۆشنگەرا پارێزراو نیە، تەنها ئەقڵی دۆگمایی پێیوایە پارێزراوە، ئەقڵی رۆشنگەری پارێزراویی ئەقڵی پێشووی نەڕماندووە بۆ ئەوەی پارێزراوییەکی نوێ بخاتە جێگەی، سەربەستی لێکۆڵینەوەو پشکنین بەکراوەیی دەمێنێتەوەو پێویستە بەسەر خودی رۆشنگەریشدا پیادە بکرێت چونکە لە سەرووی رەخنەو لێپرسینەوەوە نیە، تێگەیشتنی دروست لە رۆشنگەری باس‌و خواسەکانی ئەقڵ‌و بەها ئاکارییە باڵاکان تێکەڵاوی یەکتریی ناکات، دەتوانرێت لە رێی باس‌و خواسە فیکرییەکانی ئەقڵەوە ئەو بەهایانە رووناك بکرێنەوە، بەڵام ناتوانن لە ئەقڵدا ئەو بناغەیە یان ئەو رێسایە بدۆزێتەوە کە پشتی پێدەبەستن، ئەوە لە ئەقڵی مرۆیی تێدەپەڕێنێت یان دەکەوێتە سەروویەوە، ئەوانە یەزدانیین نەك مرۆیی.

ئەگەر بەمجۆرە لە رۆشنگەری تێبگەین، ئەوا باوەڕ بەمانا جەوهەرییە ناوەکییە سەربەستەکەی وشەکە لەناو نابات، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەتا زانینەکانی مرۆڤ زیاد بکات‌و زاستەکانی روو لە زیادبوون بن، دەبێتە هۆی فراوانبوون‌و رۆشنبوونەوەی باوەڕ، ئەمە دەڵێین بەو مەرجەی باوەڕی ناوەکی‌و باوەڕی دەرەکی تێکەڵاو نەکەین، کە ئەمیان لەسەر سروتە کەنیسەییەکان‌و نەریت‌و قاڵبە رووکەشییەکان دامەزراوە، کە مۆرکێکی زۆرەملێ‌و ناچارکردنیان هەیە، پاشان یاسپەرز جیاوازیی نێوان تێگەیشتنی دروستی ئایین‌و تێگەیشتنی هەڵەی ئایین روون دەکاتەوەو دەڵێت: جیاوازییەك هەیە لە نێوان جەوهەری ئایین‌و ئەو لێکدانەوە دۆگماییانەدا کە کاهینەکان بە درێژایی سەدەکان پێشکەشیان کردووە، ئەگەر زانیمان کە جەوهەری ئایین بریتیە لە سەربەستی‌و خودی یەزدان





تەنیا لە تویێی سەربەستییەوە بۆ مرۆڤ دەردەکەوێت، ئەوکاتە دەزانین بۆچی خەڵکی ئەوروپا دەسبەرداری مەسیحییەت بوون‌و رۆشنگەری سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

کاهینەکان ئایینیان کرد بە کۆت‌و پێوەندو زنجیر، بۆ ناچارکردنی ویژدانەکان‌و ئەقڵەکان، ئیتر تۆ ناچار بوویت باوەڕ بە چەند عەقیدەو سروتێك بهێنیت، بە واتایەکی تر ئاینیان گۆڕی بۆ پێچەوانەکەی، تەسەورێکیان بەخشی بە یەزدان کە پێچەوانەی سروشت‌و جەوهەری خۆیەتی، ئەم تەسەورە چەندەها سەدە باوبوو، بۆیە بووە بە هەقیقەتێکی وەها کە قابیلی گفتوگۆ نیە، وای لێهاتووە زەحمەتە بتوانین بۆچونێکی دیکە دەربارەی ئایین پێشکەشبکەین، بۆچونێك کە زۆر نزیك بێت لە رەگو ریشەو جەوهەرەکەیەوە، ئەو خەڵکانەی دژایەتی رۆشنگەری دەکەن ئەوانەن ناتوانن لە بۆچوونە کۆنینە بۆماوەکەی باپیران بێنە دەرەوە، ئەوانە لەسەری راهاتوون، واتە لەسەر کۆیلایەتی راهاتوون، بەڕادەیەك نکوڵی لە تامی ئازادی دەکەن، ئەوانە هەست بە پێویستییەکی دەرونی دەکەن تا مل بۆ ئەو کاهینانە کەچبکەن کە خۆیان وەك ئەوەی زمانحاڵی رەسمی یەزدان دەناسێنن! بەڵام ئەگەر لەسەر ئەو بنەمایە لە یەزدان تێبگەین کە سەربەستی رەهایە، ئەوا هیچ ناکۆکییەك لە نێوان ئایین‌و رۆشنگەرییدا نامێنێت، ئیتر باوەڕ بەردەوام دەبێت، تەنانەت دوای سەرکەوتنی رۆشنگەرییش.

سەرچاوە:
گۆڤاری : الشرق الاوسط
5\ 7\2002

# هێگڵو ڕۆشنگەری

هێگڵیش وەکو زۆرینەی فەیلەسوفەکانی سەردەمی خۆی، بەقۆناغی ڕۆشنگەرییدا تێپەڕی، لەوکاتەدا هیچ بیریارێکی ڕاستەقینە نەیدەتوانی ساتێك لە ساتەکانی ژیاتی تەرخان نەکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەسەلەی ئاینی، بگرە مەسەلەی پەیوەندیی لەگەڵ مەسیحییەتدا یان ڕاستر لەگەڵ بۆچونی سوننەتی دەربارەی مەسیحییەت کە بە نیسبەتی فەلسەفەو فەیلەسوفانەوە مەسەلەی باڵا بوو، هەر کەسێك بەناو قولاییەکانی بیری ئەوروپییدا ڕۆچووبێتو دوای پەرەسەندنی مێژووییەکەی کەوتبێت، ئەوە دەزانێت، بەڵام ئێستا، وەزعی ئەوروپا گۆڕاوە، بە ڕادەیەك فەیلەسوفەکانی ژیانی خۆیان بێ لێکۆڵینەوەو بیرکردنەوەوە سەرف دەکەن، بێ ئەوەی وشەیەك دەربارەی مەسەلەی ئاینی بڵێن، چیتر ئایین سەرقاڵیان ناکات وەك پێش سەدەیەك یان دووان پێشینەکانی ئەوانی سەرقاڵ کردبوو، بۆتە مایەی بێزاریی یان ئەنجامی بەرهەمهاتوو، ئەمە هەموو شتێکە نەزیادو نەکەم.

لە ڕاستیدا وەك هێگڵ دەڵێت، فەلسەفە کچی سەردەمی خۆیەتی، بۆیە پێویستە ئەو بیرۆکە زۆر باوەی ناو هەندێك لە نێوەندەکان لە مێشکی خۆمان دەربکەین کە دەڵێت فەیلەسوف قسەی پەتیو گشتی دەکات کە





هەموو سەردەمەکان دەبەزێنێتو پێوەست نابێت بە سەردەمێك یان کاتێك یان کۆمەڵگایەکی دیاریکراوەوە، ئەم جۆرە فەلسەفاندنە ئەگەر هەشبێت، چیتر کەسی پێ قایل ناکرێت، ئەو فەیلەسوفەی دەست نابات بۆ گرفتە بنەڕەتییەکانی سەردەمەکەی خۆی کە کۆمەڵگاکەی نیگەران دەکەن، ئەوە فەیلەسوف نیە شایانی ئەو ناوە نیە.

هەرچۆنێك بێت، کاتێك هێگڵ ڕووبەڕووی مەسەلەی ئاینی بۆتەوە، تەمەنی بیستوپێنج ساڵان بووە. لە ساڵی 1795دا کتێبی "ژیانی یەسوع"ی نوسی، لەو کتێبەدا کە نەیوێرابوو یەکسەریی بڵاوی بکاتەوە، دەبینین وێنەیەکی مێژوویی (واتە ئەقڵانی). دەربارەی دامەزرێنەری مەسیحییەت پێشکەش دەکات، مەسیح وەکو هیگڵ لێی تێدەگات وەکو مامۆستایەکی ئاکاریی وایە لەسەر شێوازەکەی کانت، زیاتر لەوەی کەسێتییەکی ناوازەی ژوور مێژوویی بێت، چیتر یەسوع لێرەو لەوێ پەرجووەکان دروست ناکات، وەکو کتێبە کۆنینەکان وێنەی دەکێشن، چیتر نهێنییەکان دەوریان نەداوە، بەڵکو ئیتر دەرسی ئازادیی ناوەوەو کەرامەتی مرۆیی دەڵێتەوە، وەك هەر فەیلەسوفێك لە فەیلەسوفەکانی ڕۆشنگەری دەیکات، گەرچی بە شێوەیەکی کامڵتریش بێت.

پاشان دوای ئەوە بە ساڵێك هێگڵ کتێبێکی تری گرنگی دەربارەی ئایین دانا: دۆگماتیزمی ئاینی مەسیحی، ئەم کتێبەش لە ژیانی خۆیدا بڵاو نەکراوەتەوە، هێگڵ لەهەمان ئەو باوەڕە مەسیحییانە دەکۆڵێتەوە کە ڤۆڵتێر ڕەخنەی لێگرتوون، بەڵام ئەو پێڕەوێکی جیاواز لەوەی ڤۆڵتێر پیادە دەکات، پێڕەوێکی ناوەکی بەکاردەهێنێت زیاتر لەوەی دەرەکی بێت، ڤۆڵتێر لە سەنگەرێکی دەرەکی دژەوە، ڕەخنەی لە ئارسۆدۆکسییزمی مەسیحی دەگرت (واتە فەندەمێنتاڵیزم)، بەڵام هێگڵ هەندێجار شوێنی ئەو پێڕەوە دەکەوت، بەڵام بەزۆریی هاوشانی باوەڕەکە لە ناوەوەو بە شێوەیەکی دیالەکتیکییانە دەڕۆیشت، بۆ ئەوەی زەرورەتە مێژووییەکەی دەربخات یان ئەو وەزیفەیەی لە ساتێکدا ئەنجامیداوە،

پاشان دواتر روونی دەکاتەوە کە چۆن گۆڕاوە بۆ پێچەوانەکەی، ئەوەی لە ئاینی مەسیحیدا ئەقلانی بووە، لەگەڵ کاتدا دەبێت بە شتێکی دۆگمایی.

ئایین دەگۆڕێت بۆ سروت و نەریت و دامودەزگای لە مانا ئەسڵییەکەی سەرەتای بەتاڵکراو، بە واتای ئەوەی دەگۆڕێت بۆ تویکڵ و قاڵبی وشك هەڵگەڕاوی مۆمیاکراو یاخود بە مۆمیا بوو. پێویستە ئاینی راستەقینە خۆی لەو تویکڵانە رزگار بکات تا بگەڕێتەوە بۆ مانا ئەسڵییەکەی، بۆ سەرچاوە ئەسڵییەکەی.

ئیتر ئاینی مەسیحی بە تێپەڕینی کات و بەهۆی ململانێ و هەواو هەوەسی مرۆڤەکانەوە گۆڕا بۆ ئایدۆلۆجیایەکی دەسەڵاتخواز، سەرکوتکەر لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی مێژوودا، ئەمەش ئەوەیە کە پێی دەڵێت دۆگماتیزم.

بەڵام دواتر، هێگڵ تێگەیشت ئایین ئەگەر لە دۆگماتیزمەکەی و سروت و نەریتەکانی بەتاڵ بکرێت ئەوا بە هیچ شێوەیەك بە ئاینی نامێنێتەوە! ئیتر کەوتە سەر دوو ڕێیانێك: یان ئەوەتا بە تەواوی دەستبەرداری ئایینی دۆگمایی ببێت لە بەرژەوەندنی ئەقلانیەتی فەلسەفی رادیکاڵدا، یاخود فەلسەفە والێبکات لەگەڵ ئاییندا بژی یان دراوسێی ئایین بێت، بەڵام دوای ئەوەی هێگڵ رەخنەی لە باوەڕە مەسیحییەکان و نهێنییەکانی و پەرجووەکان و شتی تری لەو بابەتە گرتبوو، تازە ئەو پێکەوە ژیانە لە شتێکی دەسکردو ناڕوون دەچوو، هەربۆیە هەندێك تاوانباریان کرد بە بەکارهێنانی زمانێکی دووسەرە: زمانی فەیلەسوفان و زمانی یەزدانگەراکان، جا ئایا یەك دانە هەقیقەتی ئەقلانی بۆ هەمووان لەگۆڕێیە؟ یاخود دوو هەقیقەت لە گۆڕێن: یەکەمیان بۆ فەیلەسوفان و دەستەبژێری رۆشنبیر، دووەمیشیان بۆ هەموو جەماوەر بەگشتی؟

لەتوێی ئەم دیدگایەوە، ئاینی مەسیحی بەکردەی زەرورەتێکی مێژوویی بەزێنەر دەستی کرد بە وەرچەرخان بەرەو پێچەوانەکەی خۆی! وای لێهات لە خۆی نامۆ ببێت و دژی مەبەست و جەوهەرەکەی سەرەتای





خۆی بوەستێتەوە، ئیتر تێدەگەین بۆچی کەنیسە بە درێژایی سەدەکان لەگەڵ سیستمی فیۆداڵی و چەوساندنەوەی سیاسییدا هاوپەیمان بووە، ئینجیل باسی هاوپەیمانێتی دەوڵەمەندەکان دژی هەژارەکان ناکات، یاخود لەگەڵ بەهێزەکاندا دژی بێهێزەکان، لەگەڵ ئەوەشدا کەنیسە بەمە رازیی بوو، کردی بە شتێکی شەرعی، بەڵکو هەوڵیدا ساویلکەکان قایلبکات قبووڵی بکەن، ئالێرەدایە وەزیفەی نامۆکارییانەی ئایین.

بێشك، ئەم بیرانە کاتی خۆی مەترسیدار بوون و زۆربەی زۆری کۆمەڵگا تاوانباری دەکردن، هەربۆیە هێگڵ بڵاوی نەکردنەوەو وەك دەسنوس لەسەر رەفەی کتێبخانەکەی هێشتنیەوە.

دەیزانی ئەم بیرانە پێش کاتی خۆیان کەوتوون، گەلی ئەڵمانی قبووڵیان ناکات چونکە ئامادە نەکراوە، یان بە سانایی پێیقووت ناچێت، ئەمەش گەورەترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی گۆڕینی ئەقڵییاتەکان پرۆسێسێکی مەترسیدارەو لە نێوانی شەوو ڕۆژێکدا روونادات، بۆیە ئەوەی لە هەموو شتێك زیاتر بێزارم دەکات پەلەکردنی هەندێك رۆشنبیری عەرەبە لە گۆڕین یان تێپەڕاندنی قۆناغەکان! من دەڵێم پێویستە گۆڕانکاریی قۆناغ قۆناغ هەرس بکرێت، نابێت پێشئەوەی ئەم قۆناغە بە تەواوی هەرسبکرێت، بگوازینەوە بۆ قۆناغی دواتر.

پێویستە بزانین فێختەی مامۆستای هیگڵ بە شێوەیەك لە شێوەکان، لانیکەم لە سەرەتادا، بەهۆی بەریەککەوتنی لەگەڵ پیاوانی ئاییندا، باجێکی سەختیدا. لە ساڵی 1799دا لە زانکۆی "یینا" دەرکرا کە یەکێك بوو لە کراوەترین و لیبراڵیترین زانکۆکانی ئەڵمانیای ئەو سەردەمە، بە بێباوەڕی تاوانباریان کردو لۆمەیان کردو لەبەردەمی ئەو دەسەڵاتە باڵایەدا کە بۆی هەیە کارەکان تاوتوێ بکات. شایەتییان لێدا، بۆچی؟ چونکە دەربارەی ئاینی مەسیحی، لێدوانێکی ئەقلانییانەی دابوو. ئەو لێدوانە پێش رای گشتی باو کەوتبوو. وەلێ ئەو لێدوانە لەچاو ئەوەی بە نهێنی لە سویسرە نوسیبووی، شتێکی ئەوتۆ نەبوو.

با گویٚ لە فیٚختە بگرین:"سیستمی ئاکاریی زیندوو کاریگەر خودی خوداوەندە، ئیٚمە غەیری ئەوە پیٚویستیمان بە هیچ باوەڕیٚکی تر نیە، هیچ پاڵنەریٚك لە ئەقڵدا بوونی نیە پاڵمان پیٚوە بنیٚت بۆ چوونە دەرەوە لەم سیستمە ئاکارییەی هەموو گەردونی گرتۆتە دەست، پیٚویستیمان بەوە نیە باوەڕ بیٚنین بەبوونی بونەوەریٚکی تایبەتی وەك هۆ وابیٚت بۆ ئەنجامەکە، بەمەش تیٚگەیشتنی دروست ناگاتە ئەم ئەنجامە، تەنها فەلسەفەی هەڵە ئەمە دەکات.

ئەم قسەیە بە هەرتەقە دادەنریٚت: واتە دەرچوون لە تیٚگەیشتنی باوی مەسیحییەت لەو کاتەدا، بۆیە ئیدانەیان کردو لە زانکۆ دەریان کرد، بۆچوونەکەی فیٚختە دەربارەی یەزدان جیاوازە لە بۆچونی سوننەتییانەی سەدان ساڵ لەمەوبەری چەسپاوی مەسیحیەت، کە لە باوەڕی سیٚیینەدا ویٚنا ببوو، بۆچوونەکەی فیٚختە زیاد لە پیٚویست ئەقلانی بوو...

بیٚشك هیٚگلیش بە ئاڕاستەی هەرتەقەدا لەوە دوورتر دەڕوات، لە راستیدا نوسینەکانی سەردەمی لاویی، کە دوای مردنی خرانە بەر دیدەی خەڵك، رادیکاڵیتر بوون لە رەخنەگرتن لە باوەڕە ئاینیو سیاسییەکاندا، لەچاو نوسراوەکانی سەردەمی پیریی یان پیٚگەیشتنیدا، دواتر زیاتر دەسڵەمیٚتەوەو وریاتر دەبیٚتو ئەزمونیشی زیاتر دەبیٚت، ئەگەر نەڵیٚین زیاتریش لە سزا دەترسا، لە لاویٚتی یەکەمیدا هیٚگڵ نامەی ئاگرینی بۆ هەردوو هاوڕیٚی شلینگو هۆڵدرین دەنوسیو رقی خۆی لە تیۆلۆجیای پرۆتستانتو شیٚوازی فیٚرکردنی ئاینەکەی دەردەبڕی، ئومیٚدی دەخواست فەلسەفەی نویٚ لە ئەڵمانیا سەربکەویٚت: فەلسەفەی کانتو فیٚختە، فەلسەفەی ئەقڵو رەخنەو ئازادی، بەڵام یەزدانگەراکانو کاهینەکان دەبوونە مایەی رقهەستانی، لە راستیدا لە ژیانی خۆیدا هەرگیز خۆشی نەویستوون. ئەوان دەستەیەکی کۆمەڵایەتی یان ریٚکخراوەیەکی کەنیسەیی بوونو ئەم لیٚیان دەپرینگایەوەو لە کاردانەوەیان دەترساو بە مەترسییەك بۆ سەر ئازادیی بیرکردنەوە لە قەڵەمی دەدان، ئەوەی زۆر





بیٚزاری دەکرد ئەوە بوو کە هەوڵیان دەدا دەستبگرن بەسەر فەلسەفەی کانتییداو بۆ خزمەتی باوەڕە پواوەکانی خۆیان بەکاری بهیٚنن، کە تۆزی زەمانە لە سەریان نیشتووە، فەلسەفەکەی کانت سەرکەوتبوو، ئەستیٚرەکەی لە ئەڵمانیادا درەوشابۆوە، بۆیە هەمووان هەوڵیان دەدا لیٚینزیك ببنەوەو بیبەن بۆ خۆیان، بگرە خۆشەشی بکەن بۆ ئەوەی لەگەڵ بیرە تایبەتییەکانی خۆیاندا بسازیٚت.

"الشرق الاوسط"
2002 /7/ 26

## چەند خوێندنەوەیەك لە رۆشنگەریی ئەڵمانییدا. بۆچی ئەورووپا پێشکەوت ئەوانیدی دواکەوتن؟

لە سەدەی نۆزدەهەمدا یا سەرەتای سەدەی بیستەمدا، شەکیب ئەرسەلان پرسیارە نێودارەکەی بەرزکردەوە: بۆچی موسوڵمانەکان لەوانیدی دواکەوتن؟ من لێرەدا پرسیارەکە پێچەوانە دەکەمەوە بۆ ئەوەی بگەمە هەمان ئەنجام، پێشموانیە هەتا ئەم ساتە رۆشنبیرانی عەرەب وەڵامی پرسیارەکەی شەکیب ئەرسەلانیان دابێتەوە، سەرباری هەموو ئەو هەوڵانەش کە بۆ تازەکردنەوەی بیری عەرەبی یان رەخنە گرتن لە کەلتور یان بۆ پێداچوونەوەی رابردوو... هتد دراون، هۆیەکەشی ئەوەیە بۆ ئەوەی وەڵامی بدەینەوە، پێویستە لەیەك کاتدا هۆیەکانی پێشکەوتنی ئەوان و دواکەوتنی خۆمان بزانین. لەهەردوو حاڵەتەکەشدا تائێستا لە ئەرکەکەدا سەرنەکەوتووین، گەرچی لێرەو لەوێ هەندێ هەوڵی جدی و دڵسۆزانە دراون. من خۆم پێموایە هۆی نوشوستیهێنانەکە ناگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئازایەتی رۆچوون بە قووڵایی شتەکاندا، بەڵکو نەبوونی لێهاتوویی زانستی و فەلسەفی بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، ناشبێت لە داننان بەم راستییەدا شەرمەزار ببین، دەبێ سەرلەنوێ بگەڕێینەوە بۆ سەر





تەختەی خوێندن بۆ ئەوەی فێری شێوازی بیرکردنەوە ببین بە هەموو میتۆدو زاراوەکانی و ئامرازەکانیەوە، تەنها بیرکردنەوە دەتوانێت ئەو نەخۆشییە عەرەبی یان ئیسلامییە دەستنیشان بکات کە پێوەی دەناڵێنین، وادیارە تا ئێستاش نەتوانراوە دەستنیشان بکرێت و چارەسەر بکرێت، بەڵکو لەم ماوەیەی دواییدا زۆر تەشەنەی کردووە بە تایبەتی دوای تەقینەوە تیرۆریستەکانی یازدەی سێپتەمبەرو ئەو روداوانەی بە دوایدا هاتن.

هەرچۆنێك بێت لە خستنەڕووی مێژوی رۆشنگەری ئەورووپا مەبەستێکی دیکەم هەیە، بە تەنیا تێگەیشتنی نهێنی پێشکەوتن و سەرکەوتنی ئەوانیترم مەبەست نیە، بەڵکو زانینی ئەوەش چۆن بیریاران لە ساتێك لە ساتەکانی مێژوودا بەرامبەری گەلەکانیان ئەرکەکانی خۆیانیان گرتۆتە ئەستۆو چۆن توانیویانە نەخۆشی و ناساغییەکانیان دەستنیشان بکەن.

حاڵی ئەڵمانیا دوای تەواوبوونی جەنگی سی ساڵە (1618 . 1648) لە حاڵی گەلی عەرەبی باشتر نەبوو. جەنگێکی ناوخۆی تۆقێنەر شارو گوندەکانی وێران کردو سەدان هەزاری لە دانیشتوانەکانیان قەلاچۆ کرد، وێڕای ئەوەش دوای شەڕ بیری ئەقڵانی رۆشنگەرا تەقییەوە، یان لەسەر دارو پەردووی شەڕەکە دامەزرا، لەوانەیە بڵێن: ئەمە ناکۆکییەکی سەیرە. نا، ناکۆکی نیە، بە داخەوە گەلان هەتا باج نەدەن تێناگەن، تاکەکانیش هەروان، دەبوو ملیۆنەها مرۆڤ لە شەڕێکی مەزهەبی تێشکێندا لەناو بچن کە تەڕو وشکی پێکەوە سوتاندو هیچی نەهێشتەوە، تا فەیلەسوفەکانی ئەڵمانیا بوێرن پرسیارێك لە پیرۆزەکانیان بکەن: واتە تیۆلۆجیای مەسیحی کۆنینەی سەدان ساڵەی لە بابوباپیرانەوە جێماو!

لە ئەڵمانیا کەی رۆشنگەری دەستی پێکرد؟ لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەهەمدا لەسەر دەستی لایبنیتز، واتە رێك دوای جەنگە سی ساڵییەکە، مرۆڤ هەتا ئاگر نەگاتە بەردەرگای ماڵەکەی، پەلەپەلی

پێناکەوێت. ئینجا دەپرسێت: بۆچی ئەمە رویدا؟ بۆچی کاسۆلیك‌و پرۆتستانتەکان یەکترییان هەلاهەلا کرد، هەموویان سەر بە یەك ئایین، یەك کتێب، یەك زمانن؟ ئایا رێگایەکی تر هەیە بۆ تێگەیشتنی ئایین جگە لەم رێگا کۆنینە دەمارگیرەی بووە هۆیماڵوێرانی؟

لەو ساتەوە رۆشنگەری وەك جوڵانەوەیەکی هەڵکشاو تەقییەوەو کەوتە شەڕێکی سەخت‌و درێژخایەن لەگەڵ هێزەکانی داخران‌و رەقهەڵاتوویی تیۆلۆجیای مەسیحی، دوای ئەوەی ئەوروپا ئەو جەنگەی لەگەڵ خۆیدا یەکلایی کردەوە، توانی بە شێوەیەکی دڵگیر دەستپێبکاتەوەو بەسەر هەموو گەلەکانی سەرزەوییدا سەربکەوێت. راستە لەسەرەتادا رۆشنگەری ئەڵمانی شتێکی جەماوەری نەبوو، لەسەر چینی ئوستادانی زانکۆ، زاناکان، گەورە فەرمانبەرانی دەوڵەت‌و خەڵکانی رۆشنبیر راوەستابوو، رەشەخەڵك هەر پێوەست بوون بە قەشەی پرۆتستانتییەوە یان بەکاهینی کاسۆلیکەوە، لەوانەکانی ئەوان دەیانخواردەوە وەك ئەوەی بڵێی لە ئاسمانەوە دابەزیوە. بەڵام لە رێگای بڵاوکردنەوەی قوتابخانەو زانکۆو رۆژنامەگەری‌و بڵاوبوونەوەی بەربڵاوی زانین بە هۆی کتێبی چاپکراوەوە، ئیتر رۆشنگەریی وردە وردە بڵاو بۆوەو گەیشتە چەندان توێژی بەربڵاوی گەلی ئەڵمانی، دەتوانین هەمان شتیش دەربارەی باقی گەلەکانی تری ئەوروپا بڵێین.

گومانی تیا نیە رۆشنگەری ئەڵمانی لە قۆناغەکانی یەکەمیدا پاشکۆی رۆشنگەریی فەرەنسی‌و رۆشنگەری ئینگلیزی بوو، لە لایەکەوە قوتابی فەلسەفەی دیکارتی بووە، پاشان هی زانستەکەی نیوتن‌و فەلسەفەکەی جۆن لۆك. لە دیکارتەوە روونی پێرەوەکەو گومان‌و لێوردبوونەوەی وەرگرتووە، شتێکی لەم بابەتەی دەووت: ناتوانین دروستی رایەك یان وتەیەك قبووڵ بکەین، تەنانەت ئەگەر خاوەنەکەی پاپای رۆما یان مارتن لۆسەریش بێت، ئەگەر نەیخەینە سەرمەحەکی رەخنەو شەن‌و کەوی نەکەین‌و بە شێوەیەکی ئەقڵانیانە نەیپشکنین. دیارە لای مرۆڤی کاسۆلیك





پاپای رۆما گەورەترین هەیبەتی ئاینییە، لای مرۆڤی پرۆتستانتس مارتن لۆسەر گەورەترین هەیبەتی ئاینیە. ئیتر هیچ هەیبەتێك لە سەرووی هەیبەتی ئەقڵەوە نەمایەوە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بەکاروباری دونیایی‌و سیاسەتی کۆمەڵایەتییەوە هەبێت، زانستەکەی نیوتنیش بوو بە نمونەی باڵای هەموو زانینێکی ورد لە سەردەمی رۆشنگەریدا، ئایا نیوتن ئەو یاسایانەی کەشف نەکرد کە گەردوون بەڕێوە دەبەن؟ ئەو یاسا ئەبەدییانەی بۆ روون نەکردینەوە کە کۆنترۆڵی مادەی فیزیاوی‌و هەسارەکانی ئاسمان دەکەن، ئیتر ئایا زانستێك لە سەروو زانستەکەی ئەوەوە هەیە؟ بەمجۆرە زانستەکەی نیوتنیان گواستەوە بۆ بوارەکانی تریش غەیری گەردونناسی‌و فیزیا، چونکە مادام لەوێدا بە شێوەیەکی رەتنەکراوە کاریگەریی خۆی سەلماندووە، ئیتر بۆچی لە بواری فەلسەفە، یان سیاسەت، یاخود تەنانەت ئاکارو ئاینیشدا نەیسەلمێنێت؟ ئیتر لەوساتەوە بیری ئەوروپی بوو بە پاشکۆی بیری زانستی فیزیایی ورد، هەتا ئەمڕۆش ئەم خەسڵەتەی هەر پێوە ماوە، لە دیکارت یان کانت بە دواوە هەتا ئێستا، ناتوانرێت فەلسەفە لە پێشکەوتنی زانست جیابکرێتەوە، هەر بۆیە یەکێك وتویەتی: ئەگەر نیوتن نەبوایە، کانتیش نەدەبوو! رەنگە یەکێك بڵێت: بەڵام فەیلەسوفەکانی سەدەکانی ناوەڕاست لە وێنەی تۆمای ئەکوەینەس‌و ئیبن روشدو فارابی‌و هی دی، ئەوانیش ئەقڵانی بوون، هەوڵیانداوە فەلسەفەی ئەرەستۆو باوەڕی ئاینی پێکەوە بسازێنن، ئەمە راستە، بەڵام ئەقڵانییەتەکەی ئەوان لە بنەڕەتدا بەرەو ژیانی تێڕامان ئاڕاستەکرابوو، پێیان وابوو لە ژیانی دونیای سەر زەوی بەرزو باڵاترو شکۆدارترە، زانینی راستەقینە بەنیسبەتی ئەوانەوە بریتی بوو لەو زانینە تیورییەی مەبەستی تێگەیشتنی هەقیقەتی ئەبەدی‌و یەزدانی بوو، ئەمەش مانای کەمکردنەوەی بایەخ‌و دەسکەوتەکانی ئەوان نیە، کە بە نیسبەتی سەردەمەکیانەوە زۆر گەورە بوون، بەڵام لە سەردەمی رۆشنگەرییەوە، ئیتر ئەقڵانییەت بوو بە شتێکی پراکتیکی بەرهەست‌و

زانستی، ئاڕاستەی تێگەیشتنی ژیانی سەر زەوی و واقیعی مادی و پێکهاتەی کۆمەڵگای وەرگرت، ئامانجەکەی بوو لەوەی لە ڕێگای ئەقڵی مرۆییەوە جیهان چاك بکرێت و بگۆڕدرێت، جیاوازیی نێوانی ئەقڵییەتی سەدەکانی ناوەڕاست و ئەقڵییەتی مۆدێرنیزم لێرەدایە، گواستنەوە لەوەوە بۆ ئەم شکۆی ئەوروپای دروستکرد، مادام تا ئەمڕۆش کۆمەڵگا عەرەبییەکان یان ئیسلامییەکان ناتوانن ئەم هەنگاوە بنێن، ئەوا لە نەهامەتییکەی خۆیاندا، گیرو گرفتەکانیاندا، تەڵەزگەکەیاندا پەل دەکوتن، بەڵام ئەم پەل کوتانە خۆی لە خۆیدا مانای ئەوەیە کە شتێك لە هەناوی عەرەبی – ئیسلامییدا خەریکە دەڕسکێت، چەند کارلێکێك لە ڕوودانەدان کە لەوانەیە رۆژێك لە رۆژان ببنە هۆی رزگاری، ببنە هۆی دەرکەوتنی ڕێگای رزگاری و سەرفرازی.

فەیلەسوفانی رۆشنگەریی ئەڵمانیی بەدەسپێك لەلایبنیتزەوەو کۆتاییبەکی بە هێگڵ و تێپەڕین بە لیسینگ و کانت و فێختەو هی دیش زۆرن، لەوە تێگەیشتن کە رزگارکردنی ئەڵمانیا لە چنگی دەمارگیری و زێدەڕۆیی روونادات هەتا خوێندنەوەیەکی ئەقلانی یان رۆشنگەرا بۆ کەلتورە ئاینییەکەیان ئەنجامنەدەن، ئەم خوێندنەوە راڤەکەرە دژی ئایین نیە، واتە لە رۆحانییەتە پوختەکەی و ئاکارە میسالی و باڵابوونەکەیدا، بەڵکو دژی لێکدانەوەی دەمارگیرانەی تاریکخوازی ئاینی مەسیحییە، ئەم لێکدانەوەیان تاوانبارکرد بەوەی هۆی مەرگەسات و نەهامەتییەکانی ئەڵمانیایە، چونکە خەڵکی دژی یەکتریی هان دەدات و پاساوی قەلاچۆکردن و کوشتن و تۆقاندن دەداتەوە، بۆیە ئەگەر ئەڵمانیا بیەوێت جارێکی تر نەکەوێتە ناو دۆزەخی جەنگی ناوخۆوە، ئەگەر بیەوێت بەکاروانی گەلە رۆشنگەراکان بگاتەوە، ئەوانەی لەسەر ڕێگای زانست و ئەقڵ پێشیان کەوتوون: واتە گەلی ئینگلیزو پاشان گەلی فەڕەنسا، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە خۆیان لەو راڤەکردنە رزگار بکەن، دواتریش کاتێك ئەڵمانیا توانی لە نەهامەتییەکەی بێتە دەرەوەو برینەکانی خۆی تیمار





بکات و ڕێگای پەرەسەندن و پێشکەوتن بگرێتەبەر. کێ ئەم ڕێچکەیەی بۆ کردەوە؟ ئەو فەیلەسوفانەی لێپرسراوێتییە مێژووییەکەی خۆیان لەبەردەمی گەلەکانیاندا گرتە ئەستۆ، جارجار قوربانیان دەدا بە ئارامی و ئاسایشی تایبەتی خۆیان بێ رِیایی راستییان پێدەوتن و فریویان نەدەدان، بەڵێ رۆشنبیر رۆڵێکی هەیە لە رابوونی گەلەکەی یان نەتەوەکەیدا بیبینێت، بەڵێ رۆڵی ئەو لە رۆڵی سیاسی گرنگترە، یان هەرهیچ نەبێ پێشی دەکەوێت و ڕێگای بۆ روناك دەکاتەوە،

(الشرق الاوسط) 2002\8\10

## ئێمەو خۆراوا... چیرۆکی ململانێیەکی مێژوویی درێژ

بە پێچەوانەی ئەوەوە کە بۆی دەچین، ململانێی نێوان جیهانی عەرەبی و خۆراوا ناگەڕێتەوە بۆ کارەساتەکەی فەلەستین یاخود تەنانەت بۆ سەردەمی ئیمپریالیزمی پێش ئەویش، بەڵکو زۆر دێرینترو قووڵترە، لە راستیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەرکەوتنی ئیسلام‌و فراوانبوونی خێرای دواتری لە رێگای فتوحاتەکانی حەوزی دەریای سپی ناوەڕاست. ئیسلام توانی چەند جێگایەکی بنەڕەتی مەسیحییەت لە سوریەو فەلەستین‌و میسرو عیراق‌و باکوری ئەفریقیاش رابماڵێت،

خۆراوا بە درێژایی چەند سەدەیەکی دوورو درێژ ئەم فراوانبوونەوەیەی پێ قووت نەچوو، بەڵگەی ئەمەش ئەوەیە کە مێژوونووسی بەلجیکایی ناسراو هینری بیرین لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا خەفەت بۆ ئەوە دەخوات کە ئیسلام ئەو هەموو سەرکەوتنانەی بەدەستهێناوەو، بە وتەی خۆی یەکێتییەکی قووڵی بۆ حەوزی دەریای ناوەڕاست بە هەردوو کەناری خۆرهەڵات‌و خۆراوایەوە، باکورو





باشوریەوە، بەدیهێناوە، پێش ئەو سەرکەوتنە هەموو دەریای ناوەڕاست هی مەسیحییەکان بوو. ناوچەیەکی سازو گونجاو بوو. دەتوانین ململانێی مێژوویی نێوان ئێمەو خۆراوا بکەین بە سێ ماوەی بنەڕەتییەوە.

یەکەم: ماوەی سەردەمە دێرینەکان لە سەرهەڵدانی ئیسلامەوە هەتا سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەم، ئەمە ململانێیەکی ئایینی بوو یاخود جەوهەرێکی ئاینیی هەبوو، هەردوو جەنگی خاچهەڵگرانی یەکەم‌و دووەم ململانێکەیان سەختترو قووڵتر کردەوە، ئەوەش دوای ئەو ململانێ درێژەی لە نێوانی ئیمپراتۆرییەتی عەرەبی ئیسلامی‌و ئیمپراتۆرییەتی بێزەنتیدا بە درێژایی هەردوو ماوەی ئەمەوییەکان‌و عەباسییەکان روویدا، پاشان ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە دیوی موسوڵمانەکانەوە سەرۆکایەتی ململانێکەی گرتە دەست، شانازییەکانی ئەم ئیمپراتۆرییەتە زیاتر سەربازی‌و سیاسی بوو، نەك فیکری‌و شارستانی بەپێچەوانەی قۆناغی پێشووترەوە: شارستانێتی عەرەبی ئیسلامی کلاسیکی یان ئەوەی پێی دەوترێت سەردەمی زێڕینی ئیسلام، سوپای عوسمانییەکان لە دەرگای ڤییەننایان داو بۆ ماوەی چەند مانگێك گەمارۆیان داو هەموو خۆراوای مەسیحییان ترساند، بەڵام لە سەدەی حەڤدەیەمەوە، لە ئەنجامی پێشکەوتنی زانستی‌و ئابوری‌و پاشان پێشکەوتنی تەکنەلۆجی: واتە داهێنانی چەکی خێراو ئۆتۆماتیکیدا، خۆراوا سەرکەوت.

دووەم: ماوەی ئیمپریالیزم‌و سەردەمی نوێ، دەتوانین بڵێین لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە لەگەڵ هەڵمەتەکەی ناپۆلیۆن بۆ سەر میسردا درێژ دەبێتەوە بۆ ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی بیستەم، مێژووی سەربەخۆیی جەزائیر، بەڵام ئەگەر کێشەی فەلەستین لەبەرچاو بگرین، دەتوانین بڵێین تا ئێستاش هەر داگیرکراوە، ئیتر ململانێکە بوو بە ململانێی نێوان خۆراوای عەلمانی بە مانای وشەکەو خۆرەڵاتی ئیسلامی بەشێوەیەکی گشتی، چونکە دوابەدوای سەردەمی رۆشنگەری‌و شۆڕشی فەڕەنسی، چەمکی خۆراوا جێگەی مەسیحییەت یان جیهانی مەسیحی

گرتۆتەوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە ململانێی ئاینی بە تەواویی کۆتایی پێهاتووە، لە راستیدا لە ژێر پەردەی هەڵمەتی مزگێنیدانی کاسۆلیکییانە یان پرۆتستانتدا هەر بەردەوام بووە.

ئەم ماوەیە ململانێی خوێناویی سەختیشی بە خۆیەوە بینیوە، کە مەترسییەکانیان کەمتر نەبوو لەو ململانێیانەی لە سەردەمی خاچهەڵگرەکاندا پێش شەش یان حەوت سەدە روویانداوە، سەختترین‌و پڕزامترینی ئەو ململانێیانە ئەوەبووە کە لە نێوانی جەزائیرو فەرەنسادا روویداوە. تا ئەمڕۆش هۆشیاری دەستەجەمی فەڕەنسا ئەو قۆناغەی بۆ قووت ناچێت یان ناتوانێت لێی تێبپەڕێت‌و لەبەردەمی خوداوەندو مێژوودا لێپرسراوێتی خراپەکارییەکانی بخاتە ئەستۆی خۆی، لە چەند مانگی رابردووداو لەسەر لاپەڕەی رۆژنامە ناسراوەکانی فەڕەنسا مەسەلەی ئەو شکەنجەدانە وروژێنراوەتەوە کە کاتی خۆی هەندێك لە سەرکردەکانی سوپای فەڕەنسی لە جەزائیردا ئومارەسەیان کردووە، هەندێك لەو ژەنراڵانە کتێبیان بڵاوکردۆتەوەو دان بەو کارانەدا دەنێن. ئەو دانپیانانانەش هەراو بەزمێکی زۆریان نایەوەو تا ئەمڕۆش دەنگ‌و سەدای هەرماوە. تا ئێستاش جەزائیر لە بارودۆخێکی کارەساتاوی وەهادا کە ژان دەباتە دڵی هەموو عەرەبێکەوە، ئاهەنگی چل ساڵەی رزگاری دەگێڕێت، دواکارین لە یەزدان ئەو ژانە لە دڵی هەمووان دەربکات، نەهامەتییەکە زۆر زیاد لەپێویستی خایاندو گەلی جەزائیری مەزن شایانی شتێکی ترە.

سێیەم: ماوەی ئێستا کە لە سەرەتای پەنجاکانەوە درێژدەبێتەوە تا ئەمڕۆ، دەتوانین بیکەین بە دوو بەشی سەرەکییەوە: یەکەم ماوەی نەتەوایەتی ناسرییانە (1952–1970)، لەم ماوەیەدا ئایدیۆلۆجیای نەتەوەیی عەرەبی زاڵ بووە، وەلێ ئەم ماوەیە لەگەڵ بەعس‌و جوڵانەوە ناسرییەکاندا هەتا دوای حەفتاکانیش بەردەوام بوو، بگرە لە ماوەیەکدا بەڕەنگی چەپی مارکسی خۆی بۆیە کرد، دووەمیشیان ماوەی ئایدیۆلۆجیای ئوسوڵییە یان ئەوەی وای پێدەوترێت (1972–2002) کە





تا ئەمڕۆش هەر بەردەوامە، لێرەدا ئایدیۆلۆجیای ئاینی بەسەر ئایدیۆلۆجیای نەتەوەیی یان مارکسییدا زاڵە، نەك تەنها لە نێوەندە میللییەکاندا، بەڵکو هەندێجار لە نێوەندی رۆشنبیرانیشدا، بێشك هەرەسهێنانی کۆمۆنیزم‌و یەکێتی سۆڤێت لە ساڵی 1990دا، بەشدارییەکی زۆری هەبوو لە کشانەوەی شەپۆلی چەپی نەتەوەیی عەرەبییدا، بەڵام دەتوانین بڵێین متمانەکە لە دوای پێنجی حوزەیرانی 1967و نەهامەتییە ژاناوییەکەوە زەبرێکی بەئازاری بەرکەوتووە.

ئێستاش پرسیارێکی پێویست خۆی دەخاتە روو: ئایا شەپۆلی ئوسوڵییش ئەوەی بەسەردێت کە بەسەر شەپۆلی نەتەوەیی‌و چەپی پێش خۆیدا هات؟ مەبەستم: ئایا ئەویش دوای ئەوەی خۆی تاقیکردەوەو بۆماوەی سێ دەهە کۆنترۆڵی شەقامی کرد، متمانەی خۆی لەدەستدەدات؟ دوور نیە، ئەوەی لەسەر شەقامی ئێرانی وەکو کاردانەوە دژی خومەینیزم بە داڕشتە بەبەردبووەکەی روودەدات، هەروەها ئەوەی لە شەقامە ئیسلامییەکانیشدا دوای یازدەی سێپتەمبەر روودەدات لە خۆخڵافاندن‌و دۆشدامان، نیشانەی ئەوەیە کە شتێك خەریکە دەرسکێت‌و کارلێك دەکات، پێموایە جیهانی عەرەبی بە شێوەیەکی تایبەتی‌و ئیسلامی بەشێوەیەکی گشتی، بەرەو فیکری رۆشنگەری‌و ئەقڵانییەت‌و لێپرسراوێتی دەڕۆن، بەڵام پێویستە پێشئەوەی بگاتە رۆشنایی هەقیقەت باجەکەی بدات، بەمەش رەنگە شتێکی، زیانبەخش سوودی هەبێت، کارەساتەکەی یازدەی سێپتەمبەر بەهەدەر ناچێت، دەبوو بە قۆناغی فەندەمێنتاڵیزمی زێدەڕۆدا تێبپەڕێت بۆئەوەی بۆی دەربکەوێت کە لێکدانەوەیەکی دیش بۆ ئایین هەیە، لێکدانەوەیەکی ئەقڵانی، میانڕۆ، نێوەندگەرا.

بەم مانایە، ئەو قۆناغەی لە ئایندەدا بە ڕوومانددا دەکرێتەوە، تەنها کاردانەوەی قۆناغی پێشوو نابێت، بەڵکو ڕێخۆشکردنێك دەبێت بۆ

ڕێنیسانسی عەرەبی – ئیسلامی کە دەمێکە چاوەڕوانین، بەڵام ئەم ڕێنیسانسە پێش چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستین روونادات.

شەوی درێژخایەنی فەلەستین هێشاتە هەر بەردەوامە، لەم ماوەیەی دوایشدا تاریکترو ترسناکتر بووە، لێرەدا لێپپرسراوێتی خۆراوای ئەمریکی روونو ئاشکرایە، ناتوانێت لە لایەکەوە ئێمە بەتۆمەتی فەندەمێنتاڵیزم تاوانباربکات، لەلایەکی دیکەشەوە خۆی لە پلیشاندنەوەی راستیو دادپەروەریی ناو فەلەستین بێدەنگبکات. ئەوەی لە فەلەستین تیرۆر کراوە تەنها خاکو جوگرافیا یان ئادەمیزادو بەرد نیە، بەڵکو چەمکی مافو دادپەروەرییە. بە یەك وشەو پڕ بەدەم بە خۆراوا دەڵێم: من سەرسامم بە شارستانێتیو فەیلەسوفو ئازادییەکانتان، هیچ فەلسەفەیەك ئەوەندەی فەلسەفەکەی ئێوە لە دیکارتەوە بۆ سپینۆزا بۆ جان جاك رۆسۆ بۆ کانت بۆ هیگڵ بۆ نیچە... هتد ، بە دوای دۆزینەوەی هەقیقەتدا نەچۆتە قووڵاییەوە، بەڵام پێم سەیرەو تێناگەم چۆن دەتوانن بێدەنگ ببن بەرامبەر تا ئەم رادەیە نغرۆکردنی هەقیقەت لە فەلەستین؟! چۆن دەتوانن بێدەنگ ببن بەرامبەر ئیهانەکردنی گەلێكو هەوڵدان بۆ تێکشکاندنی ئیرادەیو دەستەمۆکردنی لەسەرخاکی بابو باپیرانی؟!

ئەگەر بە ڕاستی دەتانەوێت زێدەڕۆیی لە جیهانی ئیسلامیدا نەمێنێت، شتێك بکەن لە پێناوی دادپەروەرییدا لە فەلەستینو باقییەکەشی لەسەر خۆمان.

2002 / 7 / 19





## هیگڵ لە دوایین یادەوەریی خۆیدا

جاك دۆندت، گەورە پسپۆڕێکی لێکۆڵینەوە هێگڵییەکانە، دەپرسێت: دەتوانین چیتر دەربارەی هێگڵ بدۆزینەوە؟ ئەی لە زمانە جیاجیاکاندا، سەدانو بگرە هەزاران کتێبمان دەربارەی نەنوسیوە؟ شتێك ماوە بگوترێت؟ دۆندت لەم دواییانەدا سەربوردەی ژیانی فەیلەسوفی گەورەی ئەڵمانی تۆمارکرد. دۆندت بەیاریدەی ئەو بەڵگەنامەو ئەرشیفانەی لەم دواییانەدا دەربارەی هیگڵو سەردەمەکەی دۆزراونەتەوە، چەند شتێکی خستۆتە روو کە لەوەوبەر نەزانرابوون. ئەمەش گۆڕانکاریی بەسەر وێنە باوەکەی هێگڵدا هێنا، بە تایبەتی ئەوەی دەڵێت هێگڵ لە لاوییدا شۆڕشگێڕ بووەو دواتر لە پێگەیشتوویيو پیرییدا پارێزکاری لێدەرچووە. دۆندت دەیسەلمێنێت هێگڵ وەفاداربووە بۆ ئەو پرەنسیپانەی لە قۆناغی لاوییدا باوەشی پێدا کردوون، هەرگیز نەبووەتە تیوریستی دەوڵەتی بڕوسیایی ستەمکار یان کۆنەپەرست، هەروەکو دوژمنەکانی دەڵێن. ئەم کتێبە لە چەند ئاستێکدا شایستەی بایەخپێدانە، دۆندت تەمەنی درێژی خۆی لەلێکۆڵینەوەی هێگڵو فەلسەفەکەیدا بەسەر بردووە، لەماوەی سی ساڵی رابردوودا، ژمارەیەك کتێبی یەك لەدوای یەکی لەسەر بڵاوکردۆتەوە، هەمووشیان بوون بە سەرچاوەی گرنگ لە کتێبخانەی فەڕەنسییدا، لەوانە:

هێگڵ لەسەردەمی خۆیدا – 1968، لە هێگڵەوە بۆ مارکس – 1972، هێگڵو فەلسەفەی هیگڵی – 1982، هێگڵی شاراوە – 1985، هێگڵ، فەیلەسوفی مێژووی زیندوو – 1987... ئەمانە شایەتی لێهاتوویی جاك دۆندتن. دۆتدت شایستەی هەموو بایەخپێدانێکە. کتێبی سەربردەکەی بە برگەیەك لە شیعری هۆڵدرینی هاورێی خۆشەویستی هێگڵ دەستپێدەکات. هۆڵدرین بەرلەوەی لەناو دەریای شێتییدا نغرۆ ببێت، ئەو دەڵێت:

"لە ناخمدا هەست بە ژیانێك دەکەم لە لایەنی هیچ خواوەندێکەوە نەخولقێنراوە، ژیانێك لە لایەنی هیچ مرۆڤێکەوە نەخوڵقاوە، پێموایە ئێمە خۆمان بەخۆمان بوونمان هەیەو پێوەست نین بە هەمووەوە یان بە یەزدانەوە، لە رێی ئارەزوویەکی سەربەستەوە نەبێت..." [1]

دواتر دەبینین چ جۆرە پەیوەندییەك لە نێوان هێگڵو هۆڵدریندا هەیە، دەبینین چۆن هەریەکەیان بەشێوازی خۆی، لە پێناوی ئایدیالیزمو ئازادیدا، تێکۆشاوە. ئەوەی دەربارەی سەردەمی منداڵی هێگڵ دەیزانین ئەوەیە لە ساڵی 1770دا، لە شتوتگارت، لەناو خێزانێکی مامناوەندیدا لەدایکبووە، بە منداڵی چەند کارەساتێکی بەسەر هاتووە، یازدە ساڵان بووە کە دایکی مردووە، هێگڵ زۆر هۆگری دایکی بووە. پاشان براکەی لەجەنگدا دەکوژرێت، خوشکێکیشی هەبوو زۆری خۆشدەویست، ئەویش شێت دەبێت، ئەمانە هەموویان لە پاڵ کارەساتی منداڵە ناشەرعییەکەی خۆیدا، بەدرێژایی ژیانی چەرمەسەری بۆ سازاندووە. لەگەڵ ئەوەشدا رێکەوتو پێویستی هاوشانی یەکتریی بوون تا ئەوەی گەورەترین فەیلەسوفی ئەڵمانیا لە هێگڵ دروستبکەن، کە رەنگە مەزنترین فەیلەسوفی سەردەمە نوێیەکانیش بێت، کاتێك فەرەنسا بە تەقینەوەی شۆرشە گەورەگەی لە ساڵی 1789 دا، گەیشتە تەمەنی نەرزەیی سیاسی. هاوکات هێگڵیش گەیشتە تەمەنی نەرزەیی واتە تەمەنی هەژدە ساڵی، رەوتی فەلسەفی ئەو هاورەوتی شیعریی هۆڵدرین بوو، یان هی مۆزیکی بیتهۆڤن،





هاورەوتی سیاسیی ناپلیۆنیش بوو... ناپلۆن لە بواری جەنگو سیاسەتدا، لە هێگڵ دەستڕۆیشتووتر نەبووە لەبواری فیکرو فەلسەفەدا، وادیارە خوێندنی سەرەتای کاریگەریی زۆری لەسەر هزری نەبووە، بۆیە کاتێك بۆ جاری دووەم لەدایك دەبێتەوە، گوزارشت لە کامەرانی خۆی دەکات: واتە کاتێك باوەش دەکات بەفەلسەفەداو دەبێت بە خولیای یەکەمی، هێگڵیش وەکو هەموو مەزنەکانی مێژوو، ساتەوەختی وەرچەرخانە نائاساییەکەی بەخۆیەوە بینی، وای هەست کرد دیسان لە دایك دەبێتەوە.

هەموو ئەوەی دەربارەی منداڵیی ئەو دەیزانین ئەوەیە لە خێزانێکی پرۆتستانتی لۆسەرییدا لەدایکبووە، پاكو لەخواترس بوو، ئایین ئامادەییەکی بەهێزی تێیدا هەبوو، بە درێژایی ژیانی پابەندنی پێرەوی لۆسەریی دەمێنێتەوەو مۆرکی نارەزای پرۆتستانتیزمی تێدا دەمێنێتەوەو چەند جەنگێك دژی پێرەوی کاسۆلیکی دەگێرێت، بەلایەوەوە کاسۆلیك ملکەچە بۆ فەرمانرەواکانو لایەنی ستەمکاری دەگرێت، بە پێچەوانەی پرۆتستانتیزمەوە. بەلام کاتێك پرۆتستانتزمیش دەگۆرێت بۆ عەقیدەیەکی رەقوتەقو لایەنی فەرمانرەواکان دەگرێت، رەخنە لەویش دەگرێت. هێگڵ لە سەرەتای لاوییدا، دەکەوێتە ژێر کاریگەریی هزرێکی روو لە هەڵکشانەوە، کە بە ناوی رۆشنگەرییەوە ناسراوە. لە قۆناغی سانەویی دەیخوێند، بەرهەمی بیریارە رۆشنگەراکانی وەك رۆدێلف لیسینگو کانتی خوێندەوە. بەلام ئەمە مانای ئەوە نیە دەسبەرداری ئایین بووبێت، یان بووبێتە دوژمنی ئایین، بەڵکو کەوتە مشتومالکردنی زمانی فەلسەفە بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەقڵییەتی گەلێکدا بگونجێت کە هێشتا رۆشن نەبۆتەوە. هەستیکرد پێویستە زمانێکی دووسەرە بەکاربهێنێت، واتە لە هەمانکاتدا ئایینییشو فەلسەفییش بێت، دواتریش بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە کەم و زۆر پاساوی ئەوەی داوەتەوە.

لە کۆتایی خوێندنی سانەوییدا، بەڕێوەبەرو مامۆستاکان رووی لێدەنێن ئەوەی وتارێك بخوێنێتەوە، ئەمەش نیشانەی سەرکەوتوویی ئەوو متمانەی ئەوان بوو پێی، ناونیشانی وتارەکەی "حاڵەتی داڕزاوی زانستو هونەر لای تورکەکان!" مەبەستی ئەوانە بوو کە مەسیحی نەبوون، لە وتارەکەیدا، لەپێناوی بەدەستهێنانی زەمالەیەکی خوێندندا کەوتە پیاهەڵدانی مامۆستاکانیو لێپرسراوە گەورەکان، وتی پێویستە فرەیی باوەڕەکان هانمان بدات رەخنە لە باوەڕە تایبەتییەکانی خۆمان بگرین، نەك باوەڕی غەیری خۆمان، لەوانەیە باوەڕەکانی خۆمان هەموویان هەڵە بن، یاخود تەنها نیوەیان راست بێت! لێرەدا بەو ئاڕاستەیەدا دەڕوات کە لیسینگ پێدا گوزەری کردووەو وتویەتی دەشێت سێ ئایینە یەکتا پەرستییەکە هەرسێکیان دروست بن، نەك تەنها ئاینیی مەسیحی، قسەکانیشی ئابڕووچوونێکی لە نێوەندی مەسیحییەکاندا بەرپا کرد، چونکە بەڕای ئەوان ئاینی راست تەنها مەسیحییەت بوو.

هێگڵ چۆن بوو بە فەیلەسوفو بۆچی؟ هێگڵ بەپێی ئانو ساتو میزاجی خۆی، کۆمەڵێك وەڵامی بەم پرسیارە داوەتەوە، لە کتێبە نێودارەکەیدا (فینۆمینۆلۆجیای رۆح) وەڵامێکی ئەم پرسیارە دەخاتە روو، لەوێدا وەسفی ئەو قۆناغانە دەکات کە بیر لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی دەیانبڕێت: واتە چۆن لە حاڵەتی ساویلکەییو نەزانییەوە دەگوازێتەوە بۆ حاڵەتی زانینی فەلسەفییانەی راستەقینە، یان زانینی رەها، بەمجۆرە پێشکەوتنی پلەبەپلەی هۆش پێشکەش دەکات هەر لە بێداربوونەوەیەوە تا دەگاتە ئامانجی کۆتایی، ئەمەش بەهۆی چەند هەستپێکردنێکی یەك بەدوای یەکەوە، واتە هۆش گەشەی زیاترو زیاتر دەکاتو بەرەوژوور ملدەنێت، بەمجۆرە دەبینین هێگڵ بێ هیچ رەخنەیەك ملیکەچ دەکات بۆ کەلەپوری ئایدیالیزم، ئەو بە هۆش دەست پێدەکات، بگرە بە حاڵەتێکی هۆش دەستپێدەکات کە بە سەرەتایی یان رەسەن لە قەڵەمیدەدات، لەوەوە دەستپێدەکات کە دەشێت بە واقیعییەتی ساویلکە لە قەڵەمی بدەین، کە





تێیدا بە شێوەیەکی عەفەوییانە درکەهەستییەکانو خودی واقیع وەکو یەکدەبن، ئەمەش ئەوەیە کە پێیدەڵێین باوەڕی عەفەویی بە بوونی کردارییانەی سەربەخۆی جیهان، ئەم سەرەتا گریمانە کراوەی ژیانی هۆشو بەرەوپێشچوونیشی، ئەوەیە هێگڵ بە یەقینی بەرهەست ناوی دەبات.

لەوێوە دەستپێدەکات، وەلێ دواتر لێیهەڵدەگەڕێتەوەو لێیدادەبڕێت، دەبینین هۆش دەگوێزێتەوە (یان بەرز دەبێتەوە) بۆ قۆناغێکی بالاتری پەرەسەندنەکەی: واتە قۆناغی درککردن یان هەستکردنی هوشیارانە، نەك عەفەوییانە، پاشان قۆناغ دوای قۆناغ بەرز دەبێتەوە تا دەگاتە ئاستی هۆشی فەلسەفی بالا یان ئەوپەڕی، بەم قۆناغەش دەڵێت زانینی رەها، دەڵێت پێش ئەم قۆناغە کۆتاییە چەند قۆناغێکی گرنگی هۆش هەیە کە پێیان دەڵێین هونەرو ئایین، لەم پێشبڕکێ تاو سەندوودا بەرەو رەها، لەدوا ساتدا نەبێت فەلسەفە پێش ئایین ناکەوێت، ساتی گەیشتن بە دوایین وێستگە کە دوای ئەو هیچ وێستگەیەکی دی نیە.

دەشێت رەخنە لەم ئەندێشەکردنەی رۆحو هەڵکشانی لە قۆناغەکاندا پلە دوای پلە، بگرین، ئایین لە قۆناغی پێش کۆتاییدا نایەت، واتە پێش کەشفی فەلسەفی، بەڵکو لەسەرەتاوە دێت، یەکەمین شت کە منداڵان فێری دەبن ئایینە، نەك یەقینی هەستپێکراو، وەك دەڵێت، ئەمە دەڵێین گەرچی ئاینداریی لە رێگای نێوەندی نەستیەوە بۆ هەستیاریو سۆز بەدەست دەهێنرێت، بۆیە قۆناغی ئاینیی یەکەمین قۆناغی هۆشە، هێگڵیش پێش خەڵکی تر ئەمە دەزانێت، چونکە لە خێزانێکی ئاینییدا گەورە بووە: واتە لەوساتەوە کە بەسەر بوونو ژیاندا بێدار بووەوە. دوای ئەوەی پێگەیشتو گەورەبوو، هەڵوێستی بەرامبەری ئایین گۆڕا، بەڵام تەنانەت ئەوکاتەش کە بەلای بێباوەڕییدا مەیلی زیاتربوو، هێشتا سیمایەکی ئاینی هەرپێوە مابوو، لە ژێر کاریگەریی باوەڕی ئاینییدا مایەوە، بۆیە پەیوەندیی هێگڵ بە ئایینەوە، پەیوەندییەکی زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە بۆی

دەچین، زۆرجار هەردوو زمانی ئاینیو بێباوەڕی بە شێوەیەك تێکەڵی یەکتریی دەکات کە مێشکی خوێنەران تێکدەداتو بێزاریان دەکات.

بەڵام سەرباری ئەوەش دابڕانەکە بە ڕاستی ڕوویداو فەیلەسوفە ئایدیالیستەکەمان لەپڕێکدا کەسێتی خۆی سەلماند، چیتر پێویستیی بەشتێك نەما کە خۆی لە خۆیدا بوونی هەبێت، بەمجۆرە دابڕانی لەگەڵ جیهانی بەرهەستو خێزانو کەلتورو ئاییندا کردو، بە شێوەیەکی زۆر ڕۆمانسییانە باسی ساتەوەختی دابڕانەکە دەکات: "بێشك بریتیە لە ئەندێشەکردنی خودی خۆم وەکو بونەوەرێکی بە ڕەهایی ئازاد، لەگەڵ بونەوەری ئازادی هۆشیار بە خودی خۆی، جیهان هەموو بەسەریەکەوە لە نەبووەوە هەڵدەقوڵێت، ئەمە تاقە ئەفراندنێکە کەبشێت لەنەبووەوە بکرێت" [2].

دواجار پێناسەی ئایدیالیزم چیە؟ ئەی ئایدیالیست کێیە؟ ئەوە کەسێکی میتافیزیاییە کە سەرلەنوێ جیهان پێکناهێنێتەوە، بەڵکو کاتێك خودی خۆی دەخوڵقێنێت، ئەویش دەخوڵقێنێت، ئەو باوەڕی بە گرنگێتی بیرەکان هەیە تا ئەوپەڕی ئاستی شیاو، پێی وایە ئەوان مێژوو ئاڕاستە دەکەن، بەلای کەسی ئیدیالیستەوە، بیر لە واقیعی مادی بەرهەست گرنگترە، واقیع لە بنەڕەتەوە لە ناخی فەیلەسوفی میسالیدا لەدایکدەبێت، هیچ شتێك سەربەخۆ لە هۆش بوونی نیە، ئەم بیرۆکەیە لە دەقێکدا هەیە کە هێگڵ لەسەردەمی لاویدا نوسیویەتی، ڕەنگە بەهاوکاریی لەگەڵ هەردوو هاوڕێکەیدا هۆڵدرینو شلینگ نوسیبیان، ناونیشانی دەقەکە (بەرنامەی یەکەمی ئایدیالیزمی ئەڵمانی) پرۆفیسۆر جاك دۆندنت ڕەخنە لەم ئاڕاستە ئایدیالیستانەیەی هیگڵ دەگرێتو دەڵێت: "ئەم وەرچەرخانە ڕادیکالانەیەی بەرەو فەلسەفە بانگەشەی بۆ دەکرا، پێویستی بە دابڕانێکی ڕەها هەبوو لەگەڵ هەموو ئەو شتانەدا کە دەشێت بە مەرج یان پێشینەی هزر دابنرێن، ئایدیالیست پێیوایە خود بە هیچ شتێکی دەرەوەی خۆی کاری تێناکرێت، بەڵکو کاردەکاتە سەر هەموو شتێك، هەموو شتێك لەوەوە





دەکەوێتەوە، کاتێك لە پشت مێزێکەوە دادەنیشێتو پەڕە سپییەکان لەبەردەمیدان، پێیوایە باڵی بەسەر گەردووندا کێشاوە، هەروەها پێشیوایە لە خاڵی سفرەوە دەستپێدەکاتو نکوڵی لە هەموو دەسکەوتە مێژووییەکانی پێش خۆی دەکات، بەڵام کەلتورو ئایینەکان زۆر گوێ نادەنە ئەم بیریارە ئایدیالیستەی لەو باوەڕەدایە خۆی سەرەتای شتەکانە، چونکە دەزانن ئەو لە بیری خۆیدا خاوەنی هیچ نیە، کەللەی بیری تێدا نیە، بەڵکو دواتر هەموو شتێك دەگەڕێتەوە بۆ پێش خۆی، بەڵام زۆرجار بەهەڵەدا دەچن، کە ئاوا لەڕەوشەکە دڵنیانو زیاد لە پێویست متمانەی پێدەکەن، چونکە دواتر فەلسەفەی هێگڵی چەند شوێنەوارێکی زۆر نەرێیان بۆ جێدەهێڵێت، بۆیە لە کۆتاییەکانی ژیانیدا فەلسەفەکەی تاوانبارکرا بەوەی فەلسەفەیەکی شیکارییە یان بێباوەڕانەیە یاخود تێکدەرانەیە، وێڕای ئەوەی نوسەر خۆی تەدارەکی تیوریی زۆریشی کردبوو" [3].

لە ڕاستیدا ئایدیالیزمەکەی هیگڵ بڵندو دڵگیر بوو، قوتابییەکانی بە گوێڕایەڵی لە زانکۆکانی بینا یان هایدڵبێرگ یان بەرلین، گوێیان بۆ شلدەکرد، لە ساڵی 1818 دا، لە زانکۆی بەرلین، وانەی دەسبەکاربوونی وتەوە، هۆڵەکەی لەرزاندو لە ئاستە بالاکاندا ئامادەیی خۆی دەرخست، لەوێدا فەلسەفە پێناسە دەکاتو دەڵێت: سووربوون لەسەر فەلسەفاندن خۆی فڕێ دەداتە ئامێزی بیری پەتییەوە، چونکە بیر لەگەڵ خودی خۆیدا تەنهایە، ئەو خۆی دەخاتە دەریایەکی بێ کەنارەوە، هەموو ڕەنگەکان ئاڵو والان، هەموو خاڵەکانی پشتیوانیکردن دیار نەماون، هەموو ڕۆشناییە نەرمەکان کوژاونەتەوە، تاقە یەك ئەستێرە ماوەتەوە، ئەویش ئەستێرەی ناو ڕۆحە، ئەوە ئەستێرەی ورچەکەیە، بەڵام شتێکی سروشتییە ئەو ڕۆحەی لەگەڵ خودی خۆیدا یەکی گرتووە هەست بە موچڕکەی ترس بکات، لەبەرئەوەی کاتێك ڕۆح خۆی بەرەو فەلسەفە دەکوتێت، نازانێت دەگاتە کوێ، یان بەچ ئاڕاستەیەکدا دەڕوات، ئەمەیە فەلسەفە:

هەردووکیان لە حاڵەتێکی دوودڵییدان، لە نەمانی ئارامی، لەقبوونی هەموو شتێك..."[4].

بەمجۆرە هیگڵ بەزەریایەکی فراوانی بیرکردنەوەی وردبوونەوەدا دەڕۆیشت، کە دەچووە ناوچە مەترسیدارەکانەوە، یاخود لە رەوتی خۆی لایدەدا، پاپۆڕەکەی دەلەرزیو تووشی گەرداوو گێژاو دەبوو، بەڵام لە دواساتدا دەیگێڕایەوە بۆ سەر رێگای راست، زۆر بە دەگمەن هاوسەنگی خۆی لە دەست دەدا، یاخود قیبلەنوماکەی لێ ون دەبوو، هۆی ئەمەش ئەوەیە هیگڵ لە پاڵ ئایدیالیزمە زێدەڕۆکەیدا چەشنە بیرکردنەوەیەکی پۆستیڤی یان واقیعی بەردەستو بەرهەستی هەبوو، بەمەش خۆی لە وێڵبوونی ناو بزرگەکانی ئەندێشە رزگاردەکرد، نەوەك وەك ئایدیالیستە خەواڵووەکانی تر لەناو بزرگەکانی ئەندێشەدا ون ببێت، ئەو ئەگەر واقیع و مەرجدارێتییە قورسو تۆقێنەرەکەی لەبەرچاو نەگرتایە، نەدەبوو بە فەیلەسوفێکی گەورە، ئەم هەموو کاریگەرییەی لەسەر سەردەمەکەی خۆیو سەردەمەکانی دواتریش نەدەبوو، چونکە ئەو بیرەی لە واقیعدا کارناکات یان راڤەی ناکاتو روونی ناکاتەوە، شایانی ئەوە نیە پێی بوترێت بیر، راستە سەرەتا لە رۆحەوە یان لە هۆشەوە دەستپێدەکات، بەڵام بۆ ئەوەی یەکسەر بەر واقیع یان مادییەتی چڕو تاریکی واقیع بکەوێت، بیری راستەقینەش یاریدەی خەڵك دەدات لە واقیعی خۆیان تێبگەن، ئەمەش لەڕووی دەرونییەوە دەیانحەوێنێتەوە، لەڕاستیدا، لە زەمانی هیگڵدا واقیع سەختو رەقو تاڵ بوو، ئەوکاتە هێشتا دەرەبەگایەتی باڵی کێشابوو، دەمارگیریی ئاینی باوبوو، ئەڵمانیا لەتوپەت بوو، بە دوای یەکبووندا دەگەڕا، میری ئەو ناوچەیەی هیگڵی لێ لەدایك بوو، هەموو خراپییە ئاشناکانی ستەمکاری لە کەسێتیی خۆیدا کۆدەکردەوە، تورەو تۆسنو دەستبڵاوو وێرانکەر بوو، مەیلی لە رابواردنو داوێنپیسیی بوو، گەرچی فەرمانڕەوایی وڵاتێکی لۆسەریی (یان پروتستانتی) شی دەکرد کە بە تۆکمەیی رەوشتو ئاکار ناسرابوو،





فەرمانبەرەکانی خۆی ناچار دەکرد هاوسەرەکانیانو کچەکانیان ببەن بۆ ئاهەنگی سەما لەناو کۆشکەکەی خۆیدا، دڵی لە هەرکامێکیان بچوایە، دەستی بۆ دەبردن، نارەزاکانی بێ دادگاییو گفتوگۆ زیندانی دەکرد، بە کورتی هێشتا ئەڵمانیا لە تاریکستانی سەدەکانی ناوەڕاستو فیوداڵدا نغرۆ ببوو، بۆیە کاتێك شۆڕشی فەڕەنسا روویدا، هێگڵ چەپڵەی بۆ لێداو ئومێدی گەورەی لەسەر بینا کرد.

هێگڵ خوێندنی ناوەندیی تەواو کرد، کورسییەکی زانکۆیی پیبەخشرا بۆ خوێندنی تیۆلۆجیا لە زانکۆی تۆبینگینی نێودار، لەوێ پێنج ساڵی بە هاوڕێیەتی هۆڵدرینو شلینگەوە سەرف کرد، هەندێجار پێکەوە لەیەك ژووردا دەژیان، دواتریش بوون بەشکۆداریی ئەڵمانیا، لەوانەیە پێمان سەیر بێت، چۆن کەسێك بچێتە کۆلێجی تیۆلۆجیا، دواتر دەبێت بە فەیلەسوف، چونکە لە خەیاڵی ئێمەدا تیۆلۆجیا (واتە زانستی ئایین) دوژمنی سەرسەختی فەلسەفەیە، بەڵام لە راستیدا لە ئەڵمانیادا، کۆلێجی تیۆلۆجیا هاوتای کۆلێجی فەلسەفەیەو هاوشانی یەکن، بە پێچەوانەی فەڕەنساوە کە بەهۆی عەلمانییەتە رادیکاڵەکەیەوە، کۆلێجی مۆتی بەتەواویی سڕایەوەو لەناوچوو، نیچەش ئاگای لەم خاڵە بووەو دەڵێت (حەتمەن لەم کاتەدا بیری لە هیگڵ کردۆتەوە): قەشەی پرۆتستانت باپیری یەکەمی فەلسەفەی ئەڵمانییە، خودی پرۆتستانتیزم هەڵە ئەسڵییەکەیەتی، هێندەش بەسە کۆلێجی مۆت- زانکۆی تۆبینگینمان بێتەوە یاد تا تێبگەین فەلسەفەی ئەڵمانی لەکۆتاییدا جگە لە تیۆلۆجیایەکی دەمامك کردوو، شتێکی دی نیە..."[5].

بەڵێ لەبنەڕەتدا هیگڵو شلینگو هۆڵدرین وا ئاڕاستە کرابوون کە ببن بەرابەری ئاینی، واتە ببن بە کاهین، کەچی لە پاڵتۆی تیۆلۆجیاوە بیرو شیعر لەوپەڕی مەزنیدا هاتنە دەرەوە، چونکە ئەو سیانە بەسەر چەقبەستویی بیری ئاینیی باوی سەردەمەکەی خۆیاندا، شۆڕشیان کرد، دوای ئەوەی لە زانکۆی تۆبینگین پێی ئاشنا بوون، بۆیە نیچە مافی ئەوەی

نیە زۆر گاڵتەیان پێبکات، ئەو خۆشی کوڕی قەشەیەکی پرۆتستانتی بووە، هەوڵی دنیای داوە بۆ ئەوەی لە پەروەردە ئاینییە قورسەکەی خۆی رزگاری ببێت، کۆلێجی تیۆلۆجیا سیستمێکی سەختی هەبوو، کەچی ئەو سیانە کتێبە قەدەغەکانیان دەخوێندەوە: کانتو رۆسۆو فیختەو لیسینگ ... ئەوەش یاریدەی دەدان لەوانەکانی تیۆلۆجیاو ئامۆژگارییە سواوە بێزارکەرەکانی هەڵبێن، لەڕاستیدا لەبری ئەوەی کۆلێجی تیۆلۆجیا لە ئایین نزیکیان بخاتەوە، دووری خستنەوە، بۆیە لە تیۆلۆجیای ئاینییەوە روویان وەرچەرخان بەرەو فەلسەفە، دوای تەواوکردنی خوێندن نەبوون بە پیاوی ئایین، هۆڵدرین رستە نێودارەکەی خۆی وت: پێمباشترە لە دارستانەکاندا دار ببڕمو نەبم بە پیاوی ئایین! ئەوەتا پرۆتستانتیزمیش وەکو کاسۆلیك گۆڕاوە بۆ باوەڕێکی دۆگماییانەی بەبەردبوو، بۆیە پێویستە لەدەرەوەی هەناسە بدەن، وەك کاردانەوەیەکی مەشروع و مەفهوم لێی هەڵبگەڕێنەوە، ئەم سیانە: هیگڵ هۆڵدرین و شلینگ، بۆ ماوەی بیست ساڵ لەحاڵەتی کاردانەوەدا مانەوە دژی ئەوەی لەکۆلێجی تیۆلۆجیا فێری ببوون، ئەوەی زیاتر تۆقاندبوونی ئەو کەشو هەوای ریاییو درۆو دەلەسەیە بوو کە باڵی کێشابوو، ئەمە دەڵێین گەرچی ئایین لە بنەڕەتدا بانگەشە بۆ راستگۆیی دەکات، ئەوان هەوڵیاندا لەو کەشو هەوایە بچنە دەرەوەو بەدوای هەقیقەتێکی پوختو پالفتەدا بگەڕێن، بەمجۆرە بوون بە کانتیو پاشان بە فێختەیی.

باوەشیان کرد بەپرەنسیپە ئاکارییەکاندا، کە بەزمانێکی نوێ گوزارشتیان لێکرابوو: پێویستە درۆ نەکرێت، ئیتر ئالودەی گەڕان بوون بە دوای راستییدا، بۆئەوەی لە ژێر دەمامکی زاناوە بیدۆزنەوەو پاشان لەناو خەڵکیدا بڵاوی بکەنەوە، لە نێوانی خۆیاندا سوێندیان خوارد لەپێناوی راستییدا هاوپەیمان بن، پێوەست بن بەئایینێکی ناوەکییەوە کە جیاوازە لە ئایینە دەرەکییە رووکەشییە باوەکە.





هەرسێکیان هەستیان کرد لێپرسراوانی کۆلێجەکە دەیانەوێت لەڕێگای خراپکردنیانەوە بە ئەنقەست، تێکەڵاویان بکەن بە سیستمی گشتی، بۆیە راپەڕینو بەشداریی گەمەکەیان نەکرد، هێشتاکەش ژیان قاڵی نەکردبوون بۆ ئەوەی تەیار بن بۆ کێشەو دانوساندن، زەرورەتی مێژوویی و سودی ئەم کەلتورە بۆگەنەیان نەدەبینی، کە دواتر هیگڵ شیکردنەوەی دڵگیرو پرشنگداری بۆ دەکات، هەرسێکیان ئایدیالیست بوون، تازەپێگەیشتبوون، پڕ بوون لە خەونی گوڵ رەنگ، ئایدیالیستەکەیان عەفەویی بوو، بە ئاسمانی بیرەوە نوسابوو، باوەڕیان وابوو تەنها بیر جیهان دەگۆڕێت، هێشتا تووشی گێژاوی ژیان نەبووبوون، ئەی ئەو جان جاك رۆسۆیەی بە نهێنی خوێندبوویانەوە، وەك ئیدیاڵێکی باڵا باسی هەقیقەت ناکات؟ ئەی کانت راستگۆییو هەقیقەتی وەك بەهای رەها لە قەڵەم نەدەدا؟ ئەی فێختە رای نەدەگەیاند پێویستە دادپەروەریی بێتە دی، تەنانەت ئەگەر جیهان وێرانیش ببێت؟ هەموویان زیاتر کارییان لەسەر بەها ئایدیالییەکان دەکرد، بەڵام دواتر قوتابییەکان بۆیان دەرکەوت ئەو مامۆستا ئازادانەش، لەژێر فشارو ئەرکی پێداویستییەکانی ژیاندا، رێگەیان بە درۆکردن داوە، پاشەکشێیان کردووە لەو ئایدیالیزمەی لەلاویاندا خەونیان پێوە بینیبوو، ئەوکاتەش هیگڵو شلینگ تاڕادەیەك دانوسانیان لەسەر هەقیقەت کرد بۆئەوەی بتوانن پایە زانکۆییەکان بەدەست بهێننو رێگای خۆیان لەژیاندا بگرنە بەر، هۆڵدرین بە دڵسۆزیی مایەوە بۆ ئایدیالیزمەکەی سەرەتا، بۆیە بەر واقیع کەوتو شێت بوو.

شاعیرە مەزنەکەی ئەڵمانیا لە دیوانی "هیبیرۆن" دا، وەسفی خوێندکارەکان دەکات پێش ئەوەی بچنە کۆلێجی تیۆلۆجیاوەو بە تێکشکاویی لێی بێنە دەرەوە، وەك ئەوەی باسی خۆی بکات، دەڵێت:

"قوتابییە بچکۆلەکانی خوداوەندانی هونەر لەناو گەلی ئەڵمانیدا گەورە دەبنو لێوان لێون لە خۆشەویستیو هیوا، رۆح تیایاندا نیشتەجێ بووە، بەڵام ئەگەر حەوت ساڵی تر دوای ئەو مێژووە بیانبینین، دەبینین هەمیشە

خەیاڵیان دەڕوات‌و بێدەنگی دایپۆشیون، ساردو سڕن وەك بەستەڵەك، یاخود وەك سێبەر یان تارمایی وان، ئەوانە وەکو ئەو خاکە وان کە دوژمن خوێی پێوە دەکات بۆئەوەی تاقە گوڵەگەنمێکی لێ نەڕوێت!"[6]،

هێگڵیش وەکو هۆڵدرین، لە دەستی ئێستای بۆژۆکەر هەڵهات رووی کردە سەردەمی زێڕینی یۆنان، هەوڵیاندا، مەسیحییەت لە پاکیزەییە رەسەنەکەیدا، لەگەڵ کەلتوری یۆنانییدا بسازێنن، شیعریی بێت یان فەلسەفی، لە راستیدا هۆگریی ئەوان بۆ کەلتورێکی ئازاد، ئەرك‌و قورسایی چەقبەستوویی ئاینی باوی سەردەمەکەی خۆیانی لەسەر شانیان سووك دەکرد، بەڵام ئەوان لەیەك کاتدا، تێکەڵەیەکی مەسیحییانەو وەسەنییانەیان بەرهەم هێنا، راگرتنی هاوسەنگی ئاسان نەبوو، هەندێجار مەسیحییەتەکەیان زاڵ دەبوو، هەندێجاری تریش کەلتوری وەسەنییانەی یۆنان زاڵ دەبوو، هەندێجاریش لەهەمان لاپەڕەی هێگڵدا، ئەم میزاجە شپرزەیە دەبینین. ئاسان نیە خۆت یەکلایی بکەیتەوە یاخود خۆت لە ڕەگەکانت هەڵبکەنیت، رەنگە ئەوە شتێکی دڵگیر نەبووبێت.

لە کۆلێجی لاهوتدا، خەڵك دەچوون بەسەر هیگڵدا کە بە نهێنی کتێبەکانی لیسینگ یان جان جاك رۆسۆ یان مۆنتسکیۆ یاخود کانتی دەخوێندەوە، کە تا ئەوکاتەش مابوو، نوێنەرایەتی گەورەترین شکۆی بیری ئەڵمانی دەکرد، بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی دەرچونی کتێبەکانی ئەوی دەکرد، یەك لەدوای یەك، کاتێك کتێبی "ئایین لە سنورەکانی ئەقڵدا"ی لیسینگ دەرچوو، هێگڵ هەستی بە شادمانییەکی زۆر کرد. بە نیسبەت کۆنگەراکانەوە، ناونیشانەکە خۆی لە خۆیدا شۆڕشێك بوو، یاخود ئابڕووچوونێك بوو، چۆن دەتوانین بەناوی ئەقڵەوە سنورێك بەسەر ئاییندا بسەپێنین؟! ئەی ئایین لە سەرووی هەموو شتێکەوە نیە بە ئەقڵیشەوە؟ کانت ویستی تەنانەت ئایینیش ئەقڵانی بکات، ئایا شتێکی مەترسیدار بوو یەکێك لە کۆلێجی زانستە ئایینییەکان (یان تیۆلۆجیا) بێت و ئەو کتێبە بخوێنێتەوە، بەڵام هیگڵ ئامادەبوو بۆ زانین‌و لێی تێدەگەیشت،





ئامادەبوو لە پێناوی تێگەیشتندا خۆی بخاتە مەترسییەوە، ئیتر خووی دایە لێکۆڵینەوەی چاو نەترسانەی ئایین، کتێبێکیشی دەربارەی ژیانی مەسیح‌و چەند کتێبێکی تریشی نوسی، بەڵام نەیوێرا بڵاویان بکاتەوەو بە درێژایی ژیانی خۆی لە چەکمەجەکانیدا مانەوە، ئەو ئەگەرچی دەسبەرداری ئەوە نەبوو کە نوسینەکانی بەڕەنگی ئایین رەنگ بکات، بەڵام گۆشەنیگایەکی سۆسیۆلۆجییانە، یاخود لانیکەم مێژووییانەی گرتە بەر، بۆئەوەی لەمەرجە بابەتییەکانی نوێکردنەوەی مەسیحییەت بکۆڵێتەوە، دوا ئامانجیشی بریتی بوو لەوەی بگاتە مەسیحییەتێکی چاك مشتومالکراو، پاکیزەییە رەسەنەکەی بۆ گەڕێنرابێتەوەو لەخڵتەو خاشاکی سەدەکان رزگار کرابێت، هێگڵ دەیویست بگاتە داڕشتەیەکی نوێ بۆ ئایین، داڕشتەیەك بتوانێت پشتیوانی لە دەوڵەت بکات‌و هانی سۆزی مەدەنی‌و نیشتمانی بدات‌و سروشبەخشی ئاکاری کۆمەلایەتی تاکەکان بێت، هێشتا تەمەنی هێگڵ نۆزدە ساڵی تەواو نەکردبوو کە شۆڕشی فەڕەنسی هەڵگیرسا، ئەو شۆڕشە کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر ئەویش‌و هاوڕێکانیشی لە کۆلێجی تیۆلۆجیای زانکۆی تۆبینگین، ئەوە روداوێکی ناوازە بوو، بووە هۆی گۆڕینی نەك تەنیا سیمای فەڕەنسا، بەڵکو سیمای هەموو ئەوروپا، دڵی هێگڵ‌و هۆڵدرین‌و شلینگ لەگەڵ روداوە یەك لەدوای یەکەکانی شۆڕشەکەدا لێی دەدا، کاتێکیش پاریسییەکان هێرشیان کردە سەر زیندانی پاستێلی ترسناك‌و وێرانیان کرد، چاودێرە ئەڵمانییەکان باوەڕیان بە چاوی خۆیان نەدەکرد، چونکە ئەو روداوە بە هەموو مانایەکی وشەکە پەرجوویەك بوو بۆخۆی، بەڵام پەرجوویەکی راستەقینە بوو، واتە بە راستی روویدا، ئیتر بای ئازادی بەسەر ئەوروپادا هەڵیکردو هیگڵ‌و هاوڕێکانی ئاهەنگیان بۆ ئەو شۆڕشە گێڕا کە رەوتی مێژووی گۆڕی، دەستیان کرد بە چاندنی درەختی ئازادی، ئەم شۆڕشە هیوای گەورەی لەلای بیریارە ئەڵمانییەکان دروست کرد، بەهیوابوون بیرە ئازادیخواکانی بەسەر ئەوانیشدا، پەرچ ببێتەوە، جۆش‌و

خرۆشی هێگڵ هەتا چل ساڵیش دوای شۆڕشەکە دانەمرکایەوەو بە شێوازە فەلسەفییەکەی خۆی لەسەری نوسی، کە شێوازێك بوو لە شیعریشی تێدەپەڕاند.

ئەوە خۆرهەڵهاتنێکی قەشەنگ بوو، هەموو ئەقڵە بیریارەکان پێشوازییان لێکرد، لەو سەردەمەدا هەستو سۆزی جوان بەسەر هەمووواندا هات، وەك ئەوەی لەو ساتەدا گەیشتبینە ئاشتبوونەوەی راستەقینەی نێوانی یەزدانو جیهان[7]،

هەڵوێستی کانتیش پێشوازیکەرانە بوو، گەرچی داخیشی خوارد بۆ ئەو کارە توندوتیژییە وەحشیگەرایانەی شۆڕشگێڕەکان ئەنجامیاندا، بەتایبەتی لە قۆناغی دووەمی شۆڕشەکەدا، کانت وتی گرنگی ئەو جۆشو خرۆشەی دایگرتینەوەو ئەو ئومێدانەی پێمان هەبوو، لەخودی شۆڕشەکە کەمتر نیە، ئارەزووی چەشنی مرۆڤی سەلماند بۆ پێشکەوتنو ئامادەگی ئاکارییانەشی بۆ بژاردنی نرخی سەربەستی، لەلام هێگڵ لەلای خۆیەوە جەختی کردە سەر هەڵقوڵانەوەی چاکە دێرینەکان، کە ستەمکاریی لەناوی بردبوون، مەبەستی لەو چاکانە: نەزیهی کەسێتیو قوربانیدانو نکۆڵیکردن لە خود، جوامێریو قبوڵکردنی دڵخۆشانەی مردن، هێگڵو هاوڕێکانی، ستاییشی ئەو بەها نوێیانەیان کرد کە شۆڕشەکە بەرزی کردبوونەوە: واتە بەهاکانی ئازادیو یەکسانیو برایەتی، بەلام ئەوشتەی لە هەموو شتێکی تر زیاتر سەرنجی راکێشان، ئامادەیی شۆڕشگێڕە فەڕەنسییەکان بوو لەپێناوی ئەو بەهایانەدا بمرن، بەمجۆرە دروشمی ئازادی یان مردنیان بەرز کردەوە! پاشان ئازادی لە توێی مەرگەوە، چونکە بەسەربەستی بمریت باشترە لەوەی بەکۆیلەیی و ترسنۆکی بژیت، لە راستیدا، شتێك لە ئایدیۆلۆجیای سوننوتییانەی مەسیحی لە توێی سەرسامبوونیانەوە بە شۆڕشگێڕە فەڕەنسییەکانەوە، هەر مابۆوە، چونکە ئەوانە لەپێناوی ئیدیالێکی باڵادا، جیهانیان بێزراندو لە سەروەتو سامانەکەی دوورکەوتنەوە، ئەی مەسیح نەیوتووە: شانشینەکەی من لەم





جیهانە نیە؟ فەڕەنسییەکان چوونە ناو سوپا کۆمارییەکانەوەو خۆیان بەدڵو بەگیان تەرخانکرد بۆ بیرۆکە گەردوونییەکەی بەدیهێنانی ئازادیو کامەرانی لەسەر زەوی، ملیۆنەهایان لە شەڕگەکاندا خۆیان بەخت کرد، بۆ ئەوەی براکانیانو منداڵەکانیانو نەوەکانی داهاتوو کامەران بن، هۆڵدرین بەردەوام گوزارشتی لەم سۆزە دەکردو شکۆداری دەکرد، هیگڵیش هەر وای کرد، گەرچی بە شێوەیەکی کەمتر شاعیرییانەو زۆرتر پەخشانییانە، شۆڕشەکە گەلی فێرکرد خودی خۆی بەدەست بهێنێت، هوشیار بێت بەرامبەری خودی خۆی، شۆڕشەکە ئەو ئامادەگییە ئاکارییە بنەڕەتییە شاراوەیەی ژیاندەوە، یان نوێی کردەوە. هۆڵدرین بەمەی دەووت ئەو بەشە یەزدانییە یان ئاسمانییەی لەمرۆڤدا هەیە.

بەلام ئەو شتە گرنگەی هێگڵ بە چاوە تیژەکانی خۆی تێبینی کرد، ئەوەیە لە ئەورووپادا دوو شۆڕشی هاوتەریب روودەدەن، نەك یەك شۆڕش، بێشك یەکەمیان شۆڕشی فەڕەنسییە، بەلام ئەوەی دووەمیان، گەرچی شۆڕشێکی تیورییانەیە، بەلام بایەخی یان خەتەریی لەوەی یەکەم کەمتر نیە، بریتیە لەو قەڵەمبازە فەلسەفیەی لەسەردەستی کانت لە ئەڵمانیادا روویدا، ئەمڕۆ بەلای ئێمەوە شۆڕشی کانتی شۆڕشێکی هێمن، میانڕۆیەو ئازاری کەس نادات، وەلێ لە راستیدا لە سەردەمەکەی خۆیدا وەکو بۆمبای میقاتکراو تەقیوەتەوەو هاوچەرخەکانی پەشۆکاندووە، پێویستە ئەوەمان لەیاد نەچێت وشەی شۆڕش لە هیچ تێکستێکدا، بەقەدەر پێشەکی دووەمی کتێبە نێودارەکەی کانت، دووبارە نەبۆتەوە: رەخنەگرتن لە ئەقڵی پەتی (لە ساڵی 1787 دا بلاو کراوەتەوە، واتە پێش زیاتر لە دووسەد ساڵ).

ئەمەش مانای ئەوەیە کە شۆڕشە فەلسەفییەکەی کانت ماوەیەکی زۆر کورت پێش شۆڕشە سیاسیەکەی فەڕەنسا روویداوە، دوای هەڵگیرسانی ئەمەی دووەمیان، گرنگی فەلسەفەکەی کانتو رەهەندە مێژووییەکانی کەوتە روو، نمونەی رسکاندنی واقیع و پێشکەوتنی واقیع بوو، مەزنی بیر

لێرەدایە، بە تایبەتی ئەگەر لە قەبارەی فەلسەفە قووڵەکەی کانتدا بێت، چونکە فەلسەفەکەی کانت وەکو بەرپاکردنی بیرێکی تەواو نوێ وەهابوو، دابڕان بوو لەگەڵ هەموو پێشوودا.

لەهەمان کاتدا، شۆڕگێڕە فەرەنسییەکان خۆیان وا دادەنا لە دابڕانێکی رادیکاڵانەدا دەژیان لەگەڵ رابردوودا، سەرچڵی لە نەزانراودا دەکەن، یان خۆیان فڕێ دەدەنە نەزانراوەوە، کانت دابڕانی لەگەڵ تیۆلۆجیای کۆن و ئەو فەلسەفەیەشدا کرد کە هەتا دەرکەوتنی خۆی لەناو ئاییندا نوقوم ببوو، بۆ نمونە ئەوەی رەتکردەوە کە بە شێوەیەکی ئەقڵانییانە بیروباوەڕە بنەڕەتییەکانی مەسیحییەت بسەلمێنێت، بەمەش هاوچەرخەکانی خۆی تۆقاندو بەلایانەوە وەکو ویرانکەرێکی بێڕەحم و بێبەزەیی وەهابوو، وەکو ئەو بلدۆزەرە دەهاتە پێشەوە، کە هەموو شتێك لەسەر رێگای خۆی دەپلیشێنێتەوە.

لە بواری میتافیزیادا، وتی بێهودەیە هەوڵ بدەین هیچ شتێکی مەسیحییەت بسەلمێنین، چونکە لەچوارچێوەی ئەقڵدا نیە، لەبواری ئاکاریشدا وتی مرۆڤ سەروەری خۆیەتی و خۆی ئاکاری گونجاو بۆ خۆی دادەڕێژێت، وتیشی خودا یاسای ئاکاریی بەسەر مرۆڤدا ناسەپێنێت، بەڵام لەبەرئەوەی ئەوان خۆیان ئەو یاسایانە بەسەر خۆیاندا دەسەپێنن، ئەوا هێشتا شێمانەیەك دەمێنێتەوە بۆ باوەڕهێنان بە بوونی یەزدان.

پرۆفیسۆر جاك دۆندت کۆمێنتی خۆی لەسەر ئەم قسانە دەدات و دەڵێت:

"لەسەردەمی ئێستاماندا، چیتر ئەم بیرە کانتییانە پیاوانی ئایین شۆك ناکەن، چونکە لەمە زیاتریشیان بیستووە... بەڵام رادەی ئەو سنگفراوانییەی رۆشنگەریی ئەڵمانیی رێی پێدابوو، هەرچەندێك بێت، ئەوا بیرەکانی کانت بۆ هاوچەرخەکانی خۆی وەکو بوومەلەرزە وەهابووە، بەتایبەتی قوتابیانی تیۆلۆجیا". بۆیە هێگڵ لە هەموو کەس زیاتر هەستی بە گرنگیی فەلسەفەی کانتی کردو پێیوابوو یەکتربڕینێکی قووڵ هەیە لە نێوانی





شۆڕشی سیاسی فەرەنسی و شۆڕشی فەلسەفی کانتدا، وتی هەردوو شۆڕشەکە لە هەمان زیندووکردنەوە یان بوژانەوەوە بەرهەم هاتوون کە رۆحی جیهان بەخۆیەوە دەیبینێت، پەیوەندی شۆڕش لەسەر ئاستی بیرو شۆڕش لەسەر ئاستی واقیع روون دەکاتەوەو دەڵێت:

"ئێستا سێ فەلسەفە هەیە: فەلسەفەی کانت، فەلسەفەی فێختە، فەلسەفەی شلینگ، لەم ساڵانەی دواییدا، ئەڵمانیادا گەیشتۆتە شۆڕشی رۆح و لەم سێ فەلسەفەیەدا بەرجەستە بووە، لەیەك بەدوای یەکدا هاتنیشیاندا ئەو رەوتە زنجیرەییەمان بینی کە هزر گرتوویەتیە بەر، دوو گەل بەشدارییان کردووە لە دروستکردنی ئەم ماوە مەزنەی مێژووی جیهانییدا، کە ئێستا ئێمە تێیدا دەژین، ئەوانیش گەلی ئەڵمانی و گەلی فەرەنسین، لەئەڵمانیا شۆڕشەکە لەبیرو رۆح و چەمکدا بەرجەستە بوو، لە فەرەنساش لە واقیعی زیندوودا بەرجەستە بوو"[10]،

لای هێگڵ کار گەیشتە رادەیەك کەپێی وابێت شۆڕشە کانتییەکە بە شێوەیەکی حەتمی دەبێنە هۆی شۆڕشێکی سیاسی لە ئەڵمانیادا، بۆچی؟ چونکە لە دیدی ئەوەوە بیر رێبەریی جیهان دەکات، هەروەها پێشیوابوو شۆڕشی ئەڵمانی لە شۆڕشی فەرەنسی باشتر دەبێت، چونکە پێشتر خاوێنکردنەوە ئاکارییانە رێی بۆ خۆش کردووە.

پەراوێزەکان

1. ئەوکتێبەی لێرەدا ئاماژەی بۆ کراوەو وتەکەی هۆڵدرینمان لێ خواستۆتەوە، ئەمەیە: هیگڵ، سەرگوزەشتەی خود، بلاوکراوەکانی کالمان – لیڤی، پاریس، 1998، ل 27، نوسەرەکەی: جاك دۆندت

Calmann – Levy Jacques D'ho: Hegel p 9،Paris

2. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل 38،
3. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل 38،
4. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل 39،

5. بڕوانە كتێبی (مەسیحی جادوگەر) ی نیچە، كە لە وەرگێڕانی كارەكانیدا بۆ زمانی فەرەنسی، لە پاریس بڵاو كراوەتەوە، بە شێوەیەكی تایبەتی بڕوانە بڕگەی ژمارە 15.

6.بڕوانە دیوانی هۆڵدرین "هیبیریۆن" لەسەرجەمی كارەكانیدا بڵاوكراوەتەوە، چاپی لاپیلیاد، باریسن، 1967، ل 269.

7.بڕوانە كتێبی هیگڵ: چەند وانەیەك دەربارەی فەلسەفەی مێژوو، پاریس، بڵاوكراوەكانی ڤیرن، 1963، ل 340.

Philosophiques le pleiade Paris vrin 1986 Hegel: Lecons sur la

8. بڕوانە كارە فەلسەفییەكانی كانت، بڵاوكراوەكانی لاپیلیاد، بەرگی سێیەم، 1986، ل 451 –452.

Philosophiques le pleiade، Paris، vrin، 1986، Kant: Ocuvres Paris.

9، بڕوانە كتێبەكەی جاك دۆندت دەربارەی هیگڵ كەبەم نزیكانە لەپاریس دەرچووە، ل 65،

، Paris، Calmann – Levy،Jacques D'Hondt: Hegel

10، بڕوانە كتێبی هیگڵ: چەند وانەیەك دەربارەی فەلسەفەی مێژوو، پاریس، بڵاوكراوەكانی ڤیرن، بەرگی حەوتەم، 1991، ل 1827.





# فەرهەنگۆك

**ئارتۆ**، ئەنتۆنین Artaud, Antonin (1896-1948) شاعیرو درامانوس‌و ئەكتەرێكی فەرەنسییە، تیوریی‌و كارەكانی كاریگەرییەكی زۆریان هەبووە لەسەر بەرەوپێشبردنی شانۆی ئەزمونی. لە مارسیلیٚ لەدایكبووەو هەر لەوێش خوێندوویەتی. لە ساڵی 1920 دا روویكردۆتە پاریس‌و دەستیكردنووە بە رۆڵ بینین لە شانۆو سینەمادا. لە ساڵی 1935 دا شانۆنامەی (The Cenci) بڵاوكردەوەو نمایشیكرد كە خۆی نوسیبووی. ئەم كارە كورتكەرەوە چەمكی ئارتۆیە لەمەڕ شانۆ، كە تێیدا دەسبەرداری زمانی ئاخاوتن دەبێت‌و پەنا دەباتە بەر زمانی جەستەو جوولەچە جەستەییەكان‌و ئەو دەنگانەی لە پیتەكانی زماندا بەرجەستە نابن. ئارتۆ بە درێژایی ژیانی خۆی بە دەستی نەخۆشییەكی ئەقڵی درێژخایەنیشەوە ناڵاندوویەتی، بۆیە نەیتوانی بە باشی تیوریییەكانی خۆی پیادە بكات، یان لانیكەم بەو شێوەیەی كە خۆی بیری لێدەكردنەوە. كتێبەكەی (شانۆ و هاوتاكەی – 1938) باس لە چەند مەسەلەیەكی تیوری دەكات كە دوای مردنی خۆی هەندێك لە قوتابخانەكانی شانۆ دەستیاندایە پیادەكردنیان، بە تایبەتی شانۆی بێهودەو شانۆی ژینگەیی‌و سروتی.

**ئاركیۆلۆجی** Archeology لە مانای تایبەتی میشیل فۆكۆدا، ئەم زاراوەیە بریتیە لەلێكۆڵینەوەی شوێنەوارە پەرت و بڵاوو رەقهەڵاتووەكان و ئەو شتانەی كە رەوتێكی تایبەتییان نیە، بەو بەو تێڕوانینەی كە ئەوانە بریتی بن لەپاشماوەكانی رابردووی بیركردنەوەمان، بەمەش ئاركیۆلۆجیا دەبێتە زانستی كۆڵینكاریی لە پێكهاتەی زانیندا. زاراوەكە لەئەسڵدا زاراوەیەكی جیۆلۆجیی و شوێنەوارناسییە.

**ئاڵتۆسێر** ، لویس Althusser, Louis (1918-1990) فەیلەسوفێكی فەرەنسییە، لەماوەی ساڵانی 1960 ـ 1970دا ، گفتوگۆیەكی زۆر لەسەر كارەكانی بەرپا بووە، شۆرەتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەشدارییە دیارەی كەلە گفتوگۆكردنی كارەكانی ماركسدا هەیبووە. دیارترین كتێبی بریتیە لەپێناوی ماركسدا ـ 1965 ، خوێندنەوەی سەرمایە 1965.

**ئایدیۆلۆجی ideology** سیستمێکی رێکخراوی ئەوە باوەڕ، بیرکردنەوە، بەها، ئایدیایە کە بنەماکانی پرۆگرامێکی کۆمەڵایەتی یان ئابوریی یان فەلسەفەیەکی سیاسی پێکدەهێنن، دەشتوانرێت بوترێت بریتیە لەو کۆمەڵە باوەڕ، بەهاو بۆچوونانەی شێوازی بیرکردنەوەو رەفتارو تێگەیشتنی جیهان لە لایەنی تاکێك یان گروپێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو پێکدەهێنن.

**ئەبیلارد، پییر** (1079-1142?) Abelard Peter فەیلەسوف و ئاینزایەکی فەرەنسییە، وەك مامۆستایەکی پرشنگدار ناسراوەو یەکێك لەناوە درەوشاوەکانی سەدەی دوازدە. لەکتێبەکەیدا ( بەڵێ و نا) جەخت دەکات کەپێ‌یستە ئایین بەپێشەکییە عەقڵییەکانەوە بنوسێت و هێرشی کردە سەر ناکۆکییەکانی ناو بیرو دەسەڵاتەکانی کەنیسە. کەنیسەش لەوەڵامدا بەهەرتەقە تاوانباری کرد.

**ئەپستمۆلۆجی** Epistemology لە وشەی یۆنانیی ئەپستیم واتە زانین، هەروەها لۆگۆس، واتە تیوریی، گەردانکراوە. واتە تیوریی زانین. لقێکە لە لقەکانی فەلسەفە، سەرقاڵی ئەو گرفتە فەلسەفییانەیە کە لە تیوریی زانیندا دەردەکەون. ئەپستمۆلۆجی بایەخ دەدات بە پێناسەکردنی زانین و ئەو چەمکانەی پەیوەندییان بە زانینەوە هەیە، سەرچاوەو پێوانەکانی زانین، چەشنە شیاوەکانی زانین، لەگەڵ پلەو ئاستی هەر یەکێکیاندا، هەروەها ئەو پەیوەندییەی لە نێوانی ئەوەدا کە دەزانێت و ئەو بابەتەشدا هەیە کە زانراوە.

**ئەرسەلان**، ئەمیر شەکیب ( 1946–1871 ) لەناوچەی شوێفاتی لوبنان لەدایك بووە. سیاسەتمەدارێکی سەردەمی خۆی بووە، هەروەها مێژوونووس و ئەدیبیش بووە. ئەندامی ئەنجومەنی ئاسیاویی بووە، هەروەها ئەندامی کۆڕی زانستیی دیمەشقیش بووە. لەنوسراوەکانی "دەربارەی مێژووی ئەندەلوس " و " ئێستای جیهانی ئیسلامیی".

**ئەقڵانییەت** Rationalism (Latin ratio ،reason")" لەفەلسەفەدا، بریتیە لەسیستمێکی بیرکردنەوە کە جەخت دەکات لەسەر رۆڵی ئەقڵ لەپەیدا کردنی زانیندا، لەپاڵ ئەزمونگەراییدا empiricism، کە ئەمیان جەخت دەکاتە سەر رۆڵی ئەزمون و تاقیکردنەوە، بەتایبەتی دەرکی هەستی .perception. دەتوانین بڵێین ئەقڵنییەت لەنزیکەی هەموو قۆناغەکانی فەلسەفەی خۆراواییدا ئامادەیی هەبووە. بەڵام بەشێوەیەکی سەرەتایی لە رینە دیکارتی فەیلەسوفی سەدەی حەڤدەیەمی فەرەنساوە، ناسنامەی خۆی وەرگرتووە.

**ئەکوەینەس، سانت تۆماس** Aquinas، (1225-1274) Saint Thomas هەندێجار بە ناوی دکتۆری ئینگلیزیی یان میری تۆژەرانەوە نێوزەدکراوە. ئەکوەینەس لە





رۆکاسیکای ئیتالیا لە دایك بووە، راهیبێکی دۆمینیکییەو لە سەر دەستی ئەلبێری گەورە خوێندوویەتی. لە ماوەی نێوان سالأنی 1268 – 1272 لە پاریس وانەی وتۆتەوە. کارەکانی کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر فەلسەفەی سکۆلاستی هەبووەو یەکێکیشە لە سەرکردەکانی کەنیسەی رۆمان کاسۆلیك. لە دیارترین کارەکانی لێکدانەوەکانی بۆ کارەکانی ئەرەستۆ، "هەموو یەزدانگەرایی" کە مردن رێگەی نەدا تەواوی بکات، هەروەها "نیشانە فریشتەییانەکە"، کە یەکێکە لە کارە هەرە کاریگەرەکانی لە سەدەی سیازدە، لەم کارەدا مەسەلەی پەیوەندیی نێوان ئایین و یەزدانگەرایی، ئیمان و عەقڵ دەخاتە روو. نوسینەکانی زنجیرە وتاری وشك و روون و بێ روتوشن، بەڵگە لایەنگیرەکانی تێزەکەی و بەڵگە دژەکانی دەخاتە روو، پاشان دەکەوێتە هەڵوەشاندنەوەی بەهانەکانی دژەکانی. هەموو کارەکانی لەسەر دوو بنەما دامەزراون: ئاینی مەسیحی و فەلسەفەی ئەرەستۆ.

**ئیبن روشد** 1198 J 1126 ) Averros ( فەیلەسوف زانا، پزیشکی ناسراوی ئیسلامە، بەوردیی تێکستەکانی ئەرەستۆی راڤە کردووەو ناڕەزایی خۆی لەو شێوازە ئەفلاتونییە نوێیە دەربڕیوە کە ئیبن سیناو شوێنکەوتووەکانی ئەرەستۆیان پێ دەخوێندەوە. لەدوای ئەرەستۆوە بەمامۆستای دووەم دادەنرێت. شایانی باسە، لەمێژووی ئیسلامییدا، ئیبن روشد زانایەکی پشتگوێ خراوبووەو سەرلەنوێ لەسەردەمی نازەدا، لەڕێی خۆراواوە روناکی خراوەتەوە سەر و نوسینەکانی لەزمانە خۆراواییەکانەوە دەکرێنەوە بەزمانی عەرەبی. دیارترین نوسراوی بریتیە لە " فصل المقال فیما بین الحکمە والشریعە والاتصال". هەروەها کتێبی " تهافت التهافت" لەوەڵامی کتێبی " تهافت الفلاسفە" ی غەزالییدا.

**ئیبن سینا** Avicenna (Abu Ali al-Husayn ibn Abd Allah ibn Sina) (980-1037) دکتۆرو فەیلەسوفێکی ئێرانیی موسوڵمانە، لەنزیکی بوخارا لەدایکبووە، ئەو شوێنەی ئەمڕۆ پێی دەوترێت ئۆزبەکستان. سەردەستەی پزیشکانی بوخارا بووە. کتێبەکەی یاسای پزیشکی وەك تێکستێکی گرنگ لەخۆرهەڵاتەوە گواستراوەتەوە بۆ خۆراوا. هەروەها لەکتێبی شیفادا لۆجیك و میتافیزیاو سایکۆلۆجیاو زانستە سروشتییەکەی ئەرەستۆ شی دەکاتەوە، لەگەڵ چەندان شتی تریشدا. بەراوردێکی بەپیستی لەنێوان ئەرەستۆو ئەفلاتونیزمی نوێدا کردووە. بەڵام دەمارگیرەکانی ئیسلام پێیان وابوو ئیبن سینا نکولیی لەنەمریی خودو دروستبوونی جیهان لەکاتدا، لەگەڵ پشکی خودا لەتاکەکاندا دەکات، بۆیە کەوتنە دژایەتیکردنی و گەورەترین دوژمنی غەزالی بوو.

**ئیراسمۆس، دیسیدینۆس** Erasmus، (1466?-1536) Desiderius ناوی راستەقینەی گیرت گیرتزە،نوسەرو بیریارو هیومانیستێکی هۆڵەندییە، رۆشنبیرێکی

دیاری باکوری ئەوروپای ماوەی رێنیسانسی ئیتالیایە. لە رۆتەردام لە دایك بووە، کوڕێکی ناشەرعی پیاوێکی ئاینزاو دایکیشی پزیشك بووە. لە زانکۆی پاریس فەلەسەفەی جیهانگیریی و زمانی لاتینی خوێندووەو بەباشی فێری بووە. لە ساڵی 1508 دا کتێبی پەندەکانی بڵاوکردۆتەوە کە کۆکراوەی کۆمەڵێك پەند و وتەی بەنرخی لاتینییە، ئەم کتێبە بووە هۆی ناسرانی و دەرکەوتنی. زۆرینەی کارەکانی سەرەتای هێرشن بۆ سەر مەشقە بەدەکانی کەنیسە. دیارترین کتێبی بریتیە لە ستایشی دێوانەیی ـ 1509، ئەم کتێبەی لەماوەی حەوت رۆژدا تەواو کردووە بێ ئەوەی هانا ببات بۆ هیچ سەرچاوەیەك. هەندێجار بە باوکی سەردەمی ریفرۆمو شۆڕشی ئاینیی سەدەی شازدەیەم ناودەبرێت. لە ساڵی 1511 دا کتێبێکی رۆشنگەرایانەی بە ناوی دەربارەی میتۆدی لێکۆڵینەوە نوسیوە، پاشان کتێبی دەربارەی فێرکردنی منداڵان بە تۆکمەیی بەڵام بە نیانی –1529. لە ساڵی 1517 دا دوای ئەوەی ریفۆرمیزم لەسەر دەستی مارتن لۆسەر پرشنگی دایەوە، رەوتێکی نوێ لە ژیانی ئیراسمۆسدا دەستی پێکرد، ئەو کە پێشتر مرۆڤێکی رۆشنگەرو رەخنەگر بوو، کەوتە ناڕاستەوەو نەیویست لایەنی هیچ لایەکیان بگرێت، بەم هەڵوێستەی متمانەی کەنیسەی کاسۆلیکیو ریفۆرمیستەکانیشی پێکەوە دۆڕاند. لە ساڵی 1524 دا دەربارەی سەربەستی ئیختیاری نوسیو هێرشێکی توندی کردە سەر لۆسەر، لۆسەریش بە توندی وەڵامی دایەوەو جەبرییەتی ئیختیاری نوسی. گەرچی ئیراسمۆس زۆرجار بە رێخۆشکەری ریفۆرم ناو دەبرێتو دواتر لە لایەنی ئەنجومەنی ترێنتەوە کارەکانی خرانە ناو لیستی قەدەغەکراوەکانەوە، جەنگە نەبڕاوەکەی دژی نەزانیو خورافیات بوونە هۆی ئەوەی زیاتر بە هیومانیست بناسرێت، بەڵام ئەو ریفۆرمیستێکی ئاینی نەبوو، وەکو لۆسەرو کالڤین، هەروەها لەناو ریزی گوتاری ئاینیشدا پۆڵێن ناکرێت، ئەو پیاوی لێکۆڵینەوە بوو.

**ئیزەتبیگــۆڤی**، عــەلی ( -1925) Izetbegovi Alija**و**، ســەرکۆماری بۆســنەو هەرزەگۆڤینــە (1990 . ) کەکۆمارێکــە لەبەشــێکی یۆگۆســلاڤیای لەتوپــەتبوو، دوای شەڕێکی ناوخۆی چەند ساڵە (1992 . 1995) دروست بووە. لەخێزانێکی موسوڵمان لەدایکبووەو بڕوانامەی باڵای لەیاسادا هەیە. لەساڵی 1946دا لەلایەنی حکومەتە کۆمۆنیستەکەی یۆگۆسلاڤیای ئەوساوە بەتۆمەتی چالاکی ئیسلامیی گیراوەو سێ ساڵ زیندانی کراوە. دیسانەوە جارێکی تریش لەساڵی 1983دا بەهەمان تۆمەت گیراوەتەوەو حوکمی 14 ساڵ زیندانیبوونی بەسەردا دراوە، بەڵام لەساڵی 1988دا ئازاد کراوە.

**ئیکـۆ**، ئـەمبێرتۆ Eco،( -1932) Umberto نوسـەرێکی ئیتالییـە، زیـاتر بـەهۆی یەکـەمین رۆمانیـەوە ناسـراوە "نـاوی گوڵەکـە . 1980"، هـەروەها بەیـەکێك لەرابـەرانی سـیمۆلۆجیا دادەنرێـت و لەسـاڵی 1975دا بـوو بەپڕۆفیـسۆری سـیمۆلۆجیا لـەزانکۆی





بۆڵۆگنا، هەروەها ئوستادی میوانیش بووە لەشەش حەوت زانکۆی ئەمریکا. لەکارەکانی تری: بەندۆڵەکەی فۆکۆ ـ 1989، دورگەکەی رۆژی پێشوو ـ 1994.

**ئیمپرێشینیزم** Impressionism جوڵانەوەیەکی هونەری نیگارکێشانە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە لە فەرەنسا. ئیمپرێشینیستەکان لەسەردەمی خۆیاندا بە رادیکاڵ لە قەڵەمدەدران، چونکە گەلێك لە یاساو رێساکانی هونەری نیگارکێشانیان شکاند، ئەوانەی لە لایەنی نەوەکانی پێشووترەوە چەسپێنرابوون. ئەوان گەلێك لە بابەتەکانی خۆیان لەناو ژیانی دەوروپشتی خۆیان دەدۆزییەوە نەك لەناو مێژوودا، لەبری هەوڵدان بۆ نیگارمردنی جوانی راستەقینەی رەهاو ئیدیاڵ، ئەوەی نیگارکێشانی پێشوو بەدوایدا دەگەڕان، ئیمپرێشینیستەکان هەوڵیاندەدا بۆ نیگارکردنی ئەو وێنانەی لە ساتەوەختی ئێستادا درکیان پێدەکرد، بەدوای دیدێكو روانینێکی نوێدا دەگەڕان، کە بەلای هەندێك خەڵکەوە زەحمەت بوو بتوانن وەکو جوان پەسەندی بکەن. زۆرجار لە دەرەوە لە هەوای کراوەدا وێنەیان دەکێشا، نەك لەناو ستۆدیۆدا، بۆ ئەوەی بتوانن بەشێوەیەکی راستەوخۆتر چاودێریی سروشت بکەنو سیما زوو تێپەڕەکانی راوبکەن، بە تایبەتی تیشکی گۆڕاوی هەتاو.

**بـارکلی**، جـۆرج Berkeley،(1685-1753) George فەیلەسـوف و کـاهینێکی ئێرلەندییە، بەدامەزرێنەری قوتابخانەی نوێی ئایدیالیزم دادەنرێت. باوەڕی وابوو کەمادە ناتوانێت خۆی لەخۆیەوەو بێ هاوکاری بیر بێتە بوون.

**بایـل پـییر** (1647-1706) Bayiel Pierre فەیلەسـوفو رەخنـەگرێکی نێـوداری فەڕەنـسیە، هـەموو ژیـانی خـۆی تـەرخان کـردووە بـۆ گـەڕان بـە دوای راسـتییدا. تەندروستییەکی شێوازی هەبووەو هەر بە منداڵی فێری یۆنانیو لاتینی بووەو دواتر لە ئەکادیمیای پرۆتستانتەکان، کورسی فەلسەفەی وەرگرتووە. یەکەمین نوسراوی گرنگی خۆی لە ساڵی 1682دا بڵاو کردۆتەوە، ناونیشانەکەی چەند ئەندێشەیەك دەربارەی کلکدارەکان، لەم کتێبەدا هێرشی کردە سەر ئەو بیرو بۆچوونانەی کەپێیان وابوو کلکدارەکان کاریگەرییان لەسەر رەوتی رووداوەکانی جیهان هەیە.

**بەزینەکەی ساڵی 1967 یان جەنگی شەش رۆژە** Six-Day War بە یەکداکێشانێکی سەربازییانەی ئیسرائیلو وڵاتە عەرەبییەکانی میسرو ئەردەنو سوریایە. لە ماوەی شەش رۆژی جەنگدا، ئیسرائیل توانی نیمچە دورگەی سینا، بەرزاییەکانی جۆلان، بەری خۆراوا، کەرتی غەزە داگیر بکات، ئیتر هەموو ناوچەکە بەسەر یەکەوە بە ناوچەی داگیرکراو ناسرا. ئەم جەنگە بە ناوی بەزینەکەی ساڵی 1967 یشەوە بانگ دەکرێت.

**برێتـۆن**، ئەنـدرێ (1896-1966) Breton, André شاعیرو رەخنـەگرێکی فەرەنسییە، پێشەوای جوڵانەوەی سوریالیزمە، لە تینچێبرەی لەدایکبووە، پزیشکیی

خوێندووە، لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهاندا وەك پزیشکی دەرونی کاریکردووە، پاشان لە پاریس بووە بە نوسەر، یەکێکە لە نەیارە سەرسەختەکانی ئەقڵانییەت لە هونەرو ئەدەبدا، ئەو جوڵانەوەیەکی ئەو پێشڕەوی بوو بە دادابیزم‌و سوریالیزم ناسراوە، کە لە نەهامەتی‌و نائومێدییەکانی دوای جەنگی جیهانییەوە هاتبوونە دەرەوە. بریتۆن شارەزایەکی باشی فرۆیدو دەرونشیکارییەکەی بووەو لە هونەردا تەوزیفیکردووەو خووی داوەتە نوسینی خۆبەخۆی عەفەوییانەی بێ بیرلێکرنەوەو سەرنجام تیوریی سوریالیزمی لێکەوتۆتەوە. بریتۆن لە گۆڤاری ئەدەبدا دەینوسی کە گۆڤاری سوریالیستەکان بووە، یاریدەی دامەزراندنی دابوو، ساڵانێکی زۆریش ئەندامی دەستەی نوسەرانی بووە. بەشدارییکەی بەرچاوی کردووە لە ئامادەکردنی هەرسێ بەیاننامەکەی سوریالیزمدا (1924 – 1930 – 1942). دیارترین نوسینی بەحشانی بریتیە لە رۆمانی نادیە – 1928 کە لە ئەزمونی تایبەتی خۆیەوە هاتووە. کۆمەڵەی شیعرەکانی – 1948 کاریگەریی لەسەر ڤالاری‌و پۆڵ ڤالێری‌و ئارسەر رامبۆ هەبووە.

**بلەیر**، تۆنی Blair، Tony (1953- ) سەرەکوەزیرانی بەریتانیایە (1997 . ) ناوی تەواوی ئەنتۆنی چارلس لینتۆن بلەیەرە، لەکۆلیجی سانت جۆن . ئۆکسفۆرد یاسای خوێندووە. لەساڵی 1976دا بووە بە پارێزەری یەکێتی بازرگانی و پیشەسازیی. ژیانی سیاسیی بلەیر لەساڵی 1983وە دەستپێدەکات، کاتێك هەڵبژێردرا بەئەندامی پەرلەمان وەکو نوێنەری پارتی کرێکاران. ئیتر لەوکاتەوە بەخێرایی چووە پێش‌و چالاکی زۆر بووە لەماوە نێوان ساڵانی ( 1979 . 1990 ) کەسەردەمی دەسەڵاتدارێتی پارێزکاران بووە بەسەرۆکایەتی تاتشەر، پارتی کرێکارانیش لەریزی ئۆپۆزیسیۆندا بووە. لەساڵی 1994دا سەرکردەی پارتەکەیان جۆن سمیس مرد، بلەیر هەڵبژێردرا بۆ گرتنەوەی جێگاکەی. ئەویش چەندان گۆڕانکاریی سیستم و پرۆگرامی پارتەکەیاندا کرد. لەمکاوەی 200 ساڵی رابردوودا، بلەیر گەنجترین سەرەکوەزیرانە هەڵبژێردرابێت. یەکێك لەتێڕوانیینە دیارەکانی بلەیر ئەوەیە بەردەوام داوای پەیوەندیی پتەوتری کردووە لەگەڵ یەکێتی ئەوروپادا، هەروەها پەرلەمانی تایبەتی بۆ سکۆتلەندەو وێڵز جودا کردەوەو، چەندان ریفۆرمیشی لەخزمەتی کۆمەڵایەتی و تەندروستییدا کرد. هەروەها هاندەرێکی سەرەکیی گفتوگۆکانی ئاشتی بووە لەباکوری ئێرلەندە، تائەوکاتەی لە نیسانی1998دا گەیشتنە ئاکامێکی سەرکەوتووانە.

**بلیمەت** جینیەس Genius لە میتۆلۆجیای رۆمانیدا، بریتیە لە رۆحێکی پارێزەر یان چاودێریکەر، کە باوەڕوابووە هەموو تاکێك، هەموو خێزانێك، هەروەها هەموو شارێك خاوەنی جینیەسی خۆیەتی. بۆیە لە پەرستش‌و سروتەکانی ناو ماڵەکاندا، جێگایەکی تایبەتی هەبووەو رێزێکی زۆری لێگیراوە، بە ئومێدی ئەوەی تین‌و هێزو زرنگییان





پێببەخشێت. هەر لەبەر ئەم هۆیە، دواتر ئەم وشەیە بەکارهاتووە بۆ وەسفکردنی ئەو کەسانەی خاوەنی زرنگیی‌و هۆشمەندییەکی بەرچاون. هەندێجار بە جینیەسی ئافرەت وتراوە جونۆ. لە هونەریشدا، زۆرجار جینیەسی تاکەکان لە وێنەی لاوێکی باڵداردا نیگارکراوە، بەڵام وێنەی جینیەسی شار لە شێوەی مارێکدا کێشراوە. لە سایکۆلۆجیاو ئەدەبیشدا، ئەم زاراوەیە بەشێوەیەکی بەربڵاوبەکارهێنراوەو زۆرجار بەدحاڵیبوونیشی تێدابووە. بەشێوەیەکی گشتی مەبەست لە ئاستێکی باڵای زرنگی‌و لێهاتوویی هزرو بیرکردنەوەیە، لە کەسێکدا کە بەشێوەیەکی بەهرەدارو ئەفرێنەرانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات.

**بودا** (563?-483? BC) Buddha فەیلەسوفێکی هیندییەو دامەزرێنەری پێڕەوی بوداییزمە. ماوەیەکی زۆر دوای مردنی، ئینجا سەربوردەی ژیان کردەوەکانی نوسراوەتەوەو تێکەڵاوی ئەفسانەو خورافییات کراوە. باوکی بودا حوکمڕانی وڵات بووەو دەیویست کوڕەکەی جێی بگرێتەوە، بەڵام ئەو دەسبەرداری کورسی دەسەڵات بوو، خۆی تەرخان کرد بۆ بیرکردنەوە تێڕامان و سەرەنجام پێڕەوە ئاینییە تایبەتەکەی خۆی دۆزیوەتەوە. لەم ساڵانەی دواییدا ئیسلامییە توندڕەوەکان، لەگەڵ چەندان پەیکەری تردا، شکاندیان، شایانی باسە زۆرێك لەمەلاکانی لای خۆشمان لەوتارەکانی هەینییدا باسی ئەو روداوەیان کردو بەسوکایەتییەوە سەیری ئەو پەیکەرەیان دەکرد و بەبتێك لەقەڵەمیان دا کەهەر بۆ شکاندن باشە، بێ ئەوەی گوێ بدەنە هەستی ئەو ملیۆنان کەسەی کەپێڕەویی لەئاینی بودایی دەکەن.

**بوداییزم** Buddhism یەکێکە لەئاینە سەرەکییەکانی جیهان، لەباکوری هیندستانەوە سەری هەڵداوەو لەسەر بنەمای ئامۆژگارییەکانی سیدهارتا گوتاما Siddhartha Gautama دامەزراوە کەبە بوودا Buddha ناسراوە، کەماناکەی مرۆڤە رۆشنەکەیە.

**بۆدلێر**، شارل پییر Baude-laire Charles Pierre. 1821-1867 نوسەرو وەرگێڕو رەخنەگرو شاعیری نێوداری فەرەنسایە. منداڵییەکی بەدبەختانەی بەسەر بردووە، لە تەمەنی شەش ساڵیدا باوکی مردووەو دایکیشی شووی کردۆتەوە، بۆدلێر باوەپیارەکەی خۆی خۆش نەویستووەو رقیشی لە دایکی هەستاوە لەسەر شووکردنەوەکەی. دیوانێکی شیعریی نێوداری هەیە بە ناوی گوڵەکانی خراپەکارییەوە، چاپی یەکەمی 1857 و پاشان فراوانتری کردەوەو لە ساڵی 1861 دا دیسان چاپکرایەوە. ئەم دیوانە لە لایەنی جەماوەرەوە بەوە تاوانبار کرا کە بێئابڕوویی‌و بێپەردەییەکی زۆری تێدایە، وەلێ کاریگەرییەکی زۆریشی بەسەر جوڵانەوەی دواتری شیعری رەمزییەوە جێهێشت، بە تایبەتی لەسەر تی . ئێس. ئێلیەت.

**بۆردیـۆ، پـییر** Pierre Bourdieu (1940 . 2002) فەیلەسـوفێکی فەرەنـسیی هاوچـەرخە، سـەرقاڵی لێکۆڵینـەوەی تـاك و نەهامەتییـەکانی ژیـانی تەکنەلۆجیایـە. دیارترین کتێبی بریتیە لە مرۆڤی ئەکادیمی.

**بۆسـۆی**، جـاك بێنـی Bossuet Jacques Bénigne (1627-1704) قەشـەیەکی فەڕەنسی سەر بە کەنیسەی رۆمان کاسۆلیکە. لە ماوەی نێوان ساڵانی 1670 – 1681 مامۆستای تایبەتی کوڕە گەورەی لویسی چواردەهەم بووەو کتێبی گوتارێك دەربارەی مێـژووی جیهـانی – 1681 ی بۆ ئـەو نوسـیوە، کـە یەکێکـە لـە هەوڵـە سـەرەتاییەکان لـە مامەڵەکردنی فەلسەفییانەی مێژوودا، لەو کتێبەدا جەخت لەسـەر ئـەوە دەکات کـە مێژوو بە بایەخی یەزدانی بەڕێوە دەچێت. هەر لەو ساڵەدا دەبێت بە قەشەی کەنیسەی میاووك‌و تادەمرێـت لـە پایەیـەدا دەمێنێتـەوە. بۆسـۆی زیـاتر بـە هـۆی وتـارە جەنازەییەکەیـەوە لـە سـاڵی 1689دا، ناسـراوە، تێیـدا ستایـشی کەسـێتییە درەوشـاوەکانی وڵات دەکـات. لـە کێشەکەی نێوان لویسی چواردەو پاپادا بەشداریی کردووە کە دەربارەی تایبەتمەندێتی دەسەڵاتی هەریەکە لە پاپاو پادشا بوو، بەمـەش سۆزی پادشـای بـە لای خۆیـدا راکێشا. بۆسـۆی مـشتومڕێکی توندیـشی لەگـەڵ بـاوە فرانـسیۆس سـالیناك فێنیلۆنـدا بـەرپا کـرد دەربارەی دابودەستورە رۆحانییـەکانی پێڕەوی بێدەنگـەکان quietism. فێنیلۆن پـشتی بێدەنگەکانی دەگرت‌و بۆسۆی بە هەرتەقە لە قەڵەمی دەدا.

**بیکـۆن**، رۆجـەر Roger Bacon،(1214?-1294) لێکۆڵـەرو فەیلەسوف‌و زانایـەکی ئینگلیـزە، یەکێکـە لـە مامۆسـتا هـەرە کاریگـەرەکانی سـەدەی سـیازدە. یەکێکیـشە لـە رابــەرانی زانــستی ئەزمونگــەریی نــوێ، لــە ســاڵی 1277دا لەبــەر بــیرو بۆچــوونە بێباوەڕانەکەی لە زانکۆی ئۆکسفۆرد دەری دەکەن، کەنیسەش فـەرمان دەدات لـە دێرێکدا دەسبەسەری بکەن.

**بێتهۆڤن**، لۆدڤیگ ڤان Beethoven, Ludwig van (1770-1827)، ئاوازدانـەرێکی ئەڵمانییەو بـە یـەکێك لـە هـەرە مۆزیکژەنـە مەزنـەکانی مێـژووی مۆزیـك لـە قەڵـەم دەدرێت. بێتهۆڤن وەك پیانۆژەنێکی سەماعی دەستی پێکردووە، دواتر دەستی کردووە بە دانانی ئـاوازی چـوارینەی تێکـەڵ‌و شـێوەکانی دیکـەی مـۆزیکی کلاسـیك، گـۆرانی، ئـۆپێرا، نـۆ سەمفۆنیـشی نوسـیوە، دواهـەمینیان سـەمفۆنیەکی کەنیـسەییە، لـە سـاڵی 1824دا، تەواوبووە. دوایین پارچە مۆزیکی بێتهۆڤن ناوی سرودی کامەرانییە.

**پاسکاڵ**، بلایز Blaise Pascal،(1623-62) ، فەیلەسوفێکی فەرەنسییە، ماتماتیکزان وفیزیاوییش بووە، یەکێکە لە عەقڵە مەزنەکان لەمێژووی رۆشنبیریی خۆراوادا.

**پرۆتستانتیزم** Protestantism، یەکێکە لە سێ لقە سەرەکییەکەی ئاینی مەسیحی، کە دوانەکەی تر کاسۆلیك و ئارسۆدۆکسن. پرۆتستانتیزم لەسەدەی شازدەیەمدا، وەکو





جوڵانەوەیـەکی ریفۆرمکـار لـەناو کەنیـسەی خۆراواییـدا، دەسـتی پێکـردووە. مەبەسـتی سەرەکیشی بریتی بوو لەژیاندنەوەی دابونەریتە رەسەنەکانی مەسیحییەت

**پشێویگەرایی** Anarchism بریتیە لە تیۆرییەکی سیاسیی کەدژی هەموو فۆرمەکانی حکومەتـە. پەشـێویگەراکان باوەڕیـان وایـە کـە ئەوپـەڕی ئـاوانی مرۆڤایـەتی بریتیـە لـە سەربەسـتیی تاکـەکان بـۆ ئـەوەی گوزارشـت لـەخۆیان بکـەن، بـەبێ ئـەوەی هـیچ سەرکوتکردنێك یان کۆنترۆڵکردنێك بەرەو روویان ببێـەوە. هەموو کاری ئانارشیستەکان بۆ تواندنـەوەی هـەموو شێوازەکانی حوکمـە، تـا تاکـەکان بـەرەهایی سەربەسـت بـن. وەلێ لەدیوی فەلسەفییەوە، پییر جۆزیف پرۆدێنی فەرەنسیی، بەباوکی ئەوسیستمە دادەنرێت کـە پێـی دەوترێـت ئانارشـیزمی فەلـسەفیی. بـەپێی ئـەو ئـەم چەشـنە ئانارشـیزمە، دەسەڵات لەکۆمەڵگا وەردەگرێتەوەو، تاکایەتیی لەجێگەی ئەو سەرپشك دەکات

**پووچگەرایی** Absurdism زاراوەیەکە لەنێوان چلەکان و پەنجاکانی سەدەی رابردوودا، بەشێوەیەکی بەرفراوان لەفەرەنسادا بەکارهاتووەو بوارەکانی فیکرو ئەدەب و هونەریشی گرتۆتـەوە. لەفەلـسەفەدا بـەمانای بیرکردنەوەیـەکی نالۆجیکییانـەی بێ نـاواخن، کـە زیـاتر پـەنا دەبانـە بـەر دەمەتـەقێی نـەزۆکی بێ مانـاو، هەڵوێـستی لـەبوون دەبانـەوە بـۆ گرێـی بێمانایی بوونی مـرۆڤ. نوسـەرانی لەوێنـەی سارتـەرو کـامۆ، ئەم زاراوەیـەیان بـە فراوانیـی بـەکارهێنلوە، هۆکەشـی دەگەڕێتـەوە بـۆ نوشوسـتیی هێنانیـان لەدۆزینـەوەی پاسـاوێکی عەقڵیی بۆ بوونی مرۆڤ.

**پـۆ**، ئێـدگار ئـالان Poe, Edgar Allan (1809-1849) نوسـەرێکی ئەمەریکییـە وەکـو شـاعیرو رەخنـەگر ناسـراوەو دواتـر بـووە بـە نێـودارترین چیرۆکنوسـی سەردەمی خۆی، بە تایبەتی لە گێڕانەوەی چیرۆکی پڕنهێنی‌و تەلیسم‌و ترس‌و تۆقینـدا. لـە مردنیـەوە تـا ئـەمڕۆ مـشتومڕ لەسـەر کارەکـانی بەردەوامـە، بەشـێوەیەکی بـەربڵاو لـە ئەوروپاو شوێنانی دی دەخوێنرێتـەوەو چـەندین نوسـەری گـەورە قـەرزاریی خۆیانیـان بـۆ ئەو دەربڕیوە. پـۆ لـە بۆسـتن، ماساچوسـێت لـەدایکبووە، لـە منداڵییـەوە هەتیوکەوتووەو جۆن ئالانی خزمی پـەروەردەی کـردووە، لـە تەمـەنی شـەش ساڵیدا خێزانەکـەی دەچـن بـۆ ئینگلتەرەو دەیخەنە قوتابخانەیەکی تایبەت. دوای گەڕانەوە بۆ ئەمەریکا ساڵێك لـە زانکـۆ دەخوێنێـت‌و خـوو دەداتـە خواردنـەوەو قومـارکردن‌و قـەرزێکی زۆری لەسـەر کەڵەکـە دەبێت‌و باوەپیارەکەشی رازی نابێت بۆی ببـژێرێت، بە ناچاری دەستدەداتە کـارکردن‌و دەبێت بـە دەفتـەرداری کۆمپانیایـەك. لـەو سـاڵەدا (1827) یەکـەمین کتـێبی خـۆی بـە ناوێکی خوازراوەوە بڵاودەکاتـەوە (تەمەرلین‌و شیعرەکانی دی). دوای ماوەیـەك دەگیرێت بەسەربازو دوو ساڵ خزمەت دەکات‌و پاشان لـە ساڵی 1829 دا دیوانی (ئەل ئەعراف) بڵاودەکاتـەوە. لـەم ساڵەدا لەگـەڵ باوەپیارەکـەی ئاشـت دەبێتـەوەو پەیوەنـدی دەکات بە

ئەکادیمیای سەربازییەوە، وەایْ دوای چەند مانگێك دەری دەکەن، چونکە رازی نابێت ئەرکە سەربازییەکان جێبەجێبکات، ئیتر بۆ هەتا هەتایە پەیوەندی لەگەڵ باوەپیارەکەی دەپچڕێت. پاشان لە ساڵی 1831 دا کتێبی (شیعرەکان) ی بڵاوکردەوەو ساڵی دواترگوێزایەوە بۆ باڵتیمۆرو لەویْ لەگەڵ پووری‌و کچە یازدە ساڵانەکەیدا ژیا کە ناوی تلبوو ڤێرجینیا کلیْم. ساڵی دواتر چیرۆکی (نامەیەك لەناو بوتڵێکدا) ی بڵاوکردەوەو خەڵاتێکی پێبەخشرا. لە ماوەی نێوان 1835–1837 دا دەستەی نوسەرانی (Southern Literary Messenger) بووە. ساڵی دواتر ئامۆزایەکی خۆی مارە کردووەو دەساڵی دوای ئەوە سەرقاڵی چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشییە بووە کە تووشی هاوسەرەکەی هاتووە. لە ماوەی جیاجیادا لە رۆژنامەو بڵاوکراوەکانی فیلادئەلفیا، پێنسیڵڤانیا، نیویۆرك کاری کردووە. لە ساڵی 1847 دا ڤێرجینیا دەمرێت‌و پۆش نەخۆشدەکەوێت‌و دەمرێت. دیارترینی هۆنراوەکانی قەلەڕەش – 1845، زەنگەکان – 1849، هەواڵوو – 1831، لێنۆر –1831 و ئەنابێل لی – 1849.

**پۆستیڤیزم** Positivism سیستمێکی فەلسەفییە لەسەر زانینی ئەزمونیی و رەخنەیی دەربارەی دیاردەی سروشتی دامەزراوە، لێرەدا میتافیزیاو یەزدانگەریی وەکو دووسیستمی ناتەواوو نادروستی زانین مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.. دامەزرێنەری ئەم پێڕەوە ئۆگیست گۆمتە.

**تابۆ** Taboo بریتیە لە قەدەغەکردنی شتێك یان چەشنە رەفتارێك. لە تابۆ ئایینییەکاندا، بابەتی قەدەغەکراو بە شتێکی پۆخڵ یان دزێو یان گڵاو یاخود ناپیرۆز لە قەڵەم دەدرێت. تابۆ بۆ خۆپاراستن لە هێزو توانای بابەتەکە بەکاردەهێنرێت. قەدەغەکردنی کوشتن‌و مارەکردن لە ناوەوەی گروپێکدا، نمونەی رەفتاری تابۆیین. هەندێك لە تابۆکان بە تەواویی قەدەغەکراوی ئایینی نین، بەڵکو پەیوەندییان بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان‌و دابونەریتەکانەوە هەیە، تابۆکان سیمای جیاکەرەوەی گرووپن. ئەسڵی ئەم وشەیە لە وشەی tabu ی پۆلینزییەوە هاتووە کە مانای پیرۆز، سنور نەبەزێنراو دێت‌و لە ئەسڵدا بەکارهاتووە بۆ ئەو بابەتانەی تەرخانکراون بۆ داب‌ونەریتە ئاینییەکان‌و بەشێوەیەکی گشتی بەکارهێنانیان قەدەغە بووە.

**تاتشەر**، مارگرێت هیلدا Margaret Hilda،Thatcher، (1925- ) یەکەمین ئافرەتە لەمێژووی بەریتانیادا کەپۆستی سەرەکوەزیران بگرێتە دەست. لەزانکۆی ئۆکسفۆرد خوێندویەتی. لەساڵی 1959دا بووەتە ئەندامی ئەنجومەنی گشتی. لەساڵی 1984دا هەوڵێکی سەرنەکەوتوو بۆ تیرۆرکردنی دەدرێت، پاشان لەساڵی 1987دا دەبێت بەیەکەمین سەرەکوەزیرانی ئافرەت لەمێژووی بەریتانیادا.





**تاڵیبان** Taliban بزوتنەوەیەکی ئیسلامیی ئوسوڵی ئەفغانستانە، لە مانگی ئابی ساڵی 1994دا مەلا عومەر لە شاری قەندەهاری باشوری ئەفغانستان دایمەزراندووە. وشەی تاڵیبان بە مانای قوتابییان دێت، ئاماژەیە بۆ ئەندامانی گرووپەکە، ئەوانەی تەمەنی خۆیان بە جەنگ‌و خزمەتی گرووپە ئاینییەکەوە سەرف کردووە. تاڵیبان لە کۆتایی 1994ەوە بەردەوام لە هەڵپەی وەرگرتنی دەسەڵاتدا بووەو دژایەتی لایەنە ئیسلامی‌و نائیسلامییەکانی تری کردووە، چەند جارێك کابولی پایتەختی داگیرکردووەو لێی سەندراوەتەوە. تا لەکۆتایی نەوەدەکاندا دەستی گرتووە بەسەر بەشی زۆری وڵاتدا. پاشان لەساڵی 2002دا دوای روداوەکانی یازدەی سێپتەمبەر، تاڵیبان کە بە هاوکاریی رێکخراوی قاعیدەی ئیسلامی فەرمانڕەوایەتی دەکرد، لەسەر تەخت لابراو تا ئێستاش چارەنوسی هەردوو سەرکردەو دامەزرێنەری هەردوو رێکخراو مەلا عومەرو ئوسامە بن لادن نەزانراوە.

**تۆتاڵیتاریزم** Totalitarianism بریتیە لە زانستێکی سیاسی، سیستمێکی حکومەت و ئایدیۆلۆجیایەك، کە تێیدا هەموو چالاکییە سیاسی ، ئابوری، رۆشنبیریی،کەلتوریی، لەگەڵ چالاکییە رۆحییەکاندا، دەکەونە ژێر ئیختیاری سەرۆکەکانی وڵاتەوە. شەش حەوت خەسڵەتی گرنگ تۆتاڵیتاریزم جیادەکەنەوە: چەشنە ئۆتۆکراسییەتێکی تایبەت بە سەدەی بیستەم، کە لەشێوە کۆنەکانی رەهاییەت و پاشکۆیەتی و ستەمکارییەوە پوختە کراوە، لەفۆرمە دێرینەکانی ئۆتۆکراسییدا، خەڵکی بۆیان هەبوو بەشێوەیەکی سەربەخۆ بژین و کاربکەن، هەروەها خەسڵەتە سیاسییەکانی خۆیان پاراستبوو. بەڵام لەتۆتاڵیتاریزمی مۆدرێندا، ئەوا خەڵك بەتەواوەتی لە خەون و هیواو پێداویستییەکانیاندا، پشت بەپارتێکی سیاسی و سەرکردەکانیان دەبەستن. ئۆتۆکراسیزمی دێرین لەلایەنی پادشایەکەوە، یان هەر ئەدرێسێکی تری ئەریستۆکراسەوە بەڕێوە دەبرا، کە بەپێی پرەنسیپی مافی لەوێنەی یەزدانیی ، وڵاتی بەڕێوە دەبرد، بەڵاملەتۆتاڵیتاریزمی نوێدا وڵات لەلایەنی سەرکردەیەکەوە یان بەڕێوەبەرێکەوە بەڕێوە دەبرێت کە کۆنترۆڵی پارتی سیاسیی دەسەڵاتداری کردووە.

**جان پۆڵی دووهەم** ( John Paul II (1920-2005 سی‌و دووهەمین پاپای ڤاتیکانەو لە ساڵی 1978 وە بووە بە پاپا. لە رۆژی 18 ی مایسی ساڵی 1920 دا لە واداویس – پۆڵەندا لەدایکبووەو ناوی ئەسڵی کارۆل واژدیلایە. لە ساڵی 1523 بەدواوە یەکەمین پاپایە ئەم پۆستە ئاینیە باڵایەی وەرگرنبێت‌و ئیتالیش نەبێت. جان پۆڵی دووهەم بە پاپای گەڕۆك ناسراوە، سەردانی گەلێك شوێنی کردووە لە هەردوو جیهانی مەسیحی‌و نامەسیحیشدا. بە لاوی لە زانکۆی جەیگیلۆنیان شیعرو درامای خوێندووە. لە ماوەی جەنگی دووهەمی جیهاندا سەنگتاشی کردووەو لە کارگەیەکی

کیمیاوی کاری کردووە، خەریکی خۆ ئامادەکردنیش بووە بۆ ژیانی ئایذیو لە ساڵی 1946 دا پەیوەندی کردووە بە کەنیسەوە، لە پەیمانگای ئینجیلی رۆما خوێندوویەتیو دواتر لە هەردوو زانکۆی کارۆ و لیبلین دکتۆرای وەرگرتووە لە تیۆلۆجیادا.

**جەنگی سی ساڵە** Thirty Years' War بریتیە لەزنجیرەیەك شەڕوشۆڕو کێشە لەئەوروپا لەماوەی نێوان سالآنی 1618 . 1748، کەرۆربەی ولآتانی ئەوروپای تێوەگلاو بەشی زۆری جەنگەکان لەناو ئەڵمانیادا بەئەنجام گەیەنراون. سەرەتا کێشەکە لەسەر جیاوازیی بیرکردنەوەی ئاینیی دامەزرا، بەهۆی سەرهەڵدانی ریفۆرمەکانی پرۆتستانتەکانەوە. ئەوانەی بیرکردنەوەیان جیاواز بوو رقیان لەپرۆتسانتەکان هەڵگرت، بەتایبەتی ئەوانەی سەر بەکەنیسەی رۆمان کاسۆلیك بوون. دواتر جەنگەکە فراوان بۆوەو مەسەلەی بەرژەوەندیی مادییشی تێکەوت و ئەمیرە تەماحکارەکانی ئەڵمانیاو ولآتانی دەوروبەریش بەتایبەتی سوێدو فەرەنسا کەوتنە ململانێکردنی یەکتریی و بیانووەکەیان بەکارهێنا بۆ بەرژەوەندیی خۆیان، لەپاڵ نیازی سەرکوتکردنی دەسەڵات و نفوزی دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی پیرۆزی رۆمان. رق و قینی ئاینی پێش ساڵی 1618 زیاتر لەنیوەی ولآتی بەخۆیەوە سوتاندبوو. هۆیەکەشی لاوازیی پەیماننامەکەی ئۆگسبێرگ بوو، کەپەیماننامەیەك بوو لەساڵی 1555دا لەنێوانی ئیمپراتۆریەتی رۆمان و ئەمیرە لۆسەرییەکانی ئەڵمانیادا بەسترابوو. ئەم جەنگە خوێناویترین وماڵوێراکەرترین جەنگی ئەوروپای ئەوکاتە بووە، بەسەر چوار بەشدا دابەش دەبێت: شەڕی پالاتین . بۆهیمیا (1618 . 25)، دانیمارك (1625 . 29)، سوێد (1630 . 35)، دواجاریش فەرەنسە (1635 . 48).

**جەنگی کەنداو** (دووهەم) Golf War لە رۆژی 17 ی کانونی دووەمی ساڵی 1991 دا، دوای ئەوەی دانوساندنو هەڕەشەو گەمارۆی ئابوری سودیان نەبوو بۆ ئەوەی وا لە سەدام حسێنی سەرکۆماری ئەوکاتی عیراق بکەن لە کوێت بکشێتەوەو دەسبەرداری ببێت، کە ساڵی پار داگیری کردبوو. ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی جەنگیان دژی عیراق هەڵگیرساند. هێزە هێرشکەرەکان لە کەنداوی عەرەبی یان فارسیەوەو لە خاکی سعودییەوە پەلاماری عیراقیان داوجەنگەکە بە ناوی جەنگی دووەمی کەنداوەوە ناسرا، یاخود وەك ئەمریکییەکان ناویان نابوو "گەردەولی بیابان". سەرەتا بە بۆردومانی ئاسمانی دەستی پێکردو بونیادی ژێرەوەی ئابوریی عێراق نزیکە خاپوور کراو چەندانیش لە خەڵکی مەدەنیو سەربازیی تێدا چوون (ژمارەکەی نەزانراوە). عیراق خۆی راگرت و تەسلیم نەبوو. پاشان لە رۆژی 24 ی شوباتدا هێرشی زەمینی دەستی پێکرد. بە پێی ئامارەکانی ئەمریکا سوپای عیراقی 000 .100 – 000 .200 سەربازی لە





دەست دا (لێرەشدا قەبلاندنی ژمارەی قوربانییە مەدەنییەکان نەزانراوە). شەڕ لە رۆژی 28 ی شوباتدا کۆتایی هاتو عیراق لە کوێت پاشەکشەی کرد.

**جیهانگیریی** Globalization بریتیە لە یەکخستن و دیموکراتیزەکردنی کەلتور، ئابوریی و ژێربینای جیهان لەتوێی وەبەرهەنێنانێکی نێودەوڵەتییانەو یەکخستنی سیستمی پەیوەندیی و زانیاریی و تەکنەلۆجیایاوە، هەروەها رەنگدانەوەی هێزەکانی بازاڕی ئازاد بەسەر ئابوریی لۆکاڵ و هەرێمایەتی و نەتەوەییەوە.

**چیکۆسلۆڤاکیا** دوای چل و یەك ساڵ لەفەرمانڕەوایی پارتی کۆمۆنیست، لەنۆڤەمبەری ساڵی 1989دا، ئەوپارتە لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی لابراو کۆماری چیکۆسلۆڤاکیا بووەوە بەکۆمارێکی دیموکرات. لەسەرەتای نەوەدەکاندا چەند قەیرانێکی ئابوریی و سیاسیی لەنێوانی چیکەکان و سلۆڤاکەکاندا روویدا، سەرەنجام سەرکردەکانی هەردوولا گەیشتنە ئەو بڕیارەی کە کۆمارەکە بکەن بەدوو بەشەوە، ئیتر لە کانونی دووەمی 1993دا، چیکۆسلۆڤاکیا نەماو دوو ولآتە سەربەخۆی لێ دروست بوو، کە بریتین لە کۆماری چیك و سلۆڤاکیا.

**خورافیات** Superstition، بریتیە لە مومارەسەکردنی چەند سروتێکی باوەڕدارانە کە بەشێوەیەکی گشتی لە لۆجیکەوە دوورن و، بریتین لەئەنجامی نەزانیی یان ترسان لەنادیاریی. ئاماژە دەکەن بۆ باوەڕبوون بەچەند هێزێکی نەبینراو نەزانراو، کە دەتوانرێت لە رێی چەند سروتێکی دیاریکراوەوە کاریان تێبکرێت، واتە سیحر یان جادوو، یاخود فاڵ گرتنەوە. سیحرو ئەفسون بەشێوەیەکی گشتی دەبرێنەوە بۆ سەرخورافییات. بۆ نمونە هەندێك باوەڕیان وایە کە ئەگەر پشیلەیەکی رەش بەبەردەمیاندا بڕوات، ئەوا بەختیان رەش دەبێت، یاخود ئەگەر یەکێك بەژێر پەیژەیەکدا بڕوات تووشی نەهامەتی دەبێت، یاخود کورد وتەنی ئاوڕشتن بەناوەخت دەبێتە هۆی ئەوەی بالوکە لەدەستت بێت و زۆر شتی تری لەو بابەتە، مەبەستی نوسەر لێرەدا خورافەیەکی تایبەتە بەئایین، کەهەموو ئەم رەگەزانەی لەخۆیدا کۆکردۆتەوەو، مامەڵە لەگەڵدا کردنی لەڕێی باوەڕەوە دەبێت، نەك لێکۆڵینەوە.

**دالآمبێر، جان لۆ روون دا** d' (1717-1783) Jean le Rond،Alembert، ماتماتیکزان و فەیلەسوف و ئینسایکلۆپیدیاکارێکی فەرەنسییە. لەتەمەنی بیستودووساڵییدا، یەکەمین کتێبی خۆی بلآو دەکاتەوە: راپۆرتێك دەربارەی ماتماتیکی تەواوکاریی Report on Integral Calculus، 1739 . بەلآم نێودارترین کتێبی بریتیە لە نامەیەك دەربارەی داینامیك Treatise on Dynamics، 1743 کە بوو بەسەرەتایەك بۆ دامەزراندنی زانستی میکانیك. لەساڵی 1751دا، دەبێتە هاوکاری دیدرۆ بۆ سەرپەرشتی کردنی ئینسایکلۆپیدیایەکی زەبەللاح بەزمانی

فەرەنسی، بەڵام لەساڵی 1758دا پاشەکشە دەکات لە پرۆژەکە لەژێر فشاری حکومەتدا بۆ راگرتنی ئەو کارە، بەڵام بەردەوام دەبێت لەسەر نوسینی وتاری زانستیی و فەلسەفیی.

**دۆگماتیزم** dogmatism بریتیە لەدیاردەی دەربڕینی بیروڕایەك بەوپەڕی جۆش و پەرۆشییەوە، بەجۆرێك کەیەکسەریی قبوول بکرێت و قابیلی دەمەتەقێ کردن نەبێت، واتە بەبێ وەرگرتنی رای بەرامبەر بسەپێنرێت. بەمجۆرە دۆگماتیزمی بەبەردبوو، دەربڕینێکی توندتری رەقهەڵاتن و نەمانی شێمانەی راگۆڕینەوەو بەخشینی رەهاییە بەبیرکردنەوەی خود.

**دۆلۆز**، جیل Gilles Deluse ( 1925 . 1995 ) فەیلەسوفێکی فەرەنسییە، ئوستادی زانکۆی هەشتەمی پاریس بووە، یەکێکە لەفەیلەسوفە دژە هیگڵییەکان، بۆیە بەردەوام دژی "شکڵ . دەوڵەت " بووە.ژماریەك لێکۆڵینەوەی دەربارەی مێژووی فەلسەفە نوسیوە. بەلای دۆلۆزەوە نیچە رزگارکەری مەزنی بیری نوێیە، دیارترین نوسراەی بریتیی لە " ئەتنی ئۆدیب ( 1972). لەساڵی 1995دا خۆی کوشت.

**دیدرۆ، دینیس** (1713-1784) Diderot, Denis، فەیلەسوفو ئینسایکلۆپیدیکارێکی فەرەنسییە، رۆمانو وتارو شانۆگەریو رەخنەی ئەدەبییشی نوسیوە. دیدرۆ لە پەیمانگای یەسوعییەکانی لانگەر خوێندوویەتیو پاشان چووە بۆ پاریسو لە ساڵی 1732دا بووە بە ئوستادی هونەرە جوانەکان. لە ساڵی 1742دا دەبێتە هاوڕێی رۆسۆو، هەر لەو ساڵەدا کتێبی مێژووی یۆنان وەردەگێڕێت بۆ زمانی فەرەنسی. لە ساڵی 1746دا لەگەڵ دالامپێری ماتماتیکزاندا، ئینسایکلۆپیدیای ئینگلیزی وەردەگێڕێیت بۆ فەرەنسی کە پێکهاتووە لە سیو پێنج بەرگی گەورە. هەر لەو ساڵەدا کتێبی بیرۆکە فەلسەفییەکان دەنوسێتو یەکسەر دادگای پاریس تاوانباری دەکات بەوەی لە دین دەرچووە. ساڵی دواتر کتێبی پیاسەی گومان دەنوسێتو بەتەواویی لەگەڵ ئایزاکاندا تێکدەچێت. چەندان دەقی شانۆییشی نوسیوەو ئامادە کردووە.

**دیکارت، رینە** Réne Decartes ( 1596 . 1650 ) فەیلەسوف و ماتماتیکزانی فەرەنسە کەپێی دەوترێت باوکی فەلسەفەی مۆدرێن ، ماوەی نێوان بیرو جەستەی زۆر کورت کردەوە، بە تەواویی پشتی بە پرەنسیپە ماتماتیکییەکان دەبەست. دیارترین نوسراوی بریتیە لەکتێبی تێڕامانە میتافیزیاییەکان، لەوێدا وتە ناودارەکەی پیشکەش دەکات، کەدواتر بەکۆجیتۆی دیکارت ناسرا : من بیر دەکەمەوە.. کەواتە من هەم.

**دێریدا، جاك** Derrida، Jacques (1930- ) ، فەیلەسوفێکی فەرەنسییە، قوتابخانەی هەڵوەشاندنەوەیdeconstruction ، دامەزراندووە، کە بریتیە لە ستراتیجێکی شیکردنەوە بەسەر ئەدەب، زمانەوانی، فەلسەفە، یاسا،بیناسازییدا، پیادە





دەکرێت. لەساڵی 1967دا، دێریدا سێ کتێبی بڵاوکردەوە: ئاخاوتن و دیاردە، گراماتۆلۆجیا، لەگەڵ نوسین و جیاوازییدا.. کە تیایاندا باسی پێڕەوی هەڵوەشاندنەوەی دەکرد لەخوێندنەوەی تێکستەکاندا. دێریدا هەردەم دژی ئەوەبووە کە لەخانەیەکدا بپۆلێنرێت، کارەکانی دواتری سەرلەنوێ بیری ئەویان پێناسە دەکردەوە.

**رامبۆ** ( جین نیکۆلاس ) ئارسەر Rimbaud (Jean Nicolas) Arthur (1854-1891) شاعیرێکی فەرەنسییەو سەربەقوتابخانەی رەمزییە. لە منداڵییەکی زۆر زووەوە بەهرەی شاعیرێتی تێدا دەرکەوتووە، لە تەمەنی دەساڵییەوە شیعری نوسیوە. دیارترین شیعری: بەلەمە مەستەکە – 1871 ، وەرزێك لە دۆزەخدا – 1873، لە ساڵی 1880دا روودەکاتە باکوری ئەفریقیاو لەوێ رۆشنبوونەوە – 1886 دەنوسێت. لەساڵی 1891دا دەگەڕێتەوە بۆ فەرەنسا بۆ چارەسەری دومەڵێکی پیس کە لە ئەژنۆی هاتبوو، لە نەخۆشخانەی مارسیلیێ دەمرێت.

**رۆسۆ، جان جاك** Jean Jacques Rousseau (1712 . 1778 ) فەیلەسوف و تیوریستی سیاسیی نێوداری فەرەنساو نوسینەکانی یبەیەکێك لەهۆیەکانی هەڵگیرسانی سۆڕشی فەرەنسە دادەنرێن. دیارترین کتێبی . پەیمانی کۆمەڵایەتییە 1762.

**ریکۆر ، پۆڵ** Paul Ricoeur ( 1913 . ) فەیلەسوفێکی فەرەنسییە، پشت بەهەردوو بوونگەرایی و فینۆمینۆلۆجیا دەبەستێت، هەوڵ دەدات 0خۆی لەناو مەسەلەی لێکدانەوەدا بهێڵێتەوە، واتە سەیرکردنی بوون لەتوێی شیکردنەوەی کردەوەی شیرادەگەراوە. یەکەمین کتیبی ئەم ئاڕاستەیەی گرتۆتە بەر ئیرادی و نائیرادی 1950. پاشان کۆتا و تاوان 1960. ریکۆر پێی وایە خراپە لەرێی جووتنەبوونی مرۆڤ لەگەڵ هەستەکانیدا، دێتە ناو جیهانەوە، ئەم جووتنەبوونە لەسەر هەموو ئاستەکانیزانین و کردەوەو سۆزیش دەبێت.

**ریگان**، رۆناڵد Reagan، Ronald W(ilson) (1911- ) ،چلهەمین سەرکۆماری ئەمریکایە(1981–1989 ). ریگان شێوازێکی تازەی لە فەرمانڕواییدا پێڕەو دەکرد، دەسەڵاتەکانی سەرکرماری کەمکردەوەو پشتی بەوتو وێژو پەیوەندیی بەست، لەڕێگای میدیای نتەوەییەوە. ریگان سەرەتا وەکو ئەکتەرێك لەهۆڵیوود ناسرابوو، هەروەها لەتەلەفزیۆنیشدا نمایشی هونەریی هەبووە. لەساڵی 1976دا بووە بە پارێزگاری کالیفۆرنیاو، هەرلەوکاتەوە بووە بەپاڵێوراوێکی گرنگ بۆ پۆستی سەرۆکایەتیو، ساڵی دواتر خۆی هەڵدەبژێرێت بەڵام سەرناکەوێت و ریچارد نیکسۆن دەیباتەوە. لەساڵی 1976یشدا دیسان تێهەڵدەچێتەوە، بەڵام دیسان سەرناکەوێت. تا لەساڵی 1981دا دەبێت بەسەرکۆمار.

**رینان، ( جۆزیف) ئێرنست** Renan، (1823-1892) Ernest (Joseph) ، فەیلەسوفێکی فەرەنسییەو مێژوونوسی ئاینیشە. لەلاویدا، بۆ خزمەتی کەنیسەی کاسۆلیکی خوێندوویەتی، بەڵام دواتر لەگەڵ کەنیسەدا نێوانیان تێکدەچێت. زۆر بەفراوانی ژیانی مەسیحی خوێندووەتەوەو لەساڵی 1863دا وەری دەگێڕێت بۆ زمانی فەرەنسی و دەبێتە مایەی مشتومڕێکی زۆرو سیماکانی کاسۆلیکییەتی پێوە دیار دەبێت. لەساڵی 1878دا هەڵدەبژێردرێت بۆ ئەکادیمیای فەرەنسە، لەساڵی 1883دا دەبێتە بەڕێوەبەری کۆلیج دوفرانس و هەتا مردنی لەم پۆستەدا دەمێنێتەوە. کارەکانی زۆرن ، لەوانە: یادەوەرییەکانی لاوییم . 1883، مێژووی گەلی ئیسرائیل ، پێنج بەرگە، 1887. 1893، بەرگی دواییان پاش مردنی بڵاوکراوەتەوە.

**رێنیسانس** Renaissance زنجیرەیەك جوڵانەوەی ئەدەبی و کەلتورییە لە هەرسێ سەدەی 15،16،14، دا سەریانهەڵداوە. ئەم جوڵانەوانە لە ئیتالیاوە بەرەو ئەڵمانیا، فەرەنسە، ئینگلتەرەو بەشەکانی تری ئەوروپا تەشەنەیان کردووە. لێکۆڵینەوەی شارستانێتییە مەزنەکانی یۆنانی دێرین و رۆمانەکان، بوونە هۆی ئەوەی ئەمانیش کەلتوری تایبەتی خۆیان بەرهەم بهێنن و بن بەکێباری ئەو شارستانێتییە دێرینانە. بیرکردنەوەی ئەو بیریارانە کەوتە ژێر کاریگەریی مرۆڤدۆستییەوە "هیومانیزم" کە جەخت دەکاتە سەر بایەخی تاك. هیومانیستەکانی رێنیسانس باوەڕیان وابوودەتوانرێت لەرێی رۆشنبیریی کلاسیکەوە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پیش بخرێت. ئەم رۆشنبیرییە سەرچاوەی خۆی لە تێکستە دێرینەکانەوە وەرگرتووەو جەخت دەکاتە سەر شیعرو مێژوو، رەوانبێژیی ، لەگەڵ فەلسەفەی ئاکاریی.

**زەندیق** بەوکەسە دەوترێت باوەڕی بەیەزدان یان هێزە یەزدانییەکان نەبێت. وشەکە لەزمانی فارسییەوە هاتۆتە ناو زمانی عەرەبییەوە، بەکاردەهات بۆ تانە دان لەوکەسانەی بەهۆی چەند بیدعەیەکەوە لەئاینی دەوڵەت دەردەچن کەئەوکات زەردەشتی بووە. موسوڵمانەکان بەکاریان هێناوە بۆ ئەوکەسانەی باس لەبوونی دوو جەوهەری ئەسڵی دەکەن، وەك رۆشنایی و تاریکی و بەتایبەتی مەبەستیان لەپێڕەوی مانیزم و ئاینە دوو خوداییەکان بووە. دواتر بەرین کرایەوە تاهەموو ئەوانە بگرێتەوە کەبەهەر شێوەیەك بێت لەدابودەستورە ئاینییەکان لادەدەن، بە زاناو بیریارەکانیشەوە.

**سارتەر، جان پۆڵ** Sartre، (1905-1980) Jean-Paul فەیلەسوف و درامانوس و رۆماننوس و نوسەری سیاسیی فەرەنسایی، رابەری پێڕەوی بوونگەراییە لەفەرەنسا. خەڵاتی نۆبڵی پێبەخشراوە(1964)، بەڵام رەتی کردۆتەوە. لەساڵی 1945دا، لەگەڵ مێرلۆپۆنتیدا، گۆڤاری کاتەنوێیەکانیان دامەزراندووە.





**سالازار ، ئەنتۆنیۆ** Salazar، Antonio (1899 .1970) سیاسەتمەدارێکی پورتوگالییە، ئابوریی خوێندووە. وەزیری دارایی پورتوگال بوو، پاشان بوو بەسەرۆکی حکومەت 1932 . 1968. دەستورێکی تازەی راستڕەوانەی توندی بۆ وڵات دانا.

**سەردەمی رۆشنگەریی** Age of Enlightenment ئەم زاراوەیە بەکارهێنراوە بۆ پێناسەکردنی ئەو مەیلەی لەبیرکردنەوەو نوسینی بیریارەکانی ئەوروپاو کۆڵۆنییە ئەمریکییەکاندا، لەماوەی سەدەی هەژدەیەم و دوای شۆڕشی فەرەنسیی برەوی هەبووە. ئەم زاراوەیە لەلایەنی نوسەرانی سەردەمەکە خۆیەوە بەکارهێنراوە، ئەوان لەوبڕوایەدا بوون کەلەوڵاتانی بیرە تاریك و نادانەکانەوە هاتونەتە دەرەوە، بەرەو رۆشنایی، بەهۆی ئەقڵ و زانست و رێزگرتنی مرۆڤایەتییەوە.

**سپینۆزا باروخ، یان بیندیکێت** Spinoza، Spinoza or Baruch ، Benedict (1632-1677)، فەیلەسوفێکی نەمسایی سەر بەپێڕەوی عەقڵییە، بیریارێکی ئاینییشە، خۆی زۆر بەوەوە خەریك کردووە کە پرەنسیپەکانی یەکێتی بوون بدۆزێتەوە. دیارترین کتێبی بریتیە لە نانەی یەزدانگەرایی . سیاسیی ، کە لەکاتی خۆیدا کەنیسە هێرشێکی زۆری کردە سەری.

**ستالین، جۆزیف** Stalin، Joseph (1879-1953) ، سەرکردەیەکی سیاسیی روسییە، لخێزانێکی هەژار لەدایك بووە، لەساڵی 1922 . 1953 سکرتێری گشتی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤێتی کۆن، ، فەرەمانڕەوایەکی دڵڕقی دیکتاتۆر و کە بووە هۆی بۆگەن، کردنی سۆڤێت لەناوەوە. هەرزوو وڵاتی کۆنترۆڵ کردو ترس و تۆقینێکی زۆری نایەوە.

**سوننە** Sunnites ئەو موسوڵمانانە دەگرێتەوە کەبەشی هەرە زۆری ژمارەی باوەڕدارانی ئیسلام پێکدەهێنن. زاراوەی سوننە، کەئەوان خۆیانی پێ دەناسێنن، مانای ناوەڕاستی رێگای گەیاندووە، وەکو دژی ئەو رێگایانەی کەلەلایەنی خەڵکە دەمارگیرەکانەوە دەگیرێنە بەر. ئەم وشەیە مانای سوننەتی پەیامبەری ئیسلام ناگەیەنێت، وەکو زۆرێك لەخەڵك بۆی دەچن، بەڵکو مانای میانڕەویی و دوورکەوتنەوە لەتوندڕەویی دەگەیەنێت. پێڕەوی سوننە لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆیەم و سەدەی دەیەمدا رەنگی تایبەتی و کاملی خۆی وەرگرتووە. پێڕەوی سوننە وەکو کاردانەوەیەك بەرامبەری پێڕەوەکانی تر لەوێنەی خەواریجەکان، موعتەزیلەکان، شیعەکان دەرکەوتووە.

**سۆسیال دیموکراسی** Social Democracy بریتیە لەئایدیۆلۆجیایەکی سیاسیی، بەپلەیەك لەپلەکانی سوسیالیزم لەقەڵەم دەدرێت، بەڵام ژمارەیەك بەهای وەکو موڵکایەتی تایبەت و حکومەتی نوێنەرایەتی دەگرێتە خۆی.

**سۆڵیدارێتی** ( هاوکاریی) یاخود سۆڵیدارنۆی Solidarity or Solidarnoœ بریتیە لەیەکێتییەکی بازرگانیی فرە لایەنە، لە ئەیلولی 1980دا، لەپۆڵەندە پێکهێنراوە.

بەسەرکردایەتی لیچ وەسا، کە پیاوێکی کارەباچی بوو، هەروەها کەنیسەی کاسۆلیکی لەپۆڵەندە، بەتەواویی پشتی دەگرتن. هەرزز سۆڵیداریّتی بوو بەهێزێکی سیاسیی و کەوتە سازکردنی ریّپیّوان و مانگرتن دژی رژێمی کۆمۆنیستیی پۆڵەندە. لەسەرەتای ساڵی 1981دا، ژمارەی ئەندامانی سۆڵیداریّتی گەیشتە 10ملیۆن کەس و لقە جوتیارییەکانیشی نزیکەی 5ر3ملیۆن و نیو ئەندامیان هەبوو. بەمجۆرە سۆڵیداریّتی بوو بەخاوەنی هێزێکی وەها کە دەیتوانی حکومەت بۆژۆ بکات و پەکی کارەکانی بخات. بۆیە لە13ی دیسەمبەری هەمان ساڵدا سەرۆکی پارتی کۆمۆنیست وەژیچ جارۆزیلسکی یاسای عورفیی لەوڵاتدا راگەیاندو، سۆڵیداریّتی لەکارخست و ، نزیکەی هەموو سەرکردەکانیشی زیندانی کرد کەلەناویاندا سەرەك لیچ هەبوو. فۆکۆ پشتی ئەم یەکێتییەی دەگرت دژی پارتی کۆمۆنیستی پۆڵەندی کەیەکێتی سۆڤێت پشتیوانی لێدەکرد.

**شلینگ** Schelling، Friedrich Wilhelm Joseph von (1775-1854) فەیلەسوفێکی ئەڵمانییە، یەکێکە لەرابەرە دیارەکانی ئیدیالیزم و سەردەمی رۆمانسیزم لەفەلسەفەی ئەڵمانییدا.

**شۆپێنهاوەر، ئارسەر** Schopenhauer، Arthur (1788-1860)، فەیلەسوفێکی ئەڵمانییە، بە فەیلەسوفی رەشبینی ناسراوە. دیارترین نوسراوی تەمەنی بریتیە لە کتێبی جیهان وەکو ئیرادەو وەکو ئەندێشەکردن 1818، تێیدا باس لەوە دەکات کە جیهان وەهمێکی گەورەیەو ئیرادەیەکی کوێرو پووچ دروستی کردووە. بەڵام درککردن بە جیهان، وەك ئەوەی لە ئەندێشەی ئێمەدا بێت، تاقە رێگای رزگارکردنی مرۆڤایەتییە لەم تەنتەڵە (کابووس)ە، بەمە دەتوانین ئیرادەی ژیان لەناو ببەینو ئارامی ناو پرەنسیپی نێرڤانادا ببەینەوە. هەر لەم روانگەیەشەوە خۆی لە نەوەخستنەوە پاراستووەو لەگەڵ هیچ ئافرەتێکدا زەماوەندی نەکردووە.

**شۆڕشی فەرەنسا** French Revolution گەورەترین وەرچەرخانی سیاسیی و کۆمەڵایەتییە لە فەرەنسادا، ماوەی نێوان ساڵانی 1789 – 1799ی خایاندووە. لە ماوەی شۆڕشەکەدا، فەرەنسا لە سیستمی شاهانەی رەهاوە، تێیدا پادشا خاوەنی هەموو شتێك بوو، گواستییەوە بۆ کۆماری تیوریی، کە تێیدا هاونیشتمانان ئازادو یەکسانن. کاریگەریی شۆڕشی فەرەنسە زۆر بەربڵاو بوو، لە دەریشەوەو لە ناویشەوە، ئەم شۆڕشە بە یەکێك لە روداوە هەرە گرنگەکانی مێژووی ئەوروپا لە قەڵەم دەدرێت. لە ماوەی شۆڕشەکەدا سیستمی نوێ لە ناو چوو، چەندان حکومەتی تر جێگەیان گرتەوە، گەرچی هیچ یەکێك لەوانە نەیتوانی لە چوار ساڵ زیاتر دەوام بکات. دوای چەند دەستپێشخەرییەك سیستمێکی پەرلەمانی لە فەرەنسادا دامەزرا. ئەو دەسپێشخەرییانە





بریتی بوون لە ئامادەکردنی رەشنوسی چەندان ماف و چەند دەستورێکیش. هەروەها دامەزراندنی یەکسانی یاسایی هەموو هاونیشتمانییەکان، تاقیکردنەوەی ئەزمونی دیموکراسی، بیناکردنەوەی ئیدارەی دەوڵەتو دارشتنەوەی یاسا.

**شۆمان**، رۆبێرت ئەلەکساندەر Schumann was born on June 8, 1810 سەمفۆنیانوسێکی ئەڵمانییە، یەکێکە لە سیما هەرە سەرەکییەکانی جوڵانەوەی زرۆمانسی لە مۆزیکی سەدەی نۆزدەهەمدا. کوڕی پیاوێکی کتێبفرۆشەو لە 8 ی حوزەریراندا لە زویکاو، ساکسۆنی لەدایکبووەو لە زانکۆی لیپزیگو هایدلبێرگ خوێندوویەتی. سەرەتا یاسای خوێندووەو لە ساڵی 1830 دا وازی لە خوێندنی یاسا هێناوەو خۆی تەرخانکردووە بۆ مۆزیك. لای فرەدریك ویك پیانۆی خوێندووە، بەڵام بۆ بەدبەختی یەکێك لە پەنجەکانی دەستی لەدەستدەداتو ناچاردەبێت واز لە پیانۆ بهێنێت. ئیتر خووی دایە دانانی مۆزیكو وتاری مۆزیکی. لە ساڵی 1834 دا رۆژنامەی (*Neue Zeitschrift für Musik*) دامەزراند کە تایبەتە بە مۆزیكو هەتا ساڵی 1844 خۆی سەرنوسەری بوو. لەگەڵ کارلا جۆزەفینی پیانۆژەندا زەماوەندی کردووە، کە کچی مامۆستاکەی پێشوویەتی. لە ساڵی 1843 دا دەبێتە مامۆستای وانەبێژ لە خانەی مۆزیکی تازەدامەزراوی لێپزیگ، وەلیٚ خۆی بینی بەهیچ جۆرێك بەکەڵکی وانەوتنەوە نایەت، زۆری پێنەچوو دەستی لەو کارە کێشایەوە. لە ساڵی 1854 دا بە بەڕێوەبەری مۆزیکی شاری دوسیلدرۆف ناسراو هەر هەمان ساڵ هەوڵیدا خۆی بکوژێت، پاشان رەوانەی نەخۆشخانەی ئەقڵیی نزیك بۆن دەکرێتو لەوێ لە 29 ی تەموزی 1856 دا دەمرێت. دیارترین کاری مۆزیکی شۆمان فبۆرێستانو داستانی یوسیبیۆسە.

**شیعە** Shiites تاقە جوڵانەوەی شۆڕشگێرو یاخییە لە ئیسلامدا. پێڕەوی شیعە لەماوەی خەلافەتی ئیسلامیدا، دوای مردنی خەلیفەی چوارەم لەساڵی 661ی زایینییدا، سەری هەڵداوە ( مەبەست لە ئیمامی عەلی) یە. شیعەکان لایەنگرانی عەلی بوون و پێیان وابوو کەدوای مردنی پەیامبەر خەلافەت مافی عەلی بووە.

**شیکردنەوەی دەرونیی یاندەرونشیکاریی** Psychoanalysis، بریتیە لەمیتۆدێکی تایبەتی هێنانەقسەو لێکۆڵینەوەی نەست و پرۆسێسە نەستییەکان، بۆ ئەوەی پرەنسیپەکانی چارەسەرکردنی دەرونییان بەسەردا پیادە بکرێت. هەروەها ئەم زاراوەیە دەشگەڕێتەوە بۆ بونیادێکی سیستماتیکیی تیوریی دەرونشیکاریی، کەلەسەر پەیوەندیی نێوان هەست و نەست، لەگەڵ پرۆسێسە ساکۆلۆجییەکاندا، دامەزراوە.

**شێتی یان نەخۆشی ئەقڵی** mental derangement بریتیە لە شێوانی توانای بیرکردنەوەو هەستو سۆز یان رەفتار. زاراوەی نەخۆشییە عەقڵییەکان پانتاییەکی

بەرین و هەمەجۆری تێکچوونەکان دەگرێتەوە، لەوانەوە کە ناسازییەکی تەنك لە رەفتاردا دروست دەکەن تا دەگاتە ئەو نەخۆشییانەی بە تەواویی وەزیفەی ئەقڵی دەشێوێنن.

**عەرەفات، یاسر** Arafat, Yasir (1929-2004) لە ساڵی 1996 بەدواوە بووە بە سەرۆکی دەسەڵاتە نەتەوەییەکەی فەلەستین. پێشتریش لە ساڵی 1969 بە دواوە سەرۆکی رێکخراوی رزگاریی فەلەستینە. لە ساڵی 1994دا بە هاوبەشی لەگەڵ شیمون پێریز و ئیسحاق رابیندا خەڵاتی نۆبڵی ئاشتییان وەرگرتووە. لە ساڵی 1956دا بڕوانامەی باڵای ئەندازیاریی لە زانکۆی قاهیرە بەدەست هێناوە. لە سەرەتای شەستەکاندا هاوکاریی کردووە لە دامەزراندنی رێکخراوی فەتحدا. عەرەفات لەبیرکردنەوەیەکی ناسیونالیستانەی عەرەبییەوە، هەڵوێستێکی نێگەتیڤی لە کێشەی کورد هەبوو، بە تایبەتی ئەو بەشەی کوردستان کە دەکەوێتە عێراقەوە. لە ساڵی 1970دا، کاتێك حکومەتی عیراقی و بارزانی پەیمانی ئۆتۆنۆمییان مۆرکرد، عەرەفات وتی ئەوە ئیسرائیلێکی تریش لە باکوری عیراق دامەزرێنرا. هەروەها کاتێك حکومەتی عیراق هەڵەبجەی کیمیاباران کرد، ئەویش و قاسملۆی سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان لە رادیۆی مۆنتیکارلۆوە، ئێرانیان بەو کارە تاوانبار کرد. لە داگیرکردنی کوێتدا عەرەفات لایەنی سەدام حوسێنی گرتووە، لە13ی ئەیلولی 1993دا لەگەڵ شیمون پێریزدا پەیماننامەی ئاشتییان مۆرکردووە.

**غەزالی** (1058-1111) Al-Ghazali ناوی محەمەد محەمەد ئەتوسی ئەل . غەزالییە. فەیلەسوف و ئاینزایەکی ئیسلامییە، ناوە لاتینییەکەی (Algazel)، لەنزیکی مەشهەدی ئێران لەدایکبووە. ناودارترین کتێبی بوژاندنەوەی زانستەکانی ئایینە، لەوێدا تێڕوانینی ئاینیی خۆی دەخاتە روو، لەهەر سێ سەرچاوە شیاوەکەی بیرکردنەوەوەی ئەو کاتەوە دەخوازێتەوە: دابونەریت، رۆشنبیریی، رۆحانییەت.. ئەم کتێبە بەمەزنترین کتێبی نوسراوی موسوڵمانەکان لەقەڵەم دەدرێتو لەدوای قورئانەوە دووهەمین کتێبە. پاشان غەزالی رووبەڕووی پێڕەوی ئەفلاتونیزمی نوێ دەبێتەوە لەبیرکردنەوەی فەیلەسوفە موسوڵمانەکاندا، بەتایبەتی ئیبن سینا. بەمشێوەیە غەزالی بەشێوەیەکی بەرفراوان لێپرسراوە لەقبووڵنەکردنی توخمەکانی ئەقڵنییەت لەبیرکردنەوەی ئیسلامییدا.

**فارابی** Farabi، (873?-950) al- یەکەمین فەیلەسوفی ئیسلامییە کەلایەنگیریی پێشەکییە فەلسەفییەکانی کردووە لەسروشدا، بانگەشەی ئەوەی کردووە کەبەپێچەوانەی باوەڕی زۆرینەی خەڵکەوە، حەقیقەتی فەلسەفیی لەسەرانسەری دونیادا یەك شتە. ناوی محەمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی تەرخانەو لەشاری فاراب لەدایکبووە کەئێستا سەر بەئۆزبەکستانە. بەلاتینی پێی دەوترێت (Alfarabius). لەخۆراسان خوێندویەتی. لەتێڕوانینە میتافیزیکییەکانیدا لەژێر کاریگەری ئەرەستۆو ئەفلاتۆنییە نوێیەکاندا





بووە، بەتایبەتی پلۆتینۆس . ئەفلۆتین .. پێی وابووە کەبەهرەی عەقڵی ئەو بەشەی رۆحی مرۆڤە کەبەنەمریی دەمێنێتەوە. فارابی لەهەموو فەیلەسوفە ئیسلامییەکان زیاتر بایەخی بەتیوریی سیاسیی داوە، تیورییەکەی ئەفلاتونی لەکۆماردا هەڵگرتۆتەوەو شارێکی خانەدانی بۆ موسوڵمانەکان لێ دروست کردووە. نزیکەی سەد کارە هەیە بەڵام زۆربەیان ون بوون، لەوانە نوسینەکەی لەسەر ئەرەستۆ.

**فاشیزم** Fascism، ئایدیۆلۆجیایەکی سیاسیی مۆدرێنە، دەیەوێت ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و کەلتوریی کۆمەڵگا لەسەر بنەمای قووڵکردنەوەی هەستی نەتەوایەتیی یاخود ناسنامەی ئەتنیکیی رێك بخاتەوە. فاشیزم بیرە ئازادیخواکانی لە وێنەی سەربەستی و مافە تایبەتییەکانی تاکەکەس رەت دەکاتەوەو، گەلێك جار هێز بەکاردەهێنێت بۆ سەرکوتکردنی هەڵبژاردنی ئازاد و ئەنجومەنی یاسادانان و توخمەکانی تری دیموکراسییەت. لەپاڵ ئامانجە ئایدیۆلۆجییەکانیدا، فاشیزم هەوڵ دەدات بۆ بیناکردنی کۆمەڵگای فاشی لەجیهاندا، جا بە شەڕ بێت یان بە چەوساندنەوە. ئەنجامەکەشی کوژرانی ملیۆنەها کەس بوو لەسەدەی رابردوودا. سەرەنجام فاشیزم بەتەواویی لەگەڵ باڵی راستی رەگەز پەرستیی، جیاکاریی رەچەڵەك، تۆتالیتاریزم، هەروەها توندوتیژییدا، دا تەبایە.

**فانتاسی** fantasy ئەم زاراوەیە بەشێوەیەکی گشتی بەکاردەهێنرێت بۆ گوزارشتکردن لە ئەندێشەکردن و بەخەیاڵداچوون و هاتنەبەرچاوی شت و بابەتی ئەندێشەیی، ئەمەش بەشێوەیەکی هێمایی و بگرە هەندێجار هێما بۆ شتێکی دیاریکراویش ناکەن. وەلێ بەکاریش هێنراوە بۆ ئەوەی گوزارشت لە خودی هێماکە یان ئەندێشەکە بکات. بەشێوەیەکی گشتی فانتازی بەشێوەیەکی گشتی بە شتێکی ئاسایی لەقەڵەمدراوە، بگرە تەنانەت ئەگەر تا رادەیەکیش گومانێك بخاتە بەر تەندروستی و سەقامگیریی دەروونییانە. بەشێوەیەکی ئاسایی شتێکی گوشادکەرە، زۆرجار ئاوات و هیواکان لەناوییدا چەکەرە دەکەن و جارجارەش مومارەسەی داهێنەرانەو ئەفرێنەرانە دەبن. ئەو حاڵەتە نەخۆشییانەی لەم میانەیەدا تێبینیکراون سنوردارکراون بۆ ئەو حاڵەتلنەی تێیاندا فانتازی بەتەواویی باڵ دەکێشێت و جیهانی واقیع لە پشتی خۆیانەوە دەشارنەوە. لەم حاڵ٬تەشیاندا فانتازیا دەبێت بە سیناریۆیەکی ئەندێشەیی و کەسەکەش خۆی تێیدا ئامادە دەبێت، بە قەدەر بەهێزی و کاردانەوەی توندی پرۆسێسەکانی داکۆکیکردنی دەرونی، سیناریۆکەش گۆڕانکاریی بەسەردا دێت و بەلاڕێدا دەبرێت، بە مەبەستی شاردنەوەی مەبەستە سەرەکییەکە کە بریتیە لە تێرکردنی ئارەزوویەکی قەدەغەکراو.

**فەندەمێنتالیزم** Fundamentalism، جولانەوەیەکی کۆنسێرڤاتیڤانەیە، واتە کۆنگەرای دژ بەگۆڕانکاریی، لە نێوان پرۆتستانتەکانی ئەمریکادا سەریهەڵدا.

سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە. ئەم رەوتە جەخت دەکاتە سەر بناغە بنەڕەتییەکانی مەسیحییەت و لەم باوەڕانەی خوارەوەدا کۆیان دەکاتەوە: پارێزراویی و بێ هەڵەیی کتێبی پیرۆز، لە دایکبوونی یەزدانییانەی عیسای مەسیح لەکچێکی پاکیزەوە، قوربانیدانی مەسیح لەسەر خاچ وەکو کەفارەتێك بۆ هەڵەکانی مرۆڤ، هەروەها زیندووبوونەوەی دووبارەی مەسیح وەکو جەستەو وەکو رۆح و مانەوەی بە زیندوویەتی لە دونیادا، هەروەها سەرلەنوێ زیندووبوونەوەی باوەڕداران لە مەلەکوتی یەزدانییدا. ئیسلامەکانیش پێڕەوێکی فەندەمێنتاڵیستیان هەیە کە هاوکات و کەمێك درەنگتر لەوەی مەسیحییەکان دەستپێکردووەو لە بنەڕەتدا پشت دەبەستێت بە بیرکردنەوەی پێشینەکانی ئیسلام و لەپاڵ قورئان و سوننەتی پەیامبەری ئیسلامدا، رەفتاری هاوەڵانی پەیامبەرو بۆچوونی زانایانی ئیسلامیش دەگرێتەوە.

**فرانکۆ**، فرانسیسکۆ Franco Francisco (1892-1975) سەرکردەیەکی سەربازیی ئیسپانییە، لەماوەی شەڕی ناوخۆی ئیسپانیادا (1936-1939). پاشان لەماوەی سالانی 1975 - 1939 دا، دیکتاتۆری وڵات بووە.

**فرۆید**، سیگمۆند Sigmund Freud (1856. 1939) دەرونزان و پسپۆڕی نەخۆشییە دەمارییەکانە، لەناوچەی مۆرافیای چیکۆسلۆفاکیا لەدایك بووەو تەمەنی خۆی لە ڤییەننا بەسەر بردووە، هەتا لەدەستی نازییەکان رادەکات و روو دەکاتە لەندەن و لەوێ دەمرێت. دامەزرێنەری پێڕەوی دەرونشیکاریی و تیورەی نەستەو دیارترین کتێبی لێکدانەوەی خەونەکانە (1900).

**فلۆبێر**، گۆستاڤ Flaubert, Gustave (1821-1880) نوسەرێکی فەرەنسییە، بە رۆمانی مەدام بۆڤاری شۆرەتی پەیداکردووە کە لە ساڵی 1857 دا بڵاویکردۆتەوە، پاشان پەروەردەی سۆزیی 1869- . فلۆبێر بە لای زۆرکەسەوە بە باوکی رۆمانی ریالیست دادەنرێت. فلۆبێر بەردەوام ئەوەی رەتکردۆتەوە بدرێتە پاڵی قوتابخانە ئەدەبییەکان، هەمیشە جەختیکردووە لەسەر ئەوەی "تەنها جوانی دەمێنێتەوە" کارەکانی ئەو کاریگەرییان هەبووە لەسەر پەرەسەندنی رۆمانی مۆدێرن، بەتایبەتی لە رووی چاودێریکردن و وردەکارییەکانی ژیانی رۆژانەوە.

**فۆکۆ**، میشیل Michel Foucault،(1926-1984) فەیلەسوفێکی فەرەنسیە، لە پۆیاتێ لەدایك بووە، لە پەیمانگای باڵای مامۆستایانی پاریس فەلسەفەو سایکۆلۆجیای خوێندووە. لە ماوەی 1960 ەکاندا مامۆستای فەلسەفە بووە لە زانکۆی کلێرمۆنت فیران و ڤانسان. لە ساڵی 1970 دا چۆتە کۆلیج دۆفرانس و بووە بە پرۆفیسۆری مێژووی سیستمەکانی هزر. ئیتر شۆرەتی پەیداکردووەو لە جیهاندا ناسراوە. فۆکۆ هەولێداوە دەری بخات کە ئەو ئایدیا بنەڕەتییانەی کە خەڵك بەشێوەیەکی گشتی بە راستەقینەی





هەمیشەیی لەقەڵەمی دەدەن دەربارەی سروشتی مرۆڤ و کۆمەڵگا، لە رەوتی مێژوودا گۆڕانیان بەسەردا دێت. کارەکانی فۆکۆ ململانێیەکی راشکاوانەی هەریەکە لە کارل مارکسی فەیلەسوفی سیاسی و سیگمۆند فرۆیدی دەرونشیکاریست بوو. چەند چەمکێکی نوێی پێشکەشکردووە کە کێبڕکێی چەمکە باوەکان دەکەن لەمەڕ زیندان، پۆلیس، ئینشورانس، بایەخدان بە نەخۆشییە عەقڵییەکان، مافی هۆمۆکان، خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی. فۆکۆ زۆر لە ژێر کاریگەری هایدگەر و نیچەدا بووە، دیارترینی کارەکانی بریتین لە شێتی و شارستانێتی – 1960، وشەکان و شتەکان – 1966، مێژووی سێکسانێتی لە سێ بەرگدا و دوا بەرگی پاش مردنی بڵاو کراوەتەوە.

**فیختە ، یۆهان گۆتلیب** Fichte Johann Gottlieb (1762-1814)، فەیلەسوف و رۆشنبیرێکی ئەڵمانییە، لایەنگیری تیۆرییەکی ئیدیالیستانەیە لەمەڕ واقیع و رەفتارە ئاکارییەکان. فیختە رۆژانی یەکشەممە موحازەرەی دەووتەوەو بە شێوەیەکی ئەقڵانییانەش باسی ئایینی دەکرد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی چەندان کێشەو دوژمنایەتی لە نێوەندە ئاینییەکانەوە بۆ دروست ببێت، لەبەر ئەو مەیلە شۆڕشگێڕانەیەی هەیبوو، دەسەڵاتدارانیش زۆر خۆشیان نەدەویست. دیارترین کتێبی "پێڕەوی ئاکار لەبەر رۆشنایی زانستدا 1798".

**ڤاتیکان** Vatican وڵاتێکی سەربەخۆیە لەژێر دەسەڵاتی رەهای پاپای کەنیسەی رۆمان کاسۆلیکدایە، وڵاتێکە لەناو شاری رۆمای ئیتالیادا، روبەرەکەی 44هێکتارەو بەبچوکترین وڵاتی سەربەخۆی دونیا دادەنرێت

**ڤان کوخ**، ڤنسنت Van Gogh, Vincent (1853-1890) نیگارکێشێکی هۆڵەندییەو ژیانی لە فەرەنسا بەسەربردووە، نمونەی ئەو هونەرمەندە بلیمەتەیە کە لە ئازارو ئەشکەنجەدا دەنلێتەوە. کارەکانی ئەو نمونەی باڵای هونەری ئیمپرێشینیزم: رەنگ، هێڵ، وەشاندنی فڵچە، هەموویان بەکارهێنراون بۆ گوزارشتکردن لە وەڵامدانەوەی سۆزییانەی هونەرمەندەکە بۆ ئەو بابەتەی نیگاری دەکێشێت، لەبری ئەوەی وەکو خۆی وێنەی بکێشێتەوە. کوخ کوڕی خێزانێکی پرۆتستانت بووەو شتێکی ئەوتۆ دەربارەی ژیانی سەرەتای منداڵی نەزانراوە، لە تەمەنی 27 ساڵیدا وەك فرۆشیار لە گالارییەکی هونەرییدا کاردەکات و دواتر ماوەیەك لەگەڵ هەژاراندا گوزەران دەکات و باوەڕی لەدەستدەدات، بەڵام شێوازێکی تایبەتی هونەر دەدۆزێتەوە، هونەرێك کە لە بەشی زۆریدا خۆی فێری بووەو مامۆستایەکی دیاریکراوی نەبووە. سەرەتا کۆپی وێنەکانی دیکەی دەگرتەوە، بە تایبەتی ئەوانەی جان فرانسیۆس میلێت، لەپێشچاوی خەڵك وێنەی سروشتی دەکێشاو خەڵك لێی خڕدەبوونەوە. لە کۆتاییەکانی ساڵی 1888 دا لە ئاکامی پەیوەندییەکی ناسەقامگیردا بە ئافرەتێکەوە، شەوێك لەپڕ بەشێك لە گوێچکەی

خۆی بە گوێزان دەبڕێت و یەکەمین نیشانەکانی نەخۆشی ئەقڵی لێدەردەکەوێت و ماوەیەك لە نەخۆشخانە دەکەوێت. لە ناو زیاتر لە 700 نامەدا کە بۆ سیۆی برای نوسیوە (لە ساڵی 1911 دا بڵاوکراونەتەوە) بەشێکی زۆری ژیانی تایبەتی و نەخۆشی دەرونی ڤان کوخمان بەرچاودەکەوێت، ئەو پیاوەی دوای خۆی زیاتر لە 750 تابلۆو نزیکەی 1600 هێڵکاریی جێهێشت. ئەم هونەرمەندە لە ژیانی خۆیدا نەیتوانی سەرنج بەرەو لای خۆی کێش بکات و ژیانێکی پڕ لە نەهامەتی و هەژاری و نەداریی گوزەراند. وەلێ لە سەدەی بیستەمدا بایەخێکی تایبەتی بە کارەکانی دراوەو نرخیان بەشێوەیەکی سەیر بەرز بۆوە. پۆرترێتی دگتۆر گاشێ (1890) لە ساڵی 1990 دا بە 82.5 ملیۆن دۆلار فرۆشرا.

**ڤێبەر، ماکس** Weber، (1864-1920) Max (economist) ئابوریزان و مێژوونوسی کۆمەڵایەتی ئەڵمانییە، بەهەوڵەکانی بۆ خوێندنەوەی مێژووی جیهان و مێژووی ئەوروپا ناسراوە. دیارترین نوسراوی کێتێکی گەورەی سێ بەرگییە دەربارەی ئاینەکانی خۆرەڵات کەلەساڵی 1920دا بڵاوکراوەتەوە.

**کاسۆلیك، کەنیسەی رۆمانیی** Roman Catholic Church، بریتیە لەفراوانترین بەشی ئاینی مەسیحی، لەو مەسیحییانە پێکهاتووە کەملکەچن بۆ دەسەڵاتی پاپای رۆما. وشەکەلە وشەی katholikos ی یۆنانییەوە هاتووە، کەمانای گەردونیی یان جیهانیی دەگەیەنێت و هەر لەسەرەتاکانی ئاینی مەسیحییەوە بەکارهاتووە، ئەوکاتەی کە تاقە کەنیسەی مەسیحیی بووە.

**کافکا، فرانز** Kafka، (1883-1924) Franz ، رۆماننوس و چیرۆکنوسێکی چیکییە، بە ئەسڵ جولەکەیە، بە ئەڵمانی نوسیویەتی. ئەندامی کۆمەڵەی ئەو جولەکانەیە کە بە ئەڵمانی دەدوێن، لە پراگ بەدایکبووە. ماوەی چواردە ساڵ لەئۆفیسێکی حکومییدا فەرمانبەر بووەو، ئەوەش لە هەموو کارەکانیدا رەنگی داوەتەوە. نوسینەکانی هەموویان ئەندێشەی ئاماژەیین و زۆر زوو ئەندێشەی ئەو سەرکوتکردن و نائومێدبوونەی کردووە کە سەدەی بیست لەگەڵ خۆیدا دەیانهێنێت. کافکا یەکێکە لەنوسەر هەر ناودارەکانی جیهان.. زاراوەی کافکاوییەت بەکارهاتووە بۆ گوزارشت کردن لەو نیگەرانی و دڵەراوکەیەی لە مرۆڤی مۆدێرندا بەدیدەکرێت، بەو شێوەیەی لە ئەدەبدا تەوزیف دەکرێت. کافکا لە خێزانێکی مامناوەنددا گەورە بووەو هەرگیز ژنی نەهێناوە، گەرچی دووجاریش هاوسەری نیشانە کردووە. نێوانی لەگەڵ باوکیدا خۆش نەبووە. یاسای خوێندووەو لە خزمەتی مەدەنیدا دامەزراوە. لە شێتخانەی کیرلین کۆچی دوایی کردووە. دیارترین کاری: میتامۆرفۆس ( مەسخ) ـ 1915، لەبەردەمی دادگادا ـ 1919، دادگا ـ 1925، قەڵا ـ 1926، ئەمریکا ـ 1928.





**کانت، ئەمانوێل** Kant، (1724-1804) Immanuel ، فەیلەسوفێکی ئەڵمانییە، بەڕای زۆر لەبیریاران مەزنترین فەیلەسوفە لەسەردەمی مۆدرێندا. دەرچووی زانکۆی کینگسبورگەو فیزیاو ماتماتیکی خوێندووە، پاشان بۆ ماوەی پازدە ساڵ دەرسی وتۆتەوە. سەرەتا زانست و فیزیای دەوتەوە، پاشان وردە وردە وانەکانی فراوان کردەوەو، زوربەی لقەکانی فەلسەفەشی گرتەوە. لەمیانەی نوسین و وانەکانییەوە شۆرەتێکی باشی پەیدا کردووە، بەڵام هەتا ساڵی 1770 کورسی ئوستادێتیی لەزانکۆ بەدەست نەهێناوە، کە دەبێت بەپرۆفیسۆری لۆجیك و میتافیزیا، ماوەی بیستوحەوت ساڵی دواتر لەسەر وانەوتنەوەی ناو زانکۆ بەردەوام بووە. وانە نا ـ ئاینییەکانی کانت، کە زیاتر لەسەر ئەقڵنییەت دامەزرابوون، نەك سروش یان وەحیی ئاینیی، تووشی چەند قەیرانێکیان کرد لەگەڵ حکومەتەکەی پروسیاداو، لەساڵی 1792دا، پادشا فرەدریکی دووەم فەرمانی پێدەکات کە نابێت دەربارەی بابەتە ئاینییەکان وانە بڵێتەوە یان بنوسێت. کانت بۆ ماوەی پێنج ساڵ گوێڕایەڵی ئەم فەرمانە دەبێت، دوای ئەوە پادشا دەمرێت، بۆیە دیسان تێهەڵدەچێتەوە. ساڵێك دوای خانەنشین بوونی ، واتە لەساڵی 1798دا، پۆختەی بۆچوونەکانی خۆی لەمەڕ ئایین بەچاپ دەگەیەنێت.. لەساڵی 1781دا کتێبە رەخنەگرتن لەعەقڵی پەتی Critique of Pure Reason بەچاپ دەگەیەنێت، کە بەگرنگترین کتێبی ئەو دەژمێردرێت.

**کەسێتی** Personality یەکێکە لە وشە زۆر کلاسیکییەکانی زانستی سایکۆلۆجی، بەشێوەیەکی زۆر بەربڵاو بەکاردەهێنرێت و مامەڵەی پێدەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا وشەیەکە زۆر خۆی لە پێناسەکردن دەدزێتەوەو لە سنوورەکانی دیاریکردن قوتار دەبێت. هەرچۆنێك بێت بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کەسێتی بریتیە لە سەرجەمی ئەو بنەما پەروەردەیی و کەلتوریی و نەرییتییانەی لەناخی مرۆڤدا بنجدادەکوتن و دەبنە چاوگی بیرکردنەوەو رەفتارکردن، ئەمەش هۆی جیاکردنەوەی کاراکتەری کەسێکە لە کەسەکانی دی. هزر، سۆز، رەفتار، ئەم سیانە دیاریکەری سەرەکی کەسێتی مرۆڤەکانن.

**کۆڕی دووەمی ڤاتیکان** Second Council Vatican بیست و یەکەمین کۆبوونەوەی ڤاتیکانەو بە کۆڕی دووەم ناسراوەو بووە بە هێمای کرانەوەی کەنیسە بەسەر دونیادا. ئەم کۆڕە بەسەرپەرشتی پاپا جۆنی سیازدەیەم بەڕێوە چووەو لە 25ی کاتونی دووەمی 1959دا بەستراوەو هەتا 11ی ئۆکتۆبەری ساڵی 1965ی خایاندو، سەدو حەفتاو هەشت کۆبوونەوەی کردووەو 2908 کەس لە پیاوانی کەنیسە بەشدارییان تێدا کردووە.

**کۆمۆنیزم** Communism چەمکێك یاخود سیستمێکی کۆمەڵگایە، کە تێیدا کۆمەڵگا خاوەنی یەکەمی سەرچاوە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان و ئامێرەکانی بەرهەمهێنانەو ئەو

مافە لەتاکەکات وەردەگیرێتەوە. لەرووی تیورییەوە ئەم چەشنە کۆمەڵگایانە بەشی یەکسان بۆ ئەندامەکانی دابین دەکات، بەپێی توانای هەریەکێکیان و، بەپێی پێویستییش سودیا پێدەگەیەنێت. لەهەندێك بۆچوونی کۆمۆنیزمییدا دەوڵەت سودێکی ئەوتۆی نامێنێت، بۆیە پێیان وایە کە کۆمەڵگایەکی لەم چەشنە، لەدواقۆناغیدا، بێ دەوڵەت دەبێت. کۆمۆنیزم لەرێگای شۆڕشەوە سودی تایبەتی و زێدەبایی کار پووچ دەکاتەوەو هەموو تواناو لێپرسراوێتییەکان دەخاتە دەستی پارتی پێشڕەوی کۆمۆنیستەوە.

**کۆندۆرسێ**، ماری جان ئەنتۆنی Condorcet Marie Jean Antoine (1743-1794) فەیلەسوفێکی فەرەنسییە، سەرکردەیەکی سیاسیی و ماتماتیکزانیش بووە، لایەنگیری پێڕەوی جیرۆندییەکان بووە. بەهۆی کتێبی تیورەی شێمانەکانەوە (1782)، هەروەها ژیانی ڤۆڵتێر (1789) وە ناسراوە.

**کۆیلایەتی** Slavery دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتیی بووە، کە یاساو دابونەریت پشتگیرییان لێکردووە، کەسەختترین فۆرمی کارپێکردنی زۆرە ملێ بووە. خەسڵەتی کۆتایی کۆیلەکان، بریتی بوون لە: هێزی کارو هەڵسوڕانیان لەرێی زەبروزەنگەوە زەوت دەکرا، بوونی فیزیاییان وەکو جەستەو رۆح موڵکی خاوەنەکەیان بووە، بەتەواوی شتێك بوون لەو شتانەی کە خاوەنەکەیان بەهی خۆی زانیون و بەئیرادەی خۆی رەفتارە پێوەکردوون، هەر لەسەردەمە دێرینەکانەوە کۆیلە لە رووی یاساییەوە حیسابی کەلوپەلی لەگەڵداکراوە، بۆیە دەتوانرا کڕین و فرۆشتنیان پێوە بکرێت، بەدیاریی ببەخشرێن، یاخود بخرانایەتە رەهنەوە، بەبێ ئەوەی ئەو مرۆڤە کۆیلانە هیچ مافێکی ناڕەزایی یاخود پرسیارکردنیان هەبێت. بەڵام مەبەستی نوسەر مانا زاراوەییەکەی نیە، بەڵکو زیاتر مەبەستی لەو پەیمانەیە کەلەنێوانی خوداوەندو مرۆڤەکاندا بەستراوە، بەوەی مرۆڤەکان پابەندی ئامۆژگاریی و رێنماییەکانی ئەو بن و مل کەچ بکەن بۆ خواستەکانی ئەو، لەبەرامبەری رەزامەندیی و رازیبوونی ئەودا.

**گالیلۆ** (1564-1642) Galileo، فیزیایی و فەلەکناسێکی ئیتالییە، لەگەڵ کیپلەری فەلەکناسی ئەڵمانییدا، شۆڕێکی زانستییان بەرپاکرد، کە بوو بەبناغەیەك بۆکارەکانی نیوتن. گالیلۆ پەڵەکانی ناوخۆرو چواردانە لەمانگەکانی مشتەریی و رووەکانیمەرخی بەتەلیسکۆب بینیی. لەفیزیاشدا یاسای کەوتنە خوارەوەی شتەکان و خێرایی تۆپێکی هاویژراوی دۆزیوەتەوە. گالیلۆ یەکێکیش بووە لەوانەی لەپێناوی سەربەستی بیرکردنەوەدا تێکۆشاوە. لەبەر بۆچوونەکەی لەمەڕ خولانەوەی زەوی بەدەوری خۆردا، کەنیسە تەنگی پێ هەڵچنیوەو، بەناچاری و نابەدڵیی لەبۆچونەکەی پاشگەز بۆتەوە.





**گرێی ئۆدیپۆس** Oedipus Complex لە دەرونشیکارییدا، بریتیە لە ئارەزووی نەستییانەی کوڕ بەرامبەری دایکی، ئارەزوویەکی سێکسییانەیە، لە هەمانکاتیشدا هەست بە ئێرەیی دەکات بەرامبەری باوکی. زاراوەکە لە ئەفسانەی ئۆدیپۆسی پاشای یۆنانییەوە خواستراوەتەوەو یەکەمینجار لە کۆتایی 1800 ەکانەوە فرۆید بەکاری هێناوە. بە بڕوای فرۆید ئەم گرێیە گەورەترین دیاردەیە لە ژیانی منداڵیی کوڕداو کاریگەرییەکی زۆری دەبێت لەسەر ژیانی داهاتووی. هەندێك لە نوسەران بە ئۆدیپۆسە گرێ بەکاری دەهێنن.

**گوتار** discourse گروپێکی تایبەتە لە گوزارشتەکان، بە وەزیفە کۆمەڵایەتییەکەیو پڕۆژە ئایدیۆلۆجییەکەی دیاریی دەکرێت، ئەم زاراوەیە ئاماژەیە بۆ سیستمێکی فیکریی کە چەندان چەمك و وتەی تیوریی دەگرێتە خۆی لە پاڵ چەند رەهەندێکیشدا بۆ پراکتیك، هەمووی لە دەوری یەکێك لە پانتاییەکانی واقیعی کۆمەڵایەتیو بگرە ناکۆمەڵایەتییش، بە مەبەستی نزیکبوونەوەو تێگەیشتنو کارلێککردن لە گەڵیدا.

**گۆتە**، یۆهان ڤۆڵفانگ ڤۆن Goethe, Johann Wolfgang von (1749-1832)، شاعیرو درامانوسێکی ئەڵمانییە، رۆماننوسو بیرمەندە. شیعرەکانی گوزارشتن لە تێڕوانینێکی تازە بۆ پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و سروشت ، مێژوو، لەگەڵ کۆمەڵگادا. شانۆنامەو رۆمانەکانی شایەتی تێگەیشتنێکی قووڵن لە کەسێتی مرۆڤ، یەکێك اە کارە هەرە دیارەکانی شانۆنامەی (فاوست)ە.

**لاکان، جاك** Jacques Lacan (1901 . 1981) دیارترین ناوی فەڕەنسییە لە بواری دەرونشیکارییدا لە ماوەی دوای جەنگی جیهانی دووەم بە دواوە. لاکان فرۆیدی بە فیکری فەڕەنسی ناساندو دیارترین نوسراوەکانیشی بریتین لە پاش پرەنسیپی واقیع ، قۆناعی ئاوێنە ، بابەتی نەست ، من لە تیۆرەی فرۆیدیی و تەکنیکەکانی شیکردنەوەی دەروونییدا.

**لایبنز، گۆتفرید ویلهێلم** Leibniz، Gottfried Wilhelm (1646 – 1716) مەزنترین فەیلەسوفی ئەڵمانییە لەپێش سەردەمی کانتدا، هەروەها زانای ماتماتیك و کیمیاگەرو دیپلۆمات و مێژوونوس و ئەندازیاریشە. لەتەمەنی حەڤدە ساڵییدا نامەیەکی پێشکەش کرد بەناونیشانی " نامەیەك دەربارەی پرەنسیپی بەرجەستە بوون" و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لەهونەردا وەرگرت. هەروەها لەماوەی نێوان ساڵانی (1661 . 1666) دا یاسای خوێندووە، بەڵام دواتر خووی داوەتە ماتماتیك و میتافیزیك. نوسراوەکانی زۆرن، پیاوێکی ئینسایکلۆپیدیایی زۆر چالاك بووە. دیارترین و دواکتێبی بریتیە لەمۆنادۆلۆجیا . 1710، کە تێیدا لەمەسەلەی عەدالەتی یەزدانیی دەکۆڵێتەوەو هەموو شتێك دەباتەوە بۆسەر زانین و ئارەزوو.

**لۆسەر**، **مارتن** Luther، (1483-1546) Martin ئاینزایەکی ئەڵمانییە، سەرکردەیەکی ناسراوی جوڵانەوەی ریفۆرمسازییە، دامەزرێنەری پێڕەوی پرۆتستانتیزمە. کاریگەریی زۆری لەسە ئایین و سیاسەت و ئابوریی و رۆشنبیری جیهانیی داناوە. ئینجیای وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئەڵمانی و کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لەگەشەکردنی زمانەکەدا. لۆسەر نکولیی لەوە دەکات کەپیاوانی کەنیسە نێوەندێك بن لەنێوانی یەزدان و مرۆڤدا. لۆسەر یەکێکە لەناوە هەرە دەروشاوەکانی مێژووی نوێی ئەوروپا.

**لۆسەریزم یان لۆسەریانیزم** Lutheranism **تایەفەیەکی سەرەکیی پرۆتستانتەکانە**، کەلەسەدەی شازدەیەمدا دامەزرێنراوە، ئەو کاتە جوڵانەوەیەك بوو کە مارتن لۆسەر پێشەوای بوو. لۆسەر قەشەیەکی ئۆگەستینیی ئەڵمان بوو، پرۆفیسۆری یەزدانگەرایی بوو لەزانکۆی وێتنبۆرگ لەساکسۆنی. مەبەستی سەرەکی ئەو بریتی بوو لەئەنجامدانی چەند ریفۆرمێك لەکەنیسەی مەسیحیی خۆراواییدا. پاپا پێڕەوەکەی قەدەغەکردن و نەیهێشت لۆسەرو هاوەڵانی پەیوەندیی بکەن بەیەکەوە، بۆیە پێڕەوەکە لەچەند شوێنێکی جیاجیاو کەنیسەی پەرت و بڵاودا گەشەی سەندو ئەمەش بوو بەسەرەتای لەبەریەکهەڵوەشانی یەکێتییەکەی مەسیحییەتی خۆراوایی.

**لۆك**، **جۆن** Locke، (1632-1704) John فەیلەسوف و ئابوریناس و سیاسەتمەدارێکی ئینگلیزییە، دامەزرێنەری قوتابخانەی ئەزمونگەرییە. دیارترین نوسراوی بریتیە لە"وتارێك دەربارەی تێگەیشتنی مرۆیی . 1650". بەبڕوای اۆك ئەزمون تاکە سەرچاوەی بیرە.

**لیبراڵیزم** Liberalism، بریتیە لەهەڵوێستێکی فەلسەفیی، یاخود جوڵانەوەیەکە کە بەڕەتەکەی بایەخ دەدات بە پەرەپێدانی ئازادیی شەخسیی و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی. ئەمڕۆ لیبرالیزم یەکێکە لە رەوتە دیارەکانی بیرکردنەوەی دوای جەنگی سارد. ئێستا لیبرالیزم و دیموکراسییەت پەیوەندیی بەتینیان لەنێواندا هەیە، بەڵام لە رابردوودا زۆرێك لەوانەی بیرکردنەوەی لیبرالییانەیان هەبوو، دیموکراسییەتیان پێباش نەبووەو بەدیاردەیەکی ناتەندروستیان داناوە، چونکە هانی بەشداریکردنی جەماوەرییانە دەدات لە سیاسەتدا. دواجار لیبرالیزم خۆی بەوە پێناسەکرد کە بریتیە لە جوڵانەوەی گۆڕینی رەوشی کۆمەڵایەتیی بە زیاتر و زیاتر بەرینکردنەوەی مەوداکانی دیموکراسیی.

**لیسینگ، گۆتۆڵد ئیفراییم** (1729-1781) Lessing, Gotthold Ephraim درامانوس و رەخنەگرێکە ئەڵمانییە، یەکێك بووە لە سەرکردەکانی رۆشنگەری. یەکەمین درامای بڵاوکراوەی خوێندکارێکی بەهرەمەندە – 1748. پاشان لەساڵی 1755دا درامای مرۆڤە بێباوەڕەکەی نوسی، ئینجا پیاوە جولەکەکە – 1749. کارە





رەخنەییەکانی لیسینگ ستانداردێکی نوێیان لە ئەدەبی ئەڵمانییدا دامەزراندو بە قووڵی کاریگەرییان لەسەر نوسەرانی دواتر جێهێشت.

**لیڤی ستراوس**، کلۆد گۆستاڤ Lévi-Strauss، (1908- Claude Gustave 1988) ئەنترۆپۆلۆجیستێکی فەرەنسییە، پێشەنگی پێشنیاری لێکۆڵینەوەی بونیادگەرییانەیە لەئەنترۆپۆلۆجیای کۆمەڵایەتیدا. لەساڵی (1935 . 1939) لەبەرازیل پرۆفیسۆری ئەنترۆپۆلۆجیا بووە، لێکۆڵینەوەی لەسەر دانیشتووانە ئەسڵییەکانی ئەو وڵاتە کردووە. لەساڵی 1959دا بوو بەپرۆفیسۆری ئەنترۆپۆلۆجیا لەکۆلیج دو فرانس. دیارترین نوسراوی: بونیادە سەرەتاییەکانی خزمایەتی ، بونیادگەریی کەلتوریی، بیری وەحشی.

**لیوتار**، جان فرانسوا Jean Francios Lyotard (1924 . ) فەیلەسوفێکی فەرەنسییە، دیارترین کتێبەکانی بریتین لە"گوتارو شکڵ . 1973"، "ئابوریی شەبەقی ـ1974".. لەساڵی 1954 بەدواوە بووە بەمامۆستای فەلسەفە لە زانکۆی پاریسی هەشتەم. لە نێوان ساڵانی 1950 . 60 بەشێوازێکی مارکسییانە بیری دەکردەوەو پێوەست بوو بە پارتی کۆمۆنیستەوە، بەڵام لەساڵی 1980 بەدواوە باوەڕی بەمارکسیزم نەماوەو بەبیرکردنەوەیەکی تۆتاڵیتارییانە لەقەڵەمی دەدات.

**مازۆکیزم** Masochism لە سایکۆلۆجیای مرۆڤە نائاساییەکاندا، تێکچوونێکە لە مومارەسەکردنی سێکسدا، وەرگرتنی چێژی سێکسی لە رێگای ئازاری جەستەییەوە، یان لە رێی دەستدرێژییکرانە سەرەوە. وشەکە لە ناوی خواستراوی رۆماننوسێکی نەمساوییەوە وەرگیراوە، کە ناوی لیۆپۆڵ ڤۆن ساشەر ماسۆشە، لە رۆمانەکانیدا لەم تەرزە کەسێتییانەی تەویف دەکردو، بە قامچیکاریی رەحەت دەبوون. لە دەرونشیکارییدا، ئەم چەمکە بە فراوانی بەکارهاتووە بۆ گوزارشتکردن لەو دیاردەیەی کە تێیدا تاکەکان پێیان خۆشە لە لایەنی کەسانێکی ترەوە زەلیل بکرێن، یان بچەوسێنرێنەوە.

**مالبێرانچ، نیکۆلا دو** Malebranche، Nicolas de ( 1638 – **1715** ) فەیلەسوفێکی فەرەنسییە، لەپاریس لەدایکبووەو هەر لەوێش مردووە. یەکێکە لە راهیبە ئۆراتۆرییەکان ( چەشنێکی رەهبانییەتە، کەقەشە فیلیپ نیری لەساڵی 1575دا دایمەزراندووە). مالبرانش هەوڵێکی زۆری داوە بۆ یەکخستنی بۆچوونەکانی دیکارت لەگەڵ تێڕوانینی کەنیسەدا، پێڕەوێکی میتافیزیایی تایبەتی پێشخسنتووە، کە پێی دەوترێت رێکەوتگەرایی، نکولیی لەپەیوەندیکردنی ئەقڵ بەمادەوە، کردووە، پێی وابووە کەهەست و ئەندێشەکان لەخۆماندا نین، بەڵکو لەیەزدانەوە دێن. لەنوسینەکانی: گەڕان

بەدوای راستییدا . 1674، تێرامانە مەسیحییەکان . 1680، لێکۆڵینەوەیەك لەزانستی ئاکار . 1688.

**ماوپاسان**، گای دێ Maupassant, Guy de (1850-1893)رۆماننووس و کورتەچیرۆکنوسێکی فەرەنسییە، بەیەکێك لە پێشەنگە هەرە دەرکەوتووەکانی هونەری کورتەچیرۆك لەقەڵەمدەدرێت و لەسەردەمی خۆیەوە هەتا ئەمڕۆ کاریگەریی زۆری لەسەر ئەو ژانرە هەبووە. لە فێکامپ، نۆرماندی لە خێزانێکی سەر بە چینی ناوەڕاستدا لەدایکبووە، خوێندکارێکی مامناوەند بووەو حەزی لە مەلەو سواری بەلەم و راوەماسی هەبووە، یاسای خوێندووەو شەڕی فرانکۆ – پروسیا (1870–1871) خوێندنەکەی پچڕاندووەو هەرچی سەروەت و سامانێکیان هەبووە تیاچووە. ماوپاسانیش ناچاربووە وەزیفەی دەفتەرداری لای حکومەت بگرێتە ئەستۆ. حەزی لەو کارە نەبووە، بەردەوام بۆ ئەوەی بێتاقەتی خۆی دەربکات خەریکی مەلەکردن و راوەماسی و مێبازی بووەو دواتریش دەستیداوەتە نوسین. گۆستاڤ فلۆبێر هاوڕێی منداڵی دایکی ماوپاسان بووە، لە ساڵی 1870 دا دەیناسێنێت بە کۆمەڵگای ئەدەبی پاریس، کە ئەوکات لەژێر هەژمونی ئیمیلی زۆلاو قوتابخانەی سروشتیدا بوو. لەوێوە شۆرەتی دەستیپێکرد. ئیتر نزیکەی 300 کەرتە چیرۆك و 200 وتاری رۆژنامەو 6 رۆمان و 3 کتێبی گەشتی بلاوکردەوە، لە نوسینەکانی زۆر دەوڵەمەند بوو، بەڵام زۆر دەستبلاویش بوو. لە کۆتایی ساڵانی 1880 دا، نیشانەکانی نەخۆشی ئەقڵی لێدەرکەوت، لە رۆژی یەکەمی ساڵی 1892 دا هەوڵیدا خۆی بکوژێت و لە نەخۆشخانە کەوت و دوای ساڵێك مرد.

**مەئمون** (عەبدوڵای کوڕی هارونە رەشید 170 – 218 ك/ 786 – 833 ز) حەوتەمین خەلیفەی عەباسییە (198 ك / 813 ز)، دایکی کەنیزەکێکی فارس بووە. باوکی کردبووی بە لێپرسراوی بەشی خۆرەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی عەباسییەکان. دوای مردنی باوکی بە سوپایەکەوە بەغدادی داگیر کردو ئەمینی برای خۆی کوشت. دواتریش خەواریجەکانی خوراسانی لەناو برد. شەڕی تیئۆفیکی ئیمپراتۆری بێزەنتی کردووەو ناچاری کردووە لە ساڵێ 820 ز دا رێکەوتن قبوڵ بکات. بایەخی داوە بە رۆشنبیریی و فەلسەفەو زانستەکان، "بەیتولحیکمە" ی دامەزراند. لە سەردەمی ئەمدا جوڵانەوەی وەرگێڕان و بە عەرەبی کردن گەشەی کردو برەوی پەیداکرد. لە تەمەنی 47 ساڵیدا لە نزیکی شاری تەرتۆس مردووە.

**محەمەد عەلی گەورە** (viceroy) Muhammad Ali، (1769-1849)، نوێنەری سوڵتانی عوسمانیی بوو لەمیسر (1805-1849)، بەنازناوی پاشاوە. ریفۆرمێکی بەربلاوی لەوڵاتدا بەرپاکردو بردییە سەر سنورەکانی ژیانی مۆدرێن و هێنایە





ناو سەدەی بیستەمەوە. محەمەد عەلی لەناوچەی کاڤالا لەدایك بووە ( ئێستا ئەم ناوچەیە سەر بە یۆنانە)، دایکوباوکی ئەلبانی نەژاد بوون. لەساڵی 1799 . 1891 بەشداریی چەندان شەڕی کردووەلەمسیرو، پاشان دژی سوپاکەی ناپلیۆن.

**مرۆڤدۆستی** Humanism لەفەلسەفەدا، بریتیە لەو هەڵوێستەی جەخت دەکاتە سەر شکۆو رێزی تاکەکان. پێشەکییەکی سەرەکیی بۆ مرۆڤدۆستی ئەوەیە کە مرۆڤەکان بونەوەری ژیرن و خۆیان لەخۆیاندا توانای راستیی و چاکەیان هەیە. زۆر جار زاراوەی مرۆڤدۆستی بەکاردێت بۆ وەسفکردنی جوڵانەوەیەکی کەلتوریی و ئەدەبیی، کەلە سەدەی چواردەو پازدەدا،ئەوروپای خۆراواوە هاتووە. رێنیسانس لێکۆڵینەوە یۆنانیی و رۆمانییەکانی بوژاندەوە و جەختی کرد لەسەر بەهای کلاسیك لەلێکۆڵینەوەکانی ئێمەدا، زیاتر لەوەی کە بۆ مەسیحییەتی پەیوەندیدا رپێوەی سودی هەبێت.

**موسا** Moses پەیامبەرێکی عیبرییەکانەو خاوەنی شەریعەتێکی تایبەتییەو دامەزرێنەری ئیسرائیل، یاخود جولەکەیە. لە تەوراتدا باسی چیرۆکی ژیانی کراوە، بەپێی ئەو گێڕانەوەیە موسا لەگۆشێن، یەکێك لەناوچەکانی میسر لەدایك بووە، ئەوکاتە سەردەمی فیرعەونەکان بووە. لەبەر پێشبینییەك بەوەی منداڵێکی عیبریی لەدایك دەبێت و فیرعەون دەکوژێت، بریاردەدات هەموو نێرینەکانیان بکوژرێت. تاکە منداڵێك کەرزگتاری دەبێ موسایە کە دایکی دەیخاتە ناو سەبەتەیەك و دەیدات بەدەم رووباری نیلەوە... ئیتر گێڕانەوەکە ئاشکرایە، تادەگاتە ئەوەی خودا فەرمان بە موسا دەدات گەلەکەی رزگار بکات و بەرەو خاکی هیوا بیانبات، کە خاکی فەلەستینە.

**مۆدێرنیزم** Modernism بریتیە لەهەوڵێك کە لەلایەنی گرووپێك لێکۆڵەرلەتیۆلۆجیاو فەلسەفەدا، بۆ سەرلەنوێ پێناساندنەوەی پێڕەوی مەسیحیی بەبیری زانستییانەی سەدەی نۆزدە. گەرچی هەموو هەوڵەکان بەسەریەکەوە لەیەك دانە سیستم و یەك بواردا کۆناکرێنەوە، بەڵام لەساڵی 1907دل، لەلایەنی پاپا پیۆسی دەیەمەوە، ئەم ناوەی لێنرا. دواجار مۆدرێنیزم هەموو بوارەکانی تری بیرکردنەوەو ئەدەب و هونەرو بیناسازیی و نیگارکێشان و سیاسەت و ... هتدیشی گرتەوەو مانای نوێکردنەوەو بەهاوچەرخکردنی وەرگرت.

**مۆنێ**، کلۆد Monet, Claude Oscar (1840-1926) ئۆسکار نیگارکێشێکی فەرەنسییە، کەسێکی دەرکەوتووی جوڵانەوەیەکی هونەریی سەدەی نۆزدەهەمی فەرەنسایە، بەناوی ئیمپرێشینیزمەوە. تابلۆکانی مۆنێ وێنەی ژیانی چینی ناوەڕاستیان دەکێشا، هەروەها بایەخی تایبەتی دەدا بە تیشکی هەتاو لەناو سروشتدا. تەکنیکی کارکردنی بریتی بوو لە بەکارهێنانی رەنگە کراوەکان بە پەلەو بە خێرایی، ئەمەش نیشانەیەك بوو هەموو ئیمپرێشینیستەکان پێیدەناسرانەوە.

**میتافیزیا** Metaphysics، لقێکی فەلسەفەیە، بایەخ دەدات پشتەوەی واقیع. دەبێت بەدوو بەشی سەرەکییەوە: ئەنتۆلۆجیا، کە بایەخ دەدات بەوەی چۆن چەشنە جیاجیاکانی هەبوون، لە گەردووندا دەردەکەون. لەگەڵ میتافیزیای بنەڕەتیدا کە بایەخدەدات بەخەسڵەتە گشتییەکانی حەقیقەت.

**میتۆد** method بریتیە لەرێگای ئەنجامانی شتێك یان جێبەجێکردنی شتێك، بەتایبەتی بەپێی پلانێکی داڕێژراو. یاخود دەتوانین بڵێین میتۆد بریتیە لە سیستمی بیرکردنەوە، کردەوە یاخود تەکنیك. هەروەها دەشێ بڵێین میتۆد بریتیە لەجەستەی تەکنیکێکی سیستماتیزەکراو کە لەلایەنی دیسپلینێکی دیاریکراوەوە بەکاردەهێنرێت، بەتایبەتی دیسپلینی زانستی.

**نائاگایی** Unconscious ناوچەیەکی وەسفییە، واتە مەرج نیە لە واقیعدا جێگایەکی ئاوای داگیرکردبێت. هیواو ئارەزووەکان، یادەوەرییەکان، ترس، سۆزەکان، هەروەها ئەو ئایدیایانەش دەگرێتەوە کە نەهێڵراوە لە ئاگاییدا دەربکەون. بۆیە بە رێگای نائاسایی گوزارشت لە خۆیان دەکەن‌و کاریگەریی خۆیان لەسەر ئاگایی پیادە دەکەن، زۆربەی ئەو رێگایانە خەون یان رەفتاری نیرۆسییانە دەبێت. هەندێك زاراوەی هەست بە رامبەری ئاگایی‌و نەست بەرامبەری نائاگایی دادەنێن.

**نازیزم یان سوسیالیزمی نەتەوەیی** ، National Socialism **بە نازیزم** Nazism، ناسراوە. بریتیە لەجوڵانەوەیەکی سیاسیی ئەڵمانیی. لەساڵی 1920دا، لەگەڵ پارتی کرێکارانی نەتەوەیی سوسیالیستی ئەڵمانیدا دەستی پێکردووەو پێشی وتراوە پارتی نازی NSDAP سەرەنجامی جوڵانەوەکە گەیشتە رایخی سێیەم، کە دەوڵ'تێکی تۆتاڵیتاریستی ئەڵمانییەو سەرکردەکەی ئەدۆڵف هیتلەر بوو 1933 . 1945.

**نەقڵ** لەزانستە ئاینییەکاندا، بەمانایەکی تایبەتی بەکار دەهێنرێت بۆ هەموو ئەو یاساو رێساو دەستورانەی کەبەحازریی و لەلایەنی ئەفرێنەرەوە لەشێوەی سروش و روئیاو شتی تردا، گەیشتونەتە دەستی مرۆڤ، لەپاڵ هەموو ئەو ئاخاوتن و رەفتارانەشدا کە لەکەسی پەیامبەرەوە، لەرێی هاوەڵانییەوە یان شوێنکەوتووانییەوە گەیشتونەتە دەستی نەوەکانی دواتر.

**نۆڤالیس** Novalis، pseudonym of Friedrich Leopold ، Freiherr von Hardenberg (1772-1801) ناوی خوازراوی فریدریش لیۆپۆڵد. فرێهەر ڤۆن هاردنبێرگە، شاعیرێکی ئەڵمانییە، لە سەدەی سێزدەهەمدا خێزانەکەی بە نازناوی نۆڤاییەوە دەناسرا. بۆیە نازناوی نۆڤالیسی بۆ خۆی هەڵبژاردووە. مرۆڤێکی زۆر ئایندار بووە، مردنی (سۆفی) خۆشەویستی کاریگەریی لە سەری زۆر بووەو چەوانێکی دوورو درێژ لاواندوویەتییەوەو بۆی گریاوە. ئەو شیعرانەی بۆ لاواندنەوە نوسیونی لە دیوانی





"هۆرەکانی شەو"دا کۆکراوەتەوە. سەراپای شیعرەکانی باس لە تامەزرۆیی دەکەن بۆ خۆشەویستی و جوانی راستەقینەو کامڵ. نۆڤاڵیس بە یەکێك لە رابەرانی رۆمانسیزم دادەنرێت.

**نیچە، فریدریش** Nietzsche، (1844-1900) Friedrich Wilhelm فەیلەسوفێکی ئەڵمانییە، شاعیر و فیلۆلۆجیستێکی کلاسیکە، یەکێکە لە کاریگەرترین بیریارانی سەدەی نۆزدە. لە ناوچەی رۆوکێنی پروسیا لە دایك بووە، باوکی قەشەیەکی لۆسەریی بووە هەر لە منداڵیی نیچەدا مردووە، دایکی لە کەش و هەوایەکی ژنانەی ئاینییدا پەروەردەی کردووە، کە دایکی و نەنکی و دوو پوری و خوشکێکی دەگرێتەوە. لە هەردوو زانکۆی بۆن و لایپزین فیلۆلۆجیای کلاسیکی خوێندووەو لە تەمەنی 24 ساڵیدا بە پرۆفیسۆری فیلۆلۆجی لە زانکۆی باسێل دامەزراوە. تەندروستیی خراپ (هەموو ژیانی سەری ئێشاوەو چاوی باش نەیبینیوە) ناچاری کردووە لە ساڵی 1879 دا خۆی خانەنشین بکات. ساڵی دواتر باری عەقڵیی تێکچووەو هەرگیز چاك نەبۆتەوە. لە ساڵی 1900 دا لە ڤایمار مردووە. لەپاڵ کاریگەریی فەلسەفەی یۆنانی دێریندا، بە تایبەتی ئەفلاتون و ئەرەستۆ، لەژێر کاریگەریی فەیلەسوفی ئەڵمانی شۆپینهاوەر و تیوریی پەرەسەندندا بووەو هاوڕێیەتییەکی بەتینی لەگەڵ ریچارد ڤاگنەری مۆزیکزاندا هەبووە. یەکەمین کتێبی بریتیە لە "لەدایکبوونی تراجیدیا ـ 1872. ساڵانی 1880 کان ماوەی بەپیتی ئەو بووە. لەو ماوەیەدا کتێبی زەردەشت وای وت دەنوسێت (بەشی یەکەم و دووەم و سێیەم لە ساڵی 1883-1884، بەشی چوارەم 1885)، پاشان ئەودیوی چاکەو خراپە ـ 1886، جینیالۆجیای ئاکار ـ 1887، دژە مەسیح ـ 1888، مرۆڤ و سێبەرەکەی (ساڵی 1888 تەواو کراو ساڵی 1908 چاپکرا). دوایین کاری "ئیرادەی هێز" دوای مردنی لە ساڵی 1901 دا چاپکراوە.

**نیرۆس** Neurosis لە دەرونشیکارییدا، واتە نەخۆشیی ئەقڵیی، نیشانەکانیشی نیگەرانی‌و بۆژۆبوونی کەسێتییە. نیرۆس لە مێژووی منداڵێتییدا رەگی داکوتاوەو ئەو حاڵەتە دەروونییەی دروستی دەکات بریتیە لە تەسوییەکردنی ململانێی ئارەزوو لەگەڵ داکۆکیدا

**نیهلیزم** Nihilism (from Latin nihil "nothing")، ئەم ناوە لەوشەی لاتینی "نیهیلی" یەوە وەرگیراوە کەمانای هیچ دەگەیەنێت. بۆ ژمارەیەکی زۆر لەفەیلەسوفە رادیکاڵەکان بەکارهێنراوە، بەتایبەتی لەلایەنی نەیارەکانیانەوە، کەلەناواخنیدا تۆمەتێك دەگرێتەوە بەوەی ئەوانە هەموو بەهایەکی پۆزەتیف رەت دەکەنەوەو باوەڕیان بەهیچ شتێك نیە. بۆیە پێڕەوی نیهلیزم بەو تێڕوانینە دەوترێت

کەهەموو بەهایەکی پۆزەتیف رەت دەکاتەوە. نیهلیستیش بەوکەسە دەوترێت کەئەم پێڕەوەی هەیە.

**نیوتن، سێر ئیسحاق** Newton ، Sir Isaac (1642-1727) فیزیازان و ماتماتیکزان و فەیلەسوفێکی ئینگلیزە، بەیەکێك لەهەرە مەزنترینەکانی زانستی مرۆڤایەتی لەقەڵەم دەدرێت. نیوتن باساکانی کێشکردن و جولانی گەردوونی دۆزیوەتەوە، ئەویاسایانەی کە روونی دەکەنەوە کە تەنەکان لەسەر زەوی و لەناو بۆشاییشدا چۆن دەجوولێن. ئەم زانایە بناغەی زانستی نیگاکاریی . بصریات . یاخود رەفتاری تیشکی دارشتووەو، یەکەمین تەلیسکۆپی پەرچەکەرەوەشی بیناکردووە.

**هابرمان، یۆرگین** Habermas, Jürgen (1929- ) فەیلەسوفێکی ئەڵمانییە، تیوریستێکی کۆمەڵایەتییشە، یەکێکە لە رابەرەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت Frankfurt School . ئەو قوتابخانەیە تایبەتبووە بە پەرەپێدانی بیرو پەیمانگایەك بووە بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی، لە شاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیا لە ساڵی 1923دا دامەزرێنراوەو شێوازێکی لێکۆڵینەوەی پێشکەشکردووە کە بە تیوری رەخنەیی ناسراوە. هابرماز ماوەیەکی کورت وەکو یاریدەدەری تیۆدۆر ئادۆرنۆ کاری کردووە، لە پەیمانگای لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان. بەڵام لەساڵی 1983 – 1994 لە زانکۆی فرانکفۆرتدا دەرسی وتۆتەوە تا خانەنشین کراوە. نوسینە سەرەکییەکانی بریتین لە: تیوری و پراکسیس . 1963، زانین و سودی مرۆڤ – 1971، گوتاری فەلسەفی مۆدرێنیزم – 1985.

**هارونە رەشید** Harun ar-Rashid پێنجەمین خەلیفەی عەباسییە (170 – 193 ك / 786 – 809 ز) کوڕی مەهدی و خەیزەرانە. ناوەکەی بە ئارۆنی ئەپرایت Aaron the Upright کراوە بە ئینگلیزیی. لە شاری رەی لە دایك بووەو لە سەناباز کە یەکێکە لە گوندەکانی تووس، لە ئێران مردووە. دوای ئەوەی هادی برای خۆی تیرۆر کرد گەیشتە سەر تەختی فەرمانڕەوایی. هێشتا فەرمانڕەوای هەرێمەکانی خۆراوای دەوڵەت بوو کە دەستی کرد بە شەڕکردن لەگەڵ بێزەنتییەکانداو گەیشتە بەر دەرگای قوستەنتینییە، پاشان دوای ئەوەی بوو بە خەلیفە، لە ماوەی نێوان ساڵانی 791 – 809 چەند هەڵمەتێکی بردە سەریان، لە ساڵی 807 دا هێزەکانی هارون توانییان سایپرس (قوبروس) داگیر بکەن. هارون ئاساییشی دابین کرد بۆ هەرێمە فارسییەکان و باکوری ئەفریقیا کە بەربەرەکانی لێی دەژیان. دەڵێن پەیوەندیی لەگەڵ شارلمانی Charlemagne پادشای فەرەنسادا هەبووەو دیاریان گۆڕیوەتەوە. لەسەردەمی ئەمدا بازرگانی و ئەدەب و زانستەکان بووژاونەتەوەو بەغداد بوو بە یەکێك لە سەنتەرە رۆشنبیرییەکانی ناوچەکەو خەڵك و خوێندەوار لە زۆر لاوە روویان تێکردووە، بایەخێکی





تایبەتی داوە بە مۆزیك و شیعرو دونیایەك شیعرو گۆرانی بە شان و باڵیدا هەڵدراوەو گەلێك چیرۆك و گێرانەوە دەربارەی نوسراون. هەتا ساڵی 803 دەسەڵات بەشێوەیەکی کرداریی لە دەستی یەحیای کوڕی خالیدی بەرمەکیدا بووە کە وەزیر بووەو سەرکردەی خێزانی بەرمەکییەکان بووە، دوای مردنی یەحیا لەو ساڵەدا، رەشید لە بەرمەکییەکان هەڵگەڕاوەتەوەو دەری کردوون. بە هۆی شەوە عەرەبییەکانەوە لای ئەوروپاییەکان بەشێوەیەکی باشتر ناسراوە.

**هایدگەر**، مارتن Martin Heidegger 1899 – 1978 یەکێکە لە مەزنترین فەیلەسوفەکانی سەدەی بیستەم، بیریاری بوونە ، گەورەترین پرسیار لە فەلیسەفەکەی ئەودا بریتییە لە پرسیاری : بوون چییە؟ وەڵێ لە دوایین هەوڵیدا بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئەنتۆلۆژییە دەگاتە ئەوەی کە نیگەرانیی بریتییە لە ماهییەتی بوون ، ئەمەش دۆڕاندنی ململانێکەیە لە بەرژەوەندیی هەبووندا، نەك لە بەرژەوەندیی بووندا.

**هەرتەقە** Heresy بریتیە لەهەر پێڕەوێکی پێچەوانەی دۆگمای تایبەت بە کەنیسەیەکی دیاریکراو، بەتایبەتی پێڕەوێك کەلەلایەنی کەسێکەوە هەڵگیرابێتەوەو لەگەڵ کەنیسەکەی خۆیدا ناکۆك بێت. لەئەسڵدا زاراوەکەبۆ ئەو باوەڕە بەکار هێنراوە کەتاکەکەسێك خۆی بۆ خۆی دەیدۆزێتەوە، لەوشەی hairesis یۆنانییەوە وەرگیراوە کەماناکەی بریتیە لە" هەڵبژاردن بۆ خودێك" دواتر بەکارهێنراوە بۆ ئاماژەکردن بۆ کەسێکی کەللە وشك لەمامەڵەکردنیدا لەگەڵ نامەکەی سانت پۆڵ. لەنوسینە کەنیسەییەکانی دواتردا، بەکارهێنراوە بۆ رەخنەگرتن لەباوەڕی نەیارەکانیان، ئەوانەی بەشێوەیەکی تر دابو دەستورە کەنیسەییەکانیان پێشکەش دەکەن.

**هۆگۆ**، ڤیکتۆر ماری Hugo، Victor Marie (1802-1885) شاعیرو رۆماننوس و شانۆنامەنوسی فەرەنسییە، نوسینەکانی گەورەترین کاریگەرییان لەسەر بزوتنەوەی رۆمانسیزم داناوە.

**هۆڵدرین** (یۆهان کریستیان) فریدریك HOlderlin (Johann Christian) Friedrich، (1770-1843) شاعیرێکی ئەڵمانییە، زۆربەی شیعرەکانی لەژێر کاریگەریی رۆحی مەزنی شیعری یۆنانیی دێریندا نوسیوە. لەزانکۆی توبینگین، تیۆلۆجیای خوێندووەو لەوێ هیگڵ و شلینگی ناسیوە. دوای تەواوکردنی خوێ،دن نەبووە بەپیاوی ئایین و لەجیاتی ئەوە بووە بەمامۆستاو نوسەر. شاعیری نێوداری ئەڵمانیا هەندێك لەشیعرەکانی بلاو کردۆتەوەو چەند جارێکیش کاری بۆ دۆزیوەتەوە. لەکۆتایی 1790 ەکاندا، هۆڵدرین لەگەڵ هاوسەری یەکێك لەخاوەن کارەکانیدا، خۆشەویستیی لەنێوانیاندا دروست دەبێت و لەچەند کارێکیدا ئاماژەی پێدەکات، کۆتایی خۆشەویستییەکە لەگەڵ دەرکردنیدا لەکارەکەی لەساڵی 1798 دا، دەبێت.

لەساڵێ 1802 بەدواوە هەتا مردنی، تووشی نەخۆشیی عەقڵیی دەبێت و لەدوای ساڵی 1805ەوە هیچ شیعرێکی نەنوسیوە. شیعرەکانی هۆڵدرین بەزۆریی شیعری خودگەران، لەسەرەتادا شیعری لاوانەوەو سۆزئامێزی نوسیوە، بەڵام دواتر بەشێوەیەکی سەرەکی شیعری کەرتی نوسیوە. جگە لەرۆمانی هیپیرۆن کەبەدوو بەرگ لەماوەی نێوان سالآنی 1797 – 1799 دا بلاو کراوەتەوەو چیرۆکی جەنگاوەرێك لەپێناوی ئازادیی یۆناندا دەگێڕێتەوە، هەروەها تراجیدیایەکی تەواونەکراویشی جێهێشتووە بەناوی مردنی ئەمپیدۆکلیسەوە. بۆ ماوەی سالآنێکی زۆر شیعرەکانی پشتگوێ خرابوون، بەڵام لەسەدەی بیستەمدا سەرلەنوێ رۆشناییان خرایەوە سەر، ئێستا بەیەکێك لەشاعیرە لیریکییەکانی ئەڵمانیا دادەنرێت.

**یاسپەرس، کارل** Jaspers, Karl (1883-1969) فەیلەسوفێکی ئەڵمانییە، یەکێکە لە رابەرانی فەلسەفەی بوونگەرایی، کارەکانی کاریگەرییان لەسەر تیۆلۆجیای مۆدرێن هەیە. یاسپەر لە 23ی شوباتدا لەدایکبووە، یاساو پزیشکیشی لە زانکۆی هایدلبێرگ خوێندووەو، هەر لەو زانکۆیەشدا لە ساڵی1916 بەدواوە، وانەی نەخۆشییە عەقڵییەکانی وتۆتەوە. پاشان رووی کردۆتە فەلسەفەو تا ساڵی 1937 کورسی فەلسەفەی هەبووە. ژنەکەی یاسپەرس جولەکەبوو، کە نازییەکان هاتن لەسەر کار لایان بردو، ئەویش لەساڵی 1948دا، لەسویسرە دەبێ بە ئوستادی فەلسەفە. یەکەمین کتێبی بریتییە لە سایکۆپاتۆلۆجیای گشتی . 1913، پاشان کتێبی سایکۆلۆجیای تێڕوانینەکانی جیهان . 1919، ئەم کتێبە زۆر گرنگەو چەندان هەڵوێستی حۆراوجۆری تێدایە بەرامبەری ژیان. کتێبی سەرەکیی یاسپەرس بریتییە لەسێ بەرگەکەی فەلسەفە 1932 . 1969.

**یەزدانگەریی یان تیۆلۆجیا** Theology بریتییە لەو پێڕەوەی کەهەوڵ دەدات گوزارشت لەناواخنی باوەڕە ئاینییەکان بکات، وەکو یەك پێکهاتەی یەکگرتووی بۆچوونەکان. تیۆلۆجیا مەودایەکی تەسکتری هەیە لەچاو باوەڕدا، چونکە وێڕای ئەوەی کە باوەڕ بریتییە لەسەرجەمی تێڕوانەکانی تاکەکەس، کە هەست و ئیرادەش دەگرێتەوە، تیۆلۆجیا هەوڵ دەدات، بەبەرجەستەکراویی گوزارشت لەتوخمەکانی باوەڕ بکات کەبەشێوەیەکی راشکاو یان ناڕاشکاوانە لەناویدا هەن.

**یەکێتی سۆڤێت** Union of Soviet گەورەترین یەکگرتووی دیکتاتۆرییەتی کۆمۆنیزم بوو، دوژمنی گەورەی سیستمە خۆراواییەکان بووەو هەتا ساتە وەختی هەرەسهێنانی لە ساڵی 1991دا، بە شێوەیەکی مەترسیدار ئیدارەی جەنگی ساردی کردووەو کاریگەرییەکی زۆری لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی جێهێشتووە. یەکێتی سۆڤێت بەسەریەکەوە گەورەترین وڵاتی جیهان بوو، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی 1917 بەرابەرایەتی لینین، لە دیسەمبەری 1922دا، دامەزرێنرابوو.





# پێڕست


| ز | ناوی بابەت | ل |
|---|---|---|
| 1 | هێشتا دادگاکانی پشکنین لەبەردەمماندان | |
| 2 | بەرەو رزگارکردنی رۆحی عەرەبی . ئیسلامی لە پێوەندەکەی | |
| 3 | لە نێوان بلیمەتی و شێتییدا | |
| 4 | فەندەمێنتاڵیزمی تاریکخوازو ئەو جەنگەی هەردەبێت بکرێت | |
| 5 | مەرگەساتی شارستانێتی خۆراوا | |
| 6 | رۆشنگەری و خەوبینین بەجیهانێکی باشترەوە | |
| 7 | فەندەمێنتاڵیزمی خۆراوایی هاوچەرخ رەخنەگرتن لە جیهانگیریی و مۆدێرنیزم | |
| 8 | فەندەمێنتاڵیزمو ململاتێی شارستانێتییەکان | |
| 9 | لیسینگو رۆشنگەری | |
| 10 | ئایا وتوێژی شارستانێتییەکان شیاوە، چۆن! | |
| 11 | شارستانێتی خۆراوایی و میراتی لەبیرکراوی عەرەب | |
| 12 | چۆنیەتی سازاندنی فەلسەفەو زانست بەیەکەوە | |
| 13 | هێگڵو رۆشنگەری | |
| 14 | چەند خوێندنەوەیەك لە رۆشنگەریی ئەڵمانییدا. بۆچی ئەوروپا پێشکەوت ئەوانیدی دواکەوتن | |
| 15 | ئێمەو خۆراوا... چیرۆکی ململانێیەکی مێژوویی درێژ | |
| 16 | هیگڵ لە دوایین یادەوەریی خۆیدا | |
| 17 | فەرهەنگۆك | |

## لە چاپكراوەكانی پرۆژەی كتێبی یانەی قەڵەم

| ناوی کتێب | نوسینی | وەرگێڕانی |
|---|---|---|
| 1- فریوو خۆحەشاردان | عەتا محەمەد | |
| 2- ئایین (هزر سیاسەت) | چەند نوسەرێك | یاسین عومەر |
| 3-بەیەکداکێشانی شارستانێتییەکان | سامویل هانتینگتۆن | ئاوات ئەحمەد |
| 4- سوەیلا | شارام قەوامی | |
| 5-رۆژی هاتنەکەی عودەی | ئاوات عەبدوڵلا | |
| 6-سیماکانی عەقلانیەت و | فالح عەبدولجەبار | ئاوات ئەحمەد |
| 7- وەنەوشەکەی چوارشەممان | | شیرین.ك |
| 8- نەبەهەشت لەسەر زەویدایە و | | ئومێد عوسمان |
| 9-فیمینیزم | | عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی |
| 10-لە روانگەی خۆرئاواوە | | ئومێد عوسمان |
| 11- مندالّباز | فەرهاد پیربالّ | |
| 12-کیمیاگەرانی وشە | چەند نوسەرێك | یاسین عومەر |
| 13-گوزارشتی مۆسیقا | | حەمە کەریم عارف |
| 14-خەمەکانی رۆشنگەری | هاشم سالّح | ئاوات ئەحمەد |

**نرخی (3000) دینارە**